# هەمیشە جێیەک خاڵییە

حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران

وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان

بەڕێوەبەرێتی گشتی ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوە

بەڕێوەبەرێتی ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی




بەڕێوەبەرێتی ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی
Directorate of media, Painting and Publishing Sulaimany

# هەمیشە جێیەك خاڵییە

نووسینی

محەمەد كوردۆ

حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران

وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان

بەڕێوەبەرێتی گشتی ڕاگەیاندن و چاپ و بلاّوکردنەوە

بەڕێوەبەرێتی ڕاگەیاندن و چاپ و بلاّوکردنەوەی سلێمانی

ناوی کتێب: هەمیشە جێیەك خاڵییە

ناوی نوسەر: محەمەد کوردۆ

بابەت: وتار

تایپ و هەڵەچنی: نووسەر

نەخشەسازی ناوەڕۆك: نزار نوری

نەخشەسازی بەرگ: جەبار سابیر

چاپخانە: بینایی

چاپ: یەکەم

تیراژ: ٥٠٠ دانە

نرخ: ٤٠٠٠ هەزار دینار

ژمارەی سپاردنی: (١٩٧٥) ساڵی (٢٠١٧) بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکانی پێدراوە

**ئەم کتێبە لەسەر بودجەی پایتەختی رۆشنبیری چاپکراوە**

# پێڕست


ڕوونکردنەوە ........................................ ١١
خۆشەویستیی و پەرجووی گەورە ........................ ١٣
ئەو ژنەی خۆشەویستیی کردی بە ملپێچ .................. ١٥
پیاوبوون ............................................. ١٧
لە ناو ئەسانسۆرێکدا .................................... ١٩
حیکایەت و ژیان و خۆشەویستیی ......................... ٢١
عەشق وەك گڕەی بیابان وایە ............................. ٢٣
کاتێك خۆشەویستیی حەشار دەدرێت ....................... ٢٥
نزیکیی و دووریی ........................................ ٢٧
هاوچارەنوسیی لە نێوانی عاشقەکان و جەنگاوەرەکاندا .......... ٢٩
خەون و خۆزگەکانی مرۆڤ ................................ ٣١
خەونی گەورە، مەترسیی گەورە .......................... ٣٣
غیرە، وەك نیشانەی خۆشەویستیی ........................ ٣٥
خەونی خۆشەویستیی ..................................... ٣٧
درەختی خۆشەویستیی و ئاوی خەیاڵ ........................ ٣٩
ئەگەر هەموو مرۆڤەکان عاشق بوونایە ....................... ٤١
ئەوانەی تەنیان، کێن؟ .................................. ٤٣
پێویستە خۆشەویستیی پڕ و لێوانلێو بێت ....................... ٤٥
خۆشەویستیی و بەختەوەریی ................................ ٤٧
ماڵی خۆشەویستیی ........................................ ٤٩
عەشقی بێکۆتایی ........................................... ٥١
نیشانەکانی خۆشەویستیی ڕاستەقینە .......................... ٥٣
زمانی جوانیی ............................................. ٥٥

دیکتاتۆریەتی چاو ............................................ ٥٧
چەند جار لە دایك دەبین، چەند نیشتمانمان هەیە؟ ........................ ٥٩
ئاخۆ عاشقەکان بەبێ یەکتری دەمرن؟ .......................................٦١
چێژی گێڕانەوە لای دڵدارەکان .............................................. ٦٣
کوشتنی یار........................................................................٦٥
(یار)ی کۆن، (یار)ی نوێ.......................................................... ٦٧
عەشقی ڕاستەقینە ................................................................ ٦٩
متمانە و ئەودیوی دڵخۆشیی ......................................................٧١
سەفەری خۆشەویستیی ............................................................ ٧٣
زەمینلەرزە و تەنیایی و نامیهرەبانیی ............................................ ٧٥
ونکردن و دۆزینەوەی بەختەوەریی ................................................ ٧٧
چاوەڕوانیی ........................................................................ ٧٩
تکایە با حیکایەتی ئێمە بۆ هەتاهەتایی لێرەدا بوەستێت .........................٨١
مرۆڤ و مردن و ژیان لای خەیام ................................................. ٨٣
حەتمییەتی عەشق، لای سەعدی شیرازی............................................ ٨٥
یەك کەس، تەنها یەك کەس ........................................................ ٨٧
من و حافز......................................................................... ٨٩
لە (حافز)ەوە تا من و تۆ .........................................................٩١
کاتێ دڵ دەبێت بە کتێب........................................................... ٩٣
خولانەوە بە دەوری مەعشوقدا...................................................... ٩٥
شەونمی عەشق ..................................................................... ٩٧
دڵخۆشیی لە کوێیە؟................................................................ ٩٩
شەوگاری وەسڵ، ڕۆژگاری هیجران ................................................ ١٠١
ئارامگرتن و یاقووت و ماراسۆن .................................................١٠٣
کە عەشق هات .....................................................................١٠٥
لە نێوانی ڕۆح و جەستەدا ..........................................................١٠٧
ڕۆح وەك بەشێکی خوایی لە جەستەدا ................................................١٠٩
لە ناو هەر مرۆڤێکدا، مرۆڤێکی تر هەیە ...........................................١١١
یار و وێنە جوانەکانی ...............................................................١١٣
بۆچی بیری سەرەتاکان دەکەین؟......................................................١١٥

کوشتنی حەز ............................................................ ١١٧
بۆ هاوڕێم: ڕزگار نوری حەیدەر ............................................... ١١٧
باوکە خێرا لێ مەخوڕە، ئێمە چاوەڕوانی تۆین ........................... ١١٩
(کفری حیکمەت) و شارستە لە نووسیندا ................................. ١٢١
لە بێدەنگیی ترسناکتر ............................................................ ١٢٣
سوهرابەکان و گاندییەکان ...................................................... ١٢٥
قسەکردن بە ناوی خواوە ........................................................ ١٢٧
خواپەرستیی بە مەبەستی گەیشتن بە شتێك ............................. ١٢٩
مرۆڤ و خوا ........................................................................ ١٣١
مرۆڤ و پارە و بەختەوەریی .................................................... ١٣٣
مریەم هات چیمان پێ بڵێت؟ ................................................. ١٣٥
وەرن با ئاشت بینەوە ............................................................. ١٣٧
ناوی کەس و ناوی شوێن لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا ................. ١٣٩
لە یادی شێرکۆ بێکەسدا ......................................................... ١٤١
ڕێزگرتن لە مرۆڤ، لە بەرهەم و داهێنانەکانی ............................ ١٤٣
گومانکردن لە شوناسی شتەکان لای لەتیف هەڵمەت ................. ١٤٥
ژنێکی بێکێش و سەروا ........................................................... ١٤٧
ژنێك لە ئەفغانستانەوە دێت .................................................... ١٤٩
تەیب جەبار لە نێوانی سێ دیواندا ............................................ ١٥١
زمان و شیعرییەت لای تەیب جەبار .......................................... ١٥٣
دروستکردنی دنیای تازە، لای تەیب جەبار ................................. ١٥٥
بەختیار عەلی لە ماڵەکەی خۆیەوە بۆ دنیا ................................ ١٥٧
هاشم سەراج و وەڵامدانەوە بە دەقی ئێستاتیکیی ....................... ١٥٩
دلاوەر بۆچی هاتووە؟ .............................................................. ١٦١
جەنگ لە دەرەوەی مەیدانی جەنگ ........................................... ١٦٣
بەرد بهێنە، دڵ دەهێنم، دەیانگۆڕینەوە ..................................... ١٦٥
لە بارەی شیعری (ئاریان ئەبوبەکر)ەوە ..................................... ١٦٧
لە بارەی تەنیاییەوە ................................................................ ١٦٩
هەمیشە جێیەك خاڵییە ........................................................... ١٧١
حوسێن پەناهی چی دەوێت؟ ................................................... ١٧٣

کام پرد، لە کوێی جیهاندا، ڕووخاوە؟ ........................ ١٧٥
ئەودیوی شوشە، دەریایە ........................ ١٧٧
دەست و زمان، ڕۆژ و ساڵ ........................ ١٧٩
دەمم بۆنی گوڵی مریەم دەدات (١) ........................ ١٨١
دەمم بۆنی گوڵی مریەم دەدات (٢) ........................ ١٨٣
دەمم بۆنی گوڵی مریەم دەدات (٣) ........................ ١٨٥
ڕووبەری شیعر، ڕووبەری خەیاڵدان ........................ ١٨٧
ئەگەر ویستت شتێك بشاریتەوە، بیخەرە ناو کتێبێکەوە ........................ ١٨٩
نەفرەتی پارە ........................ ١٩١
دواجار شاملوەکان دەمێننەوە ........................ ١٩٣
حەسرەتەکانی (شاملو) ........................ ١٩٥
ئێمە و (شاملو) لە کۆڕەودا ........................ ١٩٧
پەرۆشیی و خۆشەویستیی (شاملو) بۆ شیعر ........................ ١٩٩
هالاوی یادەکان ........................ ٢٠١
ئێواران بە سوپاسەوە بۆ ماڵەوە بگەڕێنەوە ........................ ٢٠٣
پاولۆ کۆیلۆ و کیمیاگەریی لە دەرەوەی کیمیا (١) ........................ ٢٠٥
پاولۆ کۆیلۆ و کیمیاگەریی لە دەرەوەی کیمیا (٢) ........................ ٢٠٧
لە بارەی نازناوەوە ........................ ٢٠٩
عەشقی فەرامۆشنەکراو ........................ ٢١١
زەوتکردنی ئیرادە و ئازادیی ........................ ٢١٣
پاشا و ئەژدیها ........................ ٢١٥
ئۆسکار و خاتوونی پەمەیی پۆش ........................ ٢١٧
بۆ دانییێل ستیل و پاڵەوانەکانی ........................ ٢١٩
لە دارستاندا مردن نییە ........................ ٢٢١
لەگەڵ (د. فەوزیە دریع)دا ........................ ٢٢٣
ئەوانەی خوایان لە خۆیان ڕەنجاندووە ........................ ٢٢٥
مرۆڤ و بەرد ........................ ٢٢٧
کاتێ تۆ دوا هیوای کەسێکیت ........................ ٢٢٩
بۆ حەمە کاکەڕەش ........................ ٢٣١
بە بۆنەی مەرگی دایە (کافی)یەوە ........................ ٢٣١

له چله‌ی (عه‌باسی که‌مه‌ندی)دا ........................ ٢٣٣
توندوتیژیی و دیمه‌نه‌كانی ........................ ٢٣٥
تاقیكردنه‌وه‌ی ئیراده ........................ ٢٣٧
دایك ........................ ٢٣٩
شه‌ڕ له ناو زماندا ........................ ٢٤١
مرۆڤ و نامرۆڤ، پاداشت و سزا ........................ ٢٤٣
دووانه‌ی ژیان و مردن ........................ ٢٤٥
له‌گه‌ڵ یه‌كدا بژین، یان بمرین؟ ........................ ٢٤٧
خۆشه‌ویستیی له كاتی خه‌م و په‌ژاره‌دا ........................ ٢٤٩
ژنه‌كان ته‌نها یه‌ك جار ناكوژرێن ........................ ٢٥١
مردووی زیندوو، زیندووی مردوو ........................ ٢٥٣
له‌گه‌ڵ ئۆشۆدا ........................ ٢٥٥
به‌ره‌و هۆگربوون لای ئۆشۆ ........................ ٢٥٧
ژن و ده‌ستپێشخه‌ریی له ده‌ربڕینی خۆشه‌ویستییدا (١) ........................ ٢٥٩
ژن و ده‌ستپێشخه‌ریی له ده‌ربڕینی خۆشه‌ویستییدا (٢) ........................ ٢٦١
ژن و ده‌ستپێشخه‌ریی له ده‌ربڕینی خۆشه‌ویستییدا (٣) ........................ ٢٦٣
ئامۆژگارییه ساده‌كانی ژیان ........................ ٢٦٥
خۆشه‌ویستیی و ژیاندۆستیی ........................ ٢٦٧
چوارینه‌ی دیموكراسیی ........................ ٢٦٩
چوار پێكهێنه‌ره‌كه‌ی دیموكراسیی ........................ ٢٧١
دیوانی سالم و كێشی عه‌رووز ........................ ٢٧٣
هه‌ندێك له هه‌ڵه عه‌رووزییه‌كانی دیوانی سالم ........................ ٢٧٥
وشه‌ی لێكدراو له شیعری (سالم)دا ........................ ٢٧٧
مه‌رگ و ژین ........................ ٢٧٩
دووباره‌كردنه‌وه‌ی سه‌روا له شیعری كلاسیكییدا ........................ ٢٨١
(گۆران) و كێشی په‌نجه ........................ ٢٨٣
هه‌ندێك له داهێنانه‌كانی (گۆران) له بواری كێشدا ........................ ٢٨٥
(قانع)ه‌كان چرای ئێمه‌ن ........................ ٢٨٧
چوارینه‌یه‌ك له ناو یاده‌وه‌ریی مندا ........................ ٢٨٩
به‌رهه‌مهێنانی شیعرییه‌ت له كێش و سه‌روا ........................ ٢٩١

ڕوونکردنەوە ........................................ ٢٩٣
زمان و جیهان.............................................. ٢٩٥
جەلاد و قوربانیی ........................................... ٢٩٧
شیر و کتێب ................................................ ٢٩٩
کلتوری شار، کلتوری گوند................................. ٣٠١
پارە و کەرامەت ............................................ ٣٠٣
پەیوەندیی نێوان فریوخواردن و ڕابردوو .................... ٣٠٥
مرۆڤ و بیرەوەریی .......................................... ٣٠٧
مردن و نووسین ............................................. ٣٠٩
پیرۆزیی خێزان............................................... ٣١١
ئەو دەرمانانەی دەبن بە دەرد ............................... ٣١٣
حوجرەکەی نالی و هەرێمی کوردستان ....................... ٣١٥
لە نێوانی هەڵەبجە و کۆبانییدا .............................. ٣١٧
پێشمەرگە و ئاڵا و بەهاری دزراو............................. ٣١٩
کوردستان و داغستان ........................................ ٣٢١
پەرلەمان و دیوەخان و دەوڵەت............................... ٣٢٣
وانە و پەند و بەسەرهاتە گەورەکان .......................... ٣٢٥
(محەمەد ڕەزا شا) و (شا)کانی دیکە ....................... ٣٢٧
براکوژیی ...................................................... ٣٢٩
قەفەسی سوتاندن و وێرانکردنی مۆزەخانە ................... ٣٣١
لە نێوانی سیاسییەکان و خەڵکدا ............................ ٣٣٣
درەوشانەوەی ڕۆژنامەگەریی لە مێژووی کورددا ............ ٣٣٥
کارەساتی ڕاگەیاندن لە ئێستای کورددا...................... ٣٣٧
لە (لەتیف هەڵمەت)ەوە بۆ من ............................. ٣٣٩
بۆ محەمەد کوردۆ .......................................... ٣٤١

## ڕوونكردنەوە

ئەم وتارانە بەشێكن لە وتارەكانی گۆشەی (ڕاز و نیاز)، كە گۆشەیەك بوو هەفتانە بۆ ڕۆژنامەی (كوردستانی نوێ)م دەنووسی و لە ساڵی (٢٠١٢)ەوە تا (٢٠١٧) بەردەوام بوو. وەك پێشتر لە كتێبێكی دیكەدا بە ناوی (هەموومان مەفتوونی جوانیین: ٢٠١٣)، كە ئەویش چەند وتارێكی لە گۆشەی (ڕاز و نیاز) لەخۆ گرتبوو، ئاماژەم بۆ كردووە: من هەر لە سەرەتاوە گۆشەكانم بە هەناسەی كتێب نووسیوە. مەبەستم ئەوەیە وتارەكان كەمتر قسە و باسی ڕۆژ بوون، كەمتر وتاری ڕۆژنامەوانیی بوون، كە تەمەنیان كورتترە. هەڵبەت گۆشەكە لەو جۆرە وتارانەیشی تێدا بووە، بەڵام من ئەو وتارانەم نە لە كتێبی پێشتر و نە لێرەیشدا دانەناوەتەوە. ئەوەی زیاتر مەبەستمە ئاماژەی بۆ بكەم ئەوەیە كە بە هۆی دیاریكراویی قەبارەی گۆشەكەوە كە (٣٠٠) وشە بوو، هەندێ جار نەمتوانیووە ڕوونكردنەوەی زیاتر لە سەر بابەتەكان بدەم. هیوادارم ئەو بەرتەسكییەی گۆشەكە، كەلێنی بۆ وتارەكان درووست نەكردبێت.

كوردۆ

## خۆشەویستیی و پەرجووی گەورە

**کێ دەڵێت: یەکەمین هەرەم، لەلایەن (فەرهاد)ێکی ئەو سەردەمەوە بۆ (شیرین)ەکەی دروست نەکراوە؟**

بەلای منەوە، پەرجووی گەورە لە مێژووی مرۆڤایەتییدا، بەر لە هەر شتێك، خۆشەویستیی بووە. لە خەیاڵدانی مندا، ئەوە کە (فەرهاد) لە پێناوی خۆشەویستیی (شیرین)دا کێوێکی وەك (بێستوون) کون دەکات، هەر تەنها حیکایەتی کونکردنی کێوێك ناگێڕێتەوە. نا، ئەوە، دەتوانێت حیکایەتی دروستکردنی (ئەهرامەکانی میسر)یش بگێڕێتەوە. گێڕانەوەیەکی جیاواز لەوەی مێژوونووسان و شوێنەوارناسان هەوڵی بۆ دەدەن. حیکایەتی (فەرهاد)، دەتوانێت یارمەتیمان بدات بپرسین: کێ دەڵێت: یەکەمین هەرەم، لەلایەن (فەرهاد)ێکی ئەو سەردەمەوە بۆ (شیرین)ەکەی دروست نەکراوە؟ کێ دەڵێت: (شیرین)ێکی ئەو کاتە، داوای لە (فەرهاد)ەکەی نەکردووە پەرجووی خۆشەویستیی خۆی تاقی بکاتەوە و داهێنانێك بکات، توانای ئەوەی هەبێت دوای هەزاران ساڵ مرۆڤایەتی سەرسام بکات؟ دەمەوێت بڵێم: وەك چۆن دەکرێت خۆشەویستیی هێزی کونکردنی کێوێك بە مرۆڤ ببەخشێت، هەر ئاوا

دەیشکریێت زیاتر بڕوات و هێزی دروستکردنی هەرەمێکیش بە مرۆڤ ببەخشێت. ئەی باشە کێ دەڵێ (عەباسی کوڕی فەڕناس)یش (فەرهاد)ێك نەبووە، کە وێڕای داهێنانە ناوازە و جۆراوجۆرەکانی، (شیرین)ێك، خەیاڵی فڕینی خستبێتە سەرییەوە و مردنی لە بەردەمییدا کردبێت بە ئەفسانە؟ ئاخۆ ئەوە کە وا دەزانین (عەباسی کوڕی فەڕناس) مردووە، ئەفسانە نییە؟ ئەی ئەوە نییە دوای زیاتر لە (١٢٠٠) ساڵ، بە باڵە دروستکراوەکانی خۆی، لە (ئەندەلوس)ەوە هەڵفڕیووە و هاتۆتە ناو ئەم نووسینەی منەوە؟ ئەی کێ دەڵێ (نالی)، (فەرهاد)ێك نەبووە، (شیرین)ێك بە ناوی (حەبیبە)وە داوای لێ کردبێت گەمەی نەمریی لەگەڵدا تاقی بکاتەوە؟ ئەگەر وا نییە بۆچی ئێمە (نالی) لە باپیرە گەورەکانی خۆمان زیاتر دەناسین؟ ئەگەر وا نییە بۆچی دەزانین تەرازووی نازی چاوەکانی (حەبیبە) یەکێکیان نەختێك سەری کردووە، بەڵام نازانین چاوی نەنکە گەورەکانی خۆمان چۆن بووە؟ ئەگەر نەنکێکمان کوێریش بووبێت، ئێمە نایزانین. ئەی ئەوە نییە (هێمن موکریانی)، خۆی دەڵێت ئێستاش لە کوردستان (مەم و زین)ێکی تر دەژین؟ لە خەیاڵدانی مندا هەموو (مەم)ەکان و هەموو (فەرهاد)ەکان هەر یەکن، هەموو (زین)ەکان و هەموو (شیرین)ەکان هەر یەکن. بۆیە سەبارەت بە (هێمن موکریانی) ناپرسم کێ دەڵێت ئەویش (فەرهاد)ێك نەبووە، دەڵێم ئەوەتا ئەو خۆی دەڵێت منیش (فەرهاد)ێکم. جارێکی تر دووبارەی دەکەمەوە: بە لای منەوە، پەرجووی گەورە لە مێژووی مرۆڤایەتییدا، بەر لە هەر شتێك، خۆشەویستیی بووە.

## ئەو ژنەی خۆشەویستیی کردی بە ملپێچ

**دەشـێت پیـاوان شـتێکی تـر لـە ژیانیانـدا هـەبێت، کـە بیخەنـە پـێش چـیرۆکە گەرمـەکانی خۆشەویستییەوە، بەڵام ژنان هیچ شتێك ناخەنە پێش چیرۆکە گەرمەکانی خۆشەویستییەوە.**

لـە ڕێـی هاوڕێیـەکی ئـازیزەوە، ژنـێکم ناسـی. هەسـتم کـرد ئـەو ژنـە چـیرۆکێکی ئاشـکرای شـاراوەی هەیـە. مەبەسـتم چـیرۆکی خۆشەویستییەکی گەرمـە. بـە بڕوای مـن، ژنـان لـە پیاوان زیاتر خـەون بـە چیرۆکە گەرمەکانی خۆشەویستییەوە دەبینن. دەشێت پیاوان شتێکی تر لـە ژیانیانـدا هـەبێت، کـە بیخەنـە پـێش چـیرۆکە گەرمـەکانی خۆشەویستییەوە، بەڵام ژنان هیچ شتێك ناخەنە پێش چیرۆکە گەرمەکانی خۆشەویستییەوە. ئەمە بڕوای منە و زۆر جاریش لەم بڕوایەی خۆمەوە و لـە دڵـی خۆمـدا بـە ژنـانم وتـووە ئافـەرین بـۆ ئێـوە، ئـەوەی ئێـوە ڕێگـا ڕاسـتەکەیە. خۆشەویسـتیی لـە هـەموو شـتێك پیرۆزتـرە و چـیرۆکی خۆشەویستییش لە هەموو چیرۆکێك شیرینتر و دڵنشینترە. بە هەر حاڵ، ویستم باسی ناسین و چیرۆکی ژنێك بکەم. لە ڕاستییدا ناسینەکە کورت بوو، بـەڵام چیرۆکەکەی گرنگ و دڵخۆشکەر بوو. هەسـتم کـرد ئـەو ژنـە، گەرم گەرم، پیاوێکی خۆش دەوێت و حەزی لێیە گەردن و لامل و پشتی

ملی ماچ بکات، بەڵام دەستی بە پیاوەکە ناگات. ئەم حەزە زۆر بۆ ژنەکە دەهێنێت و نازانێت چی بکات؟ ژنەی عاشق، نە دەتوانێت خەونەکەی بە دی بهێنێت، نە دەشتوانێت دەستبەرداری بێت. سەرئەنجام بیرۆکەیەکی بۆ دێت. بە دەستی خۆی، ملپێچێك بۆ پیاوەکە دەچنێت. ئینجا ئەم چەند وشەیەی بۆ دەنێرێت: ((ملپێچەکەت تەواو بوو/ چنیم/ نازانم چەند گرێی پێوەیە/ بەڵام/ هەر جارێك با هەڵکات/ چەندین هەزار ماچ/ لە ملت دەئاڵێن)). پێشتر وتم ژنەکە دەستی بە پیاوەکە ناگات، بۆیە بە دەستی خۆی ملپێچەکە دەچنێت. واتە جگە لە ماچکردن، لە ڕێی ملپێچەکەوە دەستیش دەکاتە ملی پیاوەکە. یانی ملپێچەکە دەستی ژنەکەیە. ملپێچەکە دەمی ژنەکەیە. ملپێچەکە دڵی ژنەکەیە. ملپێچەکە خودی ژنەکەیە. یانی ئەوەی من ناسیم ژنێك بوو لە شێوەی ملپێچێکدا. ژنێك بوو خۆشەویستیی کردبووی بە ملپێچ. ئەگەر ئێوەش حەز دەکەن ژنێکی وا بناسن، من ئامادەم هەم ژنەکەتان پێ بناسێنم، هەم ئەو هاوڕێ ئازیزەی ژنەکەی بە من ناساند. ژنەکە (مونیرە حوسێنی) شاعیر و هاوڕێ ئازیزەکەش (جەبار سابیر)ی وەرگێڕە. ئەو چەند وشەیەی (مونیرە حوسێنی) کە شیعرێکی زۆر کورت و زۆر جوانە، لە لایەن (جەبار سابیر)ەوە، کراوە بە کوردیی. کە واتە سوپاس بۆ (جەبار سابیر) و درووود بۆ (مونیرە حوسێنی).

## پیاوبوون

**ئەوەی نرخ بە پیاوبوون دەبەخشێت، نە خودی پیاوبوونە، نە کار و کردەوەکانی پیاوە، بەڵکو ئەوە ژن و میهرەبانییەکانێتی.**

بۆچی پیاوبوون خۆشە؟ بۆچی پیاوبوون لە نیعمەتە گەورەکانی ژیانە؟ بێگومان لە بەر ئەوە نییە پیاوبوون گەورەیی بێت، نا، هەرگیز پیاوبوون لە ژنبوون گەورەتر نییە. پیاوبوون لەبەر ئەوە خۆشە ژن هەیە. لەبەر ئەوە خۆشە میهرەبانییەکانی ژن هەن. ئەوەی نرخ بە پیاوبوون دەبەخشێت، نە خودی پیاوبوونە، نە کار و کردەوەکانی پیاوە، بەڵکو ئەوە ژن و میهرەبانییەکانێتی، کە ئەو کارە ئەنجام دەدەن. بێگومان من باسی هەموو ژن و پیاوێك ناکەم. دەزانم بەشێك لەو پیاوانەی (سەرگەردان) بوون، ژن سەرگەردانی کردن. دەشزانم زۆرینەی ئەو ژنانەی (ماڵوێران) بوون، پیاو ماڵوێرانی کردن. دەزانم مێژوو لێوانلێوە لەو ژن و پیاوانەی بە زیندوویی مردنیان پێشانی یەکتری داوە و خەونەکانی یەکترییان وەك ئارد بە ناو دڕکدا بڵاو کردۆتەوە. من باسی ئەو ژن و پیاوانە دەکەم، کە بەر لە خوێن، عەشق بە ناو دەمارەکانیاندا دەگەڕێت. باسی ئەو ژن و پیاوانە دەکەم، کە بەر لەوەی جەستەی یەکتری لە ئامێز بگرن، دڵی

یەکتری لە ئامێز دەگرن. کاتێ پیاو ژنێکی وا لە ژیانییدا هەیە، پیاوبوون گەورەترین نیعمەتە. بێگومان پێچەوانەکەیشی ڕاستە. پیاو کاتێ ژنێکی وا دێتە ژیانییەوە هەموو شتەکانی بە لاوە جوان دەبن. چێژی چەندبارە لە شتەکان دەبینێت. هەست دەکات بۆ باوەشکردن بە ژیاندا، دوو دەست بەش ناکات. دوو چاو بۆ بینینی جوانییەکان بەس نین. یەك گەروو بەشی چڕینی گۆرانی ناکات. هەست دەکات لە یەك نیشتماندا جێی نابێتەوە. هەست دەکات یەك ژیان زۆر کەمە. یەك تەمەن زۆر کورتە. ئەو ژنەی من مەبەستمە، یەك ماچی بکەی هەزار ماچت دەکات، یەك جار لێی ببووری هەزار جار لێت دەبووریێ. ((یەك جار بۆی بنوسی خۆشم دەوێی، هەزار جار دەیخوێنێتەوە، هەزار جار لێدانی دڵی زیاد دەکات، هەزار جار هەناسەبڕکێی پێ دەکەوێت، هەزار جار لە ناخییدا ڕەگ دادەکوتێت، وەك بڵێی هەزار جار واتگوتبێت، وەك بڵێی هەزار جار واتنوسیبێت. یەك جار لە ئامێزی بگری، هەزار جار خەونی پێوە دەبینێت، هەزار جار –تا–ی لێ دێت. یەك جار دیار نەبیت، هەزار جار بۆت دەگەڕێت. یەك جار بێدەنگ بیت، هەزار جار لە دەرگای داخراو دەدات))❀.

❀ ئەو چەند دێڕەی نێو کەوانەکە، بە دەستکارییەکی کەمەوە، لە شیعرێکی (هێلا صدیقی) وەرگیراوە، کە (سەرهەنگ عەبدولڕەحمان) کردوویەتی بە کوردیی و لە ئاکاونتی تایبەتی خۆی، لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووك، بڵاوی کرۆدتەوە.

## له ناو ئەسانسۆرێکدا

**له ناو ئەسانسۆردا هیچ شتێك ناتوانێت ببێت به بیانوو بۆ ئـەوەی، با بۆ چـەند چرکەیەکیش بێت، دوو عاشق له یەکتری دوور بکەونەوە.**

ژنێکـی عاشـق لـه نامەیەکـدا بـۆ ئـەو پیـاوەی کـه خۆشـی دەوێـت، نوسیویێتی: ((خـەو بـەوەوە دەبیـنم لـه نـاو ئەسانسـۆرێکدا لەگـەڵ تـۆدا بـم، دەزانــی بــۆ؟ چــونکه ئەسانســۆر بچــوکه، نــاتوانین لــه یــەکتری دوور بکەوینـەوە)). ئـەو ژنـه ڕاسـتی کـردووە، لـه نـاو ئەسانسـۆردا هـیچ شـتێك ناتوانێت ببێـت بـه بیـانوو بـۆ ئـەوەی، بـا بـۆ چـەند چـرکەیەکیش بێـت، دوو عاشق له یەکتری دوور بکەونەوە. له دەرەوەی ئەسانسۆر، دوور نییە، بۆ نمونـــه: بیـــانووی خواردنـــەوەی پـــەرداخێك ئـــاو، فڕێـــدانی شـــتێك، دەستشـۆرینێك، یاخود هـەر بیانوویـەکی تـر، چـەند چرکەیەکی دوو عاشق بـه فیـڕۆ بـدات. بـەڵام ئەسانسـۆر وا نییـه. لـه نـاو ئەسانسـۆردا، عاشـقەکان دەتـوانن هەسـت بـه گـەرمایی جەسـته و ڕۆحـی یـەکتری بکـەن. دەتـوانن گوێیـان لـه لێـدانی دڵـی یـەکتری بێـت. دەتـوانن هەسـت بـه بـۆنی ژنێتـی و پیـاوەتی یـەکتری بکـەن کاتێـك ئـاوێزان دەبـن. مەبەسـتم ئـاوێزانبوونی بۆنەکانیانه نەك خۆیان. چونکه خۆیان ناتوانن ئاوێزانی یەکتری بن. ئاخر

ئەسانسۆر جێی ئاوێزانبوون نییە. ئەسانسۆر هی عاشقەکان نییە. بە هەمان ئەو ئەندازەیەی گوێڕایەڵیی عاشقەکان دەکات، گوێڕایەڵیی هەموو خەڵکێکی تریش دەکات. هەر کەسێك داوای لێ بکات بکرێتەوە، دەکرێتەوە. خەونەکەی ئەو ژنە عاشقە جوانییەکەی لەوەدایە کە جێیەکی هەڵبژاردووە، هی ئەو نییە. تەنها بە فەرمانی ئەو ناکرێتەوە و داناخرێت. جێیەك تەنانەت بە کەڵکی ماچێکی زۆر قووڵیش نایەت. بەڵام ڕەنگە تاکە جێ، یان هیچ نەبێت، یەکێك لە باشترین جێیەکانی دنیا بێت، کە هیچ بیانوویەك بۆ دوورکەوتنەوە ناهێڵێتەوە. ئەو پیاوە چەند بەختەوەرە کە دڵدارەکەی، لە ترسی دوورکەوتنەوەیەکی کاتیی، لە بری ئەوەی خەو بە گوێی ڕووبارێکەوە، یان بە چەمەنزارێکەوە، یاخود هیچ نەبێت بە ژێر سێبەری دارێکەوە ببینێت، خەو بە ئەسانسۆرێکەوە دەبینێت. ئەوەی لە خەونی ئەو ژنە عاشقەدا زۆر جوانە، ئەوەیە: تەنها لە پێناوی ئەوەی هیچ دەرفەتێك بۆ دوورکەوتنەوە نەهێڵێتەوە، دەستبەرداری ئاسمان و زەمین و ڕووناکی و سەوزایی و ئاو و با و پانتایی و ئازادی و هەموو شتە جوانەکانی دەرەوەی ئەسانسۆرەکە دەبێت. ئاخر خۆیشی، ئەو ژنە، ویستویەتی لە ڕێی ئەو خەونەوە بە خۆشەویستەکەی بڵێت: تۆ ڕووبار و چەمەنزار و دار و ئاسمان و زەمین و سەوزایی و ئاو و با و پانتایی و ئازادیی و هەموو شتە جوانەکانی منیت.

## حیکایەت و ژیان و خۆشەویستیی

**ئەفسوونی حیکایەت ئەفسوونێکی کاتبڕ و شوێنبڕە، لە سەردەمە کۆنەکانەوە هاتووە و ڕژاوەتە ناو ئێستا و دەڕژێتە ناو ئایندەیشەوە.**

دەڵێی مرۆڤ بە سرووشت شەیدای حیکایەتە، دەڵێی مەحکومە بە حیکایەت، سەدان و هەزاران ساڵە مرۆڤ حیکایەت دەگێڕێتەوە و حیکایەت تۆمار دەکات و حیکایەت دەنووسێتەوە و بێزار نابێت. ڕەنگە بە دەگمەن مرۆڤی وا هەبێت لە ژیانییدا بە هیچ جۆرە حیکایەتێك سەرمەست نەبووبێت و هیچ جۆرە بیرەوەرییەکی لەگەڵ حیکایەتدا نەبووبێت. بۆ هەر جێیەك دەچیت حیکایەت بەر لە تۆ لەوێیە. دەست بۆ هەر شتێك دەبەیت، دەستت بەر جۆرێك لە حیکایەت دەکەوێت. تەنانەت بەشی زۆری پەیوەندییەکانی خوا بە مرۆڤەوە، وەك ئەوەی ئایینەکان دەیگێڕنەوە، لە ڕێی حیکایەتەوە ئەنجام دراون. زۆرینەی کتێبە ئایینەییەکان لێوانلێون لە حیکایەت. بە بڕوای من، پرسیاری گرنگیش ئەوە نییە ئەو حیکایەتانە ڕاستن، یان نا؟ بەڵکو پرسیاری گرنگ ئەوەیە ئەو حیکایەتانە تا چەند کاریگەرییان لە سەر جیهانبینی و خەیاڵدانی مرۆڤ هەیە؟ کاتێ

حیکایــــەتێك مـــــرۆڤ سەرســــام دەكــــات و دەســـــتكاریی ڕوانــــین و بیركردنەوەكانی دەكات، چ جیاوازییەكی هەیە ئەو حیكایەتە ڕاست بێت یان نا؟ حیكایەتەكان جگە لەو چێژە زۆرەی بە مرۆڤی دەبەخشن، یارمەتیشی دەدەن قوولتر بیر لە شتەكان بكاتەوە و ڕوونتر بیانبینێت و باشتر لە زەینیدا بەرجەستەیان بكات. ئەفسوونی حیكایەت ئەفسوونێكی كاتبڕ و شوێنبڕە، لە سەردەمە كۆنەكانەوە هاتووە و ڕژاوەتە ناو ئێستا و ئایندەوە. لە گوێی ئاگردانی گوندە بچووكەكانی جیهانەوە، هاتووە و لە ناو كتێبخانەی شارە گەورەكانی دنیادا گیرساوەتەوە. ئاخۆ كاتێ (ماركیز) وتی: ((من بۆ ئەوە ژیام بگێڕمەوە))، مانای ئەوە نەبووە گێڕانەوە، یان حیكایەت، بە لای ئەوەوە خودی ژیان بووە؟ جا، دەمەوێ لێرەوە، بچمە سەر حیكایەتی خۆشەویستیی و بپرسم: ئایا نهێنیی ئەوە لە چییدایە كە حیكایەتی خۆشەویستیی لە ناو حیكایەتەكانی تردا، لە هەموویان ئەفسووناوییترە؟ ئاخۆ ڕازی ئەوە چییە كە حیكایەتی خۆشەویستیی لە زۆربەی كاتەكاندا زۆرترین خەڵك لە دەوری خۆی كۆ دەكاتەوە؟ لە وەڵامدا دەڵێم: دوور نییە هۆكاری سەرەكیی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە كە: (حیكایەت) و (ژیان) و (خۆشەویستیی)، وەك سیانەیەكی تەواوكەری یەكتر وان. (حیكایەت: ژیانە) و (ژیان: خۆشەویستییە) و (خۆشەویستییش: حیكایەتە). ئەی ئەوە نییە وەك (ئۆسكار وایڵد) ئاماژەی بۆ كردووە: كتێبی (ژیان)، بە (حیكایەت)ی (خۆشەویستیی) ژن و پیاوێك، لە باخێكدا دەست پێدەكات؟

## عەشق وەك گڕەی بیابان وایە

**لە ڕاستییدا ئەو کەسەی گڕەی عەشق کوێری دەکات، کوێر نابێت، ئەو تەواوی هێزی بینینی خۆی بە یەك کەس دەبەخشێت.**

(مەحمود دەولەت ئابادی) دەڵێت: ((عەشق وەك گڕەی بیابان وایە، مەگەر نەیەت، کە هات، چاوەکان کوێر دەکات)). ئەم وتەیە دەمباتەوە بۆ دەورانی هەرزەکارییم، بۆ ئەو کاتەی چیرۆکی )لەیل و مەجنون(م بە تۆمارکراوی لە سەر کاسێت، دەست کەوتبوو. دەیان جار گوێم لێ دەگرت و تێرم لێ نەدەخوارد. لەو چیرۆکەدا دوای ئەوەی باوکی (مەجنون) لەوە بێهیوا دەبێت (لەیلا) بدەن بە کوڕەکەی، هەرچی کچی جوانی هۆزەکەی خۆی هەیە کۆی دەکاتەوە و بە (مەجنون) دەڵێت: کام لەم کچانە هەڵدەبژێریت هەڵی بژێرە و واز لە (لەیلا) بێنە. بێگومان (مەجنون) نەك هیچ کامیان هەڵنابژێرێت، تەنانەت ئامادە نابێت سەیریشیان بکات. من ئەو کاتە تێ نەدەگەیشتم، بۆچی (مەجنون) ناتوانێت یەکێك لەو کچە جوانانە هەڵبژێرێت؟ دواتر تێگەیشتم و ئێستا دەمەوێت ئەو حاڵەتە لەگەڵ وتەکەی دەولەت ئابادییدا پێکەوە گرێ بدەم: بێگومان ئەوەی کە نەیهێشتووە

(مەجنون) کەسێکی تر ببینێت، گرەی عەشق بووە، ئەو گرەیە هەڵی کردووە و چاوەکانی (مەجنون)ی کوێر کردووە. ئەو کە (لەیلا) چاوەکانی کوێر کردبێت چۆن دەتوانێت تەماشای خەڵکی تر بکات؟ کاتێ کەسێك بە گرەی عەشقی خۆی، کوێرمان دەکات، جگە لەو کەسە و لەو ڕێگایانەی هیوای گەیشتنمان بەو کەسە پێدەبەخشن، هیچ کەسێك و هیچ ڕێگایەکی تر نابینین. ئەگەر وا نەبوایە (فەرهاد) چۆن دەیتوانی ئاو لە دڵی تاشە بەردەکانی بێستوون دەر بهێنێت؟ (شێخی سەنعان) چۆن وازی لە مێژووی پڕ لە خواپەرستیی خۆی دەهێنا و دەبووە بەرازەوان؟ لە ڕاستییدا ئەو کەسەی گرەی عەشق کوێری دەکات، کوێر نابێت، ئەو تەواوی هێزی بینینی خۆی بە یەك کەس دەبەخشێت. واتە ئەو کەسە ئەگەر بۆ بینینی دنیا کوێر بێت، بۆ بینینی یارەکەی بیناترین مرۆڤی سەر گۆی زەوییە. ئەو هێند بە قووڵیی جوانییەکانی یارەکەی خۆی دەبینێت کە ئیدی پێویستی بە بینینی جوانییەکانی خەڵك نامێنێت. کاتێ کەسێك دەبێت بە دنیای ئێمە، ئیدی ئێمە دنیای دیکەمان بۆ چییە؟ بینینی دنیا و سەرقاڵبوون بە دنیاوە بۆ کەسێك باشە گرەی عەشق چاوەکانی کوێر نەکردبێت. چەند سەیرە گرەی عەشق بەرامبەر بە دنیایەك کە هی ئێمە نییە کوێرمان دەکات و بەرامبەر بە دنیایەکیش کە هی خۆمانە هەموو گیانمان دەکات بە چاو!

## کاتێك خۆشەویستیی حەشار دەدرێت

**شاعیرێکی وەك (هەردی) تا مرد، نەیتوانی، ناوی ڕاستەقینەی (ست فاتمە) ئاشکرا بکات.**

(بابەك ئابازەری) دەڵێت: ((دەزانم/ شەوێك دێت/ لە سەر هۆنراوەیەك کە من نوسیوومە و/ ئیلهامی هۆنراوەکە خۆتی/ ئیملا بە کوڕەکەت دەکەیت/ پێدەکەنیت و دەڵێیت:/ خاڵ، سەری دێڕ/ – دایە بەچی پێدەکەنیت؟/ –هیچ ئەزیزەکەم/ دەفتەرەکەی لێ وەردەگریت و/ دەنوسیت بیست لە بیست/ پاشان/ لە نیوەی شەودا/ پشت لە مێردەکەت/ بە ئارامی/ دەگریێ)). ئەو شیعرە لە لایەن (داستان مەلا بەکر)ەوە، کراوە بە کوردیی. لەگەڵ دەستخۆشی زۆرمدا بۆ وەرگێڕ، هەم بۆ هەڵبژاردنەکەی، هەم بۆ وەرگێڕانەکەی، دەڵێم: لە کۆمەڵگا دواکەتووەکاندا کە بێگومان کۆمەڵگای کوردیی یەکێکە لەو کۆمەڵگایانە، زۆر کاری ناڕەوا و ناشایستە و قێزەوون، بە ئاشکرا و بە بەرچاوی خەڵکەوە ئەنجام دەدرێن، کەچی خۆشەویستیی لە تلیاك خراپتر حەشار دەدرێت. شاعیرێکی وەك (هەردی) تا مرد، نەیتوانی، ناوی ڕاستەقینەی (ست فاتمە) ئاشکرا بکات. زۆر جار بیرم لەوە کردۆتەوە کە دوور نییە

کچـێکی (سـت فاتمـە)، یـان نەوەیـەکی، ڕۆژێـك، یـان شـەوێك، لەگـەڵ خوێندنـەوەی ئـەو شـیعرەدا هـەزاران خۆزگـەی خواسـتبێت بزانێـت ئـەو (ست فاتمە)یە کێیە و ئەو تەلیسمی جوانییەی لە چاوییدا بووە، چ جۆرە تەلیسمێك بووە؟. دوور نییە هەزاران خۆزگەی خواستبێت، ئەو، کچ، یان نەوەی (ست فاتمە) بوایە و شتێکی لەو بەژن و باڵایە بەرکەوتایە کە لە هەیکەلی یۆنانی چووە. (سیروان ڕەحیم) یەکێك لە کتێبەکانی پێشکەشی دایـك و بـاوکی کـردووە، ئـەو دایـك و باوکـەی کـە هـەرگیز نـەیبینیوون یــەکتری مــاچ بکــەن. بێگومــان کۆمــەڵگای ئێمــە پــڕە لــەو (ســیروان ڕەحیم)انەی کە هەرگیز نابینن دایك و باوکیان یەکتری ماچ بکەن. ئەو شیعرەی (ئابـازەری) جگـە لـەوەی بردمییـەوە بـۆ لای (هـەردی) و (سـت فاتمــە) و (ســیروان ڕەحــیم) و دایــك و بــاوکی، جگــە لــەوەی دووبــارە خستمییەوە بـەردەمی ئـەو پرسـیارەی: تاکـەی چـیرۆکی خۆشەویسـتیی و ماچــەکانمان لــە خــەڵك و منداڵــەکانی خۆیشــمان بشــارینەوە؟ ئــەو ژن و پیاوانەیشــی بیــر هێنامــەوە کــە بــە هــۆی یاســاخیی خۆشەویســتییەوە، نــەیانتوانیوە بــە دڵخوازەکــانی خۆیــان بگــەن، ئــەو ژن و پیاوانــەی بیــر هێنامـەوە کـە لەگـەڵ کەسـێکدا دەخـەون و دڵ و ڕۆحیـان لای کەسـێکی دیکەیـە. دواجـار دەڵـێم: پێویسـتە خـەڵکی ئـەم جـۆرە کۆمەڵگایانەیـە، لـە خۆیان بپرسن: خۆشەویستیی ترسناکە، یان ترسان لە خۆشەویستیی؟

## نزیکیی و دووریی

**زۆر جار دوورکەوتنەوە نزیکبوونەوەی زیاترە. زۆر جار کە دڵدارەکان لە یەکتری دوور دەکەونەوە گەرمتر دەکەونە باوەشی یەکترییەوە.**

نزیکیی و دووریی، هەر تەنها دوو حاڵەتی دژ بەیەك نین، تەواوکەری یەکترییشن. بە منداڵیی، یەکەمین شت کە لە کاتی فێربوونی لێخوڕینی پاسکیلدا پێیان دەگوتین ئەوە بوو دەیانگوت: (سەیری دوور بکە و پایدەر لێبدە)، خۆ ئێمە نە دەمانتوانی دوور بڕۆین، نە دەشمانویست دوور بڕۆین، بەڵام دەبوو سەیری دوور بکەین، ئەگینا نەماندەتوانی پاسکیل لێ بخوڕین. واتە بۆ گەیشتن بە نزیك پێویستمان بەوە بوو سەیری دوور بکەین، ئەگینا، نەدەگەیشتین. هەر لە منداڵییدا، بە تایبەتی کە جلوبەرگی جەژنیان بۆ دەکڕین، زۆربەی جارەکان، دایکمان بۆ ئەوەی بزانێت جلوبەرگەکانمان جوانن یان نا؟ ئێمەی لە خۆی دوور دەخستەوە و لە دوورەوە لێمان ورد دەبۆوە، ئینجا ڕای خۆی دەگوت. واتە بۆ ئەوەی جلوبەرگی نزیکترین کەسەکانیشمان هەڵبسەنگێنین پێویستمان بەوەیە بڕێك لە خۆمانیان دوور بخەینەوە. ئەو دوورخستنەوانەی منداڵیی زۆر

خۆش بوون. چونکە هەم کەمخایەن و کورت بوون، هەم لە زۆربەی جارەکاندا دایکمان دوای ئەوەی جلوبەرگەکانمانی هەڵدەسەنگاند باوەشی بۆ دەگرتینەوە و ماچی دەکردین و پیرۆزبایی لێ دەکردین. من ئەو کاتانە نا، بەڵام ئێستا هەست دەکەم بەشێکی ئەو گەمەی دوورخستنەوە و نزیکخستنەوە و باوەش و ماچانە جۆرێك بوون لە خۆلاواندنەوە، کە تیایدا دایکمان سکی بە خۆی و بە ئێمەیش دەسووتا، چونکە لە بەر هەژاریی و نەداریی، نەیدەتوانی جلوبەرگی باشترمان بۆ بکڕێت، بەو گەمەیە خۆی ئارام دەکردەوە. بەو دڵخۆشییەی لە ڕێی ئەو گەمەیەوە لە ناو ئێمەدا دروستی دەکرد، ئەو خەمەی لە ناو خۆیدا دەکوشت کە نەیتوانیووە جلوبەرگی باشترمان بۆ بکڕێت. ئەگەر وەك (لاکان) دەڵێت: (یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی شکست لە پرۆسەی هاوسەرگیریی و خێزاندا بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە لەو پرۆسەیەدا خەیاڵ دەمرێت)، ئەوە بێگومان هۆکاری مردنەکە بۆ ئەو نزیکییە زۆرە دەگەڕێتەوە کە لەو پرۆسەیەدا هەیە. واتە بۆ ئەوەی بتوانین لە کەسێك نزیك بین پێویستمان بە دووورکەوتنەوە دەبێت. چونکە نزیکیی حاڵەتێکە، بەبێ دووریی، بڕێکی زۆر لە ماناکانی خۆی لە دەست دەدات. خۆشبەختانە، لە دڵدارییشدا زۆر جار دوورکەوتنەوە نزیکبوونەوەی زیاترە. زۆر جار کە دڵدارەکان لە یەکتری دوور دەکەونەوە گەرمتر دەکەونە باوەشی یەکترییەوە. بەڵام بە داخەوە، هەندێجاریش دوورکەوتنەوە لەناوبەری نزیکییە.

## هاوچارەنوسیی لە نێوانی عاشقەکان و جەنگاوەرەکاندا

**جەنگاوەرەکان (سەر)یان لە بەردەمی مەترسی و عاشقەکان (دڵ)یان لە بەردەمی مەترسییدایە. جەنگاوەرەکان بەشێوەیەکی (فیزیکیی) و عاشقەکان بە شێوەیەکی (ڕەمزیی) تیادەچن.**

زۆر جار لە ناو خەیاڵی خۆمدا، جۆرە هاوچارەنوسییەکی تایبەتم لە نێوانی عاشقەکان و جەنگاوەرەکاندا بینیوە. هەستم کردووە عاشقە ڕاستەقینەکان، بە هەمان ئەندازەی جەنگاوەرە ڕاستەقینەکان، لە بەردەمی مەترسییدان. بێگومان ئەو دوو کارە لە ڕاستییدا زۆر لە یەکتری جیاوازن و من وەکو خۆیشم هەرگیز خۆزگەم بە جەنگاوەرەکان نەخواستووە، بەڵام نەیشمتوانیوە ئەو هاوچارەنوسییەی نێوانیان فەرامۆش بکەم. ئەم دوو بوونەوەرە بەردەوام لە بەردەمی مەترسییدان. ڕاستە جۆری مەترسییەکانیان جیاوازە، بەڵام ئەنجامی مەترسییەکانیان نزیکە لە یەکترییەوە. هەرگیز هیچ کام لەم دوو بوونەوەرە ناتوانن لە دڵنیایی تەواودا بژین. هەمیشە جەنگاوەرەکە (سەر)ی لە بەردەمی مەترسی و عاشقەکە (دڵ)ی لە بەردەمی مەترسییدایە. جەنگاوەرەکە بەشێوەیەکی (فیزیکیی) و عاشقەکە بە شێوەیەکی (ڕەمزیی) تیادەچێت.

جەنگاوەرەكــە لــەو ڕووەوە خۆشــحاڵتر و خۆشــبەختترە كــە جگــە لــە چركەسـاتی تیاچـوونەكە هـیچ ئـازارێكی دیكـە هەسـت پێناكـات. بـەڵام عاشــقەكە ڕۆژانــە و بــە بــەردەوامیی لــە نــاو تیاچــوونی خۆیــدا دەژی. جەنگاوەرەكــە هــەر (چــەند خولــەكێك) خــوێنی لەبــەر دەڕوات، بــەڵام عاشقەكە بۆ (هەتاهـەتایی) خوێنی لێ دەچۆڕێتەوە. لێرەوە واز لە خوێنی (بینــراو)ی جەنگاوەرەكــە دەهێــنم و چــەند ئاماژەیــەك بــە خــوێنی (نـەبینراو)ی عاشـقەكە دەكـەم. خـوێنی نـەبینراوی عاشـق، كـە دەڕژێـت، ئیـدی ناوەسـتێتەوە. بـە شـێوەیەكی بـەردەوام دەڕژێـت و بـە شـێوازی جۆراوجۆر تـەعبیر لە خۆی دەكات. مرۆڤ ئەگەر بە وردی لەو شیعر و نووسینانە ورد بێتەوە كە دەیان و سەدان ساڵ بەر لە ئێستا نوسراون، بە ڕوونیــی هەســت بــەو خوێنــە دەكــات كــە ســاڵەهایە لــە وشــەكانیان دەچۆڕێتەوە. دیوانی (مەلای جزیری) پڕە لە خوێن، دیوانەكانی (نالی) و (سالم) و (كوردیی) و (مەحوی) و (وەفایی) و (ئەحمەد موختار جاف) و زۆرینـەی شـاعیرەكانی دیكـەش بـە هـەمان شـێوەن. تەنانـەت (مـەحوی) یاقوت بە هـەڵگری خوێنی ڕژاوی خۆی و پیرۆزەیش بە پرسەباری خۆی دەزانێـت: ((لـە كـێ پرسـم دڵـی بـۆ پـڕ لـە خـوێنی حەسـرەتە یـاقووت/ عەزاپۆشی چییە و كێیە جلی پیرۆزە بۆ شینە)). (ئەحمەد موختار جاف) یش كە خۆی بە فەرهاد دەزانێت، خوێنی خۆی لەو لالانەدا دەبینێتەوە كە لە بێستوندا سەوز دەبن: ((بێستوون ئێستاش كە وەختێ لالەیی لێ سەوز ئەبێ/ باسی خوێنی دیدە وو داغی دڵی فەرهاد ئەكا)).

## خەون و خۆزگەكانی مرۆڤ

**لە ناو سنگی هەر مرۆڤێكدا، دڵێك هەیە، هەر ئەوەندە خۆشە ئەو دڵە دووچاری پەرێشانیی نەبێت، كە بوو، ئیدی هیچ جۆرە ناو و نازناو و ناونیشانێك ناتوانن ئارامی بكەنەوە.**

دەمەوێت لە ڕێی دوو نمونەوە بەخێرایی چەند شتێك لە بارەی خەون و خۆزگەكانی مرۆڤەوە بڵێم. نمونەی یەكەم: لە درامای (ژنی بابەدا) كە درامایەكی ئێرانیی دۆبلاژكراوە، لە جێیەكدا (كاك عەزیز)ی پاڵەوانی سەرەكیی دراماكە بە مندالەكانی دەڵێت: ((من ئیدی دوای دایكتان ناتوانم بە تەنیا بژیم، دەمەوێت ژن بێنم)). بەڵام منداڵەكانی بە بیانووی ئەوەی كە باوكیان پیر بووە، دژی داواكارییەكەی دەوەستن. ئەویش پێیان دەڵێت: ((بۆچی من كە پیرم ئیدی مرۆڤ نیم؟ ئیدی خەون و خۆزگەم نییە؟)). نمونەی دووەم: لە ناوەڕاستی هەشتاكاندا هێشتا هەرزەكار بووین، جارێكیان هاوڕێیەكمان كە كوڕی شێخێكی ناودار بوو، باسی كارێكی كرد كە بە تێگەیشتنی ئەو كاتەی ئێمە، بۆ ئەو، نەشیاو بوو، یەكێك لە هاوڕێكانمان لێی پرسی: سەیرە كوڕە شێخیش كاری وا دەكات؟ ئەویش وتی: ((بۆچی كوڕە شێخ مرۆڤ نییە؟ كوڕە شێخ خەون و

خۆزگەی نییە؟)). بە داخەوە لە کۆمەڵگای ئێمەدا، زۆر جار بە بیانووی جیاجیاوە، مرۆڤ لە خەون و خۆزگەکانی دادەماڵرێت. تۆ لەبەر ئەوەی پیریت و ئەو لەبەر ئەوەی کوڕە شێخە و ئەوانی دی لەبەر ئەوەی کچن، ژنن، بێوەژنن، ئیدی بۆتان نییە خەون و خۆزگە مرۆڤانەییەکانی خۆتان تاقی بکەنەوە. بە داخەوە خەڵکی ئێمە زۆر جار لە بیریان دەچێت، کە لە ناو سنگی هەر مرۆڤێکدا، ئیدی لە هەر تەمەنێك و لە هەر شوێنێك و لە هەر پلە و پایە و ئاستێکدا بێت، دڵێك هەیە، هەر ئەوەندە خۆشە ئەو دڵە دووچاریی پەرێشانیی نەبێت، کە بوو، ئیدی هیچ جۆرە ناو و نازناو و ناونیشانێك ناتوانن ئارامی بکەنەوە. ئاخۆ بەسەرهاتی شێخی سەنعان چیمان پێ دەڵێت؟ پێمان دەڵێت: مرۆڤ کە دڵی پەرێشان بوو، ئامادەیە بۆ ئارامکردنەوەی دڵی، دەستبەرداری هەموو ئەو شتانە ببێت کە بە درێژایی ژیانی لە پێناویاندا ڕەنجی کێشاوە. ئەی ئەوە نییە ئەم شێخە خواپەرستە بۆ کچە گاورێك هەم پشت لە شاری مەکە دەکات، هەم موریدەکانی خۆی جێ دەهێڵێت، هەم دەبێتە بەرازەوان و هەم تەواوی مێژووی خواپەرستیی خۆیشی لە بیر دەکات؟ بەسەرهاتی شێخی سەنعان پێمان دەڵێت: مرۆڤ بۆ ئەوەی دەستبەرداری خەون و خۆزگەکانی نەبێت، دەتوانێت تا دوور بڕوات، زۆر دوور.

## خەونی گەورە، مەترسیی گەورە

**چێژی هیچ سەرکەوتنێك، گەورە بێت یان بچوك، بە خۆی ناپێورێت، بەڵکو بەو سەختیی و ئازار و نەهامەتییانە دەپێورێت کە دێنە سەر ڕێی.**

((پیاوێك لە جادەیەکی چۆڵ ئۆتۆمبیلی لێ دەخوڕی، بۆ ساتێك گومانی ئەوەی کرد کە ڕێگاکەی هەڵەیە. دەرۆزەکەرێکی لە کەناری جادەکە بینی. وەستا و لێی پرسی: ئەرێ ئەم ڕێگایە بەرەو شار دەڕوات؟ دەرۆزەکەر: نازانم. پیاوەکە لێی پرسی: ئەرێ ئەم ڕێگایە بەرەو شاخەکان دەچێت؟ دەرۆزەکەرەکە وتی: نازانم. پیاوەکە، کە لە وەڵامەکانی دەرۆزەکەرەکە بێتاقەت ببوو، بە توڕەییەوە وتی: کەواتە تۆ هیچ نازانیت. دەرۆزەکەرەکە پێکەنی و وتی: بەڵام من بزر نەبووم)). ئەوە پەرەگرافێکە لە کتێبی (خۆت ڕزگار بکە نەك دنیا)، کە (مەسعود لەعلی و فەهیمە ئەرژەنگی) نوسیویانە و (بەرهەم ناودەشتی) کردوویەتی بە کوردیی. ئەو دوو نوسەرە، ئەو چیرۆکەیان بۆ مەبەستێك بەکار هێناوە کە مەبەستی من نییە. من دەمەوێت لە ڕێی ئەو چیرۆکەوە بڵێم: مرۆڤ ئەگەر بیەوێت ون نەبێت، نابێت بە نیازی هیچ جێگەیەك بێت، ئەگەر بە نیازی جێگەیەك

بوو، نابێت لە ونبوون بترسێت. ئەو مرۆڤانەی خەونی گەورەیان نییە، کەمتر دەکەونە ناو مەترسیی گەورەوە. لەبەر ئەوە پێویستە مرۆڤ، یان خەونی گەورە نەبینێت، یان لە مەترسیی گەورە نەگەڕێتەوە. ئەو وتەیەی کە دەڵێت: ((ئەگەر ئاشتیت دەوێت، ئامادەبە بۆ شەڕ))، وتەیەکە، لێوانلێو لە ڕاستی. چونکە هیچ شتێك لە ژیاندا بێ باج نییە، هەموو شتێك باجی خۆی هەیە. لە زۆربەی جارەکاندا چەند خەونەکان گەورەتر بن، ئەوەندەیش باجەکان گەورەتر دەبن. زۆر جار، باجی ئاشتی: شەڕە. هەروەها زۆر جار، باجی نەمریی: مردن و باجی بەختەوەرییش: بەدبەختییە. تۆ تەماشای ئەم جمکە سەیرانە بکە چۆن پێکەوە لکاون: (گەڕان و ونبوون، خەونی گەورە و مەترسیی گەورە، شەڕ و ئاشتی، نەمریی و مردن، بەختەوەریی و بەدبەختیی)، بێگومان جمکەکان زۆر زۆرن، کە دەتوانین لەم ڕستەیەدا چڕیان بکەینەوە: (هەموو خوازراوێکی مرۆڤ، بە نەخوازراوێکەوە لکاوە). ئەوەی لەم بوارەدا گرنگە ئەوەیە کە ئەو جمکانە، نەك نابێت مرۆڤ بترسێنن، بەڵکو پێویستە زیاتر بیجوڵێنن. چونکە چێژی هەر سەرکەوتنێك، گەورە بێت یان بچوك، بە خۆی ناپێورێت، بەڵکو بەو سەختیی و ئازار و نەهامەتییانە دەپێورێت کە دێنە سەر ڕێی ئەو سەرکەوتنە. هەر ئەم هۆکارەیشە کە وای کردووە مەترسییە گەورەکان توانای لە ناوبردنی خەونە گەورەکانیان نەبێت.

## غیره، وەك نیشانەی خۆشەویستیی

**پیاو خۆشەویستیی بۆ ژیان دەوێت، بەڵام ژن ژیانی بۆ خۆشەویستیی دەوێت.**

پێشتر چەند جارێك، باسی هەندێك لە نیشانەکانی خۆشەویستیی ڕاستەقینەم کردووە. بێگومان خۆشەویستیی ڕاستەقینە نیشانەی زۆرە، یەکێك لە نیشانە هەرە دیار و جیاکەرەوەکانیشی غیرەیە. با سەرەتا ئەوە بڵێم: کە غیرە، بە مانای ئەوە نایەت مرۆڤ گومانی لە خۆشەویستەکەی هەبێت. نەخێر، غیرەکردن لە بناغەدا، زۆر لە گومانکردن، جیاوازە. غیرە، لە ڕاستییدا هەستێکی خرۆشاوە، کە تیایدا مرۆڤ دەگات بە دۆخێك، نایەوێت هیچ کەسێك، بە هیچ ناو و نازناو و ناونیشانێکەوە لە خۆشەویستەکەی نزیك بێتەوە. واتە غیرە ئەوەندەی پەیوەندیی بە پەرۆشیی مرۆڤەوە هەیە بۆ پاراستنی خۆشەویستەکەی، ئەوەندە پەیوەندیی بە هەڵسوکەوتی خۆشەویستەکەیەوە نییە. یانی مرۆڤ دەتوانێت زۆرترین غیرە لە خۆشەویستەکەی بکات و زۆرترین متمانەیشی پێی هەبێت. ئەستەمیشە مرۆڤێك بە ڕاستی کەسێکی خۆش بوێت و غیرەی لێ نەکات. بە شێوەیەکی گشتییش، ژن لە پیاو زیاتر غیرە دەکات.

ئەمەش، دەکرێت نیشانەی ئەوە بێت کە ژن لە پیاو گەرمتر خۆشەویستیی دەکات. دەکرێت نیشانەی ئەوە بێت کە پیاو خۆشەویستیی بۆ ژیان دەوێت، بەڵام ژن ژیانی بۆ خۆشەویستیی دەوێت. دەڵێن: ((جارێکیان پیاوێك کە خاوەنی قاسەیەکی پۆڵایین بووە، کلیلی قاسەکەی ون کردووە. هەرچەند هەوڵی داوە قاسەکەی بۆ نەشکێنراوە. یەکێك لە هاوڕێکانی پێی وتووە: واز لە قاسەکە بێنە، من کارێك دەکەم، دوای یەك سەعاتی تر قاسەکەت بۆ بشکێنن. کابرا وتوویەتی: چۆن؟ هاوڕێکەی وتوویەتی: تۆ حەقت نەبێت، تەنها خۆت ون بکە و باقییەکەی بۆ من جێبهێڵە. کابرا ڕۆیشتووە و هاوڕێکەی چۆتە لای ژنەکەی و پێی وتووە: ئایا تۆ دەزانی پیاوەکەت بەردەوام نامەی لە ژنێکی هاوڕێیەوە بۆ دێت و لە ناو ئەو قاسەیەدا دەیشارێتەوە؟ ژنەکە بەر لەوەی وەڵام بداتەوە، چووە قاسەکەی شکاندووە)). جا، غیرەی ژن ئاوایە. بەڵام بە داخەوە، زۆر جار پیاو لە هۆکاری غیرەکردنی ژن تێناگات. لە بری ئەوەی، وەك نیشانەی خۆشەویستیی ڕاستەقینە تەماشای بکات و دڵخۆش بێت پێی، تووڕە دەبێت و دەیکات بە کێشە. دواجار، دەمەوێت بڵێم: پێویستە ژنیش و پیاویش غیرە و گومان لە یەکتری جیا بکەنەوە و بزانن چۆن مامەڵە لە گەڵ هەر یەکێك لەو دوو حاڵەتەدا دەکەن، ئەگەر نا، زیانی گەورە بە خۆیان دەگەیەنن.

# خەونی خۆشەویستیی

**خەونی خۆشەویستیی، لە خۆشەویستیی خۆی، کەمتر نییە.**

((تۆ دەمریت/ ئایا چێژت لە ژیانی خۆت بینیوە؟/ بەڵێ./ چۆن؟/ جارێکیان/ لە ژێر دارێکی کۆندا/ کچێك کە نایناسم/ نامەیەکی دامێ و ڕۆی/ کردتەوە؟/ بەڵێ/ چی تێدابوو؟/ هیچ)). ئەوە شیعرێکی (فلادیمێر هۆلان)ە، کە لە زمانی عەرەبییەوە کردوومە بە کوردیی. ئەم شیعرە، بە دیوێکدا شیعرێکی پوچگەرایە و بە شێوازێکی تایبەتیی باسی پوچێتیی دنیا دەکات. لەو دیوەدا، پێمان دەڵێت: ژیان هیچە، هەزاران هەزار دەرد و بەڵا و نەهامەتیت بە سەردا دەبارێنێت و لە کۆتاییشدا کە مردن دێت و وەڵامی پرسیاری (ئایا چێژت لە ژیانی خۆت بینیوە)، دەدەیتەوە، بۆت دەردەکەوێت ئەو چێژەی بینیوتە، زۆر بچوکە: (تەنها نامەیەك، لە کچێکەوە کە نایناسیت و نامەکەش هیچی تێدا نییە). لەو دیوەدا، دواجار، ژیان کە لە هیچەوە دەستی پێ کردووە، دەگاتەوە بە هیچ و کۆتایی پێ دێت. بەڵام بە دیوێکی تردا، ئەم شیعرە شتێکی گرنگترمان پێ دەڵێت. ئەم شیعرە پێمان دەڵێت: لە ژیاندا گرنگترین شت ئەو هەستە گەرمەیە کە

لـه نـاوەوەی مرۆڤـدا دادەگیرسـێت و مرۆڤەکـە لـە تیشـك و گـەرمایی و ڕووناکییدا شـەڵاڵ دەکات. بەهادارترین شـت ئـەو هەسـتە گەرمەیە کە لە ناوەوە و لـە گەرمـەی تاریکییە خنکێنەرەکاندا، مرۆڤ ڕووناك دەکاتـەوە. ئـەم شـیعرە، لـەم دیوەیانـدا پێمـان دەڵێـت: بـا ئـەو هەسـتە گەرمـەی باسـی دەکەین، یەکلایەنەیش بێت، با بۆ کەسێکیش بێت کە نایناسین، با دیاریی ئـەو کەسـەیش بـۆ ئێمـە، تـەنها نامەیـەك بێـت کـە هیچـی تییـدا نییـە. بـەڵام مادام لە ناو ئێمەدا خەونی خۆشەویستیی هەیە، دەکرێت بڵێین: بەڵێ ئێمە ژیاوین و چێژیشمان لـە ژیانی خۆمان بینیوە. ئـەم شیعرە، لـەم دیوەیاندا پێمـان دەڵێـت: ئەگـەر ئـەو کەسەیشـتان نەدۆزییـەوە کـە هاوکێشـەی خۆشەویستیتان بۆ ڕادەگرێت، مەهێڵن خەونی خۆشەویستیی لە ناوتاندا بکوژێتەوە. چونکە خەونی خۆشەویستیی دەتوانێت هاوکێشەی ژیانتان بۆ ڕابگرێت. چونکە خەونی خۆشەویستیی، لە خۆشەویستیی خۆی، کەمتر نییـە. بـا ئـەوەیش بڵـێم: ئـەوەی ئـەم شـیعرەی نـاوازە کـردووە، ئـەو دوو دیوەیـەتی کـە ڕێـك پێچـەوانەی یـەکتریین. کۆکردنـەوەی پوچـێتیی و هیچـێتیی و خـەونی خۆشەویسـتیی پێکـەوە، تەرزێکـە لـە نـاوازەیی، کـە بێگومان ئەو شاعیرانەی دەتوانن پێی بگەن، زۆر کەم و دەگمەنن.

## درەختی خۆشەویستیی و ئاوی خەیاڵ

**ئەوەی کە بە پلەی یەك، خۆشەویستیی لە کاری ڕۆژانـەیی و ئاساییەوە، بۆ کارێکی جاویدانیی و باڵا دەگۆڕێت، خەیاڵە.**

خۆشەویستیی درەختێکی ئەفسووناوییە. درەختێکە، ڕاستە لە ناو واقیعدایە، بەڵام ڕەگە پتەوەکانی بە ناو خەیاڵدا بڵاو بوونەتەوە. ئەم درەختە ئەفسووناوییەی ناو واقیع، بەبێ ئاوی خەیاڵ، ناتوانێت بژی و گەشە بکات و پەلوپۆ بهاوێژێت. ئەم درەختە لە هەر ئاستێکی باڵاکردنندا بێت، ئاوی خەیاڵی لێ ببڕێت، یان دەمرێت، یان ئەو ئەفسوونەی کە هەیەتی، نایمێنێت. (چارلز دیکنز) دەڵێت: ((لە ناو دڵی مرۆڤدا دەزوو هەیە، هەر ئەوەندە باشە ئەو دەزووانە نەلەرێنەوە))، هەر کاتێك هەستت کرد کەسێك بە گەرمی هاتۆتە ناو خەیاڵەکانتەوە، هەستت کرد کەسێك بووە بە (بانە)ی تۆ و هەموو ڕێگاکانی ناو خەیاڵت دەچنەوە سەر ئەو، هەستت کرد ئەو کەسە خەیاڵەکانتی بردووە و پڕی کردوون لە خۆی، ئەوە، یانی ئەو کەسە دەزووەکانی دڵی تۆی لەراندۆتەوە. یانی ئەو کەسە ڕیتمی ژیانی تۆی گۆڕیوە. یانی ئیتر تۆ خەریکی وردە وردە لە دۆخی

ئاسایی خۆت تێدەپەڕیت. یانی ئیتر خۆشەویستیی دەستی گرتوویت و بەرەو شوێنگەلێکت دەبات کە تیایاندا جوانیی و ئەفسوون باڵیان بە سەر هەموو شتێکدا کێشاوە و چیتر تۆ ناتوانی لە دۆخی ئاسایی خۆتدا بمێنیتەوە. یانی ئیتر تۆ هێواش هێواش دەبیت بە مرۆڤێکی دوولەت، لەتێکت لە ناو واقیعدا دەمێنێتەوە و لەتێکت بە ناو خەیاڵدا ڕۆ دەچێت. لەتێکت خۆتی و لەتەکەی ترت ئەو کەسەیە کە هاتۆتە ناو خەیاڵەکانتەوە. یانی ئیتر تۆ دڵخۆشیی و دڵتەنگییەکانت، هیچیان بە تەنها پەیوەست نین بە خۆتەوە. ئیتر تۆ دڵی خۆت بە سەعاتێك دەزانیت، کە لە سەر سەعاتی دڵێکی تر نەبێت، ناتوانیت میقاتی بکەیت. دەمەوێت بڵێم: خۆشەویستیی نیشانەی زۆرە، یەکێك لە نیشانە گەورەکانیشی خەیاڵە. ئەو کەسانەی بە گەرمی خۆشەویستیی دەکەن، بە قووڵیی باوەشیان بە خەیاڵدا کردووە. ئەوەیش کە بە پلەی یەك، خۆشەویستیی لە کاری ڕۆژانەیی و ئاساییەوە، بۆ کارێکی جاویدانیی و باڵا دەگۆڕێت، خەیاڵە. خەیاڵ، هەر بە تەنها ئاوی خۆشەویستیی نادات، هەر بە تەنها لە مردن ڕزگاری ناکات، بەڵکو دەیشی چریسکێنێتەوە و پڕیشی دەکات لە جوانیی. بە بڕوای من، مرۆڤ بۆ ئەوەی چێژی گەورە لە کەسێك ببینێت، دەبێت زۆر بە گەرمیی، بەر لە واقیع، لە ناو خەیاڵەکانییدا، لە ئامێزی گرتبێت.

## ئەگەر هەموو مرۆڤەکان عاشق بوونایە

**ئەگەر وا بوایە خوێنەرێکمان نەدەبینی بە خوێنساردییەوە شیعر بخوێنێتەوە. گوێمان لە گۆرانیی بێگیان نەدەبوو. ئیتر مۆسیقا بە ناوماندا ڕەت نەدەبوو، لە ناوماندا دەمایەوە.**

((هەموو کچان/ دەبێت/ شیعرێکیان هەبێت کە بۆیان نوسرابێت/ تەنانەت/ گەر پێویست بکات/ بۆ ئەم کارە/ هەموو دنیا ژێروژوور بکرێت)). ئەوە بەشێکە لە شیعرێکی )ریتچارد پراوتیگان(، کە )شنە نوری( کردویەتی بە کوردیی. هەموو کچان دەبێت شیعرێکیان هەبێت، کە ئەگەر لە پێناوی ئەو شیعرەدا هەموو دنیایش ژێروژوور بکرێت، ئاسایی بێت، یانی چی؟ یانی هەموو کچان عاشقن و دنیا بەبێ شیعرێك کە بە عەشقەوە و بۆ عەشقەکەیان نوسرابێت، بێمانا دەمێنێتەوە. بێگومان لێرەدا مەبەست لە خودی شیعرەکە نییە، بەڵکو لەو عەشقەیە کە شیعرەکەی بۆ دەنوسرێت. واتە بەبێ ئەو عەشقەی شیعرەکەی بۆ دەنوسرێت، دنیا ژێروژوور دەبێت. بە گوێرەی ئەم شیعرە بێت، هەموو مرۆڤەکان عاشقن. چونکە ئەگەر هەموو کچان عاشق بن، دەبێت هەموو کوڕانیش عاشق بن. وێناکردنی دنیایەك کە هەموو مرۆڤەکانی عاشق بن،

چەند وێناکردنێکی جوان و دڵنشینە؟ ئەگەر دنیا بەو جۆرە بوایە چەند خۆش دەبوو؟ ئیتر شیعرێکمان نەدەبینی بە عەشقەوە نەنوسرابێت. شاعیرێکمان نەدەبینی عەشق خۆی و وشەکانی ڕوناك نەکردبێتەوە. ئیتر ئەو هەموو دەیجورەی پێشتر لە شیعردا، بینیومانە، نەماندەبینی. ئیتر خوێنەرێکمان نەدەبینی بە خوێنساردییەوە شیعر بخوێنێتەوە. خوێنەرێکمان نەدەبینی نەزانێت شاعیرەکەی ویستویەتی چی بۆ بگوازێتەوە. ئەگەر وا بوایە ئیتر گوێمان لە گۆرانیی بێگیان نەدەبوو. ئیتر مۆسیقا بە ناوماندا ڕەت نەدەبوو، لە ناوماندا دەمایەوە. ئەگەر وا بوایە هەموو مرۆڤەکان بە عەشقەوە دەخەوتن، بە عەشقەوە خەبەریان دەبۆوە. بە عەشقەوە برسییان دەبوو، بە عەشقەوە نانیان دەخوارد. ئیتر ماچەکان پڕ دەبوون لە عەشق. ئیتر مرۆڤەکان بە عەشقەوە دەچوون بۆ سینەما و بۆ شانۆ و بۆ پێشانگا شێوەکارییەکان و بە عەشقیشەوە دەگەڕانەوە. ئەگەر وا بوایە چا پڕ دەبوو لە عەشق، با پڕ دەبوو لە عەشق. چاو عەشقی لێ دەڕژا، ئاو عەشقی لێ دەڕژا. ڕۆژ بە عەشق دەستی پێ دەکرد، شەو بە عەشق کۆتایی پێ دەهات. ئاخۆ ئەگەر وا بوایە هیچ مرۆڤێك دەیتوانی هیچ جۆرە تاوانێك ئەنجام بدات؟ هیچ گیاندار و بێگیانێك ئازار بدات؟ بێگومان نەخێر. کەواتە دەرمانی دەردی مرۆڤ، عەشقە. هەر بۆیە پێویستە، مرۆڤ، بە هەمان ئەو ئەندازەیەی ئاگاداریی خۆی دەکات، ئاگای لە دەرمانەکەی بێت.

## ئەوانەی تەنیان، کێن؟

**کاتێك تۆ ناتوانیت لەتەکەی تری دڵت بدۆزیتەوە، بە تۆ چی، ئەگەر دنیا لە بری حەوت ملیار مرۆڤ، حەفتا ملیار مرۆڤیشی تێدابێت؟**

لەگەڵ (زریان)دا، کە هەم کوڕی گەورەمە و هەم هاوڕێیەکی خۆشەویستمە، زۆر جار، لە سەر زۆر بابەتی جیاجیا، بیروڕا ئاڵوگۆڕ دەکەین. هەندێ جاریش تێبینی و سەرنجمان لە سەر پۆستەکانی فەیسبووکی یەکتری دەبێت. ئەمڕۆ، (زریان) ئەم پۆستەی دانابوو: ((یەعنی چی، ئەم خەڵکە هەمووی هەست بە تەنیایی دەکات! ئەی بۆ ناچن بۆ لای یەك؟)). ئەم جارە، پێم خۆش بوو، بیروڕای خۆم، لە سەر پۆستەکەی (زریان) لە ڕێی ئەم وتارەوە بخەمە ڕوو. من نازانم کاتێ (زریان) دەگاتە تەمەنی ئێستای من، هەمان هەستی منی دەبێت یان نا؟ بەڵام ئەو کاتەی من لە تەمەنی ئێستای ئەودا بووم، هەمان هەستی ئەوم هەبوو. ئەو کاتە هەستم دەکرد مادام مرۆڤ زۆرە و دەکرێت بچن بۆ لای یەك، دەتوانرێت کێشەی تەنیایی چارەسەر بکرێت. وەلێ دواتر بۆم دەرکەوت کێشەی تەنیایی، تەنها ئەوە نییە مرۆڤەکان بچن بۆ لای یەك،

یان نا؟ تەنانەت، من گەیشتم بەو بڕوایەی، زۆر جار، تەنیایی قووڵ، دوای چوونی مرۆڤەکان بۆ لای یەك، دەست پێدەکات. بەر لەوەی کەسێك بێت بـۆ لات، یـان تـۆ بچـیت بـۆ لای کەسـێك، هەسـتکردنت بـە تـەنیایی، هەستکردنێکی قووڵ نییە، چونکە پێچەوانەکەییت تاقی نەکردۆتەوە. من هەستم دەکرد و هەست دەکەم مرۆڤەکان هەموویان شیرین و فەرهادن. هەر فەرهادێك، شیرینێکی خۆی هەیە، تەنها یەك شیرین. بە هەر فەرهاد و شیرینێکیش، یەك دڵیان هەیە، تەنها یەك دڵ. نیوەی ئەو دڵە لە سینەی یەکێکیان و نیوەکەی تریشی لە سینەی ئەوەکەیاندایە. ئەها، دڵ، خۆیشی لە سێوێك دەچێت کرابێتە دوو لەتەوە؟ کاتێك تۆ، لەبەر هەر هۆیەك بێت، ناتوانیت بە شیرینەکەی خۆت بگەیت، کاتێك تۆ ناتوانیت لەتەکەی تری دڵت بدۆزیتەوە، بە تۆ چی، ئەگەر دنیا لە بری حەوت ملیار مرۆڤ، حەفتا ملیار مرۆڤیشی تێدابێت؟ کاتێك تۆ بە نیو دڵەوە و بەبێ شیرینەکەی خۆت دەژیت، چوونی تۆ بۆ لای خەڵك، یان هاتنی خەڵك بۆ لای تۆ، چی لەو تەنیاییە دەگۆڕێت، کە هەستی پێدەکەیت؟ کورت و پوخت، دەمەوێت بڵێم: ئەوانەی نیوەکەی تری خۆیان نادۆزنەوە، ئەوانەی بە نیو دڵەوە دەژین، ئەگەر هەموو خەڵکی دنیایش بچێت بۆ لایان، هەر تەنیان.

## پێویستە خۆشەویستیی پڕ و لێوانلێو بێت

**ناکرێت بەر لە کۆتاییهاتنی خۆشەویستیی، ترسان لەو کۆتاییهاتنە دووچاری دوودڵیی و ڕاڕاییمان بکات.**

هارۆکی مۆراکامی، دەڵێت: ((هیچ کات خۆشەویستیی خۆت بە تەواوی مەبەخشە بە کەسێك، نیوەی هەڵگرە بۆ ئەو ڕۆژانەی کەس لە دەورت نییە و تەنیایت)). ئەم وتەیە لەگەڵ ئەوەیشدا کە وتەیەکی ئاسایی نییە و ئاسان دەتوانێت خوێنەر بۆ خۆی ڕابکێشێت و بیخاتە تێڕامانەوە، کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا، من ناتوانم وا ئاسان بڕوای پێ بهێنم. بە بڕوای من مرۆڤ کاتێ خۆشەویستیی دەکات نابێت هیچ بڕێك لە خۆشەویستییەکەی هەڵبگرێت و وەك (ماڵی سپی بۆ ڕۆژی ڕەش) تەماشای بکات. نەك هەر ئەوە، نابێت بڕوای بەوە هەبێت، ڕۆژێك دێت خۆشەویستییەکەی کە هەموو ژیانی ئەوە، کۆتایی دێت. ئەمەیش لەبەر ئەوە نا کە بە ڕاستی ئەو خۆشەویستییە کۆتایی نایەت. نەخێر، دەکرێت خۆشەویستییش وەك هەر شتێکی تر لە ژیاندا، کۆتایی بێت. بەڵکو لەبەر ئەوە کە مرۆڤ بتوانێت بە هەموو بوونی خۆیەوە چێژ لە خۆشەویستیی

ببینێت و لە ناو هەموو چرکەساتەکانییدا بژی و تاقییان بکاتەوە. مرۆڤ بۆ ئەوەی بتوانێت بە هەموو هەستەکانی، بە ڕۆح و دڵ و گیانی، بچێتە قوڵاییەکانی ئەو خۆشەویستییەوە کە تیای دەژی، دەبێت بڕوا بەوە بهێنێت کە خۆشەویستییەکەی ئەبەدییە و هەرگز کۆتایی نایە. دەمەوێت بڵێم: ئەگەر کۆتاییهاتنی خۆشەویستیی لە دەرەوەی مرۆڤ، یان ڕاستتر لە کاتی خۆیدا، کارەسات بێت، لە ناوەوەی مرۆڤ، یان ڕاستتر بەر لە وادەی خۆی، شتێکە لە کارەسات خراپتر. مەبەستم ئەوەیە ناکرێت بەر لە کۆتاییهاتنی خۆشەویستیی، ترسان لەو کۆتاییهاتنە دووچاری دوودڵیی و ڕاڕاییمان بکات. چونکە لەو کاتانەدا ناتوانین بە قووڵیی لە ناو چرکەساتەکانی خۆشەویستییدا بژین. ئێستا، کە ئەم وشانە دەنووسم خەیاڵم لای وتەیەکی دڵنشینی (جوبران خەلیل جوبران)ە، (جوبران) لەو وتەیەدا دەڵێت: ((جامی دەستم کە بەتاڵ بوو قایلم، کە نیوە بوو بۆچی پڕ نەبێت؟)). واتە کارێك کە نایکەین ئاساییە، بەڵام کە کردمان دەبێت بە تەواویی بیکەین. ئەم وتەیە بۆ زۆرێك لە کایە و بوارە جیاوازەکان ڕاستە، بە تایبەتیش بۆ خۆشەویستیی، چونکە مرۆڤ لە هەر شتێك بترسێت نابێت لە خۆشەویستیی بترسێت. هەروەها خۆشەویستیی نابێت نیوە بێت، بەڵکو پێویستە هەمیشە پڕ و لێوانلێو بێت.

## خۆشەویستیی و بەختەوەریی

**مرۆڤ دەتوانێت بەبێ بەختەوەریی بژی، بەڵام ناتوانێت بەبێ خۆشەویستیی بژی.**

دوای بڵاوبوونەوەی گۆشەی (پێویستە خۆشەویستیی پڕ و لێوانلێو بێت)، یەکێك لە هاوڕێ ئازیزەکانم ئەم کۆمێنتەی بۆ نووسی بووم: ((ئێمە کاتێ خۆشەویستیی دەکەین، ئیتر هەموو شتمان بیر دەچێتەوە تەنها خۆشەویستییەکە نەبێت، واتە هەموو خۆشەویستییەکە دەبەخشین، بیر لەو کاتانە ناکەینەوە کە لە وانەیە تەنها بمێنینەوە، دەستخۆش بۆ ئەو بابەتە بەپێزەت، ئەو بابەتەی هەموو جیهان سەرقاڵییەتی و کەم کەسیش بەختەوەر دەکات)). بێگومان ئەو هاوڕێیەم لەو بابەتەی هەموو جیهان سەرقاڵییەتی و کەم کەسیش بەختەوەر دەکات، مەبەستی خۆشەویستیی بوو. من لێرەدا تەنها قسە لەسەر دوا دێڕی ئەو کۆمێنتە دەکەم. چونکە لەسەر ئەوانی دی لە وتاری ناوبراودا قسەم کردووە و نامەوێ ئەو قسانە دووبارە بکەمەوە. ڕاستە زۆر کەس کە خۆشەویستیی دەکەن دەیانەوێت لەو ڕێگایەوە بە بەختەوەریی بگەن، مەبەستم ئەوەیە خۆشەویستیی وەکو ڕێگایەك بۆ گەیشتن بە بەختەوەریی دەبینن. بەڵام ئاخۆ لە ڕاستییدا

خۆشەویستیی تەنها ڕێگایەکە بۆ ئەوەی مرۆڤ بە بەختەوەریی بگەیەنێت؟ بە بڕوای من نەخێر، خۆشەویستیی زۆر لە ڕێگایەك زیاترە، خۆشەویستیی نە ڕێگایە و نە ئامراز، خۆشەویستیی ئامانجی ڕاستەقینەی مرۆڤە. خۆشەویستیی خودی ژیانە بە هەموو وردەکارییەکانییەوە. خۆشەویستیی زۆر لە بەختەوەریی گەورەترە. ئەگەر وا نییە بۆچی لە خۆشەویستییدا هەموو شتێك جوان و شیرین و دڵنشینە؟ بۆچی تەنانەت خەم و پەژارە و ئازارەکانیش چێژبەخشن؟ ئەوە کە مرۆڤ لە خۆشەویستییدا خەون بە بەختەوەرییەوە دەبینێت لەبەر ئەوە نییە بەختەوەریی لە خۆشەویستیی گەورەتر بێت، لەبەر ئەوە نییە خۆشەویستیی ئامراز و بەختەوەریی ئامانج بێت، بەڵکو لەبەر ئەوەیە شتێکی لە خۆشەویستیی پێ گەورەتر نییە تا لەوێوە پەل بۆ بەختەوەریی و شتەکانی تر بهاوێژێت. ئەوەی بەختەوەرییمان لە خۆشەویستیی پێ گەورەتر بێت جگە لە وەهم هیچ شتێکی دیکە نییە. ئەگەر بە ڕاستیی بەختەوەریی لە خۆشەویستیی گەورەتر بوایە لە خەم و خەفەت و ئازارەکانی خۆشەویستیی هەڵدەهاتین و دەچووین لە جێیەکی تر بە دوای بەختەوەرییدا دەگەڕاین. دەمەوێت کورت و پوخت بڵێم: مرۆڤ دەتوانێت بەبێ بەختەوەریی بژی، بەڵام ناتوانێت بەبێ خۆشەویستیی بژی. کە خۆشەویستیی هەبوو بەختەوەریی هەبێت یان نا، زۆر گرنگ نییە، چونکە وەك وتمان، خۆشەویستیی ئامانجە، ئامراز نییە.

## ماڵی خۆشەویستیی

**تـا ئێسـتایش ئـەو کەسـانە زۆرن کـە دەتـوانن مـاڵی خۆشەویسـتیی بـڕوخێنن. ئەگـەر وا نەبوایـە چۆنچۆنی ئێمە شاهێدی ئەو هەموو چیرۆکە غەمگینەی خۆشەویستیی دەبووین؟**

هەنـدێجار کـە بیـر لـە خۆشەویسـتیی و تاسـە و تینوێتییـەکانی دەکەمەوە، هەست دەکەم جۆرێکە لە ژیانکردن لە نێوانی دوو ماڵدا. لەو ژیانکردنـەدا مرۆڤ لـە ماڵێك هەڵدێت و بـە دوای مـاڵێکی تـردا دەگـەڕێت. ماڵی یەکەم بە شوێنێك دەزانێت کە تیایدا باڵی خۆی و خەونە خۆشەکانی دەکرێـت. مـاڵی دووەمـیش بـە شـوێنێك دەزانێـت کـە تیایـدا بـاڵی خـۆی و خەونـە خۆشـەکانی سـەوز دەبنـەوە. لـە ماڵێکیاندا هەسـت بـە زیندانیی و لـە ماڵێکیشیاندا هەست بە ئازادیی دەکات. لە ماڵی یەکەمدا خۆی وەك بەشێك لە ڕۆتینە بێزارکەرەکانی ژیان دەبینێت و لە ماڵی دووەمیشدا خۆی وەك بەشـێك لـە جەوهـەرە دڵخۆشـکەرەکانی ژیـان دێتـە بـەر چـاو. لـە زۆرینـەی جارەکانـدا ئەگـەر مـاڵی دووەم نـەبێت، بەرگـەگرتنی مـاڵی یەکـەم، یـان مەحاڵە، یان نزیکە لە مەحاڵەوە. لە ماڵی یەکەمدا ئەگەر جوانیی زۆریش بێت، توانای هەسـتکردن بـە جوانییـەکان لاوازە. کەچـی لـە مـاڵی دووەمدا

ئەگەر جوانیی کەمیش بێت، توانای هەستکردن بە جوانییەکان بەهێزە. ئەگەر وا نەبوایە مرۆڤ بۆچی بیری لە ماڵێکی تر دەکردەوە؟ بێگومان من لێرەدا باسی ماڵێکی ئاسایی ناکەم، دەشێت ئەو ماڵەی من مەبەستمە ماڵێکی ڕۆحیی بێت. تەنها لە ناو ڕۆحی مرۆڤدا بوونی هەبێت. دەشێت لە ناو نووسین، یان لە ناو ئیمێڵ و فەیسبوکدا دروست کرابێت. گرنگ نییە ئەو ماڵە چۆنە و لە چی دروست کراوە و لە کوێدایە، گرنگ ئەوەیە مرۆڤ هەست بکات ئەو ماڵە، ماڵی دووەمی ئەوە. هەست بکات ئەو ماڵە شوێنی خەونە خۆشەکانێتی. بە بڕوای من سەیرترین کەسانێك ئەوانەن کە بە تەواوی بوونی خۆیانەوە هەوڵی دروستکردنی ماڵی دووەم دەدەن، کەچی دوای ئەوەی ئەو ماڵە دروست دەکەن و دەیان بیرەوەریی تاڵ و شیرینی تێدا تۆمار دەکەن، لە پڕ، هەر بە هەمان ئەو دەستانەی ماڵەکەیان پێ دروست کردووە، دەیڕوخێنن. تا ئێستایش ئەو کەسانە زۆرن کە دەتوانن ماڵی خۆشەویستیی بڕوخێنن. ئەگەر وا نەبوایە چۆنچۆنی ئێمە شاهێدی ئەو هەموو چیرۆکە غەمگینەی خۆشەویستیی دەبووین؟ ئەگەر وا نەبوایە ئەو هەموو گۆرانی و شیعر و چیرۆك و ڕۆمان و تابلۆ و پەیکەرە چاو فرمێسکاوییانە، چۆن و لە کوێوە پەیدا دەبوون؟!

## عەشقی بێکۆتایی

**عەشقیش وەك زۆرینەی شتەکانی تر، بە بچووکیی دەست پێدەکات، هێدی هێدی گەورە دەبێت، پاشان بۆی هەیە پیر بێت و دواجاریش بمرێت.**

زۆرێك لەو شیعر و چیرۆك و بەندوباو و گۆرانییانەی باسی عەشقی بێکۆتایی دەکەن ڕاستگۆیی دەبڕینیان تێدایە، وەلێ مەرج نییە خۆیان ڕاست بن. زۆر جار ئەو کەسەی باسی جاویدانیی عەشق دەکات، وشەکانی لە دڵەوە دەردێن، بەڵام مەرج نییە ئەو دڵە کە لەو کاتەدا ئەو هەستەی تێدایە و بە ڕاستگۆییەکی تەواوەوە گوزراشتی لێدەکات، لە کاتێکی تردا هەمان هەستی تێدا بێت. بە داخەوە دەشێت عەشقیش وەکو هەموو شتەکانی تر کۆتایی پێبێت. بە بڕوای من تەنها شتێك کە کۆتاییهاتنی قابیلی گفتوگۆ نییە، شتێکە ئەسڵەن بوونی نییە. عەشقیش وەك زۆرینەی شتەکانی تر بە بچووکیی دەست پێدەکات، هێدی هێدی گەورە دەبێت، پاشان بۆی هەیە پیر بێت و دواجاریش بمرێت. دڵدارەکان لە قۆناغی سەرەتا و گەشەکردنی دڵدارییەکەیاندا بە شێوەیەکی بەردەوام پڕ لە هەستی گەرم و ئاگراوین، لەو کاتانەدا ناتوانن بڕوا بەوە بێنن کە

دەشێت ڕۆژێك بێت عەشقەكەیان و هەستە گەرمەكانیان، كۆتایی بێت. زۆرینەی ئەو بەرهەمانەی باس لە نەمریی و هەتاهەتایی عەشق دەكەن لەو قۆناغەدا لە دایك دەبن و وەك وتیشمان ڕاستگۆییان تێدایە، وەلێ ئەگەری ئەوەش هەیە قۆناغەكانی دواتر ڕاستیی تر بسەلمێنن. تا ئەو چركەساتەی عەشق بەرەو سەرەوە دەڕوات و ئاوڕی لە دوای خۆی نەداوەتەوە هەموو شتێك جوانە، هەموو شتێك تام و چێژی تایبەت بە خۆی هەیە. وەلێ لەو چركەساتەوە كە عەشق ئاوڕ بۆ دواوە دەداتەوە و بیر لە خلۆربوونەوە دەكاتەوە، ئیدی هیچ شتێك لە جێی خۆی نامێنێت. ئیدی هێدی هێدی هەموو شتێك پێچەوانە دەبێتەوە. تا ئەو كاتەی عەشق ئاوڕی بۆ دواوە نەداوەتەوە عاشقەكان نەك ناتوانن یەكتری زویر بكەن، نەك ناتوانن جگە لە جوانیی هیچ شتێكی یەكتری ببینن، تەنانەت دڵیان نایە گلەییش لە یەكتری بكەن. وەلێ دواتر، كە عەشق خلۆر بۆوە، عاشقەكان نەك یەكتری زویر دەكەن، نەك ناشیرینییەكانی یەكتری دەبینن، وایان لێ دێت تەنانەت تاقەتی ئەوەیشیان نامێنێت گلەیی لە یەكتری بكەن. بێگومان جیاوازیی نێوان ئەو دوو حاڵەتەیش زۆر گەورەیە: حاڵەتی یەكەم: عاشقێك هەیە دڵی نایە گلەیی لە مەعشوقەكەی بكات. حاڵەتی دووەم هەمان ئەو عاشقە تاقەتی نییە گلەیی لە هەمان ئەو مەعشوقە بكات.

## نیشانەکانی خۆشەویستیی ڕاستەقینە

**ماچی گەرم، ماچێك كە لە بری لێو، بە ڕۆح دەكرێت، دیارترین و بێگومانترین نیشانەی خۆشەویستییە.**

بێگومان مەرج نییە هەموو پەیوەندییەکی نێوان ژن و پیاو بگاتە خۆشەویستیی ڕاستەقینە. جار هەیە پەیوەندییەکان زیاتر هۆگربوون و حەزلێکردن و ڕاکردن لە تەنیایی و زۆر شتی ترن، بەڵام خۆشەویستیی نین. بۆ ناسینەوەی خۆشەویستیی ڕاستەقینە لە پەیوەندییەکانی نێوان ژن و پیاودا، نیشانە زۆرن. من دەمەوێت لێرەدا تەنها لە بارەی دوو نیشانەوە بدوێم کە بە لای منەوە زۆر گرنگ و بەهادار و جەوهەریین. بە بڕوای من یەکەمین نیشانەی خۆشەویستیی، یان ڕاستتر یەکەمین نیشانەی ئەو خۆشەویستییەی گەیشتۆتە دوا ترۆپکی خۆی، ماچە. من بە قووڵیی بڕوام بەوە هەیە کەسێك، نەك ئەوەی ئامادەی هاوژیانی بێت لەگەڵ مندا، نەك ئەوەی بتوانێت لەگەڵمدا بژی و سێکسم لەگەڵ بکات و منداڵم لێ بخاتەوە، تەنانەت ئەگەر ئامادە بێت لە پێناویشمدا بمرێت، بەڵام ئامادە نەبێت بە گەرمیی ماچم بکات، ناتوانم بڵێم خۆشی دەوێم. چونکە

دەشێت ئەو کەسە ڕۆحی قوربانیدانی تێدا بێت، بەڵام خۆشەویستیی نا. لە ژیانی ڕۆژانەدا زۆر جار ڕوو دەدات کەسێك کەسێکی خۆشنەوێت، بەڵام ئامادە بێت لەگەڵیدا بژی و سێکسی لەگەڵ بکات و منداڵی لێ بخاتەوە و قوربانییشی لە پێناودا بدات، بەڵام ئەستەمە ئەوە ڕوو بدات، کەسێك، کەسێکی خۆش نەوێت و بە گەرمیی ماچی بکات. بەم مانایە ماچی گەرم، ماچێك کە لە بری لێو، بە ڕۆح دەکرێت، دیارترین و بێگومانترین نیشانەی خۆشەویستییە. نیشانەی دووەمی خۆشەویستیی لە دوورییدا دەردەکەوێت، نەك لە نزیکییدا. لەو کاتانەدا کە لە خۆشەویستییەکی ڕاستەقینەدا دەژین، ئەگەر، بۆ نمونە، لە ناو واقیعدا سەد کیلۆمەتر لە خۆشەویستەکەمان دوور بکەوینەوە، لە ناو خۆماندا، بە تایبەت لە ناو خەون و خەیاڵە گەرموگوڕەکانماندا، سەدان هەزار کیلۆمەتر، لە وەختەکانی پێشوو، زیاتر لە خۆشەویستەکەمان نزیك دەبینەوە. واتە لە خۆشەویستیی ڕاستەقینەدا دووریی دەگۆڕێت بۆ نزیکیی زیاتر. لەم کاتانەدا، بۆ نمونە، ئەگەر بە تەلەفۆن لەگەڵ خۆشەویستەکەماندا قسە بکەین، هەست دەکەین دەنگی تەڕە، دەنگی پڕە لە فرمێسك. بێگومان لە کاتی وادا، خۆشەویستەکەمان، لەبەر ئەوەی ئێمە بێتاقەت نەبین ناگری، یان ڕاستتر هەوڵ دەدات گریانەکانی بشارێتەوە، بەڵام سەرکەوتوو نابێت، چونکە فرمێسکەکانی دەنگی تەڕ دەکەن و ئێمەیش هەستی پێ دەکەین.

## زمانی جوانیی

**ئەگەر ئینگلیزیی زمانێکی جیهانیی بێت، جوانیی زمانێکی گەردوونییە.**

ساڵی (١٩٩٩) کە نامیلکەی (چرپەی ناخ)م بڵاو کردەوە، پێشکەشم کرد: ((بەو کەسانەی لە پێناوی بە دەستهێنانی مافی چارەنوس و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی جوانییپەرستاندا تێدەکۆشن)). ئەو کاتە دەمویست لە ڕێی ئەو پێشکەشکردنەوە بڵێم: شیعر بە پلەی یەك، سەروکاری لەگەڵ جوانییدایە. دەمویست بڵێم: پەیوەندی شیعر و جوانیی پەیوەندییەکی توندوتۆڵ و گرنگ و بایەخدارە. لایەنی هەرە دیار و سەرنجڕاکێشیش لەو پەیوەندییەدا، ئەوەیە کە یەکتری بەرهەم دەهێنن. جوانیی سەرچاوەی سەرەکیی شیعرە و شیعریش سەرچاوەی سەرەکیی جوانییە. بۆ ئەوەی بە شیعر بگەین پێویستمان بە جوانیی دەبێت و بۆ ئەوەیش کە بە جوانیی بگەین پێویستمان بە شیعر دەبێت. واتە، هەم جوانیی سەرچاوەی شیعرە و هەم شیعریش سەرچاوەی جوانییە. ئەو کاتە دەمویست بڵێم: لە هەر جێیەك جوانییەك هەبێت، جوانییپەرستێکیش پێویستە. لە هەر جێیەك جوانییەك هەبێت،

قەدرزانێکی جوانیی و کەسێك کە بتوانێت جوانیی دووبارە لەو جوانییە بەرهەم بهێنێتەوە، پێویستە. بێگومان ئەو بۆچوونانە، هەر بۆ شیعر نا، بۆ هەموو هونەرە جوانەکان، وابوون و وان. هەموو هونەرە جوانەکان کە بە پلەی یەك سەروکاریان لەگەڵ جوانییدایە، کاری سەرەکییان ئەوەیە بمانگەیەنن بە جوانیی. زمانی هەموویان جوانییە. ئەو کاتە دەمویست بڵێم جوانییپەرستەکان پێویستیان بە دەوڵەتێکی ڕەمزیی، سەربەخۆ، هەیە کە تیایدا زمانەکەیان، کە زمانی جوانییە، بپارێزن و دەوڵەمەندی بکەن و پەرەی پێبدەن. ئێستا کە (١٧) ساڵ بە سەر چاپکردنی ئەو ناملیکەیەدا تێپەڕیووە، دەمەوێ بڵێم: ئەرێ بە ڕاست ئەوە بۆچی بەشێك لە خەڵکی ئەم سەردەمە، ئەوەندەی بایەخ بە زمانی ئینگلیزیی دەدەن، بایەخ بە زمانی جوانیی نادەن؟ ئاخۆ ئینگلیزیی لە جوانیی گرنگترە؟ بە لای منەوە نەخێر. ئەگەر ئینگلیزیی زمانێکی جیهانیی بێت، جوانیی زمانێکی گەردوونییە. بە بڕوای من، دەکرێت کەسێك، جگە لە زمانی دایك، نە ئینگلیزی و نە هیچ زمانێکی دیکە نەزانێت و پڕ بە دڵی خۆیشی ژیان بکات. بەڵام ئاسان نییە کەسێك لەگەڵ زمانی دایکییدا، زمانی جوانیی نەزانێت و ژیانێکی ڕاستەقینەش بژی. ئەگەر وانییە، بۆچی مرۆڤ لەگەڵ هەر جۆرە هەڵکشانێکی بوارە جیاجیاکانی ژیاندا، دڵێکی هەر لای هونەرە جوانەکانە؟ بۆچی هیچ شتێك ناتوانێت جێی هونەرە جوانەکان بگرێتەوە؟

## دیکتاتۆریەتی چاو

**لە خۆشەویستییدا چێژوەرگرتنی گەورە ئەو کاتە دەست پێدەکات، کە دڵدارەکان باوەشیان کردووە بە یەکدا و چاویان نوقاندووە و هەستەکانی دیکەیان بە کار خستووە.**

چاو، لە خۆشەویستییدا ئەندامێکی فریودەر و فریوکارە، زۆر جار ئیحای ئەوەمان دەداتێ کە ئەوەی جوانییەکان دەدۆزێتەوە ئەوە، بەڵام لە ڕاستییدا، هیچ نەبێت بە لای منەوە، جوانیی ڕاستەقینە لە خۆشەویستییدا نەك لە لایەن چاوەوە نادۆزرێتەوە، بگرە ئەوەی کە ناهێڵێت جوانیی ڕاستەقینە بدۆزینەوە چاوە. لە خۆشەویستییدا دۆزینەوە و چێژوەرگرتنی گەورە لە جوانییەکان زیاتر ئەو کاتە دەست پێدەکات، کە دڵدارەکان باوەشیان کردووە بە یەکدا و چاویان نوقاندووە و هەستەکانی دیکەیان بە کار خستووە. بەرکەوتنی جوانییە ڕاستەقینە و جەوهەرییەکان زیاتر ئەو کاتە ڕوو دەدات کە دیکتاتۆریەتی چاو کۆتایی هاتووە و هەستەکانی دیکە لە کەشێکی ئازاددا بە کار کەوتوون. بۆ بڕواهێنان بەم ڕاستییە بەڵگە زۆرە، یەکێك لەو بەڵگانە ئەوەیە زۆر جار چاو فریومان دەدات و کەسێکمان لەو پەڕی جوانییدا پێ دەناسێنێت،

بەڵام دوای ئـەوەی لـەو کەسـە نزیـك دەبینـەوە و دەمانـەوێت لـە دەرەوەی دیکتاتۆریەتی چاو بە دوای جوانییەکانیدا بگەڕێین، یان کەمترین جوانیی دەدۆزینـەوە، یـان هـیچ جـۆرە جوانییـەك نادۆزینـەوە. یـەکێکی دیکـە لـەو بەڵگانـە ئەوەیـە ئـەو کەسـانەی پـڕن لـە جـوانیی ڕاسـتەقینە دوای ئـەوەی دەڕۆن، دوای ئەوەی لە ژیانی ئێمە و لە ناو چاوی ئێمەدا نامێنن زیاتر و گەرمتر هەست بە جوانییەکانیان دەکەین. لێرەوەیە کە لەسەر عاشقەکان پێویسـت دەبێـت تـەفرەی چـاو نـەخۆن و هـەموو بایـەخی خۆیـان لـەو جوانیانـەدا چـڕ نەکەنـەوە کـە لـە ڕێـی چـاوەوە دەدۆزرێنـەوە. پێویسـتە دڵداران بە هەموو بوونیانەوە، بە ڕۆح و گیان و تەواوی هەست و هۆش و ئەنـدامانی جەسـتەیانەوە بـە دوای جوانییـەکانی یـاردا بگـەڕێن، چـونکە هۆکارێکی گەورەی زۆرێك لە بەدبەختییەکانی دڵداران، یان ڕاستتر وایە بڵێم بەشێك لە دڵداران، لەوە دایە کە هەموو بایەخی خۆیان لە سەر ئەو جوانییانە چڕ دەکەنەوە کە پەیوەندییان بە چاوەوە هەیە، لەبەر ئەوەی جوانییـە ڕاسـتەقینەکان فـەرامۆش دەکـەن نـاتوانن بـە خۆشەویسـتییەکی ڕاستەقینە بگەن. تا ئەو کاتەی دڵداران تەنها لە ڕێی چاوەوە جوانییەکان دەدۆزنـەوە خۆشەویسـتیی لـە ئاسـتی ڕووکەشـدایە و بـەرەو قـوڵایی شـۆڕ نەبۆتەوە. واتە بۆ ئەوەی بگەینە قوڵاییەکانی خۆشەویستیی و بە گەرمیی هەست بە جوانییە ڕاستەقینەکان بکەین، پێویستمان بەوە دەبێت خۆمان لە دیکتاتۆریەتی چاو ڕزگار بکەین.

## چەند جار لە دایك دەبین، چەند نیشتمانمان هەیە؟

**مرۆڤ ئەگەر زیاتر لە نیشتمانێکی هەبێت و هەوڵ بدات نیشتمان بە خەونەکانی جیا بکاتەوە، نەك بە سنوورەکان، دەتوانێت گەورەتر و گەردوونیی تر بێت.**

من پێشتر لە وتارێکدا وتم: ئەوە کە مرۆڤ پێی وایە یەك جار دەمرێت وەهمە ڕاستی نییە. مرۆڤ چەندین جار دەمرێت و زیندوو دەبێتەوە. هەر دڵشکانێکی گەورە بۆ خۆی مردنێکە. ئێستا دەمەوێت بڵێم: ئەو وتەیە پێچەوانەیش بکرێتەوە هەر ڕاستە. واتە مرۆڤ ئەگەر پێی وابێت یەك جار لە دایك دەبێت بە هەڵەدا دەچێت. مرۆڤ وەك چۆن زیاتر لە جارێك دەمرێت، زیاتر لە جارێکیش لە دایك دەبێت. وەك چۆن هەر دڵشکانێکی گەورە مردنێکە، هەر دڵخۆشبوونێکی گەورەیش لەدایکبوونێکە. هەروەها دەتوانم ئەوەیش بڵێم: وەك چۆن مرۆڤ زیاتر لە جارێك دەمرێت و زیاتر لە جارێك لەدایك دەبێتەوە، زیاتر لە نیشتمانێکیشی هەیە. لە هەر جێیەك دڵخۆشییەکی گەورەمان هەبێت، لە هەر جێیەك دووبارە لەدایك بینەوە، ئەو جێیە نیشتمانیشمانە. مرۆڤ لە هەر شتێك هەڵبێت توانای ئەوەی نییە لە بیرەوەرییەکانی خۆی هەڵبێت.

بەم مانایە بیرەوەرییەکانمان لە هەر جێیەك بن، ئەو جێیەیش نیشتمانی ئێمەیە. ئەوەیش سەرمایەیەکی ڕۆحیی گەورەیە خەڵکی زیاتر لە جێیەك بین. ئەوە دەستکەوتێکی ڕۆحیی مەزنە لە نیشتمانێك زیاترمان هەبێت. من وەکو خۆم، هەر لە نێو ئەم نیشتمانەدا کە ناوی کوردستانە، خەڵکی زیاتر لە جێیەکم. کاتی خۆی لە چەمچەماڵ لە دایك بووم، دواتر لە سلێمانی و لە سنە و لە ئامەدیش لە دایك بوومەوە. خۆزگە دەخوازم لە زۆر جێی دیکەی کوردستان لە دایك ببمەوە. هیوادارم لە دەرەوەی کوردستانیش، لە هەر جێیەکی ئەم گۆی زەوییە دەرفەتی لە دایکبوونەوەم بۆ بڕەخسێت، لە دایك ببمەوە. فرەنیشتمانیی خۆشە، هەستێکی دڵنشین بە مرۆڤ دەبەخشێت. خۆزگە دەرفەتی فرەنیشتمانیی زۆرتر دەبوو. لەوانەیە مرۆڤ کە یەك نیشتمانی هەبێت دڵی بچوکتر بێت. لەوانەیە سنووری خۆشەویستییەکەی لە سنووری نیشتمانەکەی تێنەپەڕێت. ڕەنگە ئەوە وای لێ بکات ئامادەیی بۆ دەمارگیریی زیاتر بێت. بەڵام کاتێ لە نیشتمانێك زیاتری هەبێت دڵی گەورەتر دەبێت. خۆشەویستییەکەی بۆ پشتی سنوورەکان دەپەڕێتەوە و بەم ڕادەیەی ئێستا دەمارگیر نابێت. دواجار مرۆڤ ئەگەر زیاتر لە نیشتمانێکی هەبێت و هەوڵ بدات نیشتمان بە خەونەکانی جیا بکاتەوە، نەك بە سنوورەکان، دەتوانێت زۆر لەوەی کە ئێستا هەیە گەورەتر و گەردوونیی تر بێت.

## ئاخۆ عاشقەکان بەبێ یەکتری دەمرن؟

**عاشقەکان کە دەڵێن ئێمە بەبێ یەکتری دەمرین، درۆ ناکەن، بەڵام ئەوە قسە و هەستی ئەو کاتەیانە، مەرج نییە لە کاتێکی تردا هەمان هەستیان هەبێت.**

((کچ و کوڕێك لە ناو تەکسییەکدا گفتوگۆیەکی گەرم دەکەن. کوڕەکە بە کچەکە دەڵێت: من ناتوانم بەبێ تۆ بژیم. کچەکەیش دەڵێت: منیش بەبێ تۆ دەمرم. کابرای شوفێری تەکسییەکەیش بە ئارامیی دەڵێت: تکایە پارەکەی من بدەن ئینجا بمرن)). دەمەوێ لە ڕێی ئەم نوکتەیەوە قسە لەسەر ئەوە بکەم کە لە زۆرینەی دڵداریی و خۆشەویستییە گەرمەکاندا ئەو دەستەواژانە بەکار دەبرێن. ڕەنگە ڕوو نەدات کچ و کوڕ، یان ژن و پیاوێك، بە گەرمیی یەکیان خۆش بوێت و بەیەك نەڵێن بەبێ یەك دەمرین، یان شێت دەبین. پرسیار ئەوەیە ئاخۆ ئەو عاشقانەی بەبێ یەك دەمرن، یان شێت دەبن، زۆرینەن یان کەمینەن؟ بێگومان نەك زۆرینە نین، کەمینەیەکی زۆر کەمیشن. ڕەنگە لە یادەوەریی هەر یەکێك لە ئێمەدا دەیان و سەدان چیرۆکی جۆراوجۆری خۆشەویستیی هەبێت کە کۆتاییان هاتووە و عاشقەکانیشیان نە مردوون، نە شێت بوون. وەلێ چیرۆکی ئەو

خۆشەویستییانەی کە عاشقەکانیان دوای یەك دەمرن، یان شێت دەبن، زۆر کەم و دەگمەنن و ئەگەر لە یادەوریی ئێمەیشدا هەبن لە چەند چیرۆکێك تێپەڕ ناکەن. ئەی کە وایە عاشقەکان بۆچی وا بەیەك دەڵێن؟ ئاخۆ درۆ لەگەڵ یەك دەکەن و یەك تەفرە دەدەن؟ یان شتێکی تر لەو نێوانەدا هەیە؟ بە بڕوای من ئەوانەی بە ڕاستیی و بە گەرمیی یەکیان خۆش دەوێت، لەگەڵ ئەوەیشدا کە بەبێ یەك نە دەمرن، نە شێت دەبن، درۆ ناکەن و یەکیش تەفرە نادەن. ئەو دەستەواژانە بە هەموو بڕوایەکەوە بەیەك دەڵێن، بەڵام ئەوە قسەی ئەو کاتەیانە کە تیایدا لە دەرەوەی یەك، هیچ شتێك نابینن. لەو کاتانەدا زۆر بە ڕاستیی وا بەیەك دەڵێن و زۆریش لەوە دڵنیان کە بەبێ یەك ناژین، بەڵام ئەوە قسە و هەستی ئەو کاتەیانە، مەرج نییە لە کاتێکی تردا هەمان هەستیان هەبێت. مەسەلەکە بۆ ئەو کەسانە ئەوەیە لە کاتی خۆشەویستییەکەیاندا هەموو شتێك لە یەکتریدا کورت دەکەنەوە. لە دەرەوەی یەکتری، هیچ شتێکی دیکەیان بۆ هەرس ناکرێت. ئەوان لە چرکەساتە خۆش و شیرینەکانی خۆشەویستییدا نقوم دەبن و بەو جۆرە قسە لەگەڵ یەکتری دەکەن و ناتوانن پێشبینی ئایندە بکەن، بۆیە بەیەکتری دەڵێن ئێمە بەبێ یەك ناژین.

## چێژی گێڕانەوە لای دڵدارەکان

**بەدبەخت ئەوە نییە کە هاودڵێکی نییە لەگەڵییدا بخەوێت، ئەوەیە کە هاودڵێکی نییە چیرۆك و بەسەرهاتە خۆش و ناخۆشەکانی خۆی بۆ بگێڕێتەوە.**

تا ئێستا دەیان و سەدان لێکۆڵینەوە و وتار و کتێبی جۆراوجۆر لەسەر هونەری گێڕانەوە نوسراون، من نامەوێت لێرەدا باسی گێڕانەوە وەك هونەرێك بکەم. بەڵکو من باسی گێڕانەوە وەك بەشێکی گرنگ لە پەیوەندیی نێوان دڵدارەکان دەکەم. لە دڵدارییدا یەکێك لە چێژبەخشترین ڕێگاکان کە زۆرینەی دڵدارەکان تاقی دەکەنەوە، گێڕانەوەیە. دڵدارەکان زۆرترین چێژ لەو شتانە دەبینین کە بۆ یەکدی دەگێڕنەوە. لای دڵدارەکان تەنانەت ڕووداو و بەسەرهاتە سادەکانی ژیانیش لە ناو گێڕانەوەدا لێوانلێو دەبن لە چێژ. دڵدارەکان کاتێك سەفەر دەکەن یەکەمین شت کە خەیاڵیان دەوروژێنێت ئەوەیە کەی دەگەڕێنەوە لای یار و بەسەرهات و خۆشیی و ناخۆشییەکانی سەفەرەکەیانی بۆ بگێڕنەوە. تەنانەت دڵدارەکان کاتێك ڕووبەڕووی مەرگ دەبنەوە یەکەمین شت کە بیری لێدەکەنەوە ئەوەیە ئاخۆ ڕزگار دەبن تاکو هەستی نزیکبوونەوەیان لە مردن بۆ یار بگێڕنەوە؟

واتــە دڵـدارەکان زیـاتر لـە هــەر شـتێك لەبـەر ئـەوە و لـە خۆشـیی ئـەوە دەیانــەوێ لــە مــردن ڕزگــار بــن، تــاکو بــە یــار بگەنــەوە و ئــەو هەســتە خرۆشاوەیان بۆ بگێڕنـەوە کـە لـەو کاتـەی مـەرگ لێیان نزیکبۆتـەوە تیایدا ژیـاون. لـەو کاتانـەدا مـرۆڤ بـە قـووڵیی هەست دەکـات ژیـان و گێڕانـەوە چۆن لەیەك ئاڵاون. تێدەگات گێڕانەوە چ کاریگەرییەکی ئەفسووناویی لە سەر ژیان هەیە. بەشێکی گەورەیش لە کارەساتی مردن ئەوەیە کە ئیدی دەرفەتی گێڕنەوەمان بۆ ناهێڵێتەوە. بێگومان ڕێگا زۆرە بۆ ئەوەی بزانین کەسێکمان تا چ ئاستێك خۆش دەوێت، بەڵام بە بڕوای من یەکێك لە ڕێگا سەرەکییەکان ئەوەیە حەزی گێڕانەوەمان بۆ کێ دەگاتە ترۆپك؟ مەبەستم ئەوەیە هەر کەسێك بتوانێت شەیدا و تینووی گێڕانەوەمان بکات، واتە ئەو کەسە گەیشتۆتە قوڵایی دڵ و ژیانمان. واتە بووە بە بەشێکی درەوشاوە لە ئێمــە، لــە خــەون و خۆزگــە و خەیاڵــەکانمان، لــە دوێنــێ و ئــەمڕۆ و سبەینێمان. دەتوانم لێرەوە بڵێم: بەدبەخت ئەوە نییە کە هاودڵێکی نییە لەگەڵییدا بخەوێت، بەڵکو ئەوەیە کە هاودڵێکی نییە چیرۆك و بەسەرهاتە خـۆش و ناخۆشـەکانی خـۆی بـۆ بگێڕێتـەوە. لـە کۆتاییشـدا دەڵێم: کوشـتن جـۆری زۆرە، یـەکێك لـە بـە ئـازارترین و دڵڕەقانـەترین جۆرەکـانی کوشـتن ئەوەیە کە یار حەزی گێڕنەوەمان تێدا دەکوژێت.

## كوشتنی یار

**ناچاربوونی مرۆڤ بەوەی کەسێك لە ناو خۆیدا بکوژێت کە ڕۆژانێك دڵدار و دڵخوازی بووە، لە خواردنەوەی ژەهری مەرگ تاڵترە.**

یەکێك لە تاڵترین ئەو دۆخانەی مرۆڤی تێدەکەوێت ئەوەیە ناچار بێت کەسێك لە ناو خۆیدا بکوژێت کە ڕۆژانێك دڵدار و دڵخوازی بووە و هێشتا لە ناویدا بە زیندوویی ماوەتەوە. دڵڕەقترین دڵدارەکان ئەوانەن کە بە هەر هۆکارێك بێت ناچارمان دەکەن لە ناو خۆماندا بیانکوژین، چونکە ئەوان میهرەبانیی ئێمە دەگۆڕن بە دڵڕەقیی. ئەوان ئێمە فێری دڵڕەقیی و کوشتن و خوێنڕشتن دەکەن، با ئەو کوشتن و خوێنڕشتنە ڕەمزییش بێت. با شتێکیش بێت تەنها لە خۆماندا ڕوو بدات. دواجار هەر کوشتن و خوێنڕشتنە. ناچاربوونی مرۆڤ بەوەی کەسێك لە ناو خۆیدا بکوژێت کە ڕۆژانێك دڵدار و دڵخوازی بووە، لە خواردنەوەی ژەهری مەرگ تاڵترە. چونکە مرۆڤ کاتێ ژەهری مەرگ دەخواتەوە تەنها خۆی دەکوژێت، وەلێ ئەو کاتەی کەسێك لە ناو خۆیدا دەکوژێت کە ڕۆژانێك دڵدار و دڵخوازی بووە، هەر ئەو کەسە ناکوژێت، بەشێك لە خۆیشی دەکوژێت. ئەگەر لە

حاڵـەتی یەکەمـدا یـەك کوشـتن ڕوو بـدات لـە حاڵـەتی دووەمـدا زیـاتر لـە کوشتنێك ڕوو دەدات. بە مانایەکی تر ئەو مرۆڤەی کەسێکی خۆشەویست لـە نـاو خۆیـدا دەکوژێـت هـەرگیز ناتوانێـت جـارێکی دیکـە ببێتـەوە بـەو مرۆڤـەی کە پێشتر هـەبووە. جگە لـەوەی هەسـت دەکات وێنـەی پێشـووی تـەڵخ و تاریـك بـووە و میهرەبانییـەکانی گـۆڕاون بـە دڵڕەقیـی، جگە لـەوەی هەست دەکات لە کەسێکەوە کە ئامادە بووە لە پێنـاوی عەشقدا قوربانیی بدات، گـۆڕاوە بـە کەسێك کـە کـار و کـردەوەی جەلادانـە تـاقی دەکاتـەوە، جگە لەوە هەستیش دەکات ئیدی ئەو نیو مرۆڤە. هەست دەکات کەسێکە چیدی وەکو خەڵك هەموو ئەندامەکانی زیندوو نین. دەڵێن جاران کەسێك زۆر لە کەسێکی دیکە تورە ببوایە دوعای ئەوەی لێدەکرد (چیدی ئاگر لەماڵیـدا نەکرێتـەوە). مـن کـەس هـان نـادەم دوعـای خـراپ لـە کەسـێکی تـر بکات، پێم خۆش نییە هیچ کەسێك هیوای هیچ جۆرە نەهامەتییەك بۆ هیچ کەسێکی تر بخوازێت، بەڵام دەڵێم: ئەگەر کەسێك ناچار بوو دوعای خراپ لـە کەسـێکی تـر بکـات، هـەر دوعایـەك دەکـات بـا بیکـات، وەلـێ هیـوادارم هەرگیز هیچ کەسێك دوعای ئەوە لە هیچ کەسێکی تر نەکات (ناچار بێت خۆشەویستەکەی لە ناو خۆیدا بکوژێت).

## (یار)ی کۆن، (یار)ی نوێ

**بۆ ئەوەی کراسێکی نوێ لەبەر بکەیت، دەبێت کراسێکی کۆن دابکەنیت.**

(هەندێجار)، (هەندێ) لە دڵدارەکان یارەکانیان وەك کراس و کتێب و ماڵ تەماشا دەکەن. سەرەتا دەربارەی کراس وتەیەکی لینینم بیر دەکەوێتەوە کە دەڵێت: ((بۆ ئەوەی کراسێکی نوێ لەبەر بکەیت، دەبێت کراسێکی کۆن دابکەنیت)). ئەگەر دڵدارەکەی تۆ لەو جۆرە کەسانە بوو، کە هەستت کرد خەریکە داتدەکەنێت، ئەوە بیر لە کراسێکی نوێ دەکاتەوە. کە دایکەندیت، ئەوە کراسە نوێیەکەی لەبەر کردووە. بۆ کتێبیش (هەندێ) لە دڵدارەکان سەرەتا و تا قۆناغێکی دیاریکراو یارەکەیان وەك تاقانە کتێبی ژیانیان تەماشا دەکەن. ڕۆژانە دەیخوێننەوە و خەت بە ژێر ڕستە و پەرەگرافە گرنگەکانیدا دەهێنن و لەبەریان دەکەن و تێبینی و مێژوو لە هەندێ سوچی لاپەڕەکانیدا تۆمار دەکەن. دواتر و لە قۆناغێکی دیکەدا دڵ بە کتێبێکی دیکە دەدەن. سەرەتا و تا ماوەیەك لە نێوانی هەردوو کتێبەکەدا دەژین. کتێبی دووەم بە تینوێتییەکی زۆر و کتێبی یەکەم بە تینوێتییەکی کەمترەوە دەخوێننەوە. پاشان هێدی هێدی

کتێبی یەکەم فەرامۆش دەکەن و کتێبی دووەم دەخەنە جێی. دوای ئەوە قۆناغێك دێت کە تیایدا جارجار (تەنها) بۆ بینینەوەی ئەو خەت و تێبینی و مێژووانەی بە دەستی خۆیان لەسەریان نووسیوە دەچنەوە سەری و دوای ئەوە ئیدی بۆ یەکجاریی لە بیری دەکەن. بۆ ماڵیش من حاڵەتەکە لای (هەندێ) لە دڵدارەکان وەك ئەوە دەبینم کەسێك ماڵێکی هەبێت کە سەرەتا زۆر دڵخۆش و ئاسودە بێت پێی، دواتر ماڵێکی دیکە بونیات بنێت. ئەو کەسە بەرلەوەی بچێتە نێو ماڵە نوێیەکەی هێواش هێواش دڵگەرمییەکانی بۆ ماڵە کۆنەکەی کەم دەبنەوە و وەك جاران بۆی گرنگ نابێت شتەکان لە جێی خۆیاندان یان نا؟ دوای ئەوە دەچێتە ماڵە نوێیەکە بەڵام هێشتا زۆر شتی لە ماڵە کۆنەکە جێماوە. زوو زوو دێتەوە بۆ ماڵە کۆنەکە. بەڵام لەبەر ماڵە کۆنەکە نا، لەبەر شتە جێماوەکانی خۆی. چونکە ئەو ئیدی لە ماڵە نوێیەکەدا دەژی. دوای ئەوە هەموو شتەکان بۆ نێو ماڵە تازەکە دەگوازێتەوە و ئیدی مەگەر تەنها بە تەنیشتی ماڵە کۆنەکەدا تێبپەڕێت و لە دوورەوە تەماشای بکات. دواجار قۆناغی کۆتایی دێت کە ماڵە کۆنەکە دەبێت بە یادگاریی و تەنها لە ناو یادگە و یادەوەرییدا بوونی دەبێت.

## عەشقی ڕاستەقینە

**عەشقی ڕاستەقینە سرووشتی لافاوی هەیە، ئەوەی بڕیار دەدات چۆن مرۆڤ دەبات و تا کوێی دەبات و لە کوێ فڕێی دەدات، لافاوەکەیە، مرۆڤەکە نییە.**

جارێکیان برادەرێك وتی دوای ئەوەی کتێبێکم خوێندەوە کە باسی لە خۆشەویستیی نێوان ژن و پیاوێك دەکرد، ئیدی بڕیارێکی زۆر دڵڕەقانەم دەربارەی ئەو عەشقە دا کە چەند ساڵێك بوو تێیدا دەژیام. نوسەری ئەو کتێبە دەیووت: ((عەشقیش وەك هەر ڕووداوێکی دیکەی دنیا دەبێت ڕۆژێك لە ڕۆژان کۆتایی بێت، جا بۆ ئەوەی کۆتایی عەشق مرۆڤ دووچاری شۆك نەکات وا باشترە عاشق خۆی کۆتاییەکەی دیاری بکات و لە جێبەجێکردنی ئەو بڕیارەیشدا ئازا و بە جەرگ بێت)). واتە ئەو هاوڕێیە دوای خوێندنەوەی ئەو کتێبە و بە تایبەتی ئەو ڕستەیەی ناو کەوانەکە کۆتایی بە عەشقەکەی خۆی هێناوە. ئەمە یەکێك لە سەیرترین ئەو ڕووداو و بەسەرهات و چیرۆکانە بوو کە بە درێژایی ژیانم گوێم لێ بووبێت. زۆرم بەلاوە سەیر بوو مرۆڤێك هێند ئاسان بکەوێتە ژێر کاریگەریی کتێبێکەوە کە فێری خۆوێرانکردنی دەکات و بۆ جۆرێك لە

ئازاراویترین جۆرەکانی خۆکوشتن داوەتی دەکات. سەیروسەمەرەیی ئەم ڕووداوە، بۆ من، لە دوو لاوە جێی هەڵوێستە و لەسەروەستان و حەپەسان بوو. یەکەمیان ئەوە بوو کە چۆن مرۆڤ دەتوانێت عەشقی خۆی بە عەشقی کەسێکی تر بەراورد بکات؟ چۆن دەتوانێت بۆ بابەتێك کە تاکو ئەودیوی تایبەتی تایبەتە بە خۆی، کەسێکی تر بکات بە سەرمەشق؟ دووەمیشیان ئەوە بوو کە چۆن دەکرێت عەشق بە بڕیاردان کۆتایی پێبهێنرێت؟ ئاخۆ مرۆڤ بە بڕیاردان عەشق دەکات یان کاتێك دەزانێت عەشق ڕاپێچی کردووە؟ دەمەوێت بڵێم: داماوترین عاشق ئەو عاشقەیە کە دەیەوێت لە ڕێی خوێندنەوەی بەسەرهات و حیکایەتەکانی خەڵکی ترەوە لە عەشقەکەی خۆی تێبگات و بڕیاری لە سەر بدات کە ئاخۆ تا کوێ لەگەڵیدا بڕوات و لە کوێدا کۆتایی پێ بهێنێت. لە ڕاستییدا عەشقی هیچ کەسێك لە دنیادا، بە تەواویی، لە عەشقی کەسێکی تر ناچێت. جگە لەوەیش، عەشق بە بڕیاردان درووست نابێت، تاکو بە بڕیاردان کۆتایی پێ بهێنرێت. بەڵکو عەشق سرووشتی لافاوی هەیە، جگە لەوەی کەس نازانێت کەی ڕوو دەدات، ئەوەیش کە بڕیار دەدات چۆن مرۆڤ دەبات و تا کوێی دەبات و لە کوێ فڕێی دەدات، لافاوەکەیە، مرۆڤەکە نییە. واتە لە عەشقی ڕاستەقینەدا عاشق بڕیار نادات، بەڵکو بڕیاری عەشق جێبەجێ دەکات.

## متمانە و ئەودیوی دڵخۆشیی

**خۆشەویستیی بەبێ هەبوونی متمانەی تەواو ئەگەر بیشتوانێت مرۆڤ بگەیەنێتە ئامێزی دڵخۆشیی، ناتوانێت بیباتە ئەودیوی دڵخۆشییەوە.**

لە خۆشەویستییدا شتێك هەیە لە دڵخۆشیی گەورەترە. شتێك هەیە دەکەوێتە ئەودیوی دڵخۆشییەوە. ئەو شتە کاتێك ڕوو دەدات کە دڵدارەکان متمانەی تەواو بە یەکتری دەکەن. کاتێك ڕوو دەدات کە بەبێ هیچ دوودڵییەك دەتوانن دەست بخەنە ناو دەستی یەکتری و سەر بخەنە سەر سنگی یەکتری و قسەی دڵیان بۆ یەکتری بکەن. کاتێك ڕوو دەدات کە دەتوانن لە بەردەمی یەکترییدا ڕووت ببنەوە و هەموو بوونی خۆیان پێشانی یەکتری بدەن. بێگومان لە ڕووتبوونەوە کەمتر مەبەستم فڕێدانی جلوبەرگ و زیاتر مەبەستم فڕێدانی ماسك و دەمامکەکانە. بەبێ ئەو متمانەیە و ئەو خۆڕووتکردنەوەیە خۆشەویستیی چەند گەرم و پڕ تین و پڕ تاویش بێت، ناتەواوە. لە دۆخێکی وادا خۆشەویستیی چەند گەورەیش بێت، هەر تا ئاستێکی دیاریکراو مرۆڤی بۆ دڵخۆش دەکرێت. خۆشەویستیی بەبێ هەبوونی متمانەی تەواو ئەگەر بیشتوانێت مرۆڤ

بگەیەنێتــە ئـامێزی دڵخۆشـیی، ناتوانێـت بیباتــە ئــەودیوی دڵخۆشــییەوە. پێویستە لێرەدا ڕابوەستین و لە خۆمان بپرسین: ئاخۆ ئەودیوی دڵخۆشیی کوێیە؟ تا ئێستا کەس بینیویەتی؟ کەس بە گەرمیی هەستی پێکردووە؟ بۆ وەڵامی بەشی یەکەمی پرسیارەکە، دەڵێم: ئەودیوی دڵخۆشیی شوێنێکە، یـان ڕاسـتتر ئاسـتێکە کـە تیایـدا مـرۆڤ لـە نـاو هەسـتێکدا دەژی زۆر لـە دڵخۆشـیی گـەورەتر و شـیرینتر و دڵنشـینترە. بـەڵام بـە داخـەوە تـا ئێسـتا نـاوی بـۆ نەدۆزراوەتـەوە. بێگومـان هــەرگیزیش نـاوی بـۆ نادۆزرێتــەوە. چونکە ئەو هەستە لەوە گەورەتر و ئەفسوناوییترە وشەیەك کە لە چەند پیتێکی بێگیان پێکدێت توانای ئەوەی هەبێت لە خۆیدا جێی بکاتەوە. بۆ بەشی دووەم و سێیەمی پرسیارەکەیش، دەڵێم: بڕۆن پرسیار لەو دڵدار و عاشـقانە بکـەن کـە بـە دڵێکـی لێوانلێـو لــە متمانــە و خۆشەویسـتییەوە باوەشـیان کـردووە بـە یەکتریـیدا. بڵـێن: ئـاخۆ کـەس شـتێکی بینیـوە لـە دڵخۆشیی گەورەتر بێت؟ ئاخۆ کەس بە گەرمیی هەستی پێکردووە؟ من دڵنیـام زۆر کــەس ئــەوەیان بینیــوە، زۆر کــەس بــە گــەرمیی هەسـتیان پێکــردووە. دەتــوانم کــورت و پوخــت بڵــێم: تەماشــاکردنی متمانــە لــە خۆشەویستییدا وەك شتێکی پیرۆز، وەك شتێك کە قابیلی دەستبۆبردن نـەبێت، وەك شـتێك کـە مـرۆڤ ئامـادە بێـت لـە پێناویـدا بمرێـت، بـەڵام نەیدۆڕێنێت، دۆزینەوە و هەستکردنێکی گەرمە بە ئەودیوی دڵخۆشیی.

## سەفەری خۆشەویستیی

**لە سەفەری خۆشەویستییدا مرۆڤ هەم گەرمتر چێژ وەردەگرێت و هەم قووڵتر ئازار دەچێژێت.**

خۆشەویستیی سەفەرێکی دڵنشینە کە تیایدا مرۆڤ زۆر شت دەبینێت و تاقییان دەکاتەوە و لەگەڵیاندا دەژی و دەیانکاتە بەشێك لە یادەوەریی خۆی. ئەم سەفەرەیش وەك هەر سەفەرێکی تر هەم خۆشیی تێدەکەوێت و هەم ناخۆشیی. تیایدا مرۆڤ هەم بەر گوڵ دەکەوێت و هەم بەر دڕك. وەلێ لە سەفەری خۆشەویستییدا شتێك هەیە، کە لە سەفەرەکانی تردا یان نییە، یان لە ئاستێکی نزمتر دایە. واتە ئەگەر هەیشبێت کاڵتر و کەمڕەنگتر و کەمبۆنترە. ئەویش ئەوەیە کە لە سەفەرەکانی تردا شتەکان بە شێوەیەکی سەراپاگیر، بە جوان و ناشیرینیانەوە، بە خۆش و ناخۆشیانەوە، زیاتر لە سەر پێستی مرۆڤ تۆمار دەبن، کەچی لە سەفەری خۆشەویستییدا شتەکان، بە گشتیی، لە پێستی مرۆڤ تێدەپەڕن و دەگەنە ناو خوێن و مۆخ و ئێسقان و دواجار دەچنە ناو قوڵاییەکانی ڕۆحیەوە. لە سەفەری خۆشەویستییدا مرۆڤ هەم گەرمتر چێژ وەردەگرێت و هەم قووڵتر ئازار دەچێژێت. سەفەری

خۆشەویستیی سەفەرێکی هێند ئەفسووناوییە کە بە ناو هەر شتێکدا تێبپەڕێت بەشێك لەو ئەفسوونەی خۆی پێدەبەخشێت. هەر شتێکیش ئەو ئەفسوونەی پێ ببەخشرێت چەند بچوکیش بێت گەورە دەنوێنێت و دەتوانێت مرۆڤ سەرسام و سەرمەست بکات. ئەم سەفەرە زۆر جار سەفەرێکی دوو سەرەیە کە تیایدا سەرەتا هەڵکشان بەرەو بەرزاییە سەرنجڕاکیش و دڵنشینەکان ڕوو دەدات و دواتر خلۆربوونەوەی بەرەو نشێوە ترسناکەکان، بە دوادا دێت. لە هەڵکشاندا مرۆڤ چێژی زۆر گەورە دەبینێت، بە تایبەتیش لە دوو شت: یەکەم ڕاکردن لەو دۆخەی پێش ئەو سەفەرە تیایدا ژیاوە. دووەم: تاقیکردنەوەی سەرکێشیی و بینینی شتگەلێکی درەوشاوە و ئەفسوناویی. لە هەڵکشاندا هەموو شتەکان جوان و شیرین دەنوێنن و دەتوانن مرڤ سەرسام و سەرمەست بکەن. وەلێ لە خلۆربوونەوەدا هەموو شتەکان ئازاربەخشن، چونکە مرۆڤ هەم شتە جوانەکان لە دەست دەدات، هەم بەرەو ئەو دۆخە دەگەڕێتەوە کە سەرەتا لە دەستی هەڵهاتووە. لەبەر ئەوە هەموو شتەکان ئازاراویی و دڵشکێن و مرۆڤکوژن. ئەوانەی لە هەڵکشاندا لە ئازار دەترسن و لە خلۆربوونەوەدا چاویان لەوەیە خۆشیی ببینن، باش لە سەفەری خۆشەویستیی نەگەیشتوون. چونکە لە هەڵکشاندا ئازارەکانیش خۆش و شیرینن، کەچی لە خلۆربونەوەدا خۆشییەکانیش، ئەگەر هەبن، ئازاراویین.

## زەمینلەرزە و تەنیایی و نامیهرەبانیی

**مرۆڤ کاتێك کەسێك لە ناو چاو و دڵ و رۆحییدا دەژی، بۆ هەر جێیەك بچێت دڵخۆشە.**

بەرەبەیانی ٢٠١٤/٤/١٦ کە زەمینلەرزەکە لە شاری سلێمانی دا، منیش وەك زۆرینەی دانیشتوانی شارەکە لە شیرینیی خەودا بووم. کە بە ئاگا هاتمەوە و زانیم ئەوەی ڕووی دا زەمینلەرزە بوو، هەستێکی سەیر دایگرتم. نازانم بۆ لەو کاتەدا دەستبەجێ خەیاڵم بۆ لای ئەو کەسانە چوو کە بە تەنیا دەژین؟ بێگومان لەو کەسانە مەبەستم ئەوە نییە کە هیچ کەسێك لەگەڵیاندا ناژی، بەڵکو مەبەستم ئەوەیە کە هیچ کەسێك لە ناو دڵ و لە ناو چاو و لە ناو رۆحیاندا ناژی. لەو کاتەدا زۆر بە قووڵیی هەستم کرد چەند سەخت و ئازاراوییە لە شیرینیی خەودا بیت و زەمینلەرزە لە شارەکەت بدات و دیوارەکانی ئەو ماڵەی تیایدا دەژیت بکەونە سەما و بە ئاگا بێیتەوە و کەسێك شك نەبەیت لەو کاتە ناسکەدا و بەر لە خۆت، خەمی ئەوت بێت و شپرزەی ئەوە بیت بە هەر ڕێگایەك بێت هەواڵێکی بزانیت. چەند ناخۆشە لە ڕووداوێکی لەو جۆرەدا ئەگەر تەنها لە چرکەساتی یەکەمی بەئاگاهاتنەوەیشدا بێت، هەست بە نزیکبوونەوەی

مەرگ بکەیت و دڵ و چاو و ڕۆحیشت لە کەسێك، کە بۆ تۆ هەموو شتێك بێت، خاڵیی بێت. مرۆڤ ئەگەر بیشمرێت، لە کاتێکدا کەسێك لە ناو دڵ و چاو و ڕۆحیدا بژی، مردنەکەی ئاسانتر و کەم ئازارترە. خەیام لە شیعرێکدا دەڵێت: ((مەیگێڕ وەرە مەی ئاڵ بدە با بینۆشم/ شەشدانگی بەهەشت بە شووشەیەك دەفرۆشم/ فەرمووتە: لە پاش مەرگ بەرەو کویێ دەمبەن/ سەرخۆش کە دەڕۆم کێوە بچم دڵخۆشم)). مرۆڤ کاتێك کەسێك لە ناو چاو و دڵ و رۆحییدا دەژی، بۆ هەر جێیەك بچێت دڵخۆشە. ئەگەر دڵخۆشیش نەبێت، ڕووبەڕووبوونەوەی ناخۆشییەکان، بە مەرگیشەوە، بۆ ئەو، لە خەڵکی دیکە، ئاسانترە. ئەو زەمینلەرزەیە بە زمانێکی جیاواز لەو زمانانەی پێشتر قسەیان لەگەڵ رۆحمدا کردبوو، پێی وتم: کە چەند سەختە مرۆڤ لە دنیایەکی نامیهرەباندا بە تەنیا بژی و بە تەنیایش ڕووبەڕووی چرکەساتە ناخۆشەکان ببێتەوە. خۆزگە هەم ژیان لەگەڵ مرۆڤەکان و هەم مرۆڤەکانیش لەگەڵ یەکدا لەوەی کە هەیە میهرەبانتر دەبوون. خۆزگە مرۆڤەکان هەرگیز لە بیریان نەدەچوو کە نامیهرەبانیی چ دەردێکی سەخت و ژیانکوژە.

## ونکردن و دۆزینەوەی بەختەوەریی

**وەك چۆن هەمیشە زیاتر لە دەرگایەك هەیە بەختەوەریی لێوە بچێتە دەرەوە، هەر ئاوهایش هەمیشە زیاتر لە دەرگایەك هەیە بەختەوەریی پیادا بێتە ژوورەوە.**

جارێکیان: ((مەلا نەسرەدین، لە ژوورەوە سوژنەکەی لێ ون دەبێت، بەڵام لە دەرەوە بۆی دەگەڕێت. پێی دەڵێن مەلا ئەوە بۆچی دەگەڕێی؟ دەڵێت سوژنەکەم لێ ون بووە. دەڵێن لە کوێ لێت ون بوو؟ دەڵێت: لە ژوورەوە. دەڵێن: ئەی بۆچی لە دەرەوە بۆی دەگەڕێیت؟ دەڵێت: ئاخر ژوورەوە زۆر تاریکە هیچ نابینم)). بۆ من ئەوە زۆر گرنگ نییە مەلا ویستویەتی بەو جۆرە ئاست و ڕادەی تاریکیی ژوورەکەی ڕوون بکاتەوە، یان مەبەستێکی تری هەبووە. ئەوەی بۆ من گرنگە ئەوەیە کە دەمەوێت لێرەدا ئەم نوکتەیە بۆ مەبەستێك بەکار بهێنم، کە مەبەستی سەرەکیی ئەم نووسینەیە. ئێمە زۆر جار هەر لەو جێیەی کە بەختەوەریی تێدا ون دەکەین، بە دوای بەختەوەرییدا دەگەڕێین. هەر لای ئەو کەسەی بەختەوەریی ئێمەی لە ناو بردووە بە دوای بەختەوەرییدا دەگەڕێین. کە پێم وایە ئەوە کارێکی هەڵەیە و ڕەنگە زیاتر پەیوەندیی بە مەودای

بیرکردنـەوە و ئاسـۆی ڕوانینمانـەوە هـەبێت، کـە لـە زۆرینـەی حاڵەتەکانـدا مەودای بیرکردنەوە و ئاسۆی ڕوانینی ئێمە بە ئەندازەی پێویست فراوان و کراوە نین. بە بڕوای من، پێویستە مرۆڤ هیچ شوێنێك و هیچ کەسێك بە چەقی ژیان و بە کۆتایی ژیان نەزانێت. پێویستە کە مرۆڤ لە شوێنێك و لای کەسێك بێهیوا کرا، ئیدی لـە هـەموو شتێك بێهیـوا نـەبێت و پێی وا نەبێت ئەوە کۆتایی هەموو شتەکانە. ئەوەی لێرە نایدۆزینـەوە لـە جێیـەکی دی ئەگـەری دۆزینـەوەی هەیە. ئەوەی لای کەسێك بـە دەست نایـەت لای کەسێکی دی ئەگەری بە دەستهێنانی هەیە. گرنگ ئەوەیە مرۆڤ هـەرگیز بێئومێد و بێهیـوا نـەبێت و دەستەوئەژنۆ دانەنیشێت. وەك چۆن هەمیشـە زیـاتر لـە ڕێگایـەك هەیە بەختـەوەریی خۆمـانی تێدا ون بکـەین، وەك چۆن هەمیشە زیاتر لە دەرگایەك هەیە بەختـەوەریی ئێمـەی لێوە بچێتە دەرەوە، هـەر ئاوهـایش هەمیشـە زیـاتر لـە ڕێگایـەك هەیـە بـۆ ئـەوەی بەختـەوەریی خۆمانی تێدا بدۆزینەوە و زیاتر لە دەرگایەکیش هەیە بەختەوەریی ئێمـەی پیادا بێتە ژوورەوە. سەفەری ژیان سەفەرێکی دوور و درێژ و تولانی و پڕ لــە هــەوراز و نشــێوە، پێویســتە لەگــەڵ هــەموو ئــەو تاڵاوانەیشــدا کــە دەیانچــێژین، هــیچ شــتێك، هێــز و ئیــرادەی بــەردەوامبوونمان لــێ نەسێنێتەوە.

## چاوەڕوانیی

**ئەوەی چاوەڕوانە بە مانایەك لە ماناكان خەون دەبینێت، بەڵام ئەوەی چاوەڕوان نییە، دەستی لە دەستی خەونەكان ترازاوە.**

(نازم حیكمەت) دەڵێت: ((چاوەڕێكردنی كەسێك / كە دەزانی نایەت/ گەمژەیی نییە/ عەشقە)). دەمەوێت لە ڕێی ئەو شیعرە كورتەوە چەند شتێك لە سەر چاوەڕوانیی بڵێم. لە قووڵایی هەر یەكێك لە ئێمەدا چاوەڕوانییەك هەیە بۆ كەسێك، كە زۆر جار نەك لە هاتنی دڵنیا نین، بگرە هەر نایشزانین كێیە؟ ئەگەر مرۆڤ لە چركەساتە تاڵ و تەنیاكاندا، ئەگەر لە رۆژ و هەفتە و مانگ و ساڵە ڕۆحپڕوكێنەكاندا لە ناو خۆیدا چاوەڕوانی كەسێك نەبێت، دەتوانێت بەرگەی سەختییەكانی ژیان بگرێت؟ بە بڕوای من نەخێر. ئەوەی وا دەكات بەرگەی تەنیایی و نەهەماتییە ڕۆحییەكان بگرین، ئەوە نییە ئەو كەسەی بە فریادڕەسی خۆمانی دەزانین و چاومان لە ڕێی هاتنیەتی، دێت یان نا؟ ئەوەیە كە ئێمە چاوەڕوانین. ڕاستە چاوەڕوانیی زۆر تاڵە، بەڵام زۆریش شیرینە. چاوەڕوانیكردنی كەسێك زۆر تاڵە، بەڵام لەوە تاڵتر ئەوەیە كەسێك نەبێت چاوەڕوانی بین. خودی

چاوەڕوانیی، بەدەر لەوەی بە ئاکام دەگات یان نا؟ بەدەر لەوەی بە هاتن کۆتایی دێت یان نا؟ لوتکەی زیندوویێتی مرۆڤە. مرۆڤ کاتێک لە چاوەڕوانیی کەسێك دایە زۆر قووڵتر لە کاتەکانی دیکە هەست بە ژیان و بوون و زیندوویێتیی دەکات. قووڵتر هەست بە کات و شوێن دەکات، هۆکارێکی سەختییەکەیشی ئەمەیە. چاوەڕوانیی تاڵە، بەڵام ئاخۆ ئەگەر چاوەڕوانیی نەبێت چی ڕوو دەدات؟ بێگومان نائومێدیی و بێهیوایی ڕوو دەدەن. ئەوەی چاوەڕوانی کەسێك نییە چی دەکات؟ بێگومان سەری دەخاتە کۆشی نائومێدیی و بێهیواییەوە. لێرەوەیە کە پێویستە لە چاوەڕوانیی نەترسین و بە تەنها دزێوییەکانی نەبینین. پێویستە جوانییەکانیشی ببینین. ئەوەی چاوەڕوانە چاوی لە جێیەکە، بەڵام ئەوەی چاوەڕوان نییە چاوی لە هیچ جێیەك نییە. ئەوەی چاوەڕوانە بە مانایەك لە ماناکان خەون دەبینێت، بەڵام ئەوەی چاوەڕوان نییە، دەستی لە دەستی خەونەکان ترازاوە. تەنانەت هەندێجار چاوەڕوانیی خۆی دەبێت بە ئامانجی مرۆڤ. واتە ئامانج لە چاوەڕوانیی کەسێك هاتنی کەسەکە نییە، خودی چاوەڕوانییەکەیە، کە هەستی زیندوێتی و پڕهیوایی بە مرۆڤ دەبەخشێت. لەو ڕووەیشەوە کە سەردەمی خەونەکان لە سەردەمی بەدیهاتنیان پڕ شەوقترە، دیسان دەتوانین بڵێین: چاوەڕوانی کەسێك با نەیشیەت، هەر گەمژەیی نییە، عەشقە و عەشقێکی خراپیش نییە.

## تكايە با حیكایەتی ئێمە بۆ هەتاهەتایی لێرەدا بوەستێت

**پڕ ئازارترین دیمەن، دیمەنی ئەو دڵدارەیە کە هەست و دڵ و رۆح و ویژدانی خۆی، پێی دەڵێن: حیكایەتی دڵداریی تۆ بۆ هەتاهەتایی کۆتایی پێهات.**

زۆر جار لە خۆشەویستییدا ئەوە ڕوو دەدات یەکێك لە دڵدارەکان (کە لە زۆرینەی حاڵەتەکاندا ژن ئەو کارە دەکات)، لە پڕ شتێکی لەم جۆرە بە هاودڵ و هاوهەست و هاوژیانەکەی دەڵێت: (تکایە با حیكایەتی ئێمە لێرەدا بۆ هەتاهەتایی بوەستێت، هیوادارم یارمەتی من و خۆیشت بدەیت بۆ ئەوەی بتوانین ئەم دۆخە تێبپەڕێنین و هەر یەکەمان ژیانێکی نوێ دەست پێبکات). ئەو چرکەساتەی شتێکی ئاوای تێدا دەبیسترێت، چرکەساتێکی سەخت و مرۆڤکوژە و پێم وایە زۆربەی دڵدارەکان هەر لە سەرەتای چوونەناو دڵدارییە گەورەکانیانەوە ترسێکی ناوەکییان لەو چرکەساتە هەیە. ئەو چرکەساتە بە هەموو مانایەك کارەساتە و بەرگەگرتنی سەخت و دژوار و دڵپڕوکێنە. بەڵام بە بڕوای من کارەساتی لەوە گەورەتر، چرکەساتی لەوە سەختتر و ئازاراویتر و مرڤکوژتر ئەو کاتەیە کە مرۆڤ لە قوڵایی خۆیدا هەست دەکات بە کردەوە ئەو حیكایەتە

بۆ هەتاهەتایی کۆتایی هاتووە. ئەو کاتەی وشە جەرگبڕەکانی یار لە چەند پیتێکی بێگیانەوە دەگۆڕێن بۆ هەستگەلێکی زیندوو لە ناو خوێنی ئێمەدا، کارەساتی گەورە و ڕاستەقینە دەست پێدەکات. ئەو کاتەی هێشتا مەسەلەکە تەنها بڕیاری یارە و لە ناو خوێنی ئێمەدا هیچ شتێك ڕووی نەداوە، ئازارەکانیش جۆرێك لە چێژ و خۆشییان تێدایە. بەڵام ئەو کاتەی مەسەلەکە بۆ ناو خوێنی ئێمە پەڕیوەتەوە و ئێمە بە قووڵیی هەست بە کۆتاییهاتنی یار و جوانییەکانی دەکەین، ئیدی ئەگەر خۆشییەکیش هەبێت ناتوانین هەستی پێبکەین. ئیدی خۆشییەکان دەبن بە ئازار. پڕ ئازارترین دیمەنیش لە دڵدارییدا دیمەنی ئەو دڵدارە نییە کە دڵبەرەکەی پێی وتووە ئیدی بۆ هەتاهەتایی حیکایەتی ئێمە تەواو بوو، بەڵکو دیمەنی ئەو دڵدارەیە کە هەستی خۆی، کە دڵ و ڕۆح و ویژدانی خۆی پێی دەڵێن: حیکایەتی دڵداریی تۆ بۆ هەتاهەتایی کۆتایی پێهات. چونکە لە حاڵەتی یەکەمدا مرۆڤ ئەگەر هیچیشی بۆ نەمابێت هیوایەکی بۆ ماوە کە دڵی خۆی پێدەداتەوە و خۆی پێ دڵخۆش دەکات، هیوایەك کە تیایدا ئەو حیکایەتە جارێکی دی دەست بە جوڵە و ژیان دەکاتەوە. بەڵام لە حاڵەتی دووەمدا، مرۆڤ جگە لەوەی یار-ی لە دەست دەچێت، بێهیواش دەبێت، ئیدی هیوایەك شك نابات خۆی پێ دڵخۆش بکات.

## مرۆڤ و مردن و ژیان لای خەیام

**لە نێوانی هاتن و ڕۆیشتنی مرۆڤدا، دەرفەتێك هەیە پێی دەڵێن ژیان، نابێت ئەم دەرفەتە لە دەست بدرێت.**

((بۆ گۆزەکڕین دەچوومە لای گۆزەکەرێك/ سەد گۆزە بە من پێکەنی هەر یەك لە بەرێك/ ئێمەی وەکو خۆت دەبەی، سبەینێ خۆشت/ وەك ئێمە دەبی بە گۆزە لای بێخەبەرێك)). مرۆڤ لە شیعری خەیامدا ئامادەیی بەردەوامی هەیە. ئەو نزیکەی هەزار ساڵ بەر لە ئێستا، بە گەرمیی، بە مرۆڤ و نیگەرانییە فەلسەفییەکانییەوە، بە تایبەت مردن و ژیان، سەرقاڵ بووە. لەو ڕووەوە پێش زۆرێك لە بیریار و ئەندێشەمەندەکانی دنیا کەوتووە. (خەیام)، تەنانەت لەو قوڕەدا کە شێلاویانە تاکو گۆزەی لێ دروست بکەن، گوێی لە دەنگی مرۆڤ بووە. لە خشتی خانووەکاندا مرۆڤی بینیوە. لەو پیاڵە و پەرداخانەی شەرابیان تێدا خوراوەتەوە گفتوگۆی لەگەڵ مرۆڤ کردووە. دەسکی گۆزەی بە دەستی مرۆڤ زانیوە لە ملی یاردا. لای (خەیام) مرۆڤ چەقی هەموو شتەکان بووە، بەڵام تاکەی؟ تا ئەو کاتەی زیندوو بووە. (خەیام) ویستویەتی بە مرۆڤ بڵێت:

تۆ تەنها لە )كات( و )شوێن(ێكی دیاریكراودا چەقی هەموو شتەكانی. دوای ئەوە ئیدی، وەك چۆن بەر لەوەی بێیتە دنیا هیچ نەبووی، دووبارە تۆ هیچ نابیت. پرسیاری گرنگ ئەوەیە: (خەیام) كە زۆر بە چۆنێتی ژیانكردنەوە سەرقاڵ بووە، بۆچی ئەوەندە باسی مردنی كردووە؟ وەڵام ئەوەیە كە (خەیام) لە پێناوی ژیاندا باسی مردنی كردووە. هەر ئەم خاڵەیشە كە لە زۆرینەی شاعیرەكانی دیكەی جیا دەكاتەوە. (خەیام) كاتێ مردنی بردۆتە ناو شیعرەكانییەوە، وەك مردن نەیداوەتەوە بە خوێنەر. ئەو مردنی بۆ ئەوە بووە ژیانی لێ دروست بكات. كورت و پوخت فەلسەفەی (خەیام) ئەوەیە بە مرۆڤ بڵێت: تۆ هیچ بووی، دەشبیتەوە بە هیچ، نە پێش هاتنی تۆ گەردوون پەكی كەوتبوو، نە دوای مردنی تۆیش پەكی دەكەوێت. لە نێوانی هاتن و ڕۆیشتنی تۆدا، دەرفەتێك هەیە پێی دەڵێن ژیان، ئەم دەرفەتە لە دەستی خۆت مەدە. بە كامی دڵی خۆت بژی. چونكە دواجار ئەوەی مرۆڤ خەمبار دەكات ئەوە نییە كە دەمرێت، ئەوەیە كە نەژیاوە، مەبەستم ئەوەیە كە بە ئارەزووی خۆی نەژیاوە: ((دەمبینی كە خەمبار و كز و داماوم/ وا بیر مەكەوە لە مەرگ و كەس ترساوم/ مردن كە لە ڕێمە هەر دەبێ ناترسم/ ژاكاوی ئەوەم بە ئارەزوو نەژیاوم)).

## حەتمییەتی عەشق، لای سەعدی شیرازی

**لای (سەعدی) عەشق هێزێکە، بە توندیی هەژموونی خۆی بە سەر مرۆڤدا دەسەپێنێت و زۆرینەی هەرە زۆری مرۆڤەکانیش لە بەردەمییدا بێدەسەڵات و دەستەپاچەن.**

بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی، زۆرترین شیعر بۆ عەشق نوسراوە. کەم دیوانی شیعریی هەیە پڕ نەبێت لە شیعری عاشقانە. لە شیعر و لە دەرەوەی شیعریشدا، باسوخواسی عەشق، لە کۆنترین باسوخواسەکانی مێژووی مرۆڤایەتییە و هەرگیز کۆتاییشی نایەت. من لێرەدا دەمەوێت بە کورتیی، باسی حەتمییەتی عەشق لای شاعیرێکی گەورەی وەك (سەعدی شیرازی)، بکەم. لای (سەعدی) عەشق کارێکی حەتمییە. هێزێکە، بە توندیی هەژموونی خۆی بە سەر مرۆڤدا دەسەپێنێت و بە شێوەیەکی گشتیی، زۆرینەی هەرە زۆری مرۆڤەکان لە بەردەمییدا بێدەسەڵات و دەستەپاچەن. لای ئەم شاعیرە، مرۆڤ لە بەردەمی عەشقدا وەك کۆترێك وایە، کە دیلی چنگی باز بووبێت. ئاخۆ کۆتری بەستەزمان لە ژێر چنگی بازدا، چی بۆ دەکرێت؟ ((عجبست اگر توانم که سفر کنم ز دستت/ به کجا رود کبوتر که اسیر باز باشد)). حەتمییەتی عەشق لای (سەعدی) گشتیی

و سەرتاپاگیرە و هیچ جۆرە هەڵاوێردنێکی گەورە و (شایانی باس)ی تێدا نییە. بە گشتیی، هەموو سەردەمەکان و هەموو مرۆڤەکان دەگرێتەوە. لەم بارەیەوە لە شیعرێکدا دەڵێت: عەشق ئەگەر گوناهیش بێت، گوناهێکی ئەزەلییە و لە ئادەم و حەواوە هاتووە. ((حدیث عشق اگر گویی گناهاست/ گناه اول ز حوا بود و ادم)). واتە ئەو گوناهە لەگەڵ بوونی مرۆڤدا هاتۆتە بوون و تا مرۆڤیش بمێنێت، دەمێنێت. هەر لە هەمان شیعردا و ئەم جارە لە درزێکی ترەوە، کە ئەویش تەماشاکردنی جوانانە و هەندێ جار، عەشق لەو درزەوە دڵی مرۆڤ دەخاتە پەلەپەل، دەڵێت: ئەوە، واتە تەماشاکردنی جوانان، دابونەریتێکی پەیڕەو کراوە، بیدعەیەك نییە من دامهێنابێت. ((نظر با نیکوان رسمیست معهود/ نە این بدعت من اوردم بە عالم)). هەر لە هەمان شیعردا، دەڵێت: دواجار، مرۆڤ، پاش ئەوەی دڵی دەکەوێتە پەلەپەل و بە کەمەندی جوانان، ئەوانەی ڕوویان وەك مانگ دەدرەوشێتەوە، گرفتار دەبێت، نە هی ئەوەیە ستایش بکرێت، نە هی ئەوەیشە لۆمە و سەرکۆنە بکرێت، چونکە ئەوە کارە ئاسایی و سرووشتییەکەیە. ئەوە، ئەو حەتمییەتی عەشقەیە کە مرۆڤ ناتوانێت لە دەستی هەڵبێت: ((گرفتار کمند ماه روییان/ نە از مدحش خبر باشد نە از ذم)).

## یەك كەس، تەنها یەك كەس

**لەم سەر گۆی زەوییەدا یەك كەس هەیە، تەنها یەك كەس، كە دەتوانێت، مۆمی گیانمان دابگیرسێنێت، یان بیكوژێنێتەوە.**

(سەعدی شیرازی) لە شیعرێكدا دەڵێت: ((شمع جانم را بكشت ان بی وفا/ جای دیگر روشنایی می كند))، واتە: ((مۆمی گیانم دەكوژێنێتەوە ئەو بێوەفایە/ جێیەكی تر ڕوناك دەكاتەوە)). من پێم وایە بۆ هەر یەكێك لە ئێمە، لەم سەر گۆی زەوییەدا یەك كەس هەیە، تەنها یەك كەس، كە دەتوانێت، مۆمی گیانمان دابگیرسێنێت، یان بیكوژێنێتەوە. ئەو كەسە، لە هەر كوێی دنیادا بێت، بۆ ئێمە لە دایك بووە، ئێمەیش، لە هەر كوێی دنیادا بین، بۆ ئەو لە دایك بووین. ئێمە تەنها بەو كەسە ڕوناك دەبینەوە و تەنها دەیشتوانین ئەو كەسە ڕوناك بكەینەوە. ئەویش تەنها بە ئێمە ڕوناك دەبێتەوە و تەنها دەیشتوانێت ئێمە ڕوناك بكاتەوە. ئەو كەسە جگە لە لای ئێمە، لە هەر كوێیەكی دنیا بێت، بە هەڵە لەوێیە. ئێمەیش جگە لە لای ئەو كەسە، لە هەر كوێیەكی دنیا بین بە هەڵە لەوێین. لەوەدا لەگەڵ (سەعدی) نیم كە پێی وایە ئەو كەسە جێیەكی تر ڕوناك دەكاتەوە.

ئەو کەسە، تەنانەت ئەگەر خۆیشی بیەوێت، ناتوانێت جێیەکی تر ڕوناك بکاتەوە. ئەو، کلیلی ئێمەیە چۆن دەتوانێت دەرگایەکی تر بکاتەوە؟ بە دەربڕینێکی تر: بۆ هەر یەکێك لە ئێمە، یەك کەس هەیە، تەنها یەك کەس، کە دەتوانێت بەر لەوەی خۆمان بکاتە باوەش، دڵمان لە باوەش بگرێت. یەك کەس هەیە، تەنها یەك کەس، کە دەتوانێت جەستەمان ببڕێت و دەست لە ڕۆحمان بدات. ئێمەیش دەتوانین ئەو کارانە تەنها بۆ ئەو کەسە بکەین. من هەست دەکەم جگە لەو کەسە، هەر کەسێك بێتە ناو ژیانی ئێمەوە، بە هەڵە هاتووە. ئێمەیش بچینە ناو ژیانی هەر کەسێکەوە بە هەڵە ڕۆیشتووین. زۆر جار، بیر لەو هەموو هەڵەیە دەکەمەوە کە مرۆڤەکان تێی دەکەون. بیر لەو هەموو باوەشە دەکەمەوە، کە هەرگیز جگە لە جەستە، شتێکی تر لە نێو خۆیاندا نابینن. بیر لەو هەموو دەستە دەکەمەوە کە هەرگیز بەر ڕۆح ناکەون. بە ڕاستی لەم ڕووەوە مێژووی مرۆڤایەتی، پڕە لە بەدبەختیی. بە ملیۆنان ملیۆن مرۆڤ، دەمرن و دڵێك لە باوەشی خۆیاندا نابینن. دەمرن و دڵی خۆیان لە باوەشێکدا نابینن. دەمرن و دەستیان بەر ڕۆحێك ناکەوێت. دەمرن و دەستێك بەر ڕۆحیان ناکەوێت.

## من و حافز

**(حافز) بە پلەی ئیمتیاز شاعیرێکی گەردوونییە.**

هەر لە سەرەتای تێکەڵبوونمەوە بە دنیای نووسین و خوێندنەوە، یەکێك لە خولیا گەرمەکانم ئەوەبوو بزانم مرۆڤی جاران، ئەوانەی سەدان ساڵ بەر لە ئێمە ژیاون، هەم ژن، هەم پیاو، بە تایبەت لە مەسەلە ڕۆحییەکاندا، چۆن بیریان کردۆتەوە و خەم و خەون و خۆزگەکانیان چۆن بووە؟ بە داخەوە، بە هۆی هەژموونی پیاوەوە بە سەر کۆمەڵگادا، ئەو کەمە زانیارییەی کۆم کردەوە ناتەواو بوو، چونکە لە زۆرێك لە سەردەمەکاندا ژن ون بوو. توانیم کەمێك لە هەستەکانی پیاو تێبگەم، زۆر لەو کەمەیش کەمتر لە هەستی ژن تێگەیشتم. لە هەستی پیاوەکاندا بۆ ڕەگی خۆم و لە هەستی ژنەکانیشدا بۆ ڕەگی ئەو ژنە دەگەڕام کە لە ناو خەونەکانمدا بوونی هەبوو. دەمویست بزانم ئەم ئاگرە چییە لە سینەی مندا نێڵەنێڵ دەکات؟ هەروەها دەیشمویست بزانم ئەو ژنەی خەونی پێوە دەبینم، هەمان ئاگر سینەی داخ کردووە؟ بە هەر حاڵ، لە مەسەلەی هەستی ژندا شتێکی ئەوتۆم دەست نەکەوت تاسەم بشکێنێت. بۆ

پیاوەکانیش، زیاتر بە دوای ئەو کەسانەدا ویڵ بووم کە هەستی من زۆر لە هەستی ئەوانەوە نزیك بوو. یانی دەمویست بزانم ئەم هەستانەی وەك هەنگ لە دەوری سەری من ئاڵاون، لە کوێوە هاتوون؟ واتە من درەختێك بووم بە دوای ڕەگی خۆمدا دەگەڕام. لای زۆرێك لە شاعیرەکانی خۆمان، ڕەگی خۆمم دۆزییەوە، بەڵام تاسەم نەشکا. حەزم دەکرد ڕەگی دوورترم هەبێت. حەزم دەکرد ڕەگەکانم تەمەنیان زیاتر بێت. لە بەدیهێنانی ئەم حەزەمدا، (حافز) لە هەمووان زیاتر یارمەتی دام. بێگومان چەند شاعیرێك هەبوون لە ڕووی مێژووییەوە بەر لە (حافز) ژیابوون، بەڵام من ڕەگی خۆم لەواندا کەمتر و لە (حافز)دا زۆرتر دەدۆزییەوە. هۆکاری ئەمەیش ئەوەبوو کە (حافز) بە پلەی ئیمتیاز شاعیرێکی گەردوونییە. لە زۆر جێی شیعرەکانیدا هەست دەکەیت پێت دەڵێت: مرۆڤەکان ئەگەر بە ڕۆحیش دۆناودۆن نەکەن، بە هەستە گەرمەکانیان دۆناودۆن دەکەن. تا ئێستا دەیان جار هەستم کردووە لەگەڵ (حافز)دا، لە ڕووی هەستەوە، جۆرێك لە دۆناودۆن لە نێوانماندا هەیە . بەم مانایە، کاتێ من لە بارەی (حافز)ەوە دەدوێم، هەر لە بارەی ئەوەوە نادوێم، لە بارەی خۆیشمەوە دەدوێم.

## لە (حافز)ەوە تا من و تۆ

**هەر جوانییەك، لە نێو ئەم جیهانەدا، بە جوانیی یار ڕووناك نەكرابێتەوە، عاشقەكان ناتوانن ببینن.**

(حافز) دەڵێت: ((جان بی جمال جانان میل جهان ندارد/ هر كس كه این ندارد حقا كه ان ندارد)). واتە: ((گیان بەبێ جوانیی دڵبەر ئارەزووی جیهانی نییە/ هەر كەسێك كە ئەمیانی نەبێت، بە دڵنیاییی ئەویشیانی نییە)). یانی بۆ گیانی مرۆڤە عاشقەكان، جیهان جگە لە مەعشوق، هیچ شتێكی تر نییە. بە ڕاستییش وایە، عاشق، بەبێ مەعشوقەكەی، ناتوانێ مەیلی هیچ شتێك بكات. هەر جوانییەك، لە نێو ئەم جیهانەدا، بە جوانیی یار ڕووناك نەكرابێتەوە، عاشقەكان ناتوانن ببینن. من ئێستا، كە دەمەوێ لە سەر ئەم بەیتەی (حافز) بنوسم، خەیاڵم بە دوو لادا ڕۆیشتووە. یەكەم: لە ڕۆمانی (دوو ڕووی حەوا)دا، كە (ئەمریتا بریتام) نوسیویەتی، لە جێیەكدا گفتوگۆیەك لە نێوانی (ئەنیتا)ی پاڵەوانی سەرەكیی ڕۆمانەكە و (ئیقباڵ)ی هاوڕێیدا هەیە. (ئیقباڵ) بە (ئەنیتا) دەڵێت: تۆ جوانترین ژنی جیهانی. (ئەنیتا) پێی دەڵێت: بەڵام تۆ جیهانت

نەبینیووە، برۆ جیهان ببینە و وەرەوە، ئینجا وا بلێ. (ئیقبال) هەر لە ناو ئەو ژوورەدا کە تیایدان، هەڵدەستێت و خولێک دەخوات و دێتەوە بەردەمی (ئەنیتا) و دەڵێت: ((ئەوە هەموو جیهان گەڕام، لە تۆ جوانترم نەدۆزییەوە)). لە ڕاستییدا، (ئیقبال)یش هەمان ئەو شتەمان پێ دەڵێت کە (حافز) ویستویەتی پێمانی بڵێت. لەو کاتەدا جیهان بۆ (ئیقبال) بریتی بووە لە (ئەنیتا). لەو کاتەدا (ئیقبال) بەبێ (ئەنیتا) مەیلی جیهانی نەبووە. دووەم: بیر لە (وەلی دیوانە) دەکەمەوە، ئاخۆ ئەگەر (شەم) نەبوایە (دیوانە) چی لە جیهان بکردایە؟ جیهانێک، (شەم) وەك خوێن بە دەمارەکانییدا نەگەڕێت، (دیوانە) چۆن بتوانێت لە زیندوێتی ئەو جیهانە دڵنیا بێت؟ بێگومان (دیوانە)، زۆر لە (ئیقبال) زیاتر ڕۆیشتووە، بۆ (دیوانە)، (شەم) هەر جیهان نەبووە، دوای جیهانیش بووە، ئەی ئەوە نییە، بۆ دوای دەرچوون لە جیهان، داوای کردووە گۆڕەکەی لە سەر ڕێی خێڵان بێت و کێلەکەیشی (بێ زیاد و بێ کەم) بە قەد باڵای (شەم) بێت؟ ئەی ئەوە نییە دوایین خەونی ئەوە بووە، (شەم)، با لە ڕاگوزارێکیشدا بێت، با بەتایبەتییش بۆ لای ئەو نەچووبێت، جارێك، تەنها جارێك، ڕێگای بخاتە سەر گۆڕەکەی؟ ئەوەی دەمەوێت بیڵێم، ئەمەیە: (حافز) و (ئیقبال) و (دیوانە) و (من) و (تۆ)یش خوێنێکی هاوبەش بە دەمارەکانماندا دەگەڕێت، ئەوەی لە یەکتریمان جیا دەکاتەوە، توانای دەربڕینمانە.

# کاتێ دڵ دەبێت بە کتێب

**(حافز) دەیەوێت بڵێت: ژیان قوتابخانەیە. مامۆستای ئەو قوتابخانەیە خوایە. قوتابیی ئەو قوتابخانەیە مرۆڤە. وانەی گەورە لەو قوتابخانەیەدا عەشقە.**

(حافز) لە یەکێك لە شیعرە جوان و ناوازەکانییدا دەڵێت: ((نیست بر لوح دلم جز الف قامت دوست/ چە کنم حرف دگر یاد نداد استادم)). بە مانایەك لە ماناکان، واتە: ((لە سەر تابلۆی دڵم جگە لە (ئەلف)ی بەژنی یار هیچ شتێکی تر نییە، چی بکەم مامۆستاکەم هیچ حەرفێکی تری فێر نەکردم)). ڕەنگە هیچ شۆڕشێك لە مێژووی مرۆڤایەتییدا بە ئەندازەی شۆڕشی نووسین، هۆکاری پێشکەوتنی مرۆڤایەتی نەبووبێت. زۆربەمان دەزانین دوای قۆناغی نووسین بە وێنە، مرۆڤ کۆمەڵێك حەرفی داهێنا. خۆی لە ڕاستییدا حەرفەکان بە پێی ڕیزبەندیی ئەبجەدیی بە (ئەلف) دەست پێ دەکەن و بە (یا) کۆتاییان پێ دێت. بەڵام لای (حافز) حەرفەکان بە (ئەلف) دەست پێ دەکەن و بە (ئەلف)یش کۆتاییان پێ دێت. ئەوە گرنگ نییە بپرسین بۆچی لە ئەبجەدییدا حەرفەکان بە ئەلف دەست پێ دەکەن و بە (یا) کۆتاییان پێ دێت؟ گرنگ ئەوەیە بپرسین لای

(حافز) بۆچی حەرفەکان بە (ئەلف) دەست پێ دەکەن و بە (ئەلف)یش کۆتاییان پێ دێت؟ دەتوانین بەم جۆرە وەڵام بدەینەوە: مامۆستاکەی (حافز) کە خوایە، دڵی (حافز)ی لە شێوەی کتێبێکدا دروست کردووە کە یەك حەرف زیاتری تێدا جێ نابێتەوە، ئەو حەرفەیش (ئەلف)ە و ئەو (ئەلف)ەش بەژنی یارە. بۆیە لای (حافز) حەرفەکان بەو (ئەلف)ی بەژنە دەست پێ دەکەن و هەر بەو (ئەلف)ی بەژنەیش کۆتاییان پێ دێت. نە (حافز) خۆی و نە مامۆستاکەی، نەیانویستووە کتێبەکەی دڵی (حافز) بە حەرفی تر قەرەباڵغ بکەن. یەك دڵ، یەك حەرفی بەسە، هەر دڵێکیش بگری، یەك حەرفی تایبەت بە خۆی هەیە، بەڵام هەموو دڵەکان حەرفەکانی خۆیان نادۆزنەوە. ئەو دڵانەی لە حەرفێك زیاتریان نیازە، سەرگەردانن. ئەوان حەرفی ڕاستەقینەی خۆیان ون کردووە، بۆیە خۆیان بە حەرفگەلی تر قەرەباڵغ دەکەن. ئەوان بە شێوەیەکی ناخودئاگا هەوڵ دەدەن لە ڕێی ئەو قەرەباڵغییەوە، ونکردنی حەرفە ڕاستەقەینەکەیان لە بیری خۆیان ببنەوە. ئەو حەرفانەی تریان بۆ ئەوەیە سەبوورییان پێببەخشێت، بەڵام نایبەخشێت. دەتوانین کورت و پوخت بڵێین: (حافز) دەیەوێت بڵێت: ژیان قوتابخانەیە. مامۆستای ئەو قوتابخانەیە خوایە. قوتابیی ئەو قوتابخانەیە مرۆڤە. وانەی گەورە لەو قوتابخانەیەدا عەشقە. ئەوەتا (ئەلف)، کە هێمای بەژنی یارە و یاریش ڕووگەی عەشقە، تەواوی ئەبجەدیەتی ئێمەی پێکهێناوە.

## خولانەوە بە دەوری مەعشوقدا

**لای (حافز)، نرخی شتەکان لە خۆیاندا نییە، بەڵکو لە پەیوەندییاندایە بە مەعشوقەوە.**

(حافز) دەڵێت: ((ملامت گو چە دریابد میان عاشق و معشوق/ نبیند چشم نابینا خصوص اسرار پنهانی)). واتە: کەسێك کە لۆمەی عاشق و مەعشوق دەکات، چوزانێ چی لە نێوانی ئەواندا ڕوو دەدات، چاوی نابینا، ناتوانێت ڕازە پەنهانەکان ببینێت. من لێرەدا کارم بەو کەسە نییە کە لۆمەی عاشق و مەعشوق دەکات. من دەمەوێت باسی عاشق و مەعشوق خۆیان بکەم. دەمەوێت باسی (حافز) و مەعشوقەکەی بکەم. لای (حافز) مەعشوق هەر بەشێك نییە لە گەردوون، بەڵکو خودی گەردوونیشە. بۆ (حافز) هیچ شتێك لە دەرەوەی مەعشوق بوونی نییە، هەیشبێت جێی بایەخپێدانێکی گەورە نییە. لە شیعری (حافز)دا خولانەوەیەکی زۆر سەیر هەیە بە دەوری مەعشوقدا. لەو شیعرانەدا، مەعشوق، یان خودی شتەکانی ترە، یان هەموویان بە دەوری ئەودا دەخولێنەوە. بە واتایەکی تر: لای (حافز)، نرخی شتەکان لە خۆیاندا نییە، بەڵکو لە پەیوەندییاندایە بە مەعشوقەوە. تەنانەت (حافز) خۆیشی، زیاتر لە ئاوێنەیەك دەچێت کە هاتووە مەعشوقەکەیمان پێشان بدات. مەبەستم ئەوەیە بەشی زۆری

باسکردنەکان لە (حافز) خۆی، لە ناواخندا بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو کارەیە کە مەعشوق پێی کردووە. لێرەدا چەند نمونەیەك بە سەرپێی و تەنها بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەستەکەم دەهێنمەوە: ئایا سەبا لە شیعری (حافز)دا چ کارەیــە؟ (بێگومــان نامــەوێت بڵــێم، پــێش -حــافز-ســەبا ئــەو کــارەی نــەکردووە، نــا، بــەڵام مــن باســی -حــافز- دەکــەم) کــاری ســەبا ئەوەیــە بۆنوبەرامە و دەنگوباسی مەعشوق، بۆ عاشق بهێنێت، کە بێگومان (حافز) خۆیەتی، هەروەها پەیامی (حافز)یش بۆ مەعشوق بباتەوە و شاهێدی ئاه و ناڵینـەکانی بێت کە بە هۆی مەعشوقەوە دووچاریان بووە. میحراب لـە شــیعری (حــافز)دا، جگــە لــە بەخشــینی هەیبــەت و پیرۆزیــی بــە بــرۆی مەعشوق و دەرخستنی جوانییەکانی، چ کارێکی تری هەیە؟ خونچە بۆچی هاتۆتە ناو شیعری (حافز)ەوە؟ بۆ ئەوەی بە نازداریی و خنجیلانەییەکەی، ڕەســمی دەمــی مەعشــوق بکــات و بــە تەنگییەکەیشــی حــاڵی دڵــی عاشــق، پێشــان بــدات. لالــە، هــەم هێمــای لێــوی مەعشــوق و هــەم هێمــای خــوێنی ڕژاوی عاشقە. ئیتر بەو جۆرە، لای (حافز) زۆرینـەی هـەرە زۆری وشـە و میتـافۆر و دەسـتەواژەکان، یـان دەربـارەی مەعشـوقن، یـان دەربـارەی ئـەو کــارەن کــە مەعشــوق پێــی کــردووە. واتــە هــەموو شــتەکان خولانــەوەن بــە دەوری مەعشوقدا.

## شەونمی عەشق

**لە کاتی منداڵیماندا، یەکێك لەو مەترسییانەی کە دایك و باوکمان، ئێمەی لێ ئاگادار دەکەنەوە ئاگرە. نازانن کاتێ گەورە دەبین و شەونمی عەشق دەنیشێتە سەر ڕۆحمان، پڕ دەبین لە دەریای ئاگرین.**

(حافز) لە شیعرێکدا دەڵێت: ((هر شبنمی در این ره صد بحر اتشین است/ دردا که این معما شرح و بیان ندارد)). واتە: ((هەر شەونمێکی ئەم ڕێیە، (ڕێی عەشق)، سەد دەریای ئاگرینە/ ئەفسوس کە ئەم موعەمایە نە لێك دەدرێتەوە، نە بەیان دەکرێت)). دەمەوێت لە ڕێی ئەم شیعرەی (حافز)ەوە بڵێم: ئەوە کە پێمان وایە مرۆڤ ئاگری دۆزیوەتەوە، وەهمە، لە ڕاستییدا مرۆڤ ئاگری نەدۆزیوەتەوە، ئاگر مرۆڤی دۆزیوەتەوە. بە پێی شیعرەکەی (حافز)، هەر مرۆڤێك، یەك دڵۆپ شەونمی عەشق نیشتبێتە سەر ڕۆحی، یانی ڕۆحی کەوتۆتە سەد دەریای ئاگرینەوە، یان ڕەنگە وا ڕاستتر بێت بڵێین سەد دەریای ئاگرین لە ڕۆحیدا دروست بووە. وەك لە ئەفسانە و ئایینەکانیشدا هاتووە: شەیتان خۆی لە ئادەم بە مەزنتر زانیووە. بەڵگەیشی ئەوە بووە کە ئەو لە ئاگر و ئادەم لە گڵ دروست

کراوە. کێ دەڵێت: شەیتان دەریا ئاگرینەکانی ناو ڕۆحی ئادەمی نەبینیووە؟، ئەگەر وا نییە، بۆچی لە یەکەمین ڕووبەڕووبوونەوەدا چەکی ئاگری بەکار هێناوە؟ بۆچی ویستویەتی بیری هەمووانی بخاتەوە کە ئەو لە ئاگر و ئادەم لە گڵ دروست کراوە؟ کێ دەڵێت دەریا ئاگرینەکانی ناو ڕۆحی ئادەم، نەیترساندووە؟ کێ دەڵێت: ئێرەیی بەو دەریا ئاگرینانە نەبردووە؟ ئاخر نابێت لە بیرمان بچێت ئەو دەریا ئاگرینانە لە شەونمی عەشقەوە دروست دەبن. ئادەمیش هەر لە ئەزەلەوە هەڵگری ڕۆحێکی پڕ شەونم بووە، ئەگەر وا نییە بۆچی ڕووی کردۆتە حەوا و پشتی کردۆتە بەهەشت؟ ئەگەر وا نییە بۆچی ئێمە (نەوەکانی ئەو)، ڕۆحمان پڕ لە شەونمە؟ ئاه بە ڕاستی چیرۆکی مرۆڤ و ئاگر چیرۆکێکی سەیرە. لە کاتی منداڵیماندا، یەکێك لەو مەترسییانەی کە دایك و باوکمان، ئێمەی لێ ئاگادار دەکەنەوە ئاگرە، دەڵێن بڤەیە. نازانن کاتێ گەورە دەبین و شەونمی عەشق دەنیشێتە سەر ڕۆحمان، پڕ دەبین لە دەریای ئاگرین. نازانن ڕۆژێك دێت ئێمە دەبین بە قەقنەس، نازانن ئاگر بۆ قەقنەس جێی مردن نییە، جێی ژیانە. نازانن ئاو بۆ ماسی چۆنە، ئاگریش بۆ قەقنەس ئاوهایە. دایك و باوکمان نازانن ئەو منداڵە بچوکانە ڕۆژێك دێت گەورە دەبن و عەشق دەیانکات بە قەقنەس و ئیتر ئاگر نەك هەر بڤە نابێت بۆیان، بەڵکو بەبێ ئاگر ناتوانن بژین.

# دڵخۆشیی لە کوێیە؟

**کاتێ یار دەتوانێت شارێکی پڕ لە ناس و ئەجناس بکات بە چۆڵەوانییەکی ترسناك، یانی چی؟**

(حافز) دەڵێت: ((مایەی خوشدلی ان جاست کە دلدار.. ان جاست/ می کنم جهد کە خود را مگر ان جا فکنم)). واتە: ((مایەی دڵخۆشیی ئەو شوێنەیە کە یاری لێیە/ هەوڵ دەدەم هەر چۆنێك بێت خۆم بخەمە ئەو شوێنەوە)). لای (عەبدولڕەحمان مونیف)، شار بریتییە لە پەیوەندیی کەسەکان. یانی ئەوەی شارێکمان لا دڵگیر دەکات و شارێکی ترمان لا دزێو دەکات، بەر لەوەی پەیوەندیی بە سروشت و باخ و باخات و خانووبەرە و ڕێگاوبان و دیزاینی شارەکەوە هەبێت، پەیوەندیی بە چۆنێتی هەڵسوکەوتی مرۆڤەکانەوە هەیە لەگەڵ یەکترییدا. (حافز) دەڵێت لە ناو کەسەکانیشدا هەموو شتەکان بۆ یەك کەس دەگەڕێنەوە کە ئەویش یارە. یار لە کوێ بێت، دڵخۆشیی لەوێیە. یار لە کوێ ڕۆیشتبێت، دڵخۆشییش لەوێ ڕۆیشتووە. ئەی ئەوە نییە (نالی)ش دەڵێت: شار، با پڕ لە ناس و ئەجناسیش بێت، بەبێ یار، لای من هیچ کەسێکی تێدا نییە: ((لە کن من با وجودی ناس و ئەجناس/ کەسی تێدا نییە ئەم شارە بێ تۆ)). (نالی)

بەو جۆرە دەیەوێ بڵێ شار بریتییە لە یار. دەیەوێ بڵێ بەبێ یار من چی لە شار بکەم؟ تەنانەت لای (نالی) خەرمەنی گوڵیش بەبێ یار دەبێتە خار: ((لە کن تۆ خار و خەس گوڵزارە بێ من/ لە کن من خەرمەنی گوڵ خارە بێ تۆ)). (شێخ ڕەزا)ش دەڵێت: ((کارێ کە غەم و دەردی فیراقت بە منی کرد/ سەرما بە هەتیو با بە دەواری شڕی ناکا)). باشە، کاتێ یار دەتوانێت شارێکی پڕ لە ناس و ئەجناس بکات بە چۆڵەوانییەکی ترسناک، کاتێ یار دەتوانێت خەرمەنی گوڵ بکات بە خار، کاتێ یار دەتوانێت لە هەتیو خراپتر و لە دەواری شڕی بەر با پەرێشانترمان بکات، یانی چی؟ یانی دڵخۆشیی تەنها لەو جێگەیە دەست دەکەوێت کە یاری لێیە. بەم مانایە دەتوانم بڵێم: ئەگەر بە وردی لە سیمای مرۆڤەکان ورد بیتەوە، دەتوانیت بزانیت کێ بەو جێیە گەیشتووە کە یاری لێیە و کێ نەیتوانیوە بەو جێیە بگات. ئەوەی شوێنەواری دڵخۆشیی لە سیمایدا ون بوو، ئەوە لەبەر هەر هۆیەك بێت، نەیتوانیوە بەو جێیە بگات کە یاری لێیە، بێگومان پێچەوانەکەشی ڕاستە.

## شەوگاری وەسڵ، ڕۆژگاری هیجران

**هەرگیز لە هیواداریی بێهیوا مەبە، چونکە بێهیوایی لەناوت دەبات.**

(حافز) دەڵێت: ((چون سر امد دولت شب های وصل/ بگذرد ایام هجران نیز هم)). واتە: ((وەك چۆن دەوڵەتی شەوگاری وەسڵ تەواو بوو/ ڕۆژگاری هیجرانیش بە هەمانشێوە تەواو دەبێت)). ئەوەی لەم بەیتە شیعرییەدا زۆر سەرنجڕاکێشە، ئەو شیعرییەتەیە کە لە ڕێی بەکارهێنانی شتگەلێکی دژ و پێچەوانەوە، بەرهەم هێنراوە. (حافز) لەم بەیتەدا، شتگەلێکی دژ و پێچەوانە لە تەنیشتی یەکتری و لە بەرامبەری یەکتری دادەنێت و دەیانکات بە ناو یەکترییدا و بەراوردیان دەکات و شیعرییەتیان لێ دروست دەکات. با کەمێك ورد بینەوە: لە نیوەبەیتی یەکەمدا، دەوڵەتێك، گەنجینەیەك، سەروەتێکی گەورەی ڕۆحیی، کە ئەویش وەسڵی یارە، لە ناو شەودایە. یانی ڕوناکییەك، کە وەسڵی یارە، لە ناو تاریکییەکدایە، کە شەوە. واتە لە نیوەبەیتی یەکەمدا ڕوناکیی لە تەنیشتی

تاریکیی دانراوە. یان ڕاستتر، ڕوناکیی لە باوەشی تاریکییدایە. بێگومان شەو تاریکییە و وەسڵیش ڕوناکیی. لە نیوەبەیتی دووەمدا، دەردێك، بەڵایەك، نەهامەتییەکی گەورەی ڕۆحیی، کە ئەویش هیجران و دابڕانە لە یار، لە ناو ڕۆژدایە. یانی لە نیوەبەیتی دووەمدا ڕوناکیی لە تەنیشتی تاریکیی دانراوە. یان ڕاستتر ڕوناکیی لە باوەشی تاریکییدایە. بێگومان ڕۆژ، ڕوناکییە و هیجرانیش تاریکیی. ئەوەیان وەك دوو نیوەبەیتی جیاواز، ئینجا لە نێوانی هەردوو نیوەبەیتەکەدا، گەمەیەکی تر بە شتگەلە پێچەوانە و دژەکان کراوە. لە بەرامبەر نیوەبەیتی یەکەمدا کە تاریکیی و ڕوناکییەکەی (بێهیوایی) لێکەوتۆتەوە: (وەسڵ کۆتایی هاتووە)، نیوەبەیتی دووەم دانراوە، کە ڕوناکیی و تاریکییەکەی (هیوا)ی لێکەوتۆتەوە: (هیجران تەواو دەبێت). لە ڕاستییدا، ئامانجی سەرەکیی (حافز) لەم بەیتەدا مژدەبەخشینی ئەوەیە کە هیجران تەواو دەبێت، بەڵام چونکە ویستویەتی شیعرییەت لە شتگەلە پێچەوانە و دژەکان دروست بکات، سەرەتا باسی تەواوبوونی وەسڵی کردووە، ئینجا مژدەی تەواوبوونی هیجرانی داوە. ئامانجەکە تا ڕادەیەك ڕوونە، (حافز) ویستوویەتی بڵێت: ژیان بێهیوایی و هیواداریيە، هەرگیز لە هیواداریی بێهیوا مەبە، چونکە بێهیوایی لەناوت دەبات. هەرگیز لە هیواداریی بێهیوا مەبە، چونکە دواجار: ((یوسف گمگشته باز اید به کنعان غم مخور/ کلبەی احزان شود روزی گلستان غم مخور)). واتە: ((یوسفی ونبوو دەگەڕێتەوە بۆ کەنعان، خەم مەخۆ/ ڕۆژێك دێت کولبەیی ئەحزان دەبێت بە گوڵستان، خەم مەخۆ)).

## ئارامگرتن و یاقووت و ماراسۆن

**ئەگەر بکرێت هەموو بەردەکانی دنیا دەکەین بە یاقووت، بەڵام ناتوانین ئارام بگرین.**

(حافز) دەڵێت: ((گویند سنگ لعل شود در مقام صبر/ ئاری شود ولیك به خون جگر شود)). واتە: ((دەڵێن لە ئارامگرتندا بەرد دەبێت بە لەعل/ بەڵێ دەبێت، بەڵام بە خوێنی جگەر دەبێت)). سەرەتا دەمەوێت بڵێم: کە (لەعل) بەردێکی گرانبەهای سوورباوە لە شێوەی یاقووت و من لەم وتارەدا، لە بری (لەعل) یاقووت بە کار دەهێنم. پاشان هەوڵ دەدەم بزانم (حافز) دەیەوێت چی بڵێت؟ دوای ئەوەیش بە کورتیی، لە ڕێی ئەوەوە کە (حافز) دەیەوێت بیڵێت، چەند ئاماژەیەك بە تاکی کوردیی و توانای ئەو تاکە لە ئارامگرتندا، دەکەم. (حافز) لەم دێڕەدا هەم باسی گەورەیی ئارامگرتن و هەم باسی سەختی و ناڕەحەتییەکانی ئارامگرتنیش دەکات. دەیەوێت بڵێت ئارامگرتنیش جۆرێکە لە کیمیا و وەکچۆن کیمیا دەتوانێت پەرجوو بخولقێنێت و توخمی مادەکان بگۆڕێت و بۆ نمونە مس بکات بە ئاڵتوون، ئارامگرتنیش دەتوانێت پەرجوو بخولقێنێت و گۆڕانکاریی بە سەر توخمی مادەکاندا بهێنێت و بەرد بگۆڕێت بە یاقووت.

بەڵام ئەم کیمیایە، کیمیای ئارامگرتن، (خوێنی جگەر)ی دەوێت. ئەم کیمیایە بە بێ (خوێنی جگەر)، هیچ سیحر و ئەفسوونێکی نامێنێت. ئایا تاکی کوردیی، حەزی لە یاقووت نییە، یان نازانێت کیمیای ئارامگرتن بە کار بهێنێت؟ پێم وایە تاکی کوردیی، نەك هەر حەزی لە یاقووتە، بگرە ئەگەر بۆی بکرێت، هەموو بەردەکانی دنیا دەکات بە یاقووت. بەڵام کێشەکەی ئەوەیە ناتوانێت ئارام بگرێت. ئامادە نییە ئەو کارە بە (خوێنی جگەر) بکات. تاکی کوردیی، بە شێوەیەکی گشتیی، تاکێکی پەلەپەلکەر و شپرزە و بێئارامە. تاکێکە (لەو هەڵۆیە دەچێت کە بەر لە دەرکردنی باڵ، هەوڵی فڕین دەدات)، ئەو دەستەواژەیەی نێو کەوانەکەم لە شیعرێکی (شێرکۆ بێکەس) هەڵهێنجاوە. ئێستا دەمەوێت بپرسم: بۆچی لای ئێمەی کورد، لە ناو یارییە وەرزشییەکاندا، یاریی ماراسۆن، کەمترین بایەخی پێدەدرێت؟ پێم وایە لەبەر ئەوەیە کە تاکی کوردیی، ڕۆحی ماراسۆنی کەمە. ماراسۆن پێویستی بە ڕۆحێکی پشوودرێژە. یاریزانی سەرکەوتوو لە ماراسۆندا، پەلەی نییە، لە سەرخۆ ڕادەکات، وەلێ تاکو کۆتایی یارییەکە ڕادەکات. بەڵام تاکی کوردیی، تاکێکی پشووکورتە، بەردەوام پەلەیەتی، لە پێشی خەڵکەوە ڕادەکات، بەڵام تاکو کۆتایی یارییەکە ڕاناکات. تاکی کوردیی، وەکچۆن خێرا ڕادەکات، هەر ئاوهایش خێرا پەکی دەکەوێت.

## كە عەشق هات

**عەشق ژیانی مرۆڤ هەڵدەتەکێنێت و بە جۆرێکی تری دادەڕێژێتەوە.**

(مەولانا) دەڵێت: ((گفتم ای عشق من از چیز دگر می ترسم/ گفت ان چیز دگر نیست دگر هیچ مگو)). واتە: ((وتم ئەی عەشق من لە شتێکی تر دەترسم/ وتی ئەو شتەی تر، ئیتر نییە، هیچ مەڵێ)). (مەولانا) دەیەوێت بڵێت: ئەی مرۆڤ ئەوەی لێی دەترسای بەر لە هاتنی عەشق بوو، کە عەشق هات، شتێك نامنێنێت بە ناوی ترس. مرۆڤ، کە دەترسێت لەبەر ئەوەیە نە گەیشتووە بە شتێك کە پێی دەڵێن عەشق. ئەوەی دابڕان لە ژیانی هەر مرۆڤێکدا درووست دەکات، عەشقە. وەکچۆن مێژووی پێش زاینی و پاش زاینی هەیە، وەکچۆن مێژووی پێش ١١ی سێبتەمبەر و پاش ١١ی سێبتەمبەر هەیە، وەکچۆن مێژووی پێش کۆماری کوردستان و پاش کۆماری کوردستان هەیە، وەکچۆن مێژووی پێش ڕاپەڕین و پاش ڕاپەڕین هەیە، وەکچۆن مێژووی پێش داستانی کۆبانی و پاش داستانی کۆبانی هەیە، بە هەمان شێوە، بۆ هەر مرۆڤێکیش، مێژووی پێش عاشقبوون و پاش عاشقبوون هەیە. ترس یەکێکە لەو هەستانەی کە بەر لە مێژووی

عاشقبوون دەتوانێت مرۆڤ کۆت بکات، بەڵام کاتێ عەشق دێت، ئیدی مرۆڤ کۆتی ترس دەشکێنێت. (کریستین بوین) دەڵێت: ((مرۆڤ کاتێك کەسێکی خۆش دەوێت، ئیتر تا کۆتایی تەمەنی و بە بەردەوامی شتێك بۆ وتن، یان بۆ نووسین، دەربارەی ئەو کەسە، یان بۆ ئەو کەسە، پەیدا دەکات)). واتە ئەوە کە مرۆڤ شتێکی نییە بۆ وتن، یان بۆ نووسین، هی سەردەمی پێش عاشقبوونە. کە عەشق هات، ئیدی مرۆڤ دەتوانێت بە بەردەوامی قسە بکات و بنوسێت و هەست بە زیندوێتی خۆی بکات. کە عەشق هات، ئیتر ترس دەبێت بە ڕابردوو، دەبێت بە ئەفسانە. ئەی ئەوە نییە عەشق خۆی، بە زمانێکی پاراو بە (مەولانا) دەڵێت: نا ئیتر مادام من هاتووم شتێك نەماوە ناوی ترس بێت. ئیتر تۆ لە هیچ شتێك ناترسیت. دەمەوێت بڵێم: عەشق ژیانی مرۆڤ هەڵدەتەکێنێت و بە جۆرێکی تری دادەڕێژێتەوە. لە دارشتنەوەی دوای عەشقدا، ژیانی مرۆڤ، ژیانێکی پڕ لە قسە و پڕ لە نووسینە، ژیانێکە ئیتر هیچ شتێکی تێدا نەماوە، مرۆڤ لێی بترسێت، هەر ترس خۆی بوونی نەماوە.

## لە نێوانی ڕۆح و جەستەدا

**جەستە جگە لە ڕووبەرێك بۆ دەرکەوتنەکانی ڕۆح، شتێکی تر نییە.**

لە نێوانی ڕۆح و جەستەدا پارادۆکسێکی سەیر هەیە، بەڵام پارادۆکسێکی ڕووکارانەیە، لە قوڵاییدا وا نییە. ڕۆح (ڕاستی)یەکە، بە شێوەی تەقلیدیی، ناتوانین هیچ بەرکەوتنێکمان لەگەڵی هەبێت. کەچی جەستە (وەهم)ێکە دەتوانین هەموو جۆرە بەرکەوتنێکمان لە گەڵی هەبێت. ئەم پارادۆکسە بۆچی ڕووکارانەیە؟ چونکە لە ڕاستییدا، جەستە جگە لە ڕووبەرێك بۆ دەرکەوتنەکانی ڕۆح، شتێکی تر نییە. مرۆڤ زۆرینەی هەرە زۆری ئەو کارانەی ئەنجامیان دەدات، بە ڕۆح ئەنجامیان دەدات. جگە لەوەی هیچ کارێکی گەورە نییە ڕۆحێکی گەورەی لە پشتەوە نەبێت، لە هەندێ کاری سادەی ڕۆژانەیشدا ڕۆح یاریکەری یەکەم و جەستە یاریکەری دووەمە. ڕەنگە بتوانم بڵێم: مرۆڤ بە ڕۆح نان دەخوات، بە ڕۆح، قسە دەکات، بە ڕۆح دەخەوێت. یان ڕاستتر: ئەوە ڕۆحە کە هاوسەنگی ئەو شتانە ڕادەگرێت. مرۆڤێك کە خاوەنی ڕۆحێکی پەرێشانە، یان نان ناخوات، یان تێر نابێت. یان قسە ناکات، یان قسەکانی

تـەواو نـابن. یـان خـەوی لێناکـەوێت، یـان بـە ئاسـانی بـە ئاگـا نایەتـەوە. جارێکیـان لـە ماڵپەڕێکدا کـە بایـەخ بـە مەسـەلە دەروونـی و سێکسـییەکان دەدات، کەسێك ئەم پرسیارەی کردبوو: ((هاوسەرەکەم تا دڵ حەز بکات جـوان و نـازدارە، دەموچـاو و جەسـتە و لەشـولارێکی زۆر جـوانی هەیـە، کەچی نـازانم بۆچی لـە کـاتی سێکسکردندا چێژی گـەورەی لـێ نابینم؟))، من حەقم بە سەر وەڵامی ماڵپەڕەکەوە نییە، بەڵام وەکو خۆم، کێشـەی ئـەو کەسـە بـە کێشـەیەکی ڕۆحیـی دەزانـم. ئـەو دوو هاوسـەرە بـە جەسـتە سێکس دەکـەن، بـە ڕۆح نایکـەن. لـە ڕاستییشـدا سێکس بـە ڕۆح دەکرێـــت. ئـــەوەی بـــە جەســـتە ســـێکس دەکـــات زیـــاتر خـــەریکی خۆبەتاڵکردنەوەیـە. وەلـێ ئـەوەی بـە ڕۆح سـێکس دەکـات خـەریکی هەڵکشـانە بـەرە و دوا لوتکـەکانی چێژبینین. بێگومـان لـە سێکسـکردن بـە ڕۆح مەبەسـتم ئـەوە نییـە جەسـتەی تێدا بـە کار نەیـەت. مەبەسـتم ئەوەیە ڕۆح جەسـتە بجوڵێنێت. هاوسـەرەکان با لـە جوانترین مرۆڤـەکانی دنیایش بن، کە بەر لە جەستە، ڕۆحی یەك لە باوەش نەگرن، ناتوانن چێژی گـەورە ببیـنـن. کـە ڕۆح مـرد، مرۆڤـەکان ئەگـەر لـە یـەك ماڵیشـدا بـژین نـاتوانن یەکتری لە باوەش بکەن، وەلێ کە ڕۆح زیندوو بوو، ئەگەر هـەر یەکە لە کیشوەرێکیش بن، دەتوانن هەست بکەن هەمیشە لە ئامێزی یەکتریدان.

## ڕۆح وەك بەشێكی خوایی لە جەستەدا

**جیاوازیی نێوان جەستە و ڕۆح بە ڕادەیەك گەورەیە، خواش ئامادە نییە لە بارەی دووەمیانەوە، هیچ شتێك بۆ مرۆڤەكان ڕوون بكاتەوە.**

ئەوە كە مرۆڤ پێی وایە یەك جار دەمرێت، وەهمێكی گەورەیە. زۆرینەی مرۆڤەكان زیاتر لە جارێك دەمرن. ئەوە جەستەیە كە یەك جار دەمرێت. ڕۆح زۆر جار دەمرێت و زیندوو دەبێتەوە. هەر تێكشكانێكی گەورەی ڕۆحیی جۆرێكە لە مردن، كەم مرۆڤیش هەیە چەند جارێك ئەو جۆرە لە مردن نەبینێت. كارەساتی مردنە ڕۆحییەكان، جگە لەوەی ئەگەری هەیە زیاتر لە جارێك ڕوو بدات، ئەوەیە خودی مردووەكە هەستی پێدەكات و دەیبینێت و تیایدا دەژی. مردنەكەی تر كە مردنی جەستەیە، جگە لەوەی تەنها یەك جار ڕوو دەدات، لە لایەن خودی مردووەكەیشەوە نابینرێت. ئەویان لە چركەساتێكدا ڕوو دەدات و كۆتایی بە هەموو شتێك دەهێنێت. ئەوە بۆ مردن، بۆ ژیانیش، ئەوەی جەوهەریی و ڕاستەقینەیە زیاتر پەیوەندیی بە ڕۆحەوە هەیە. ئەوەی پەیوەندیی بە جەستەوە هەیە زۆرتر شتێكی ڕووكاریی و ڕۆتینییە. تەنانەت جیاوازیی نێوان جەستە و

ڕۆح بە ڕادەیەك گەورەیە، کە خواش ئامادە نییە لە بارەی دووەمیانەوە، هیچ شتێك بۆ مرۆڤەکان ڕوون بکاتەوە. ((لە بارەی ڕۆحەوە پرسیارت لێ دەکەن، پێیان بڵێ: ئەوە پەیوەندیی بە خواوە هەیە)). بەو مانایە ڕۆح بەشێکی خواییە لە جەستەی مرۆڤدا. ڕۆژانە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا و بە تایبەتیش لە بواری پزیشکییدا داهێنانی جۆراوجۆر دەکرێت و کەچی مرۆڤەکانیش هەر سەرگەردانن. ئاخر ئەوەی دەکرێت زیاتر بۆ جەستەیە. لە دنیای پێشکەوتووی ئەمڕۆدا بەشە خواییەکەی ناو مرۆڤ کە ڕۆحێتی، فەرامۆش کراوە. وەك جارێکیان (غادە ئەلسەمان) نوسیبووی: ((مرۆڤ توانی بچێتە سەر مانگ، بەڵام نەیتوانی بچێتەوە لای ڕۆحی خۆی)). مرۆڤ سەیرە، مردنە ڕاستەقینەکانی ڕۆحیین، کەچی پرسە بۆ مردنە جەستییەکان دادەنێت. برینە ڕاستەقینەکانی ڕۆحیین و بە دوای دەرمانەکانی جەستەدا وێڵە.ماڵوێرانیی مرۆڤ ئەو کاتە دەستی پێکرد کە پشتی لە ڕۆح و لە مەسەلە ڕۆحییەکان کرد و ڕووی بەرەو جەستە و مەسەلە جەستەییەکان وەرگێڕا. بێگومان مەبەستم نییە لە جوانییەکانی جەستە کەم بکەمەوە، بەڵکو دەمەوێت بڵێم: پێویستە هەوڵ بدەین لە ڕێی جوانییەکانی ڕۆحەوە، جوانییە جەستەییەکان بدەرەوشێنینەوە. وابزانم لە نێوانی ئەو دوو حاڵەتەیشدا جیاوازییەکی گەورە هەیە. پێم وایە پێویست بێت مرۆڤ لە ڕێی بەشە خواییەکەیەوە، بەشە مرۆییەکەی بەرەو ئاستێکی باڵاتر ببات.

## لە ناو هەر مرۆڤێکدا، مرۆڤێکی تر هەیە

**ئەگەر هەمووما‌ن تەنها ڕواڵەتی مرۆڤەکانمان ببینیایە، سۆز و تاسەی هەموویشمان بۆیان وەکو یەك دەبوو.**

لە ناو هەر مرۆڤێکدا مرۆڤێکی تر هەیە کە هەمووان ناتوانن بیبینن. هەندێ جار هەردوو مرۆڤەکە، لە یەکتری دەچن، بەڵام زۆر جار، نا. جار هەیە مرۆڤێك کە دەیبینی زۆر گرژ و مۆنە، بەڵام مەرج نییە مرۆڤەکەی ناوی بە هەمان شێوە بێت. ڕەنگە لەبەر ئەم هۆیە بێت کە هەندێ نوکتە و قسەی خۆش لە هەندێ خەڵك دەبیستین، ناتوانین بڕوا بکەین نوکتە و قسەی ئەو کەسە بن. هەیە خۆی چۆتە ساڵەوە، بەڵام مرۆڤەکەی ناوی منداڵە. دەشێت ئەوە کە هەندێ جار خەڵکی بەتەمەن کاری منداڵانە دەکەن، پەیوەندیی بەو حاڵەتەوە هەبێت. بێگومان ئەمە پێچەوانەکەیشی ڕاستە: هەن خۆیان منداڵ و مرۆڤەکەی ناویان گەورەیە. ئەم هەبوونی دوو مرۆڤە لە ناو یەکدا، زیاتر لە کاتی خۆشەویستییدا دەردەکەوێت. ئەوە چاوی خۆشەویستییە کە بە ڕاستی دەتوانێت مرۆڤەکانی ناوەوە ببینێت. دەکرێت لە خۆمان بپرسین: بۆچی هیچ منداڵێك دایك و باوکی خۆی لا

ناشیرین نییە؟ چونکە ئەو بە چاوی خۆشەویستیی مرۆڤێك لە ناو ئەواندا دەبینێت کە ئێمە ناتوانین بیبینین. لە هەموو ئەوانە گرنگتر: بۆچی وەك (ڕۆمەن ڕۆلآن) دەڵێت: (ئەو کەسەی کە خۆشمان دەوێت حەوت ملیار مرۆڤ بەبێ ئەو دەژین، بەڵام ئێمە ناتوانین بەبێ ئەو بژین)؟. بۆچی کەسێك لای زۆربەی زۆری خەڵك، کەسێکی ئاساییە و لەگەڵ زۆرینەی هەرە زۆری خەڵکدا هیچ جیاوازییەکی نییە، کەچی هەمان ئەو کەسە، بۆ کەسێکی تر هەزاران هەزارجار لە سەرووی ئاسایی و لەودیوی جوانیی و تاقانەییەوەیە؟ وەڵامەکە ڕوونە، چونکە ئەو کەسە بە چاوی خۆشەویستیی، کە نەك چاوێکی کوێر نییە، بگرە بیناترین چاوە، کەسێکی لە ناودا دەبینێت، کە هیچ کەسێکی تر نایبینێت. ڕەنگە بە دەگمەن عاشقێك هەبێت خۆزگەی ئەوەی نەخواستبێت، ئەگەر بۆ یەك جاریش بێت، لە چاوی ئەوەوە مەعشوقەکەی ببینن. هۆکاری ئەمەیش دیسان هەر بۆ ئەو ڕاستییە دەگەڕێتەوە، کە لە ناو هەر مرۆڤێکدا مرۆڤێکی تر هەیە، تەنها و تەنها چاوی یەك کەس دەیبینێت. یان ڕاستتر تەنها لە چاوی یەك کەسەوە دەتوانرێت ببینرێت. دەمەوێت بڵێم: ئەگەر هەموومان تەنها ڕواڵەتی مرۆڤەکانمان ببینیایە، سۆز و تاسەی هەموویشمان بۆیان وەکو یەك دەبوو، کە وانین، هی ئەوەیە وەك یەك مرۆڤەکان نابینین.

## یار و وێنە جوانەکانی

**غەمگینترین دڵدار ئەو دڵدارەیە کە یار هەم جێی هێشتووە و هەم وێنە جوانەکانی خۆی لە ناو ئەودا کوشتووە.**

کوشندەترین جۆری بێهیواکردن ئەوەیە کە یار هەر بەوەندە ڕازی نابێت جێمان بهێڵێت، هەوڵ دەدات وێنە جوانەکانی خۆیشی لە ناو ئێمەدا بکوژێت. خۆی دەڕوات و نایشهێڵێت وێنە جوانەکانی لە ناوماندا بە زیندوویی بمێننەوە. لەو حاڵاتانەدا ئێمە دووجار دەکوژرێین. کوشتنی یەکەم ئەوەیە کە خوێنی خۆمانی تێدا دەڕژێت. کوشتنی دووەمیش ئەوەیە کە خوێنی وێنە جوانەکانی یاری تێدا دەڕژێت. ڕاستە لێرەدا کوشتنەکان بە شێوەی ڕەمزیی ڕوو دەدەن، بەڵام بە ڕاستەقینەیی مرۆڤ وێران دەکەن. لەو کاتانەدا ئێمە، هەم لە یار بێبەش دەبین و هەم لە وێنە جوانەکانی. غەمگینترین دڵدار ئەو دڵدارەیە کە یار هەم جێی هێشتووە و هەم وێنە جوانەکانی خۆی لە ناو ئەودا کوشتووە. پڕ ئازارترین چیرۆکی دڵداریی، چیرۆکی ئەو دڵدارەیە کە هەم لە ناو واقیع و هەم لە ناو یادەوەرییە جوان و شیرینەکانی خۆیدا بێهیوا کراوە. چونکە یار، هەم ڕێی

ئەوەی لێ گرتووە بەرەو ئامێزی ئەو بڕوات و هەم ڕێی ئەوەیشی لێ گرتووە بۆ ناو یادەوەرییە جوان و شیرینەکانی خۆی بگەڕێتەوە. سەیرە (هەندێجار) مرۆڤ ناتوانێت بڕوا بکات (هەندێ لە دڵدارەکان) چۆن بەو ڕادەیە لەگەڵ یەکتری دڵڕەق دەبن؟ ئەو دڵدار و دڵبەرانەی ڕۆژانێك لە پێناوی یەکتریدا ئامادەی ڕووبەڕووبوونەوەی هەموو جۆرە مەترسییەك دەبن، چۆن دواتر دەتوانن بەو ڕادەیە یەکتری ئازار بدەن؟ دوور نییە لە قوڵاییدا، ئەم حاڵەتانە، بە شێوەیەك لە شێوەکان، پەیوەندییان بە چیرۆکەکانی دروستبوونی دنیاوە هەبێت. مەبەستم چیرۆکەکانی ناو تەوراتە، کە هەندێکیان پێش تەورات لە ناو ئەفسانەکاندا بوونیان هەبووە و دوای تەورات بۆ ناو ئایینەکانی دیکەش پەڕیونەتەوە. زیاتریش مەبەستم هەردوو چیرۆکی ئادەم و حەوا و هابیل و قابیلە کە دیارە چیرۆکی یەکەم چیرۆکی دروستبوونی مرۆڤ و سەرکێشیی و دەستبردنە بۆ حەرام و چیرۆکی دووەمیش چیرۆکی کوشتنە. دەتوانین هەم ئەو چیرۆکانە وا بخوێنینەوە کە هاتوون پێمان بڵێن: مرۆڤ دەتوانێت سەرکێشیی جوانیش بکات و خوێنیش بڕێژێت، هەم ئەوەی مرۆڤەکانیش دەیکەن بەو جۆرەی بخوێنینەوە کە بە شێوەیەکی ناخودئاگا هەوڵی دووبارەکردنەوەی ئەو چیرۆکانە دەدەن. دواجار دەمەوێت بڵێم: خۆزگە مرۆڤ دەیتوانی خۆی لە چیرۆکە خراپەکان داببڕێت.

## بۆچی بیری سەرەتاکان دەکەین؟

**زۆر جار سەرەتا خۆشەکان کاتی گڕگرتنی خەون و خەیاڵە شیرینەکانمان، شوێنی سەرکێشییە دڵبزوێنەکانمان، بۆیە هەمیشە بەشێك لە ئێمە لەو سەرەتایانەدا جێ دەمێنێت.**

جارێکیان هاوڕێیەك، لە ئەکاونتی تایبەتی خۆی، لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوك، پرسیارێکی زۆر کورت، بەڵام زۆر گرنگی وورووژاندبوو. ئەو هاوڕێیە پرسیبووی: ((بۆچی بیری سەرەتاکان دەکەین؟)). بێگومان ئەو هاوڕێیە پرسیارەکەی بە شێوەیەکی گشتیی کردبوو، بەڵام بۆ من گرنگ و جێی بایەخپێدان بوو. بۆیە لە کاتی خۆیدا، بڕێك سەرنج و تێبینیم بۆ ئەو هاوڕێیەم نوسی. وەلێ هەر ئەو کاتە هەستم کرد ئەو سەرنج و تێبینییانەی نوسیوومە کەمە و دەکرێت لە دەرفەتێکی تردا، سەرنج و تێبینی زیاتر لە سەر ئەو بابەتە بنوسم. ئێستا دەمەوێت، لەم وتارەدا، جێی ئەو سەرنج و تێبینییانە بکەمەوە. بە بڕوای من، ئەوە کە مرۆڤ هەمیشە، یان زۆر جار، بیری سەرەتاکان دەکات، زیاتر لە هۆکارێکی هەیە. هۆکارەکانیش لە مرۆڤێکەوە بۆ مرۆڤێکی تر و لە حاڵەتێکیشەوە بۆ حاڵەتێکی تر، گۆڕانیان بە سەردا دێت. ڕەنگە خاڵی

هاوبەش لە نێوانی زۆرینەی مرۆڤەکان و زۆرینەی حاڵەتەکانیشدا، جۆری کۆتاییـەکان بێـت، کـە بـە داخـەوە، زۆربـەی هـەرە زۆری جارەکـان، کۆتاییـەکان بـاش نـین. بۆیـە مـرۆڤ بیـری سـەرەتاکان دەکـات. ڕەنگـە لـە دۆخێکدا، ئەگەر کۆتاییەکان باش بن و بە دڵی ئێمە بن، دڵمان نەیەت بە کۆتاییان بزانین. کە بە کۆتاییشمان نەزانین، بیرکردنی سەرەتا کەمتر ڕوو دەدات، کە ڕوویش دەدات زۆر کاریگەر نابێت. بەڵام بە پێچەوانەوە، کاتێ شتەکان بە دڵی ئێمە نابن، زۆر ئاسان، دەتوانین ناوی کۆتاییان لێ بنێین، بێگومـان کـە نـاوی کۆتاییمـان لێنـان و بەدڵیشـمان نـەبوون، هـەوڵ دەدەین لێیان هەڵبێین. لە کاتی هەڵهاتنیشدا لە کۆتاییە ناخۆشەکان، دڵنشینترین پەناگـە، سـەرەتا خۆشـەکانە. زۆرجـار، سـەرەتا خۆشـەکان کـاتی گرگرتنـی خـەون و خەیاڵـە شـیرینەکانمانن، شـوێنی سەرکێشـییە دڵبزوێنـەکانمانن، بۆیە هەمیشە بەشێك لە ئێمە لەو سەرەتایانەدا جێ دەمێنێت. هەر یەکێك لـە ئێمـە، لـە بەرامبـەر ئـەو بەشـە جێماوەمانـدا، لـە دایکێـك دەچـین کـە پارچـەیەك لـە جگـەری، لـە جێیـەك، جێمابێـت. ئـاخۆ دایکێـك هەیـە، پارچـەیەك لـە جگـەری، لـە جێیـەك جێمابێـت و بیـری ئـەو جێیـە نـەکات؟ بێگومـان نییـە. ئێسـتا دەمـەوێت کـورت و پوخـت بڵـێم: بیرکردنـی سـەرەتاکان، لـە ژیـانی زۆربەمانـدا ڕوو دەدات و چـەند پەیوەندیشـی بـە خـودی سـەرتاکانەوە هەیـە، دوو ئەوەنـدە پەیوەنـدیی بـە جـۆری کۆتاییەکانەوە هەیە.

# کوشتنی حەز

**بۆ هاوڕێم: ڕزگار نوری حەیدەر**

**لە کوردستاندا، کۆمەڵگا و داب و نەریت و بەشێك لە یاسا و ڕێساکانیش، ئەو مافە بە مرۆڤ نابەخشن کە بتوانێت بەو شێوەیە بژی و بخوات و بپۆشێت و هەڵسوکەوت بکات، کە خۆی دەیەوێت.**

لە سەردەمی هەرزەکاریمدا، هاوڕێیەکم هەبوو، زۆر دڵخۆشی دەکردم کە شتێکم دەووت و دەیووت (بە کەیفی تۆ). گرنگ ئەوە نەبوو ئەو شتەی دەمووت گەورە بوو یان بچوك؟ گرنگ وەڵامی هاوڕێکەم بوو. بیرم نییە بەر لە ناسینی ئەو هاوڕێیەم، کەس ڕێزی لە حەز و کەیفی من گرتبێت. بیرم نییە بەر لەو هاوڕێیەم، کەس، بۆ هیچ شتێك، بە منی وتبێت: (بە کەیفی تۆ). لەبەر ئەوە بەو دەستەواژەیە شاگەشکە دەبووم. دواتر و دوای ساڵانێکی زۆر لە تێپەڕینی سەردەمی هەرزەکاریم، هاوڕێیەکی ترم هەبوو، زۆر بە تامەزرۆییەوە باسی حەزی دەکرد، تەنانەت جارێکیان وتی: ((من حەزم لە وشەی حەزە)). ئەو ڕستە کورتە، بەس بوو بۆ ئەوەی بزانم ئەو هاوڕێیەم چەندان حەز لە دڵیدا کوژراوە. دوای بیستنی ئەو ڕستەیە، زۆر ئاسان دەمتوانی، لە ناو خەیاڵەکانی خۆمدا، هاوڕێکەم، وەك (گۆڕستانی

حەزە کوژراوەکان)، وێنا بکەم. ئاخر ئەویش وەك من، لە وڵاتێکدا گەورە بووبوو، بێگومان مەبەستم کوردستانە، کە بە ڕاستی وڵاتی (کوشتنی حەزەکان) بوو. لە کوردستاندا، کۆمەڵگا و داب و نەریت و بەشێك لە یاسا و ڕێساکانیش، ئەو مافە سادە و سەرەتاییە بە مرۆڤ نابەخشن کە بتوانێت بەو شێوەیە بژی و بخوات و بپۆشێت و هەڵسوکەوت بکات، کە خۆی دەیەوێت و بڕوای پێی هەیە و حەزی لێیەتی. بە داخەوە، کۆمەڵگای کوردیی، کۆمەڵگای سڕینەوەی تایبەتمەندییەکانی تاك و دروستکردنی لێکچوون و کوشتنی جیاوازییەکانە. کۆمەڵگایەکە، تیایدا گەورەکان هەوڵ دەدەن هەمووان بە ڕەنگی خۆیان ڕەنگ بکەن. لەو کۆمەڵگایەدا، لێدانی تاك و حەزە تایبەتییەکانی، وەك کارێکی ڕۆژانەی فرەڕەنگ و فرەڕێگا و فرەلایەنی لێ هاتووە. لە چەندین ئاستی جیاجیادا تاکەکان و حەزە تایبەتییەکانیان خەفە دەکرێن. لەو کۆمەڵگایەدا: مرۆڤ لە سەرەتاکانی تەمەنییەوە دەکەوێتە بەردەمی (مەکینەی هاڕینی حەزەکان)، کە زۆر دڵڕەقانە بە گەڕ دەخرێت. پرسیاری گرنگ ئەوەیە: بۆچی لای ئێمە، ڕێز لە حەزەکانی مرۆڤ ناگیرێت؟ ڕەنگە هەزاران هۆکار هەبن، بەڵام پێم وایە هۆکاری هەرە سەرەکیی، ئەوەیە کە لای ئێمە ڕێز لە خودی مرۆڤ ناگیرێت. بۆ ئەوەی ڕێز بۆ حەز و خەون و بەرهەمەکانی مرۆڤ بگێڕینەوە، سەرەتا دەبێت ڕێز بۆ خودی مرۆڤ بگێڕینەوە.

## باوکه خێرا لێ مەخوڕە، ئێمە چاوەڕوانی تۆین

**نابێت هیچ کەسێك ڕێ بە خۆی بدات ببێتە هۆکاری تێکدانی چاوەڕوانییە جوانەکان.**

منداڵێکی قشتیلانەی تەمەن شەش ساڵانە، دانیشتووە تەماشای درامای (وێستگەی تەکسی) دەکات، کە درامایەکی (کات بەفیرۆدەری) تورکییە و بە کوردیی دۆبلاژ کراوە. لە دراماکەدا و لە کامێرایەکی شاراوەدا، یەکێك لە پاڵەوانەکان کە ناوی (سینان)ە دەکوژرێت. منداڵەکە دەست دەکات بە گریان. دوای کەمێك (سینان) هەڵدەستێتەوە، منداڵەکە هەر دەگری. خاڵی منداڵەکە، بە هێمنی لێی دەپرسێت: خۆ (سینان) نەمرد، ئەوەتا هەستاوەتەوە، بۆ دەگریت؟ منداڵەکە بە دڵی پڕ لە قووڵپ و بە قورگی پڕ هەنسك و بە چاوی پڕ فرمێسکەوە، دەڵێت: ئاخر ئێمە بە باوکم دەڵێین (سینان). دەمەوێت بڵێم: ئەگەر خۆشەویستیی گەورەی دایك و باوك، بۆ منداڵ، بەو جۆرە نەبوایە کە هەیە، توخمی مرۆڤ زۆر دەمێك بوو کۆتایی پێهاتبوو. دایك و باوك، لە هەر ئازار و ڕەنجکێشان و نەهامەتییەکدابن، ئەوەی کە هەرگیز لە بیر و خەیاڵیان جیا نابێتەوە، منداڵەکانیانە. زۆر جار، دایك و باوك، وەك پێویست نازانن ئەو هەستە

گەرمەی ئەوان بۆ منداڵەکانیان هەیانە، منداڵەکانیشیان بۆ ئەوانیان هەیە. بەڵام منداڵەکان نازانن چۆن دەری ببڕن. چیرۆکی ئەو منداڵە و گریانەکەی بۆ (سینان) کە تەنها ناوێك بە باوکی ئەوەوەی دەبەستێتەوە، پێمان دەڵێت: منداڵان، زۆر لەوەی گەورەکان بیری لێ دەکەنەوە، زیاتر دایك و باوکی خۆیانیان خۆش دەوێت. لە بەر ئەوە پێویستە دایك و باوکەکان، ئەگەر لە بەر خۆیان و لە بەر ژیانی خۆیان، یەك جار ئاگاداریی خۆیان بکەن، لە بەر منداڵەکانیان سەدان و هەزاران جار ئاگایان لە خۆیان بێت. جاران لە ناو زۆرێك لە ماشێنەکاندا تابلۆیەك لە بەردەمی شۆفێرەکاندا هەڵدەواسرا، کە لێی نوسرابوو: ((باوکە خێرا لێ مەخوڕە، ئێمە چاوەڕوانی تۆین)). دەمەوێت لێرەوە، بە شێوەیەکی مەجازیی، دایکایەتی و باوکایەتی، بە جۆرێك لە شۆفێریی بچوێنم، کە نابێت ئەو شۆفێرەی پێی دەووترێت دایك، یان باوك، هەرگیز بێدەربەستانە پێ بە بەنزیندا بنێت، بەڵکو پێویستە هەمیشە لە بیری بێت: هەم منداڵەکانی خۆی و هەم منداڵی ئەو خەڵکەیش کە لە سەر جادە و شەقامەکانن، چاوەڕێی گەڕانەوەی دایك و باوکیانن. بۆیە دەبێت ئاگای لە خۆی و لەو خەڵکەیش بێت. نابێت هیچ کەسێك ڕێ بە خۆی بدات ببێتە هۆکاری تێکدانی چاوەڕوانییە جوانەکان.

## (كفری حیكمەت) و شارستە لە نووسیندا

**ئەگەر، وەك ئەوەی زۆرجار گوێم لە دایكم بووە فڕێدانی نان (كفری نیعمەت) بێت، ئەوا فڕێدانی قسە (كفری حیكمەت)ە.**

ئاخۆ ئەوە یانی چی كە دەڵێن: ((قسە هەزارە، بەڵام دووانی بەكارە))؟ پێم وایە لە ژیانی هەموومان‌دا ئەوە ڕوویداوە كە لەگەڵ كەسێكدا، یان تەنانەت لەگەڵ زیاتر لە كەسێكدا، دەیان و سەدان قسەمان كردووە، بەڵام دواجار ئەوەی لە بیرمان نەچۆتەوە قسەیەك، یان چەند قسەیەكی كەم بووە. قسەی بەكار ئەوانەن. بێگومان زۆر جار ئەوەیش ڕوویداوە دوای خوێندنەوەی كتێبێك، یان تەماشاكردنی فیلمێك، ئەوەی لە بیرمان ماوە، دیسان قسەیەك، یان چەند قسەیەك بووە. ئەمەش هەمان حاڵەتە. ئەمە واتە مرۆڤ بوونەوەرێكی (بەفیڕۆدەر)ە، زۆر شت بە فیڕۆ دەدات. كات، پارە، خواردن، ئاو، ئاگر، هەروەها زۆر شتی تر. بەڵام ڕەنگە هیچ شتێك لەوانەی بە فیڕۆیان دەدات، بە ئەندازەی قسە، زۆر و بێشومار نەبێت. مرۆڤ ڕۆژانە دەیان و سەدان قسە فڕێ دەدات. لێرەوە دەمەوێت بڵێم: ئەگەر وەك ئەوەی زۆرجار گوێم لە دایكم بووە، فڕێدانی

نان، (کفری نیعمەت) بێت، ئەوا فڕێدانی قسە (کفری حیکمەت)ە. ڕەنگە بە شێوەیەکی گشتیی، لە دنیادا، کەم میللەت هەبێت، بە قەد میللەتی کورد (کفری حیکمەت) بکات. هەروەها ڕەنگە لە دنیادا، کەم نوسەر هەبێت بە قەد نوسەری کورد، ئەو کفرە بکات. زۆرێك لە نوسەرەکانی ئێمە، ئەگەر نەیشتوانین بڵێین سەرلەبەری ئەوەی دەینوسن (کفری حیکمەت)ە، دەتوانین بڵێین زۆربەی هەرە زۆری ئەوەی دەینوسن (کفری حیکمەت)ە. ئێستا دەمەوێت، سەرەتا، بگەڕێمەوە لای وتەکەی دەستپێکی ئەم نووسینە: ((قسە هەزارە، بەڵام دووانی بەکارە))، پاشان، بڵێم: لای زۆرێك لە نوسەرانی ئێمە، نەك لە ناو هەزار قسەدا، دوو قسەی بەکار، بگرە لە ناو هەزاران هەزار قسەدا، یەك قسەی بەکاریش نابینیت. دواجار، ئەگەر بکرێت قسە بەکارەکان لە نووسیندا، بە شارستە ناو ببەین، ئەوا نوسەرە گەورەکان زیاتر ئەوانەن کە خاوەنی زۆرترین شارستەن. کاریگەریی گەورەی نووسینیش زیاتر لە شارستەکانەوە پەیدا دەبێت. هەروەها مانەوە و مردنی نووسینیش، تا ڕادەیەکی زۆر، پەیوەندیی بە هەبوون و نەبوونی شارستەکانەوە هەیە. دەقێك کە خاوەنی شارستەیە، ئەگەری مانەوەی زۆرتر و دەقێکیش کە خاڵییە لە شارستە، ئەگەری مردنی زۆرترە. جا بۆ ئەوەی دەقێك بەرهەم بێنین کە خاوەنی شارستە بێت و ئەگەری مانەوەی زۆرتر بێت، پێویستە لە (کفری حیکمەت) دوور بکەوینەوە.

## له بێدەنگیی ترسناكتر

**له بێدەنگیی ترسناكتر وەڵامنەدانەوەی دەنگ و بانگ و هاوارەكانە.**

لەو ماوانەی ڕابردوودا، كەناڵی ئاسمانیی (ئێن ئار تی) دیدارێكی لەگەڵ دوو ڕزگاربووی (دەریای ئیجە)دا بڵاو كردەوە، كە لە مردنێكی حەتمی گەڕابوونەوە. ئەو دوو ڕزگاربووە، كە دایك و كوڕێك بوون، لە پاڵ چیرۆكە جەرگبڕەكەی خۆیاندا، چیرۆكی گەنجێكیان گێڕایەوە، كە من لێرەدا دەمەوێت لە بارەی ئەو چیرۆكەوە بدوێم. ئەوان وتیان: (كوڕێكی گەنجمان لەگەڵ بوو، دوای ململانێیەكی زۆر لەگەڵ سەرما و برسێتیی و شەپۆلی بێئامانی ئاودا، تەنانەت دوای ئەوەی مەترسیی مردن و خنكانمان لە سەر نەما، كە هەستی كرد كەس نییە بە دەنگمانەوە بێت، كە هەستی كرد كەس گوێی لە هاوارەكانمان نییە، خۆی خستە ناو ئاوەكەوە و خۆی كوشت). دەمەوێت لە ڕێی ئەو چیرۆكەوە بپرسم: ئاخۆ ئەوەی بە ڕاستی مرۆڤ دەكوژێت چییە؟ ئاخۆ ئەوە سەرما و برسێتیی و ئاو و ئاگر و چەقۆ و فیشەك و نەخۆشیی و ئەو هۆكارە زانراوانەن مرۆڤ دەكوژن، یان هۆكاری ترسناكتر لە پشتی ئەوانەوە هەیە؟ ئەگەر ئەوەی مرۆڤ دەكوژێت

ئەو هۆكارە زانراوانەن، بۆچی ئەو گەنجە دوای ڕزگاربوون لە سەرما و برسێتیی و شەپۆلە بێئامانەكانی ئاو، خۆی كوشتووە؟ بێگومان ئەوەی ئەو گەنجەی كوشتووە، ئەو هۆكارە زانراوانە نەبووە، بەڵكو بێهیوایی بووە. ئەو گەنجە توانیویەتی شەڕی سەرما و برسێتیی و شەپۆلەكان بكات، بەڵام نەیتوانیوە شەڕی بێهیوایی و وەڵامنەدانەوەی بانگ و هاوارەكانی بكات. كەسێك كە نازانم كێ بوو، وتی: ((ئەگەر مرۆڤ بیتوانیایە لە ژێر ئاودا قسە بكات هەرگیز نەدەخنكا، چونكە ئەوەی مرۆڤ دەخنكێنێت ئاو نییە، بەڵكو بێدەنگییە))، ئێستا ئەم چیرۆكە لە بێدەنگییش ترسناكترمان بۆ باس دەكات. ئەم چیرۆكە پێمان دەڵێت: لە بێدەنگیی ترسناكتر وەڵامنەدانەوەی دەنگ و بانگ و هاوارەكانە. پێمان دەڵێت: ئەوەی زیاتر و قووڵتر مرۆڤ دووچاری بێهیوایی دەكات، بێدەنگیی نییە، وەڵامنەدانەوەی دەنگ و بانگ و هاوارەكانە. چونكە گومان لەوەدا نییە كە ئەگەری دووچاربوونی مرۆڤ بە بێهیوایی لە كاتی وەڵامنەدانەوەدا، دەیان و سەدان جار لە ئەگەری دووچاربوون بە بێهیوایی لە كاتی بێدەنگییدا، زیاترە. مردنی ڕاستەقینەیش ئەو كاتانە ڕوو دەدات كە مرۆڤ دەكەوێتە ناو بێهیواییە قووڵەكانەوە. هەر بۆیە پێویستە مرۆڤ لە بێهیوایی بترسێت.

## سوهرابەکان و گاندییەکان

**ئاخۆ ئەگەر مرۆڤایەتی لە بری ئەو هەموو شەڕەی، گوایە لە دژی توندوتیژیی بەرپای کردووە، کاری لەسەر ناتوندوتیژیی و میهرەبانیی بکردایە، چی ڕووی دەدا؟**

بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەر بارودۆخ، یان بیروباوەڕ و ئایدیۆلۆژیایەك، مەرج نییە هەمیشە شەڕ بکەین. هەندێجار لە شەڕکردن لەگەڵ ئەوەی قبووڵمان نییە، باشتر و گونجاوتر ئەوەیە هەوڵ بدەین نمونەیەکی پێچەوانە پێشکەش بکەین. ئەوەی، کە لەوەتی مرۆڤ هەیە، توندوتیژیی هەیە و شەڕی توندوتیژییش هەیە و کەچی توندوتیژیی هەر بەردەوامە، هۆکارێکی بۆ ئەم خاڵە دەگەڕێتەوە. ئاخۆ ئەگەر مرۆڤایەتی لە بری ئەو هەموو شەڕەی، گوایە لە دژی توندوتیژیی بەرپای کردووە، کاری لەسەر ناتوندوتیژیی و میهرەبانیی بکردایە، ئێستا دۆخەکە بەم جۆرە ترسناك دەبوو؟ دەمەوێت لە ڕێی دوو نمونەوە بە دوای وەڵامی ئەم پرسیارەدا بڕۆم، کە نمونەیەکیان (مەجازی) و نمونەیەکیشیان (واقیعی)ە. لە نمونە مەجازییەکە مەبەستم ئەو دنیایەیە کە (سوهراب) لە ناو شیعرەکانییدا دروستی کردووە و لە نمونە واقیعییەکەیش مەبەستم ئەو دنیایەیە کە

(گاندی) له سەر زەوی دروستی کردووە. کاتی خۆی ڕەخنەی ئەوەیان لە (سوهراب) گرتووە کە گوایە لە کاتێکدا خوێن خەریك بووە مرۆڤ ڕابماڵێت، ئەو، واتە (سوهراب)، لە خەمی ئەوەدا بووە: (ئاو لیڵ نەکرێت، چونکە دوور نییە لەو خوارە کۆترێك لێی بخواتەوە، یان دەروێشێك نانی پێ تەڕ بکات). من دەپرسم: ئاخۆ ئەو دنیایەی (سوهراب) لە شیعرەکانییدا بەرهەمی هێناوە، لەو دنیایە کەمترە کە شاعیرانی هاوسەردەمی ئەو، بە تایبەت شاعیرە شۆڕشگێڕەکان، لە شیعرەکانیاندا بەرهەمیان هێناوە؟ دەتوانم بەبێ دوودڵیی بڵێم: هەرگیز نەخێر. تەنانەت، نەك کەمتر نییە، زیاتر و جوانتر و دڵگیرتریشە. بە لای منەوە دیمەنەکە بەم جۆرەیە: ئەگەر شاعیرە شۆڕشگێڕەکان هەوڵی ئەوەیان دابێت کانییەك کوێر بکەنەوە کە پێیان وابووە کانییەکی لێخن و ناسازگارە، (سوهراب) هەوڵی داوە لە بری ئەو کانییە لێخن و ناسازگارە، کانییەکی ڕوونتر و سازگارتر دروست بکات، یان بیدۆزێتەوە. نمونەی دووەم کە لەسەر زەوی و لە ناو واقیعدا بووە، ئەو دنیایەیە کە (گاندی) پێشکەشی کردووە. (گاندی) لە بەرامبەر (هێزی شەڕ)دا، (هێزی ئاشتیی) پێشان داوە. ئەوەی (گاندی) کردوویەتی پێشکەشکردنی نمونەیەکی پێچەوانە بووە، کە توانیویەتی لە ڕێی ئەو نمونەیەوە دوژمنەکانی ببەزێنێت. ئاخۆ ئەگەر لە مێژووی مرۆڤایەتییدا (سوهرابەکان) و (گاندییەکان) زۆرتر بوونایە، ئێستا دنیا جوانتر و ئارامتر و بێکێشەتر نەدەبوو؟

## قسەکردن بە ناوی خواوە

**ئاخۆ ئەوە دڵی گەورەی خوایە کە جێی (بیرکردنەوەی جیاواز)ی تێدا نابێتەوە، یان دڵی بچکۆلانەی هەندێك خەڵکە کە هاتوون بە ناوی خواوە دنیا وێران بکەن؟**

یەکێك لە ناخۆشترین و کارەساتبارترین بەشەکانی مێژووی مرۆڤایەتی، لە سەردەمە کۆن و تاریکەکانەوە تا سەردەمی ئێستا، ئەو بەشەیەتی کە تیایدا مرۆڤەکان بە ناوی خواوە تاوان ئەنجام دەدەن. بە ناوی خواوە پەلاماری خاك و ئاو و ماڵ و منداڵ و شەرەف و کەرامەتی خەڵك دەدەن. چەند ترسناکن ئەو کەسانەی بە ناوی خواوە قسە دەکەن و لە ناخیاندا، نەك هیچ خەسڵەتێکی خواییانە بوونی نییە، هیچ خەسڵەتێکی مرۆڤانەش بوونی نییە. ئایا کەسێك کە ناتوانێت نوێنەرایەتی مرۆڤبوونی خۆی بکات، چۆن دەتوانێت نوێنەرایەتی خوا بکات؟ ڕەنگە لە سەر ئەم ئەستێرەیەی کە ناوی زەوییە، هیچ شتێك بە قەد ناوی خوا تاوانی لە پاڵدا ئەنجام نەدرابێت. ئاخۆ دوژمنانی ڕاستەقینەی خوا، ئەوانەن کە لەسەر خاك و ئاوی خۆیان و لە ماڵی خۆیاندا خەریکی ژیانی خۆیانن و هیچ زیانێکیان بۆ هیچ کەسێك نییە، یان ئەوانەن کە بە ناوی خواوە دەچنە

سەر خاك و ئاو و ماڵی خەڵك و ڕق و مەرگ و نەهامەتییان بە سەردا دەبارێنن؟ مرۆڤێك ئەگەر بڕوای بە خوا هەبێت، چۆن دەتوانێت بە ناوی خواوە مەرگ و تۆقاندن و وێرانەیی بکات بە دیاری بۆ خەڵك؟ ئاخۆ ئەوە دڵی گەورەی خوایە کە جێی (بیرکردنەوەی جیاواز)ی تێدا نابێتەوە، یان دڵی بچکۆلانەی هەندێك خەڵکە کە هاتوون بە ناوی خواوە دنیا وێران بکەن؟ خەڵکانێك هەن ڕقیان لە هەموو شتێکە و بە ناوی خوایشەوە قسە دەکەن، ئاخۆ مرۆڤ چۆن و بە چ لۆژیکێك دەتوانێت (ڕق و خوا) پێکەوە کۆ بکاتەوە؟ خوا کە سەرچاوەی خۆشەویستیی و جوانیی و میهرەبانییە چۆن دەکرێت لەگەڵ ڕقدا کۆ بکرێتەوە؟ بە داخەوە، هەزاران ساڵە، بەشێکی زۆر لەوانەی بە ناوی خواوە زۆرترین قسە دەکەن، دوورترین کەسەکانن لە خواوە. ئەوان بە ناوی خواوە قسە دەکەن، بەڵام خەونەکانیان خەونی خۆیانە. ئەو خەونانە، دوور و نزیك پەیوەندییان بە خواوە نییە. باسی گەورەیی خوا دەکەن، بەڵام خۆیان هیچ خەسڵەتێکی گەورەییان تێدا نییە. ئەو کەسانە خوایان بۆ ئەوەیە ناشیرینییەکانی خۆیانی لە پاڵدا بشارنەوە. بۆیە دەبێت بە هیچ جۆرێك ڕێگە نەدەین ئەو کەسانە بێنە نێوانی ئێمە و خواوە.

## خواپەرستیی بە مەبەستی گەیشتن بە شتێك

**پێویستە پەرستنی خوا نە بۆ دەستکەوتی دنیایی و نە لە ترسی دۆزەخ و نە بە هیوای بەهەشت، بێت.**

(سولتانی عارفان، بایەزیدی بەستامیی) کتێبێکی (١٩٦) لاپەڕەیی (عەلی نانەوازادە)یە، کە (دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی) لە ساڵی (٢٠١١) دا، بە چاپی گەیاندووە. ئەم کتێبە، هەر وەك مێژووی (بایەزید) خۆی، لێوانلێوە لە بۆچوون و ڕوانین و حیکایەتی ناوازە و نائاسایی و زۆر جار ئەفسانەییش، کە قسەی زۆر هەڵدەگرن. ئەوەی بۆ من، لە هەر لایەنێکی دیکەی ئەم کتێبە سەرنجڕاکێشترە ئەوەیە کە ئەم عارفە بە شێوازی تایبەتیی خۆی، (هەموو جۆرە خواپەرستییەك بە مەبەستی گەیشتن بە شتێك) ڕەت دەکاتەوە. ئەم عارفە پێی وایە دەبێت خوا تەنها لە بەر زاتی خوا بپەرسترێت. پێویستە پەرستنی خوا نە بۆ دەستکەوتی دنیایی و نە لە ترسی دۆزەخ و نە بە هیوای بەهەشت، بێت. ئەوەتا دەڵێت: ((نە شیرینایی دونیا و نە شیرینایی ئاخیرەت، شیرینایی، شیرینایی ڕەحمانە-ل١٥٥)). لە جێیەکی تردا دەڵێت: ((... بەهەشت

حیجابی ئەکبەرە. چونکە ئەهلی بەهەشت بە بەهەشت ئارامیان گرتووە و هەر کەس جگە لە هەق ، بە شتێك ئارام بگرێ، دە حیجاب دایە-١٥٤))، بێگومان (هەق) مەبەستی خوایە، واتە بە لای ئەم عارفەوە بەهەشتیش ناتوانێت مرۆڤ ئارام بکاتەوە، تەنها شتێك کە دەتوانێت مرۆڤ ئارام بکاتەوە خوا خۆیەتی. یانی خواپەرستیی ئامراز نییە، ئامانجە، بۆ ئەوە نییە بتگەیەنێتە بەهەشت، بۆ ئەوەیە بتگەیەنێتە خوا: ((کوتیان ئایا وا نییە کە خودای تەعالا بە ڕەزای خۆی بەهەشت دەدا بە بەندەکانی؟ بایەزید کوتی: ئەگەر ڕەزای خۆی بداتە بەندەیەك لە بەندەکانی خۆی، ئەو ئیدی چی لە کۆشکەکانی بەهەشت دەوێ؟-ل٨١)). لە چەند شوێنێکی ئەم کتێبەدا (بایەزید) ئاگادارمان دەکاتەوە فریوی ئیشارە و قسەی هەندێ کەس نەخۆین کە بە ناوی خواوە دەدوێن و خۆیان وەکو خواپەرست دەردەخەن و ڕاستیش ناکەن. سەرەتا بەو کەسانە دەڵێت: ((یا وەها خۆ بنوێنە کە هەی، یا وەها بە کە خۆ دەنوێنی-ل٩٤)). پاشان دەڵێت: ((ئەوانەی کە پتر ئیشارە بە خودا دەکەن، پتر لە خەڵکی دیکە لە خودا دوورن-ل١٨٥)). هەروەها دەڵێت: ((ئەگەر کەسێك بەرماڵی لەسەر ئاو ڕابخا و لەسەر هەوا چوار مشقی دابنیشێ، فریوی مەخۆن، هەتا ئەوتان بە حەڵاڵ و حەرام تاقی نەکردۆتەوە- ل١٨٥)).

# مرۆڤ و خوا

**هەزاران ساڵە، مرۆڤ لە هەوڵەکانیدا بۆ سەلماندنی گەورەیی خوا، مەبەستێکی شاراوەی هەیە کە ئەویش سەلماندنی گەورەیی خۆیەتی.**

((شوانێك چووە نانەواخانەیەك نان بکڕێت، نانەواخانەکە زۆر قەرەباڵغ بوو، شوانەکە زۆر شپرزە و نیگەران بوو. لێیان پرسی: بۆچی وا شپرزە و نیگەرانی؟ وتی: مەڕەکانم جێهێشتووە، دەترسم تا دەگەڕێمەوە لایان، گورگ بیانخوات. وتیان: ئەی بۆچی مەڕەکانت بە خوا نەسپارد، تا ئاوا نیگەران نەبیت؟ وتی: مەڕەکانم بە خوا سپارد، بەڵام خوای مەڕەکان، خوای گورگەکانیشە)). بەڵێ ئەو شوانە ڕاستی کردووە، خوا، خوای هەمووانە، خوای مەڕ و گورگەکانیشە. بەڵام بە درێژایی مێژوو، بەردەوام خەڵکانێك هەبوون، کە هەوڵیان داوە وای پێشان بدەن، خوا، تەنها خوای ئەوانە. یان ئەوان هەڵبژێردراوی خوان. جارێکیان بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیم بینی تیایدا مەلایەك بانگهێشت کرابوو. مەلاکە بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە نەك نەخۆشییە سووکەکان، دەتوانێت نەخۆشییە قورسەکانیش چارەسەر بکات. تەنانەت بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە

دەتوانێت کەسانی تووشبوو بە شێرپەنجە و ئایدزیش چاك بکاتەوە. پێشکەشکارەکە هەر دەیویست مەلاکە بانگەشەکانی خۆی بۆ بسەلمێنێت، مەلاکەیش لە وەڵامدا هەر باسی گەورەیی و میهرەبانی خوای دەکرد. وەڵامەکانی مەلاکە وەك ئەوە وابوون، خوا، خوای ئەو بێت و خوای نەخۆشەکان نەبێت. وەڵامەکانی وەك ئەوە وابوون خوا گەورەیی و میهرەبانی خۆی بە سەر ئەودا باراندبێت و نەخۆشەکانی لێ بێبەش کردبێت. وەك ئەوە وابوون نەخۆشەکان لە ڕێی مامۆستاوە نەبێت، هیچ ڕێیەکی تریان نەبێت لێیەوە لە گەورەیی و میهرەبانی خوا بەهرەمەندبن. بە لای منەوە پەیامی گرنگ بۆ مەلاکە ئەوە بوو پێی بوترێت: مامۆستا هەمووومان، کەم و زۆر، زانیارییمان لە سەر گەورەیی و میهرەبانی خوا هەیە، تۆ لەوەیان گەڕێ، جەنابت لەم نێوانەدا چ کارەی؟ بەهرەی تۆ چییە؟ بە داخەوە، هەزاران ساڵە مرۆڤ بە ناوی خواوە کار بۆ خۆی دەکات. هەزاران ساڵە، مرۆڤ لە هەوڵەکانیدا بۆ سەلماندنی گەورەیی خوا، مەبەستێکی شاراوەی هەیە کە ئەویش سەلماندنی گەورەیی خۆیەتی. تەنانەت، من وەکو خۆم، ئەوەیش بۆم جێی پرسیارە کە دروستکردنی پەرستگاکان بە گەورەیی و بە زەخمی، بۆ پێشاندانی گەورەیی خوا بووبێت، دەشێت مرۆڤ ئەو کارەیشی هەر بۆ پێشاندانی گەورەیی خۆی ئەنجامدابێت. چونکە دواجار ئەوەی ئەو کارەی کردووە، مرۆڤ بووە و مرۆڤیش زۆرجار ئەوەی دەیڵێت ئەوە نییە کە لە ناخیدایە.

# مرۆڤ و پارە و بەختەوەریی

**لە دنیای تازەدا، کە ڕۆژانە (مادە) گورزی کوشندە لە (ڕۆح) دەدات، دووریی لە پارەوە، بە جۆرێك لە جۆرەکان دوورییە لە بەختەوەرییەوە.**

ڕەنگە لە سەردەمانی زوودا، بە هۆی سادەیی ژیانەوە، بێپارەیی بۆ مرۆڤ ئاسانتر بووبێت. بەڵام ئێستا وا نییە. ئێستا مرۆڤ بەبێ پارە کۆمەڵێك هەل و دەرفەتی گرنگ لە دەست دەدات. زۆرێك لە کارە ڕۆژانەییەکانی، پەکییان دەکەوێت. وەلێ بە بڕوای من، کێشەی مرۆڤی ئێستا، ئەوە نییە پارەی هەیە یان نا؟ کێشەی مرۆڤی ئێستا ئەوەیە پەیوەندیی نێوان پارە و بەختەوەریی وەك خۆی نابینێت. بێگومان ئەوە بڕێکی زۆر ڕاستیی تێدایە کە مرۆڤ ئەو وەختەی گیرفانی دەکەوێتە مەترسییەوە، بە شێوەیەك لە شێوەکان بەختەوەرییشی دەکەوێتە مەترسییەوە. بەڵام کاتێ گیرفانی پارێزراوە، هەرگیز مانای ئەوە نییە بەختەوەرییشی پارێزراوە. مەبەستم ئەوەیە بڵێم: دەشێت مرۆڤ لەگەڵ لەدەستدانی پارەدا بەختەوەرییش لەدەست بدات، بەڵام هەرگیز مەرج نییە لەگەڵ بەدەستهێنانی پارەدا بەختەوەرییش بە دەست بهێنێت.

نەفرەتی پارە ئا لێرەدایە. پارە ئەو نەفرەتەیە، کە مرۆڤ لە دنیای تازەدا، ناتوانێ لێی بگوزەرێ. لە دنیای تازەدا، کە ڕۆژانە (مادە) گورزی کوشندە لە (ڕۆح) دەدات، دووریی لە پارەوە، بە جۆرێك لە جۆرەکان دوورییشە لە بەختەوەرییەوە. بەڵام هەرگیز نزیکیی لە پارەوە نزیکیی نییە لە بەختەوەرییەوە. هەر تێکچوون و ناهاوسەنگییەك لە پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و پارەدا، کەم تا زۆر کاریگەریی لەسەر پەیوەندیی مرۆڤ و بەختەوەرییش دەبێت. بەڵام بە داخەوە، پێچەوانەکەی ڕاست نییە. ڕوونتر بڵێم: پارە ئەو هاوڕێ نەفرەتییەیە، کە دێت، دوور نییە بە تەنیا و بە دەستی بەتاڵ بێت، بەڵام ئەوە دوورە کە ڕۆی بە تەنیا و بە دەستی بەتاڵ بڕوات. دەشێت بێت و جگە لە خۆی، هیچی تری بۆ مرۆڤ پێ نەبێت، بەڵام ناشێت بڕوات و جگە لە خۆی، هیچی تری نەبردبێت. بە مانایەکی تر، وەکچۆن مرۆڤ کاتێ بەبێ ئاو ناژی، بە مانای ئەوە نییە ئاو جێی نانی بۆ گرتبێتەوە، بە هەمانشێوە، کاتێ بەبێ پارەیش ناژی، بە مانای ئەوە نییە پارە جێی بەختەوەریی بۆ بگرێتەوە. ئەوەی لە پەیوەندیی نێوان (مرۆڤ و پارە و بەختەوەریی)دا جێی داخێکی گەورەیە، ئەوەیە پارە هەرگیز بە هەمان ئەو ئاسانییەی کە دەتوانێت بە (نەبوون)ی خۆی، مرۆڤ بەدبەخت بکات، ناتوانێت بە (هەبوون)ی خۆی، مرۆڤ بەختەوەر بکات.

## مریەم هات چیمان پێ بڵێت؟

**(مریـەم) و هەڵەبجـە دوو وێنـەی یـەکترین، هـەردووکیان مردنیـان تـاقی کردۆتـەوە و نـەمردوون. مردن هەردووکیانی داوە بە زەویدا، بەڵام نەیبەزاندوون.**

کاتی خۆی لە شیعرێکی (بیژەن نەجدی)ەوە، وتم: ((هەمیشە جێیەك خاڵییە))، ئێستا (مریەم) هاتۆتەوە بۆ شارێك، هەزاران هەزار جێی خاڵی تێدایە. (مریەم) وتی: ((خوا حەوت ملیار مرۆڤی دروست کردووە، من یەك کەسم بەسە، من بە دوای یەك کەسدا دەگەڕێم لە خوێنی خۆم بێت)). بەڵام (مریەم) یەك کەس نا، یەك نەتەوەی گەورەی دۆزییەوە. (مریەم) وتی: ((حەزم دەکرد کورد بم، چونکە کوردبوون شەرەفە)). لە ڕاستییدا کوردبوون هەر شەرەف نییە بە تەنها، نەگبەتی و ماڵویرانییشە. بەڵام وەك (ئاپۆ) دەڵێت: ((ڕاکردن لێی نامەردییە)). (مریەم) لە کوردبوون ڕای نەکرد، بە دوایدا ڕایکرد. ئەوە کورد نەبوو (مریەم)ی دۆزییەوە، (مریەم) بوو کوردیی دۆزییەوە. کورد کەسی سوێند نەدا (مریەم)ی بۆ بدۆزێتەوە، ئەوە (مریەم) بوو باوکی سوێند دا و سەرەداوی کوردبوونی خۆی دۆزییەوە. (مریەم) هات پێمان بڵێت: مرۆڤ ئەگەر

ئیرادەی هەبێت دەتوانێت مردنیش تاقی بکاتەوە و ژیانیش، دەتوانێت بیشمرێت و لە دایکیش بێتەوە. وتی ئەوەتا بە چاوی خۆتان دەمبینن دوای (٢٧)ساڵ لە مردن، لە دایك دەبمەوە. (مریەم) هات پێمان بڵێت: ئەوە وەهمە کە مرۆڤ وا دەزانێت جەنگ (کات) و (شوێن)ی دیاریکراوی هەیە. پێی وتین جەنگ کات و شوێنەکان دەبڕێت. جەنگ لە هەڵەبجەوە دەپەڕێتەوە بۆ شیمالی ئێران، بۆ تورکیا، بۆ ئەوروپا و ئەمریکا و هەموو دنیا. جەنگ لە (١٩٨٧)ەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئێستا، بۆ ساڵێکی دی، بۆ دەیان و سەدان ساڵی دی. جەنگ بۆی هەیە لە هەر کاتێکدا بیەوێت بێتەوە. بۆی هەیە لە هەر کاتێکدا بیەوێت قەتماغەی برینەکان هەڵبداتەوە. پێی وتین جەنگ دەتوانێت لە ناو ملیۆنان ملیۆن مرۆڤدا کەسێك تەنیا بکات، تەنیای تەنیا. جەنگ ترسناکە، زۆر زۆر لەوە ترسناکترە کە مرۆڤ، بە تایبەت لە دوورەوە، بیری لێ دەکاتەوە. نەفرەت لە جەنگ. دواجار پرسیاری گرنگ ئەمەیە: بۆچی هەموو خێزانەکانی هەڵەبجە (مریەم)یان بە کچی خۆیان زانی؟ بۆچی هەموومان، (مریەم) بە بەشێك لە خۆمان دەزانین؟ چونکە (مریەم) تەنها یەك قوربانیی نییە، هەموو قوربانییەکانی هەڵەبجەیە. (مریەم) هەر هەڵەبجەیی نییە، خودی هەڵەبجەیە. (مریەم) و هەڵەبجە دوو وێنەی یەکتریین، هەردووکیان مردنیان تاقی کردۆتەوە و نەمردوون. مردن هەردووکیانی داوە بە زەویدا، بەڵام نەیبەزاندوون.

## وەرن با ئاشت بینەوە

**تیرێك، كە سیاسی، یان قەڵەمبەدەستێك، دەیهاوێژێت، هەر بە تەنها سیاسی، یان قەڵەمبەدەستێكی تر، ناپێكێت، بەڵكو كۆمەڵگایش دەپێكێت.**

لە كتێبی (سێشەممان لەگەڵ مۆریی)، (میچ ئالبۆم)دا، (مۆریی) كە مامۆستایەكی زانكۆیە و ڤایرۆسێكی كوشندە لە ئێسقانەكانی داوە و بەرەو پوكانەوە و لەناچوونی بردووە، لە جێیەكدا دەڵێت: ((ئەوە تەنها كەسانی بەرامبەرمان نین، كە دەبێ لێیان خۆشبین، بەڵكو پێویستمان بەوەیە لە خۆشمان خۆشبین-ل١٩٥)). دەتوانین لە ئێستادا، بە شێوەیەك لە شێوەكان، كۆمەڵگای كوردیی، لەم هەرێمەدا، بە (مۆریی) و نەخۆشییەكەی بچوێنین. ئێستا لە جەستەی كۆمەڵگای كوردییدا ڤایرۆسێك بە خێرایی بڵاو دەبێتەوە، كە دەتوانین پێی بڵێین: (ڤایرۆسی سوكایەتیكردن بە یەكتری). ئەم ڤایرۆسە، بە پلەی یەك، لە ناو سیاسییەكان و خاوەن قەڵەمەكاندایە. بەڵام بێگومان هەر لە ناو ئەواندا نامێنێتەوە. چونكە زۆر جار، تیرێك، كە سیاسی، یان قەڵەمبەدەستێك، دەیهاوێژێت، هەر بە تەنها سیاسی، یان قەڵەمبەدەستێكی تر، ناپێكێت،

بەڵکو کۆمەڵگایش دەپێکێت. زۆر جار، شەڕی ئەو دوو گروپە، هەر شەڕی خۆیان نییە بە تەنها، شەڕی کۆمەڵگایشە. ئێستا، بەلای منەوە، ئەوەی زۆر ترسناکە ڤایرۆسەکە نییە، ئەو بێدەربەستییەیە کە بەرامبەر بە ڤایرۆسەکە هەیە. کوان ئەوانەی لە هەوڵی ئابلۆقەدان و کوشتنی ئەو ڤایرۆسە دان؟ تکایە بۆ بەرگرتن لەو ڤایرۆسە، با وەك (مۆریی)، هەم لە یەکتری خۆش بین، هەم لە خۆمان. ئێمە بە ڕاستی پێویستمان بە لێخۆشبوون و ئاشتبوونەوەیە. بێگومان ئێمەیش وەك زۆرینەی مرۆڤەکانی دنیا، دەتوانین هەم بیروڕای جیاواز و هەم بەرژەوەندی جیاوازیشمان هەبێت، بەڵام سوکایەتیش بە یەکتری نەکەین. لە کتێبی (موعجیزەکانی عەشق)ی (مەسعود لەعلی)دا، خوشکی (سوهراپ سپەهری) بەسەرهاتێکی (سوهراب) دەگێڕێتەوە، کە ئەمە پوختەکەیەتی: (سوهراب هەرگیز حەزی لە سوپی پیاز نەبوو. نزیکەی دوو مانگ، لە دەرەوەی وڵات، لە ماڵی یەکێك لە هاوڕێکانی دەمایەوە. چووم بۆ دیتنی. بینیم سوپی پیازیان هێنا و خواردی. لێم پرسی: تۆ کە ئەوەندە ڕقت لە سوپی پیازە، چۆن دەیخۆیت؟ وتی: دوای خواردنی سوپەکە، کەوچکێك چاوپۆشی دەخۆم-ل٣٦). تکایە، با دوای هەر (سوپی پیازێك) کە بە ناچاری دەیخۆین، یەك (کەوچك چاوپۆشی)ش بخۆین. تکایە وەك چۆن داوا دەکەین (نەوت) بۆ نەوەکانی ئایندە هەڵبگیرێت، با (ڕێز) و (خۆشەویستی)شیان بۆ هەڵبگرین. چونکە کۆمەڵگا زۆرن کە بەبێ (نەوت) دەژین، بەڵام هیچ کۆمەڵگایەك بەبێ (ڕێز) و (خۆشەویستیی) ناژی.

## ناوی کەس و ناوی شوێن لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا

**وەك چۆن پۆلیسێکی هاتوچۆ لە سەر جادە تەنها نوێنەرایەکی خۆی ناکات، لای شێرکۆیش بەشێك لە ناوەکان تەنها نوێنەرایەتی خۆیان ناکەن.**

هیچ شاعیرێکی گەورە بەبێ هەبوونی کۆمەڵێك تایبەتمەندیی کە لە شاعیرانی دیکەی جیا بکەنەوە، بوونی نییە. شاعیرێك کە وەك شاعیرانی دیکە بنووسێت، با جۆرێك لە دەستڕەنگینی و هونەرکارییش بنوێنێت، ناتوانێت ببێت بە شاعیرێکی گەورە. (شێرکۆ بێکەس) یەکێك لەو شاعیرە گەورانەی کوردە کە خاوەنی کۆمەڵێك تایبەتمەندیی جیاجیایە. شیعری ئەو، بە هۆی ئەو تایبەتمەندییانەوە کە هەیەتی، زۆر ئاسان لە شیعری شاعیرانی دیکە جیا دەکرێتەوە. من پێشتر، بە تایبەت لە کتێبی (جوانی و جیاوازی)دا بە وردیی باسی زۆرێك لە تایبەتمەندییەکانی شیعری (شێرکۆ)م کردووە. لێرەدا، بە کورتیی، باسی یەك تایبەتمەندیی دەکەم و شیعرێك بە نموونە دەهێنمەوە. شیعرەکە بە ناونیشانی (سوپاسنامە)یە و لە دیوانی (خێراکە مردن خەریکە بگات)دا، بڵاو کراوەتەوە. ئەو تایبەتمەندییەی دەمەوێت لێرەدا باسی بکەم ئامادەیی بەردەوامی (ناو)ە

لە شیعری (شێرکۆ)دا. زۆرێك لە شیعرەکانی (شێرکۆ) پڕن لە (ناوی کەس) و (ناوی شوێن)، بێگومان زۆرینەی ناوەکانیش، ناوی کوردەوارییین. زۆربەی جارەکانیش، وەك چۆن، بۆ نمونە، پۆلیسێکی هاتوچۆ لەسەر جادە، تەنها نوێنەرایەتی خۆی ناکات، بەڵکو نوێنەرایەتی سیستم و یاسایەکی گەورە دەکات و هێزی خۆیشی لەوانەوە وەردەگرێت، لای شێرکۆیش، (بەشێك لە ناوەکان) ناوگەلێکی ڕووت نین، بەڵکو هەڵگری بڕێك دەلالەتی تایبەتیی و گشتیین. هەم ڕەمزن، هەم بەشێکن لە مێژووی کوردەوارییی. دەکرێت ئەم کارە، بە (بەرهەمهێنانی شیعرییەت لە یادەوەریی نیشتمانی و نەتەوەیی) ناو ببەین. ئەمەش یەکێکە لەو خاڵانەی وامان لێدەکەن بە پلەی یەك، (شێرکۆ) بە شاعیرێکی نیشتمانیی و نەتەوەیی بزانین. بڕوانە تەنها لەو شیعرە کورتەدا، چەند (ناوی کەس و شوێن) بەکار هێنراون: سلێمانی، کەرکوك، عامودا، ئامەد، سنە، قامیشلو، حەما، حومس، ئەدلب، باخچەی گشتی، دارتووی مەلیك، سەرا، ئاویەر، قالاوا، شەقامی سالم، کانێسکان، کەشتی نوح (بێگومان مەبەستی قوتابخانەکەی نەجمەدین مەلایە)، پیرەمێرد، ئەمین زەکی، ئەحمەد شوکری، ڕەفیق حیلمی، حەپسەخانی نەقیب، ست بەهێ مەعروف، نوری عەلی، شاکیر فەتاح، خاڵە شیهاب، شەهید ئارام، دیلان، شەماڵ سائیب، حەمە جەزا، فەرەیدون عەلی ئەمین، عەبدولخالق مەعروف، حەمید بلْباس، عومەری مەکتەبە، شێخ ڕەزای تاڵەبانی، فەتاح پاشا، کەریمی ئەلەکە، ئەوڕەحمانی باخەوان، فایەقی قەساب، یاسین حەمە ساڵح، ساڵح عەلی، یەحیا فەندی، کارزان... هتد.

# له یادی شێرکۆ بێکەسدا

**ئامادەیی خوێنەری کورد بۆ پێشوازیکردن له شیعری (شێرکۆ بێکەس) لە ئاستێکی ئێجگار بەرزدا بووە.**

له ساڵی (٢٠١٣) ەوه، ئیدی بۆ کورد، بۆ زمانی کوردیی و بۆ شیعری کوردیی، ڕۆژی (٨/٤) ڕۆژێکی ئاسایی نییە، لەو ڕۆژەدا شاعیرێکی گەورەی کورد بۆ یەکجاریی ماڵئاوایی دەکات. (٨/٤) ئەو ڕۆژەیە کە تیایدا و بۆ هەتاهەتایی مەرگ قەڵەمەکەی (شێرکۆ بێکەس) دەڕفێنێت و ئێمە له شیعری نوێی ئەو شاعیره خاوەن جەبەرووتە بێبەش دەکات. من زۆر جار و له زۆر گۆشەنیگای جیاجیاوه قسەم لەسەر ئەزموونی شیعریی (شێرکۆ بێکەس) کردووه. لێرەدا دەمەوێت له بارەی وتەیەکی ئەو شاعیرەوه قسه بکەم کە بەر لە مردنی لای هاوڕێیەکی نزیکی خۆی کە (ڕەووف بێگەرد)ە، کردوویەتی. (بێکەس) لای (بێگەرد) وتوویەتی: ((من ئێستا دەتوانم هەموو شتێك بکەم به شیعر)). ئاخۆ ئەو وتەیە له کوێوه هاتووه؟ ئەو هێزه چییه کە ئەو بڕوایەی به (بێکەس) داوه پێی وابێت دەتوانێت هەموو شتێك بکات بە شیعر؟ ئاخۆ بە ڕاستی وابووه؟ بە ڕاستی

توانیویەتی هەموو شتێك بكات بە شیعر؟ بە بڕوای من ئەو هێزە تەنها پەیوەندیی بە ڕەنگاوڕەنگیی خەونەكانی شاعیر و فراوانیی خەیاڵ و توانای گەورەی ئەوەوە نەبووە بە سەر زمان و بە سەر دەربڕیندا، هەر تەنها پەیوەندیی بەوەوە نەبووە كە ئەو شاعیرە هیچ شتێكی سەر ئەم گۆی زەوییەی لە شیعر لا خۆشەویستتر نەبووە، پەیوەندیی گەورەی بەو ئامادەییەیشەوە هەبووە كە خوێنەری كورد بۆ وەرگرتن و پێشوازیكردنی شیعری ئەو شاعیرە هەیبووە. ئامادەیی خوێنەری كورد بۆ پێشوازیكردن لە شیعری (شێركۆ بێكەس) لە ئاستێكی ئێجگار بەرزدا بووە. دەمەوێت بڵێم: ئەگەر (بێكەس) نەشیتوانیبێت هەموو شتێك بكات بە شیعر، توانیویەتی كارێك بكات هەموو شتێكی وەك شیعر لێ وەربگیرێت. بێگومان ئەمەش هێزێك نییە لە دەرەوەی خۆیەوە وەری گرتبێت، ئەمە هێزێكە پەیوەندیی بە داهێنانی گەورە و بەخششی زۆری ئەو شاعیرە و بەو جەبەرووتەوە هەیە كە ئەو لە ناو شیعری كوردیی و لە ناو خوێنەری كورددا بۆ خۆی چێ كردووە. سڵاو بۆ یادی كۆچی دوایی (شێركۆ بێكەس) سڵاو بۆ هاژەی دڵڕفێنی شیعرەكانی كە هەم لە ناو دڵ و گیانی نیشتمان و نەتەوە و هەم لە ناو دڵ و گیانی خەڵكدا، دەنگدانەوەی بێكۆتایی هەیە.

## ڕێزگرتن لە مرۆڤ، لە بەرهەم و داهێنانەکانی

**هیچ شاعیر و نووسەرێکی ئێمە نییە دەیان بیرەوەریی تاڵی لەگەڵ ئەو هەڵویست و بە سەرهاتانەدا نەبێت کە تیایاندا هیچ ڕێز و بەهایەك بۆ بەرهەمەکانی دانەنراوە.**

(شێرکۆ بێکەس) لە بەرگی دووی (نووسین بە ئاوی خۆڵەمێش)دا، کە ژیاننامە و بیرەوەرییەکانیەتی و (ناوەندی غەزەلنووس- بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە) لەساڵی (٢٠١٣)دا چاپی کردووە، لە بارەی (سوید)ەوە، دەڵێت: ((ساڵ و نیوێك بوو لەوێ بووم. ڕۆژێك لەگەڵ پۆستدا، چەکێکی هەزار کرۆنیم بۆ هاتەماڵەوە، چەکەکە لە ڕۆژنامەیەکی سویدییەوە هاتبوو. پێم سەیر بوو! چونکە من ناتوانم بە سویدی هیچ بنووسم، هیچیشم نەناردووە تا لە بری پاداشت بکرێم. بۆیە وتم هەبێ و نەبێ ئەمە بە هەڵە بۆ من هاتووە. چوومە لای هاوڕێکانم و مەسەلەکەم تێگەیاندن. ئەوانیش بە تەلەفۆن پەیوەندییان بە ڕۆژنامەکەوە کرد، کە ئەم پارەیە بە هەڵە بۆ من هاتووە! بەڵام لە وەڵامدا ئەوان وتیان: نا هەر بۆ ئەوە. ڕاستە ئەو هیچی بۆ ئێمە نەناردووە، بەڵام لە فڵان ژمارەدا، یەکێك وتارێکی نوسیووە و لە وتارەکەدا پارچە شیعرێکی ئەمی بە نمونە هێناوەتەوە، ئەوە

هەقی ئەوەیە–ل٨٧)). ئەمە نمونەیەکە لەو دەیان و سەدان نمونەیەی کە پێمان دەڵێن لە وڵاتانی ڕۆژئاوا چۆن و لە چ ئاستێکی بەرزدا مامەڵە لەگەڵ بەرهـەم و داهێنـانی مرۆڤـدا دەکرێـت. چـۆن ڕێـز لـە بەرهـەم و داهێنـانی مـرۆڤ دەگیرێـت و بـەهای بـۆ دادەنرێـت. ئێسـتا، وەك چـۆن دەتـوانم لـەم دوورەوە وێنـای ئـەوە بکـەم و دڵنیـابم کـە هـیچ شـاعیر و نووسـەرێکی ڕۆژئاوایی نییە دەیان بیرەوەری خۆشی لەگەڵ ئەو ڕێز و بەهایانەدا نەبێت کە خـەڵك بۆ بەرهەمـەکانی ئـەویان دانـاوە، هـەر ئاوهـایش دەتـوانم وێنەکە پێچەوانە بکەمەوە و دڵنیابم کە هیچ شاعیر و نووسەرێکی ئێمە نییە دەیان بیرەوەری تاڵی لەگەڵ ئەو هەڵویست و بە سەرهاتانەدا نەبێت کە تیایاندا هیچ ڕێز و بەهایەك بۆ بەرهەمەکانی دانەنراوە. بێگومان ئەمەیش زیاتر لە هۆکـارێکی هەیـە، بـەڵام بـە بـڕوای مـن، هۆکـاریی هـەرە سـەرەکیی و جەوهـەریی ئەوەیـە: لای ئێمـە، مـرۆڤ خـۆی، وەك پێویسـت ڕێـزی لـێ ناگیرێت و بەهای بۆ دانانرێت، جا، چی بگات بە بەرهەم و داهێنانەکانی. دەمەوێت بڵێم بۆ ئەوەی ئێمەیش وەکو خەڵك ڕێز لە بەرهەم و داهێنانی مرۆڤـەکانمان بگـرین،  دەبێـت سـەرەتا ڕێـز و بـەها بـۆ مرۆڤـەکان خۆیـان بگێڕینەوە، کە ئەو کارەمان کرد ئەوی تر خۆی ڕوو دەدات.

## گومانکردن لە شوناسی شتەکان لای لەتیف هەڵمەت

**لـە شـیعری دژە شـیعردا شـتەکان خۆیـان نـین، شـتی تـرن. یـان بـە مانایـەکی دیکـە: لـە دۆخـی دۆناودۆندان. دەچنە ناو یەکترییەوە و شوناسەکانیان دەگۆڕنەوە.**

(شـیعری دژە شـیعر) دیـوانێکی (١٧٠) لاپـەڕەیی (لـەتیف هەڵمـەت)ە، کە لە ساڵی (٢٠١٤)دا لە چاپخانەی (ڕەهەند) لە سلێمانی چاپ کراوە. دوای خوێندنـەوەی ئـەم دیوانـە، هەسـت دەکـەیت بوونـەوەرێکی ئەفسـوناویی، دەستکاریی ڕوانینەکانتی کردووە. هەست دەکەیت چیدی ناتوانی شتەکان بـەو جـۆرە ببینیـت، کـە پێشـتر بینیوتـە. دوای خوێندنـەوەی ئـەم دیوانـە، گومـان لـە شوناسـی شـتەکان دەکـەیت، بـەڵام گومانەکـە، زیـاتر لـەوەی فەلسـەفیی بێـت، شیعرییە. واتـە زیاتر لـەوەی گومانێـك بێـت بـە مەبەستی بارگاویکردنی دەقەکان بە فەلسەفە، گومانێکە بە مەبەستی بارگاویکردنی دەقـەکان بـە شـیعرییەت. سەرچـاوەی ئـەم گومانـەیش ئەوەیـە کـە لـەم دیوانەدا شتەکان لە جێی خۆیان نین. تەنانەت دەتوانین بڵێین: شتەکان خۆیـان نـین، شـتی تـرن. یـان بـە مانایـەکی دیکـە: شـتەکان لـە دۆخـی دۆناودۆنـدان. دەچـنە نـاو یەکتریـیەوە و شوناسـەکانیان دەگۆڕنـەوە.

بێگومان دۆناودۆنەکانی ناو ئەم دیوانە هەموویان وەك یەك نین، بەڵام هەموویان یەك ئامانجیان هەیە، ئەویش ئەوەیە هەموو شتەکان بە شیعرییەت بارگاوی بکەن. دوای خوێندنەوەی ئەم دیوانە: ئەگەر لە شەودا، مۆمێك بە دیار سەری کچێکەوە ببینی دەسووتێت، بڕوا ناکەیت مۆم بێت، وا دەزانی دڵە-ل١٠. گومان لە بەردی هەڵماقۆکان دەکەیت و پێت وادەبێت ئەوانە دڵی کوڕانن و کچان یارییان پێ دەکەن-ل١٠. دوای خوێندنەوەی ئەم دیوانە: هەست دەکەیت کچانی پاشای ناو داستانەکان، هەر خەیاڵ و ئەفسانە نین، بەڵکو دەکرێت هەر یەکێك لە ئێمە، ڕۆژێك لە ڕۆژان، یەکێك لەو کچانە لە ناو واقیعدا ببینین و عاشقی بین-ل١١. دوای ئەوەی لە خوێندنەوەی ئەم شیعرانە دەبیتەوە، ئەگەر پەڕەسێلکەیەك بە سەر سەرتا بسوڕێتەوە، وا دەزانی پرچی یارەکەتە-ل٢١. ئەگەر یەکێك لە درەختەکانی شەقامی مەولەوی ببینی، کە پەلێکی بەر شان و ملی کچێك دەکەوێت، هەست دەکەیت ئەوە درەختێك نییە، شیعرێکی مەولەوییە، هاتووە دەستبازیی لەگەڵ کچەکاندا بکات-ل٤٨. دەتوانی، بۆ نمونە، ئاوێکی وەك ئاوی ڕوباری (قوشە چەپان) بە ئاوی ڕژاوی ناو مەتارەکەی (خدری زیندە) بزانی-ل٦٣. دەتوانی ببینی: دایکی شاعیر، بە سەر کورسی دڵیەوە، بووە بە تابلۆ-ل٦٤. دەتوانی ئەستێرە بە شیعری خوا و سەوزەگیایش بە شیعری زەوی، بزانیت-ل٨٢. دەتوانی شەپۆل، بە قەڵەمی دەریا بزانیت، کە بیرەوەری خۆی لە سەر لێوارەکان، پێ دەنوسێتەوە-ل٨.

## ژنێکی بێکێش و سەروا

**کاتێ هیچ کەسێك نییە گوێ لە گۆرانییەکانمان بگرێت، دەنگخۆشییمان چ سوودێکی هەیە؟**

ڕێبوارێك، کە یەکێك بوو لە دەنگخۆشترین مرۆڤەکانی سەردەمی خۆی، لە شەوێکی نوتەکدا، ڕێی لێ هەڵە بوو، چەند چاوی گێڕا هیچ تروسکاییەکی، لە هیچ لایەکەوە نەبینی. چەند گوێی هەڵخست، دەنگی هیچ کەسێکی نەبیست. لە دڵی خۆیدا وتی: ئێستا، کە هیچ کەسێك نییە گوێ لە گۆرانییەکانم بگرێت، دەنگخۆشییەکەم چ سوودێکی هەیە؟ خەریك بوو بێهیوایی فریووی بدات. لە پڕ، بە خۆی وت: بەڵام ژیان هەر ئەمشەو نییە، پێویستە لە گۆرانیچڕین بەردەوام بم. چونکە دواجار، ڕۆژ دەبێتەوە و دەگەمەوە بە ئاوەدانیی و شەیدایانی گۆرانییەکانم چاوەڕوانی گۆرانی نوێم لێدەکەن. ئەو ڕێبوارە (لەتیف هەڵمەت) بوو. کاتێ دیوانە تازەکەیم خوێندەوە (ئایەتە ونبۆکانی سەدەی بیست و یەك، یا سوورەتی گەڕانەوە بۆ منداڵێتی. سلێمانی: ٢٠١٧)، پاشان بیرم لە تیراژەکەی کردەوە، کە تەنها (٢٥٠) نوسخەیە و بە هەڵە نووسراوە، (٥٠٠)، هەستم بەو بێهیواییە کرد. ئاخر (لەتیف هەڵمەت)، کە لە حەفتاکانی سەدەی

ڕابـردوودا بـه زۆریـی سـێ هـەزار و تـا حـەوت هـەزار نوسخەیشـی لـە دیوانـەکانی چـاپ کـردووه و (وەك خـۆی لـه بەرنامەیـەکی تەلەفزیۆنییـدا گێڕایەوه)، لە ساڵی ١٩٧٩دا لە شارێکی بچووکیی وەکو قەڵادزێوە، خاوەنی کتێبخانەیـەك نامـەی بۆ نـاردووه و داوای (٥٠٠) نوسـخەی لـه یـەك دیوانی کردووه، ئەگەر بێهیوا نەبووه، بۆچی دوای ئەو هەموو ساڵە لە نووسین و داهێنـان، بەشـی نیـوەی خوێنـەرەکانی ئـەو کاتـەی قـەڵادزێی، بـۆ هـەموو کوردستان، لە دیوانەکەی چاپ کردووه؟ ئێستا کە ئەم وشانە دەنووسم، قووڵتر تێدەگەم کوردبوون بۆ (هەندێك) لە داهێنـەرە ڕاستەقینەکان چەند سەختە. لێرەدا شیعری (ژنێکی بێکێش و سەروا)، کە یەکێکە لە شیعرە جوانەکانی ناو دیوانەکە، دەنووسمەوە و دەوەستم و هەوڵ دەدەم دواتر لە بـارەی شـیعرەکانەوە قسـەی تـر بکـەم: ((لـە ئەفغانسـتانەوە ژنێـك دێ/ بـە شـاعیرێك دەڵـێ/ هـاتووم نهێنـی شـیعری بێکـێش و سـەروام/ فێـر بکـەی/ شـاعیرەکە ژنەکـە ڕووت ڕووت دەکاتـەوە/ تـۆ ئێسـتا جـوانترین شـیعری/ بێکـێش و سـەروای/ لەوساوە/ ژنەکە هەرچەند تووشی شاعیرەکە دەبێ/ خۆی/ ڕووت/ ڕووت/ دەکاتەوە/ شاعیرەکە پێی دەڵێ/ تۆ ئێستا جوانترین شـیعری/ بێکـێش و سـەروای/ بـەڵام ژنەکـە تـا ئێسـتا شـیعری کلاسـیکی دەنووسێ و / فێری نهێنی شیعری بێکێش و سەروا/ نەبووە- ل٣٢-٣٣)).

# ژنێك لە ئەفغانستانەوە دێت

**ئەو ژنەی لە ئەفغانستانەوە هاتووە، خۆی ڕووت ڕووت دەكاتەوە، بەڵام هەر شیعری بەكێش و سەروا دەنووسێت.**

((لە ئەفغانستانەوە ژنێك دێ/ بە شاعیرێك دەڵێ/ هاتووم نهێنی شیعری بێكێش و سەروام/ فێر بكەی/ شاعیرەكە ژنەكە ڕووت ڕووت دەكاتەوە/ تۆ ئێستا جوانترین شیعری/ بێكێش و سەروای/ لەوساوە/ ژنەكە هەرچەند تووشی شاعیرەكە دەبێ/ خۆی/ ڕووت/ ڕووت/ دەكاتەوە/ شاعیرەكە پێی دەڵێ/ تۆ ئێستا جوانترین شیعری/ بێكێش و سەروای/ بەڵام ژنەكە تا ئێستا شیعری كلاسیكی دەنووسێ و / فێری نهێنی شیعری بێكێش و سەروا/ نەبووە- ل٣٢-٣٣)). ئەوە یەكێك لە شیعرە سەرنجڕاكێشەكانی دیوانی (ئایەتە ونبۆكانی سەدەی بیست و یەك، یا سوورەتی گەڕانەوە بۆ منداڵێتی) (لەتیف هەڵمەت)ە، كە لە ساڵی (٢٠١٧) لە سلێمانی چاپ كراوە. ژنێك لە ئەفغانستانەوە دێت، دوو جۆر كێش و سەروا هەناسەیان سوار كردووە، كێش و سەروایەك لە جەستەی و كێش و سەروایەكیش لە ڕۆحی ئاڵاوە. كێش و سەرواكەی جەستەی،

جلوبەرگـــەکانێتی. کـــێش و ســـەرواکەی ڕۆحیشـــی، کـــێش و ســـەروای شـــیعرەکانێتی. جـــارێ بـــا دوو شـــت بڵـــێم، یەکـــەم: ئەفغانســـتان هێمـــای کۆتوبەنـــدکردنی ئازادییـــە، بـــە تایبـــەتیش ئـــازادیی ژن. دووەم: کـــاتێ بـــە شیعری بێکێش و سەروا دەوترێت شیعری ئازاد، یانی شیعری بەکێش و سەروا، شیعرێکی کۆتوبەندکراوە. مەبەستم ئەوەیە وەك چۆن ئەفغانستان هێمـای نـەبوونی ئازادییـە، کـێش و سـەروایش دیسـان هێمـای نـەبوونی ئازادیین. ئەم ژنە کۆتوبەندی سەر جەستەی فڕێ دەدات، بەڵام ناتوانێت کۆتوبەندی سەر ڕۆحی فڕێ بدات. واتە لە ڕووکاردا خۆی ئازاد دەکات، بەڵام لە قوڵاییدا هەر بە دیلی دەمێنێتەوە. لەم شیعرە کورتەدا وەك چۆن وتـراوی زۆر هـەن، نـەوتراوی زۆریـش هـەن. دووان لـەو نەوتراوانـە زۆر گـرنگن: یەکـەمیان ئەوەیـە کـە مـرۆڤ کـاتێ ئـازادیی لـێ زەوت دەکرێـت، مانای ئەوە نییە خەونەکانیشی زەوت کرابێت. نەخێر، ئەوەی ناهێڵێت ئەو مرۆڤانە بمرن، خەونەکانیانە. ئەوەی جێی خۆشحاڵییەکی گەورەیە ئەوەیە دەســتی دوژمنـــانی ئـــازادیی، هەرچـــەندە درێـــژیش بێـــت، هـــەر ناگاتـــە خەونـــەکان. نـــەوتراوی دووەم ئەوەیـــە ڕاســـتە خەونـــەکان لـــە دەســـتی دوژمنـــانی ئـــازادیی دوورتـــرن، بـــەڵام ڕاســـتییەکی تـــریش هەیـــە، کـــە ڕاستییەکی تاڵ و غەمهێنـەرە، ئـەویش ئەوەیـە دوژمنـانی ئازادیی بـەر لـە دیلکردنی جەستەی مرۆڤەکان، ڕۆحیان دیل دەکەن. ئازادکردنی ڕۆحیش زۆر لـە ئـازادکردنی جەسـتە سـەختترە. ئـەی ئـەوە نییـە ئـەو ژنـەی لـە ئەفغانسـتانەوە هـاتووە: خـۆی ڕووت ڕووت دەکاتـەوە، بـەڵام هـەر شـیعری بەکێش و سەروا دەنووسێت؟

## تەیب جەبار لە نێوانی سێ دیواندا

**لە دیوانی دووەمدا (ئـەو شاعیرە دەمرێت) کـە خـەریکی (لاواندنـەوەی خۆڵـەمێش)ە. شاعیرێکی دیکە لە دایك دەبێت کە هەوڵ دەدات سەری شیعر بگرێت و بۆ پێشەوە ئاوڕی پێ بداتەوە.**

ئەو شاعیرانەی کە بە سەرەتایەکی سادە و تەقلیدی دەست پێدەکەن و دواتـر بـە خێرایـی تـا ئاسـتێکی بـەرز هـەڵ دەکشـێن، کـەم و دەگمـەنن. (تەیب جەبار) یەکێکە لەو شاعیرە کەم و دەگمەنانەی کە لە نێوانی دیوانی یەکەم و دووەم و سێیەمییدا، هەڵکشانێکی گەورە و بەرچاو هەیە. ڕاستە وەکو ساڵ، ماوەیـەکی زۆر لـە نێـوانی کـاتی نوسـینی شـیعرەکانی دیـوانی یەکەم و دوو دیوانەکەی تردا هەیە، بەڵام وەکو چاپ، ئەو سێ دیوانـە لـە مـاوەی چـوار سـاڵدا چـاپ کـراون: (٢٠٠٨ بـۆ ٢٠١١). دیـوانی یەکـەمی کـە بـە ناونیشانی (لاواندنەوەی خۆڵەمێش)ە، هەر بە ڕاستیی و تا ڕادەیەکی زۆر بریتییـە لـە لاواندنـەوەی خۆڵـەمێش. مەبەسـتم ئەوەیـە خـاڵی دیـار، تیایـدا، زیـاتر لـەوەی گوتـارێکی شـیعریی بێـت، گوتـارێکی سیاسـیی ئـاوێزان بـە دروشمگەلی نەتەوەیی و نیشتمانییە. بایەخی گەورە لەو دیوانەدا لە بری

ئەوەی لە سەر لایەنی هونەریی و شیعرییەتی دەقەکان بێت، لەسەر پەیامی شیعرەکان چڕ کراوەتەوە. بەڵام لە دیوانی دووەمدا کە بە ناونیشانی (ئەو ڕۆژەی من دەمرم)ە، ئەو ئاراستەیە پێچەوانە بۆتەوە. لە دیوانی دووەمدا (ئەو شاعیرە دەمرێت) کە خەریکی (لاواندنەوەی خۆڵەمێش)ە. ئەو شاعیرە دەمرێت و شاعیرێك لە دایك دەبێت کە هەوڵ دەدات سەری شیعر بگرێت و بۆ پێشەوە ئاوڕی پێ بداتەوە. (ئەو شیعرانەی ئاوڕ بۆ پێشەوە دەدەن)، ناوی دیوانی سێیەمی (تەیب جەبار)ە. هەر لە ناونیشانەکەیەوە مرۆڤ شتێك لەوە تێدەگات کە ئیدی شاعیر خەریکی ئەوەیە بە هۆی ئەو ئەفسوونە گەورەیەوە کە زمانی شیعر دەتوانێت بیبێت، شتگەلێك بگرێت کە بەبێ ئەو زمانە شیعرییە گرتنیان مەحاڵە. وەك پێشتر ئاماژەم بۆ کرد ئەو گواستنەوەیە لە گوتاری سیاسییەوە بۆ گوتاری شیعریی لە دیوانی دووەمەوە دەست پێدەکات، بەڵام لە دیوانی سێیەمدا دەگات بە لوتکە. لە دیوانی یەکەمدا دەستەکان بە دوای (چەکی تۆڵە)دا، دەگەڕێن. کەچی لە دیوانی دووەم و سێیەمدا: (ئاو دەخلیسکێ و بە پشتا دەکەوێ)، مردوو بە (شیلەی وشە) دەشۆردرێت. (جامی جریوە) و (برنجی قاقا) و (شلەی قیژە) هەن. (درەخت تای لێ دێت). ((چوارینەی پێنج خشتەکی) هەیە. (با، دەچەمێتەوە). (بەڕێوەبەری خۆرەتاو) و (باخەوانی خەزان) و (دەزگای چاپ و پەخشی هەور) هەن.

## زمان و شیعرییەت لای تەیب جەبار

**ئەگەر بە کۆمەکی زمانێکی شیعریی ناوازە نەبێت، کەس دەتوانێت مرۆڤێك بدۆزێتەوە (کرێچی با) بێت؟**

بە بڕوای من، لە شیعردا، هیچ مەرجێك لە مەرجی بەرهەمهێنانی شیعرییەت گرنگتر نییە. دەکرێت لای هەر شاعیرێکی بەتوانا، شیعرییەت لە شتگەلێك بەرهەم بهێنرێت، کە مەرج نییە لای شاعیرانی دی، شیعرییەت، لە هەمان شتگەل بەرهەم هێنرابێت. لای (تەیب جەبار) شیعرییەت بە پلەی ئیمتیاز، لە زمانێکی شیعریی بەرهەم دێت، کە (دروستکردن و ئیشکردن لە سەر شتگەلێکی دژ بەیەك) و (بەرهەمهێنانی شتگەلی تازە و ناوازە، لە وشەگەلی ئاسایی)، لە خەسڵەتە هەرە دیارەکانێتی. ئەو وشانەی (تەیب جەبار) بەکاریان دەهێنێت، هەمان ئەو وشانەن کە ئێمەیش بە کاریان دەهێنین، بەڵام وەزیفەی وشەکان، لای (تەیب جەبار)، وەزیفەیەکی دیکەیە. دەکرێت ڕوونتر بڵێم: زمانی (تەیب جەبار) وەك وشە، تایبەتمەندییەکی ئەوتۆی نییە، بەڵام وەك وەزیفەی وشەکان، ئەو زمانە، تا ڕادەیەکی زۆر، زمانێکی ناوازە و تایبەتە. ئەم شاعیرە وشەکان بە جۆرێك دەخاتە تەنیشتی یەکتری کە پێشتر، هەرگیز، بەو جۆرە نەمان بینیون. لای ئەم شاعیرە، وشە درەختێکە، وەك خۆی ناچێنرێت، بەڵکو لەگەڵ (درەختە وشە)ی دیکەدا موتوربە دەکرێت.

بێگومان له هەر کارێکی موتوربەکردنیشدا، ئەوەی بەرهەم دێت، ئەوە نییە کە چێنراوە، شتێکی دیکەیە. بۆ نموونە: موتوربەکردنی قۆخ و هەنجیر، بەرهەمێکمان پێدەبەخشێت کە نە قۆخە و نە هەنجیر. ئەگەر ئەو پرۆسەی موتوربەکردنە نەبێت لە کوێی دنیادا (نوێژی پاشملە) بیستراوە؟ کێ (بێدەنگیی هاژە) و (تاریکی سپی) و (ڕۆشنایی ڕەش) و (عەیارەی شنە و شەونم) ی بینیوە؟ ئەگەر بە کۆمەکی زمانێکی شیعریی ناوازە نەبێت، کەس دەتوانێت مرۆڤێك بدۆزێتەوە (کرێچی با) بێت؟ کەس ڕێی دەکەوێتە (میوانخانەی فەلاقە)؟ کەس (ئاونگ دەشواتەوە و بژاری دەکات و -وەك چێشت- لێی دەنێت؟). ئەی کەس دەبینرێت (دوودڵیی دارکاری بکات؟). ئەگەر کەمێك بە وردی شیعرەکانی (تەیب جەبار) بخوێنینەوە، بە ئاشکرا ئەوە دەبینین کە زمانی ئەم شاعیرە، بە (دروستکردن و بەکارهێنانی شتگەلێکی نەگونجاو و دژبەیەك)، تا ئاستێکی باڵا خۆی لە زمانی شاعیرانی دیکە جیا دەکاتەوە. ئەوەتا لە ناو زمانی ئەم شاعیرەدا: (کەمین) بۆ (دەربازبوون) دادەنرێت. (نەتوانین)، (دەستگیر) دەکرێت و (لەکیس چوون)، (دەرفێنرێت). لە (کۆنگرەی ئاوەدانی)دا، (ماڵ وێرانی) دارەڕا دەکرێت. بە یارمەتی (هات و هاوار) ڕێزمان بۆ زمانی (بێدەنگی) دادەنرێت.

## دروستکردنی دنیای تازە، لای تەیب جەبار

**لە دنیا دروستکراوەکەی (تەیب جەبار)دا، ژنەکان سێ ژەمە پێکەوە گیان لێ دەنێن، ئاونگ دەشۆنەوە و جریوە بژار دەکەن.**

(تەیب جەبار) کوڕی دنیایەکە، بە پێچەوانەی جارانەوە کە دەیانگووت: (کێو بە کێو ناگات)، ئێستا لەو دنیایەدا، (کێو بە کێو دەگات–ل٩٠)، بەڵام (لێو بە لێو ناگات–ل٩٠). ئاخۆ گەیشتنی کێو بە کێو و نەگەیشتنی لێو بە لێو، یانی چی؟ یانی گەیشتنی دوو لێو بە یەکتری، لە گەیشتنی دوو کێو بە یەکتری، سەختترە. ئەم شاعیرە سەر بە دنیایەکە، مرۆڤەکانی: (دەزانن وردە گەڵای تاریکی کۆبکەنەوە، بەڵام نازانن کوانوی خۆشی بگەشێننەوە–ل١٣٠). مرۆڤەکانی ئەو دنیایەی (تەیب جەبار) تیایدا دەژی، (سەر لە جۆبلاو دەردەکەن، بەڵام نازانن ئاوی گەنمگرد بخۆنەوە–ل١٣٠). لەو دنیایەدا: (شەونخوونی مرۆڤەکان دادەپۆشێت–ل١٣١) و خەڵك: (بەرماڵی پاکبوونەوەیان پێچاوەتەوە و نوێژی پاشملەیان بەستووە–ل١٣٣). بۆیە ئەم شاعیرە، وەك مرۆڤێکی ئەفسوونگەر، لە ڕێی زمانێکی شیعریی کاریگەر و بە کۆمەکی خەیاڵێکی شاعیرانە، خەریکی

پەڕینەوەیە بۆ ئەودیوی دنیای ئاسایی، یان ڕاستتر، خەریکی دروستکردنی دنیایەکی تازەیە. لە دنیا تازەکەی (تەیب جەبار)دا، مرۆڤەکان، لە خەمی: (ڕاستکردنەوەی ئازاری چەماوەی درەختەکان–ل٩٤) دان. (دڵیان لای ئەو درەختانەیە کە تایان لێ دێت–ل١٧٤). لەو دنیایەدا: مرۆڤەکان لە ناو هەموو (بۆن)ەکاندا، (بۆنی ناونیشان–ل٨١)، لە خۆیان دەدەن. (مەچەکی چوارینە–ل٨٢) دەکەن بە سەرین. مرۆڤەکانی سەر بەو دنیایە (ڕاوە چەخماخە–ل٨٤) دەکەن، هەوڵ دەدەن فێری بکەن: (لەسەرخۆ شریخە بدات–ل٨٥). (داو بۆ گزنگ دەنێنەوە–ل١٠٨) و (ڕەشەبا دەهاڕن–١٠٨) و (پاشقول لە هەورە تریشقە دەگرن–ل١٠٩) و (گەردەلول سەر دەبڕن و پەلاماری لافاو دەدەن–ل١٠٩). ئەو مرۆڤانە (ماستەر پلان بۆ ئاسمان دادەنێن –١١٢) هەروەها: (ئەنجومەنی باڵای باران هەڵ دەوەشێننەوە و بەڕێوەبەری خۆرەتاو دەدەن بە دادگا–ل١٢١). خەڵکی ئەو دنیایە لە خەمی ئەوەدان: (با بچەمێتەوە و ئاو خەوی لێ بکەوێ و ئاگر ببرژێ–١١٩). ئەوان لە خەمی (لاربوونەوەوی منارەی بەروبووم–ل١٤٣) دان. نیگەران–ی: (تێکچوونی ڕێگای کاکێشانن–ل١٣٢). (ژنەکان) لەو دنیایەدا: (سێ ژەمە پێکەوە گیان لێ دەنێن، ئاونگ دەشۆنەوە و جریوە بژار دەکەن–ل١٧٢). دایکەکان: (بە نیگای گیا بەرهەیوانەکانیان ئاوڕشێن دەکەن–ل٨٨). تەنانەت بۆ مردووەکانیان: (تابووت لە تەختەی مانگ و کفن لە پرچی کچان و بەردی ئەلحەد لە پەلکەزێڕینە دەسازێنن–٦٢). ئاخۆ لە دەرەوەی زمانێکی شیعریی پڕ ئەفسوون و لە دەرەوەی خەیاڵێکی شاعیرانەی داهێنەرانە، وێنای دروستکردنی دنیایەکی لەو جۆرە، دەکرێت؟ بێگومان نەخێر.

## بەختیار عەلی لەماڵەکەی خۆیەوە بۆ دنیا

**شاعیر و نوسەرە ڕاستەقینەکان، زۆر جار، بۆ ئەوەی بە دنیا بگەن، پێویستیان بەوەیە پشتی تێ بکەن.**

وەك لە ڕاپۆرتێکی ماڵپەڕی (ئاوێنەدا) هاتووە: دوای ئەوەی ڕۆمانی (دواهەمین هەناری دنیا)ی (بەختیار عەلی)، لە لایەن (ئوتە کانتێرالانگ) و (ڕاوێژ سەلیم)ەوە کرا بە ئەڵمانی و دەزگای چاپەمەنی (Unionsverlag)ی سویسری، لە وڵاتی ئەڵمانیا، بڵاوی کردەوە، (شتیڤان فایدنەر) کە نوسەر و ڕەخنەگر و ڕۆژهەڵاتناسێکی ناسراوە، لە ڕۆژنامەی (نۆیە دۆیدشە تسایتونگ)دا، وتارێکی لە بارەی ڕۆمانەکەوە، بە ناونیشانی (چۆنە هێشتا پەی-مان بەم نوسەرە گەورەیە نەبردووە و نەمان ناسیوە؟) بڵاو کردۆتەوە. ئەو نوسەرە لە وەڵامی ئەوەی (چۆن توانراوە تا ئێستا کتێبێکی وا، نوسەرێکی وا، لای ئێمە بە نەناسراوی بمێنێتەوە؟) وتویەتی: ((بەختیار عەلی هەرچەندە ئەستێرەکی ئەدەبییە، بەڵام لەو کەسانە نییە خۆی دەربخات، بەڵکو لە ماڵەوە دادەنیشێت و بۆ خۆی خەریکی نووسینە)). جا، من لێرەدا، دەمەوێت وێڕای پیرۆزبایی

گەرمم بۆ (بەختیار عەلی) بە تایبەتیی و بۆ (ئەدەبی کوردیی) بە گشتیی، لە سەر ئەم ڕستەیە: ((لە ماڵەوە دادەنیشێت و بۆ خۆی خەریکی نووسینە))، هەڵوێستەیەك بکەم و بپرسم: ئاخۆ دەکرێت مرۆڤ لە ماڵەوە دابنیشێت و بە دنیایش بگات؟ لە وەڵامدا دەڵێم: بێگومان ئەوە بۆ مرۆڤێکی ئاسایی، نەك ئاسان نییە، بگرە مەحاڵیشە. بەڵام بۆ نوسەرێکی وەك (بەختیار عەلی) بەڵێ دەکرێت. (بیکۆن) دەڵێت: ((شاعیر لە ماڵەکەی خۆیدا دانیشتووە و تەواوی دنیا دەبینێت))، من دەڵێم: شاعیر، یان نوسەر، هەڵبەت مەبەستم هەموو شاعیر و نوسەرێك نییە، لە ماڵەکەی خۆیەوە، هەر تەنها دنیا نابینێت، بەڵکو بە دنیایش دەگات. پەیوەندیی شاعیر و نوسەرە ڕاستەقینەکان، بە دنیاوە، لە پەیوەندیی خەڵکانی تر جیاوازە. ئەگەر خەڵکانی تر بۆ گەیشتن بە دنیا، پێویستیان بەوە بێت بە تەواوی بوونی خۆیانەوە باوەش بە دنیادا بکەن، شاعیر و نوسەرە ڕاستەقینەکان، بە پێچەوانەی ئەوانەوە، زۆر جار، بۆ ئەوەی بە دنیا بگەن، پێویستیان بەوەیە پشتی تێ بکەن. دنیا، بۆ شاعیر و نوسەرە ڕاستەقینەکان، لە دڵدارێك دەچێت کە سروشتی وایە: کاتێ ئەوان ڕووی تێ دەکەن، ئەم پشتیان تێ دەکات، کاتێکیش ئەوان پشتی تێ دەکەن، ئەم ڕوویان تێ دەکات. سڵاو لە (بەختیار عەلی) کە وردە وردە خەریکی ئەوەیە لە ماڵەکەی خۆیەوە، ڕووی دنیا بە لای خۆیدا وەربسوڕێنێت.

# هاشم سەراج و وەڵامدانەوە بە دەقی ئێستاتیکیی

**نابێ شاعیر ڕێ بە (پاسەوانەکانی ڕۆشنبیریی) و (پۆلیسەکانی تازەگەریی) بدات بە لاڕێیدا ببەن.**

((بڕێجار/ زەینم/ پێم دەڵێ/ لە/ کۆمەڵگای دواکەوتوودا/ کە/ لێوانلێوە/ لە/ پاسەوانی ڕۆشنبیری/ و/ دروشمپەرست/ و/ پۆلیسی تازەگەری/ کاتێ/ نەزانێ/ ئەکەن بەگژتا/ دەقێکی/ ئێستاتیکیی/ بنووسە)). ئەوە پەخشانێکی (هاشم سەراج)ە، کە لە ئەکاونتی تایبەتی خۆی، لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوك، وەرم گرتووە. (سەراج)، بۆ من، هەر لە ناوەڕاستی هەشتاکانەوە، کە تازە دەستم بە خوێندنەوە و نووسین کردبوو، شاعیرێکی تایبەت بووە. ئەم شاعیرە جگە لەوەی یەکێك بووە لە شاعیرە نوێخوازەکانی هەشتاکان و تا ئەمڕۆیش لە بەخششەکانی بەردەوامە، خاوەنی وشەئاراییەکیشە، کە لە شیعری نوێی کوردییدا، کەم و دەگمەنە. وشە لە شیعری (سەراج)دا وێڕای کاری ئاسایی خۆی، کە گەیاندنی شتێکە لە شاعیرەوە بۆ خوێنەر، خاوەنی (چریسکانەوەیەکی تایبەت)یشە. چریسکانەوەیەك، کە بەبێ سەلیقەیەکی گەورە ناتوانرێت بەرهەم بهێنرێت. ئاخۆ لەم پەخشانەدا ئەو چریسکانەوەیە هەیە؟ بێگومان

نەخێر. ئەی بۆچی دەمەوێت لە سەری بنوسم؟ ئەوە چییە کە لەم پەخشانە سادە و بچکۆلانەیەدا سەرنجی منی ڕاکێشاوە؟ لەم پەخشانەدا وشەئارایی نییە، چریسکانەوە نییە، هیچ جۆرە تەکنیکێکی تایبەتیش نییە. ئەی کەواتە چی هەیە؟ لە ڕاستییدا ئەوەی لەم پەخشانەدا هەیە و بە لای منەوە سەرنجڕاکێشە، بیرکردنەوەیەکە، کە لای شاعیرانی ئێمە یان نییە، یان زۆر دەگمەنە. بیرکردنەوەکەیش ئەوەیە کە نابێت شاعیر بە هیچ بیانوویەك لە ئامانجی سەرەکیی خۆی لا بدات. ئامانجی سەرەکیی شاعیر چییە؟ ئەوەیە کە دەقی ئێستاتیکیی بنووسێت. ئەوەیە کە ئەگەر (پاسەوانەکانی ڕۆشنبیریی) و (پۆلیسەکانی تازەگەریی) نەزانێکیان کرد بە گژییدا، ئەو بە ئێستاتیکای زیاتر وەڵامیان بداتەوە. یانی شەڕی دزێویی بە دزێویی نەکات، بە ئێستاتیکا بیکات. واتە نابێ شاعیر ڕێ بە (پاسەوانەکانی ڕۆشنبیریی) و (پۆلیسەکانی تازەگەریی) بدات بە لاڕێیدا ببەن و لە ئامانجە سەرەکییەکەی خۆی دووری بخەنەوە. (پاسەوانەکانی ڕۆشنبیریی) و (پۆلیسەکانی تازەگەریی)، کە نەزانەکان دەکەن بە گژ شاعیرە ڕاستەقینەکاندا، ئامانجیان ئەوەیە ئێستاتیکا لاواز بکەن. ئەوان، کە خۆیان ناتوانن دەقی ئێستاتیکیی بنوسن، نایانەوێ هیچ کەسێکی تریش ئەو کارە بکات. یانی ئەوان بە ئێستاتیکا قەڵس دەبن، لەبەر ئەوە هەوڵ دەدەن شاعیرەکان لە بەرهەمهێنانی ئیستاتیکا دوور بخەنەوە. لەم نێوانەدا، وەك زەینی (سەراج) پێمان دەڵێت، باشترین وەڵام ئەوەیە شاعیرەکان ئیستاتیکای زیاتر پێشکەش بکەن.

## دلاوەر بۆچی هاتووە؟

**دلاوەر هـاتووە پـێم بڵـێ: (کـوردۆ گیـان) دڵـدارەکان دوو دڵیـان بـۆ چـییە؟ دوو دڵ زۆر نییـە بـۆ ڕاچەنین؟ دڵدارەکان یەك دڵیان بەس نییە؟**

دیوانــە تازەکــەی (دلاوەر قــەرەداغی) دەخوێنمــەوە: (ڕۆژانێـك مــن ئۆکۆردیۆنم دەژەند). هەستێکی سەیرم بۆ دروست بووە. هەست دەکەم ئـەوە دیوانێـك نییـە لای مـن، بـەڵکو ئـەوە (دلاوەر) خۆیـەتی لـە تەنیشـتم دانیشتووە و دەیەوێت بە هەمان ئەو ئارامییەی بەشێکە لە کەسێتی ئەو، قسەم بۆ بکات. ئاخۆ (دلاوەر) بۆچی هاتووە؟ وا بزانم هاتووە بمباتەوە بۆ سـەردەمی منـداڵیی، ئـەو سـەردەمەی تیایـدا مـرۆڤ دەتوانێـت لـە پشـتی عامودێکـەوە خـۆی بشـارێتەوە. بـەڵام کـاتێ بـەر نـەفرەتی گـەورەبوون دەکەوێت، ئیتر هیچ پەنایەك نییە خۆی تێدا بیشارێتەوە. ئەوەتا دەڵێت: ئەها دوا جار کە (تەهای کەریمی) مەرگ یەخەی پێگرت، تەنها هاوڕێکانی سەردەمی منداڵیی، خـەمی ئەوەیان بوو بە تـەنیا نـەکوژرێت؟ (دلاوەر) لـە سـەر باسـی منـداڵیی بـەردەوام دەبێـت و دەڵێـت: ئەگەرچـی هاوڕێکـانی منـداڵییم منیـان لـە گـەڕەکی منـداڵیی دەرپەڕانـد و خۆیـان تـا ئەبـەد لـەوێ

مانەوە، ئەگەرچی بە گەورەبوون فریویان دام و بە بریندارى بۆ شەڕیان ناردم و دوعایان لێکردم لە شەڕی گەورەبووندا بپێکرێم، ئەگەرچی هاوڕێکانی منداڵییم منیان بۆ دوکان و بازاڕی قەرەباڵغی پڕ لە بازرگانانی دڵڕەق و بێویژدانی کوردبوون نارد و بە جوانی ئەودیو سنوورەکانی کۆڵان مێشکیان بردم، بەڵام من هێشتا ئامادەم بە پێی خۆم و بە جلکی چۆلەکەوە، بگەڕێمەوە ناویان و ئەگەر ئەوان هیچ لە منداڵیی خۆیان نەدەنەوە بە ڕوومدا، منیش هیچ گلەییەکیان لێ نەکەم. (دلاوەر) دەڵێت: (کوردۆ گیان) با من و تۆ لە دوو شاری جیاوازیشدا منداڵیی خۆمان بە سەر بردبێت، بەڵام ئێمە پێکەوە ژیاوین. لە بەر ئەوەیە باسی منداڵییت بۆ دەکەم. بەڵام ئاخۆ هەر باسی منداڵیم بۆ دەکات؟ نەخێر، هاتووە بۆنی (قەزوانی خاو)یشم بیر بخاتەوە. هاتووە باسی (شینی غەریب) و (دەفڕەنینی هەور) و (سنگکوتانی باران) و (بەهێی نەخۆش)یشم بۆ بکات. هاتووە (کۆڵانی کۆتر) و (جادەی مەرجان) و (جێگەپێی پەشیمان) و (حەوشەی پشتەوەی دڵ)یشم پێشان بدات. هاتووە ئەوەیشم بۆ باس بکات کە چۆن (خوا ئێواران خۆری بۆ هەڵداونەتە خوارەوە یاریی پێبکەن)، چۆن ئەوانیش (سبەینان زوو هەڵگژاونەتە ئاسمان بۆ لای خوا و بە سوپاسێکی زۆرەوە خۆرەکەیان داوەتەوە). هاتووە پێم بڵێ: (کوردۆ گیان) دڵدارەکان دوو دڵیان بۆ چییە؟ دوو دڵ زۆر نییە بۆ ڕاچەنین؟ دڵدارەکان یەك دڵیان بەس نییە؟

## جەنگ لە دەرەوەی مەیدانی جەنگ

**جەنگ هەر لە مەیدانی جەنگدا خوێن ناڕێژێت، لـە شوێنە دوورەکـانیش خـوێن دەڕێـژێت. جـەنگ هەر خوێنی مرۆڤ ناڕێژێت، خوێنی خەونەکانیش دەڕێژێت.**

(دەرگاکـــان بـــە زەردەخەنـــە دەکرێنـــەوە). نامیلکەیـــەکی شـــیعریی (حوسێن لەتیف)ە، کە ساڵی )٢٠١٦( لە چاپخانەی (سکای دیزاین) چاپ کـراوە. لـەم نامیلکەیـەدا، شـاعیر، خـەریکی ئامـادەکردنی پانۆرامایەکـە لـە سەر جەنگ. بەڵام دەزانێت، ئەو، نە ڕۆژنامەوانە، نە مێژوونووس، بۆیە لە بری ئەوەی لە بەرەکانی جەنگ بمێنێتەوە، دەڕوات بە دوای شوێنگەل و شـتگەلێکدا دەگـەڕێت، کـە جـەنگ، بـەبێ ئـەوەی سـەرنجی ڕۆژنامـەوان و مێژوونووسەکانی بۆ ڕابکێشێت، دەچێتە ناویانەوە. دەمەوێت بڵێم: ئەوەی لەم نامیلکەیەدا زۆر جوانە، ئەوەیە کە شاعیر لە بیری ناچێت خەریکی شیعرنووسینە. بۆیە جیاواز لە ڕۆژنامەوان و مێژوونووسەکان، لە مردنی سەربازەکاندا، تەنها مردنی سەربازەکان نابینێت. بەڵکو ئەو بەڵێنانەیش دەبینێت کـە سـەربازەکان بـە دڵـدارەکانی خۆیـانی دەدەن. (سـەربازەکان بـەڵێن دەدەن بـەر لـەوەی هـەنار گـوڵ بگرێـت، بگەڕێنـەوە)، بـەڵام

ناگەڕێنەوە. لێرەوە، شاعیر، لە ڕێی بینین و بەسەرکردنەوەی ئەو خەونانەوە، پێمان دەڵێت: جەنگ هەر لە مەیدانی جەنگدا خوێن ناڕێژێت، لە شوێنە دوورەکانیش خوێن دەڕێژێت. جەنگ هەر خوێنی مرۆڤ ناڕێژێت، خوێنی خەونەکانیش دەڕێژێت. (مامۆستایەك لە پۆلدا باسی جوگرافیا دەکات، کاتێك ئەتڵەسەکە دەسووڕێنێت، منداڵێك دەست دەکات بە گریان، چونکە لەو شوێنەدا کە مامۆستا دەستی لەسەر داناوە باوکی شەهید بووە). بەم جۆرە، شاعیر، ئاگادارمان دەکاتەوە: جەنگ دەچێتە ناو پۆلەکانی خوێندیشەوە. (دایك و باوکی سەربازەکان، لە ژووری نوستندا، ئەو ڕۆژانە دەژمێرن کە دەبێت دوای تەواوبوونیان کوڕەکانیان بگەڕێنەوە)، بەڵام ناگەڕێنەوە. واتە: جەنگ دەچێتە ژووری نوستنەکانیشەوە. (جەنگ دەست پێدەکات، باوکەکان مەڕ دەکەن بە قوربانیی، جەنگ تەواو دەبێت، باوکەکان دیسان مەڕ دەکەن بە قوربانیی). گێڕانەوەی ئەم قوربانییانەش بۆ ئەوەیە بزانین جەنگ دەچێتە ناو مەڕەکانیشەوە. (جەنگ قاچی سەربازەکان دەبات، پێڵاوەکان بێ قاچ دەمێننەوە). واتە جەنگ دەچێتە ناو پێڵاوەکانیشەوە. (دڵی دایك و باوکەکان، دەبن بە مۆزەخانەی دەست و قاچی پەڕیووی منداڵەکانیان). واتە جەنگ دەچێتە ناو مۆزەخانەی دڵەکانیشەوە. دواجار، (کاتێ جەنگ تەواو دەبێت، سەرۆك، دەستکەوتەکان لە نێوانی ژنەکەی خۆی و دایکی سەربازەکاندا دابەش دەکات، ئۆتۆمبیل بۆ ژنەکەی خۆی، زێڕ بۆ ژنەکەی خۆی، بەردەست بۆ ژنەکەی خۆی. بۆ دایکی سەربازەکانیش یەك دوو سێت جلی ڕەش). واتە: جەنگ کە تەواو دەبێت، تەواو نابێت، دەچێتە ناو کەنتۆری جلوبەرگی دایکی سەربازەکانەوە.

## بەرد بهێنە، دڵ دەهێنم، دەیانگۆڕینەوە

**ئەم شاعیرە، خەون بە ژنێکەوە دەبینێت بەردی بۆ بهێنێت تاکو (کوخ)ی خۆشەویستیی پێ دروست بکات، بەڵام ژنەکە بەرد دەهێنێت بۆ سەر گۆڕەکەی.**

(ئارۆن) نامیلکەیەکی شیعریی (ئارام ئیسماعیل)ە و (خانەی ڕۆنان بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە) لە ساڵی (٢٠١٣)دا چاپی کردووە. دوای خوێندنەوەی، هەستم کرد شاعیر چیرۆکێکی هەیە، نەیویستووە بە شێوازێکی ئاسایی و باو بیگێڕێتەوە. بەڵکو هەوڵی داوە به ناو شیعرەکاندا پرش و بڵاوی بکاتەوە و چۆنێتی کۆکردنەوە و پێکەوەگرێدانەوەی، بۆ خوێنەر جێبهێڵێت. چیرۆکەکە، چیرۆکی شاعیرێکی شەرمن و دڵشکاوە، کە عەشقێکی پەنهان و ئاوێتە بە شەرم، وەك نەفرەت، ئاڵاوەتە ملی. ئەو شاعیرە نە دەتوانێت لە عەشقەکەی هەڵبێت و نە دەشزانێت چۆن و لە کوێ بیشارێتەوە. عەشق، بۆ ئەو شاعیرە، نهێنییەکی ماندووکەرە و لەوەی کە نازانێ چۆن و لە کوێ ئەو نهێنییە بشارێتەوە، نیگەرانە. نیگەرانییەکەی، لە نیگەرانیی منداڵ دەچێت. منداڵ کاتێ دەیەوێ شتێك بشارێتەوە، ئەگەر شتەکەی هەڵماتێکیش بێت، وا هەست دەکات زەوی لە هەڵماتەکەی ئەو بچوکترە. وا هەست دەکات هەڵماتە بچووکەکەی ئەو، لەو زەوییە گەورەیەدا جێی نابێتەوە. بۆیە سەری دنیای لێ دێتەوە یەك و نازانێ لە کوێ بیشارێتەوە. بڕوانە، ئەو شاعیرە هەوڵ دەدات،

نهێنییەکەی بچووك بکاتەوە و بیئاخنێتە ناو چەند پیتێکی خنجیلانەوە و لە پشتی فۆتۆیەکدا حەشاری بدات، بەڵام بەو حاڵەشەوە هەر دەترسێت ئاشکرا بێت: ((باران دەبارێت/ بۆ چەند ڕۆژێك/ ترسی ئەوەم هەیە/ نهێنییەکەم ئاشکرا بێت/ لەسەر پشتی فۆتۆکەت/ نوسیبووم/ مەترسە ڕەنگە/ کچەکەمان ناو بنێین/ باران-ل٨٦)). کاتێ هەوڵم دا چیرۆکی پرش و بڵاوی ئەو شاعیرە کۆبکەمەوە، بینیم چیرۆکێکی ئازاراوی و خەمهێنەرە. بڕوانە، ئەو شاعیرە: (وەك سووتووی جگەرە فڕێ دراوە-ل٦٣)). ئەو شاعیرە: ((نیگای ڕژاوە-ل١٠٢)). ئەو شاعیرە ئەژنۆی نییە: ((ئەژنۆکانم لە گۆڕستانێکی دوور ناشت-ل١٠٣)). ئەو شاعیرە: (بە جەور داپۆشراوە-ل١٠٤)، ئەو شاعیرە: (لە جیاتی ئاو، لم دەکەنە دەمییەوە-ل١١٠). دواجار، چیرۆکی ئەو شاعیرە بە بەرد کۆتایی پێ دێت. بڕوانە: خەون بە ژنێکەوە دەبینێت بەردی بۆ بهێنێت تاکو (کوخ)ی خۆشەویستیی پێ دروست بکات، بەڵام ئەو ژنە بەرد دەهێنێت بۆ سەر گۆڕەکەی، بەرد دەهێنێت لەگەڵ دڵییدا بیگۆڕێتەوە. بێگومان بەرد لێرەدا هەر بەرد نییە، دڵی ژنەکەیشە: ((بەرد بهێنە بۆ خۆشەویستیی/ کوخێکی پێدروست بکەین/ بەرد بهێنە بۆ شیوەن/ گۆڕکەمی پێداپۆشە/ بەرد بهێنە دڵ دەهێنم/ دەیان گۆڕینەوە-ل٨٧)).

## له بارەی شیعری (ئاریان ئەبوبەکر)ەوە

**(ئاریان) نایەت قسە لە سەر دیاردەیەك بکات و بڕوات. بەڵکو لە ناو دیاردەکاندا قاڵ دەبێتەوە.**

((دەچـــمە بــەردەم شــەڕ و لیمــۆ دەخــۆم لیمەنــدۆزی دەکــەم بــە برینەکانمـەوە دەڵێم ئـەها ئـەوەتا خـەتای تۆیـە ئـەم هـەموو برینـە/ زەوی خەریکـە دەبێـت بـە سـەرقەبرانێکی گـەورە/ تـووڕە دەبـم قـاچ دەنـێم بـە دەبابەکاندا/ خەبەرم دەبیتەوە من هەر بە قەدەر دۆشەکەکەمم)). بە لای منەوە (ئاریان ئەبوبەکر) شاعیرێکی زۆر تایبەت و ناوازەیە، من لە دڵەوە شیعری (ئاریان)م خۆش دەوێت. شیعری (ئاریان) زیاتر وەستانە لە سەر دیـاردە ناخۆشـەکان، ئـەو هێنـدەی بـە دزێـویی و ناخۆشـییەکانی ژیانـەوە سەرقاڵە، بە جوانیی و دڵخۆشییەکانییەوە سەرقاڵ نییە. خۆ ڕاستە تەمەن بەشی جوانیی و دڵخۆشییەکانیش ناکات، نەك دزێویی و ناخۆشییەکان. بەڵام (ئاریان) هێند بە جوانیی ئەو دیاردانە بە شیعر بارگاوی دەکات، کە مرۆڤ ناتوانێت باوەش بۆ شیعرەکانی نەکاتەوە. بە لای منەوە، یەکێك لە جیاوازییە دیارەکانی (ئاریان) لەگەڵ زۆرێك لە شاعیرانی تردا، ئەوەیە (ئاریـان) نایـەت قسـە لـە سـەر دیاردەیـەك بکـات و بـڕوات. بـەڵکو لـە نـاو

دیاردەکاندا قاڵ دەبێتەوە. هەوڵ دەدات لە چەند گۆشەیەکەوە بیانبینێت و بیانخوێنێتەوە. من بە شێوەیەکی نیمچە بەردەوام، تێبینییەکم لە سەر شیعری ئاریان هەیە: لە زۆرینەی دەقەکانیدا، کۆمەڵێك ڕستە و دەستەواژە و کۆپلەی زیادە و دووبارە هەن، کە باشتر وایە لاببرێن. ئەو ڕستە و دەستەواژە و کۆپلانە، زۆر جار شڵەژان لە هارمۆنیای شیعرەکاندا، دروست دەکەن. بەڵام سەیرە، لەگەڵ ئەم تێبینییە نیمچە بەردەوامەیشدا، هەمیشە شیعری (ئاریان) لای من شیعرێکی تایبەت و ناوازەیە. ڕەنگە هۆکاری ئەمەیش بۆ ئەو هێزە زۆرەی ئەو بگەڕێتەوە کە لە بەرهەمهێنانی شیعریەتدا هەیەتی: ((منداڵەکان لە تەشتە ئاوەکەدا مەلەیان دەکرد/ دەتوت لە دەریادا مەلە دەکەن/ شەڕ هات و خۆی کێشا بە ناوەڕاستی تەشتەکەدا/ منداڵەکان بە ئاسمانەوە دەتوت مەلە دەکەن لە خوێندا / نەنکم بەو پێستە جوانەیەوە لەژێر ئەو خۆرە گەرمەدا ماستی دەدا بە پشیلەکە و دەیویست تێی بگەیەنێت کە بێتە سێبەرەکەوە/ شەڕ هات و خۆی کێشا بە ناوەڕاستی شوتییەکەدا پشیلەکە فریا ناکەوێت بڵێت میاو/ شوتی و ماست و لێفە و ئێمە بەو ناوەدا بڵاو بڵاو بووینەوە/ دەمم پڕ دەکەم لە ژەهر و دەم دەخەمە دەمی شەڕەوە/ تا شەڕ بمرێت)).

## له بارەی تەنیاییەوە

**مرۆڤ بە (ئاپۆرە) دەگات، بەڵام لە (تەنیایی) ڕزگاری نابێت. منداڵ و هاوسەر و هاوڕێ و هاوکار و هاوبیر و زۆر (هاو)ی تریش، لە دەوری خۆی کۆ دەکاتەوە، بەڵام هەر تەنیایە.**

(کۆد) شیعرێکی کورتی (بەشدار سامی)ە، کە ئەمە دەقەکەیەتی: ((ژنم هێنا/ تا تەنیا نەبم/ دواتر/ منداڵمان بوو/ تا تەنیا نەبین/ ژنەکەم/ لە ژوورێکدا نینۆکەکانی ڕەنگ دەکا و/ کەسێك نییە/ دەستی بگرێ/ من/ بە وشەوە سەرقاڵم/ منداڵێك/ لە نێوانی هەردووکماندا/ پێویستی بە کەسێکە یاریی لەگەڵدا بکا/ ئێمە هێشتا تەنیاین)). دەمەوێت لە ڕێی ئەم شیعرەوە کەمێك لە بارەی تەنیاییەوە بدوێم. (ئۆسکار وایلد) دەڵێت: ((کتێبی ژیان، بە چیرۆکی ژن و پیاوێك، لە باخێکدا، دەست پێدەکات))، کەچی مرۆڤ تەنیایە. ڕاستە چیرۆکی ئەو ژن و پیاوە (ئادەم و حەوا)، بە دیوێکدا چیرۆکی (بەیەکگەیشتن)ە، بەڵام بە دیوێکی تردا چیرۆکی (تەنیایی)ە. ڕاستە (ئادەم) بۆ ئەوەی لەگەڵ (حەوا)دا لە (درەختی قەدەغەکراو) بخوات، هەم خوای لە خۆی ڕەنجاند و هەم بەهەشتی لەدەستی خۆی دا و هەم نەمرییشی دۆڕاند. بەڵام ئەوەیش ڕاستە کە ئەو هەموو قوربانییەی

(ئادەم) بەر لەوەی (عەشق) بێت بۆ (حەوا)، (ترس) بوو لە (تەنیایی). چونکە بەر لە دروستکردنی (حەوا)، (ئادەم) هەستی بە (تەنیایی) کرد. واتە (تەنیایی) لەپێشتر بوو. دەمەوێت بڵێم: چیرۆکی (ئادەم و حەوا)، زۆر شتمان پێ دەڵێت، بەڵام لە هەموویان جەوهەرییتر مەسەلەی تەنیاییە. ئەوەتا دوای هەزاران ساڵ و دوای ئەوەی نەوەکانی (ئادەم و حەوا)، بوون بە ملیاران کەس، کەچی هێشتا تەنیان. ئەوەتا (سوهراب سپێهری) گومانی لەسەرژمێرییەکان هەیە و دەپرسێت: ((ئەگەر ئەم زەوییە پڕ لە مرۆڤە، چۆنە ئەو هەموو مرۆڤە تەنیان؟)). دەتوانم بە دوای وەڵامێکدا بۆ پرسیارەکەی (سوهراب) و لە ڕێی خستنەسەرێکەوە بۆ ئەو وتەیەی کە دەڵێت: ((تەنیایی یەك نەفەرە هەیە و تەنیایی دوو نەفەرە هەیە))، بڵێم: (تەنیایی بە تەنیا) و (تەنیایی بە کۆمەڵ)یش هەیە. دواجار، وەك مێژووی مرۆڤایەتی بۆمان دەگێڕێتەوە و شیعرەکەی (بەشدار)یش بە جوانی بەرجەستەی کردووە، مرۆڤ بە (ئاپۆرە) دەگات، بەڵام لە (تەنیایی) ڕزگاری نابێت. منداڵ و هاوسەر و هاوڕێ و هاوکار و هاوبیر و زۆر (هاو)ی تریش، لە دەوری خۆی کۆ دەکاتەوە، بەڵام هەر تەنیایە. ئەوەش کە دەڵێن ((مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە))، ڕاست نییە، ڕاستییەکەی ئەوەیە مرۆڤ بوونەوەرێکی تەنیایە، بۆ ئەوەی لەو تەنیاییە هەڵبێت، دەیەوێت کۆمەڵایەتیی بێت، بەڵام ناتوانێت.

## هەمیشە جێیەك خاڵییە

**هەندێجار ئەو کەسەی کە ئێمە وا دەزانین ئەو جێیە خاڵییەمان بۆ پڕ دەکاتەوە، زیاتر خاڵی دەکات.**

(بیژەن نەجدی) لە شیعرێکدا دەڵێت: ((پاسێك لە تارانەوە هاتووە/ یەکێك لە کورسییەکانی خاڵییە/ ڤیتارێك لە تەورێزەوە دەڕوات/ یەکێك لە فارگۆنەکانی خاڵییە/ سینەماکەی شیراز پڕە لە خەڵك و/ بە دڵنیاییەوە ڕیزێکی خاڵییە/ دەڵێی کەسێك هەیە کە لە ڕاستییدا بوونی نییە/ دەڵێی هەندێ کەس هەن کە نایەن/ ڕەنگە کەسێك لە چاوی مندا بێت و ڕۆیشتبێت/ نازانم)). دەمەوێت بە ئیحاوەرگرتن لەم شیعرە، چەند سەرنجێك دەر ببڕم: هەمیشە جێیەك خاڵییە، هەمیشە بە دوای ئەو کەسەدا وێڵین کە جێگاکەی خاڵییە. چیرۆکی (ئادەم)یش بە شێوازی خۆی بەسەرهاتی ئەو خاڵێتییەمان بۆ دەگێڕێتەوە. دوای چیرۆکی دروستبوون لە یەکەمین هەستەکانی (ئادەم) ئەوە بوو کە جێیەك خاڵییە، ئەوەی ئەو جێیە خاڵییە پڕ دەکاتەوە، یان ڕاستتر ئەوەی (ئادەم) پێی وایە دەتوانێت ئەو جێیە خاڵییەی بۆ پڕ بکاتەوە (حەوا)یە. (حەوا) دێت

ئەو جێیە پڕ بکاتەوە، بەڵام ئاخۆ لە ڕاستییدا (حەوا) ئەو جێیە پڕ دەکاتەوە، یان زیاتر خاڵیی دەکات؟ هەندێجار ئەو کەسەی کە ئێمە وا دەزانین ئەو جێیە خاڵییەمان بۆ پڕ دەکاتەوە، زیاتر خاڵیی دەکات. ئەو کەسە هەستکردنی ئێمە بەو جێیە خاڵییە قووڵتر دەکات و ئێمە دەباتە دۆخێکەوە زیاتر هەست بە خاڵێتی ئەو جێیە بکەین. لە خەون و خەیاڵی زۆرینەماندا کەسێك هەیە ئەو جێیەمان بۆ پڕ دەکاتەوە، بەڵام بۆمان نادۆزرێتەوە. جار هەیە هیچ زانیارییەکمان لە سەر ئەو کەسە نییە، تەنانەت ناو و نازناو و ئەدرەسیشی نازانین، کەچی بەردەوام چاوەڕوانی دەبین تاکو پەیدا بێت و ئەو جێیە خاڵییەمان بۆ پڕ بکاتەوە. زۆر جار هەست دەکەم زۆرینەی داهێنانەکانی مرۆڤ، لە بناغەدا بۆ پڕکردنەوەی ئەو جێیە خاڵییەن، هەر کەسە بە شێوازی خۆی ئەو جێیە پڕ دەکاتەوە، یان ڕاستتر، هەوڵ دەدات پڕی بکاتەوە. نووسین یەکێکە لەو شێوازانەی کە مرۆڤ هەوڵ دەدات لە ڕێگایەوە ئەو جێیە خاڵییە پڕ بکاتەوە. دروستکردنی ئەو هەموو پاڵەوان و کەسایەتییانە لەسەر کاغەز، بۆ پڕکردنەوەی ئەو جێیە خاڵییە نەبێت بۆ چییە؟ ڕەنگە هەر لەبەر ئەوەیش بێت هەندێجار، هەندێك لەو پاڵەوانانەی لەسەر کاغەز هەن، لە ناو ئێمەدا زیندووترن لەو کەسانەی لە دەوروپشتمان دەژین و دەیانبینین و دەیانناسین.

## حوسێن پەناهی چی دەوێت؟

**لەگەڵ هەڵپەی فراوانکردنی خەونەکاندا، خەمەکانیش بە هەمان ئەندازە گەورە دەبن.**

(حوسێن پەناهی) دەڵێت: ((دەمەوێ بگەڕێمەوە بۆ زەمانی منداڵییم/ بۆ ئەو کاتانەی/ باوکم تەنیا قارەمان بوو/ عەشق تەنها لە باوەشی دایکمدا تەواو دەبوو/ بەرزترین شوێن لە زەوییدا شانی باوکم بوو/ خراپترین دوژمنەکانم خوشك و براکانم بوون/ دەردەدارییم تەنها ئەژنۆ بریندارەکانم بوو/ تەنها شتێك کە دەشکا/ کەرەستەی یارییەکانم بوو/ مانای خواحافیزییش تا بەیانی بوو)). بێگومان نمونەی هەرە باڵا بۆ منداڵ، یان دایکە، یان باوکە، یان هەردووکیانە. ژیژك دەڵێت: ((بەچکەی هیچ گیاندارێك، لە دنیادا، لە بەچکەی من نیانتر نییە)). ئەگەر ئەو وتەیە پێچەوانە بکەینەوە ڕاستتر دەبێت: ژیژك دەڵێت: ((هیچ دایکێك، لە دنیادا، لە دایکی من نیانتر نییە)). بۆچی ڕاستتر دەبێت؟ چونکە ڕەنگە دایك بزانێت بەچکەکەی ئەو نیانترین بەچکەی دنیا نییە، بەڵام وایش بڵێت. وەلێ منداڵ بە هەموو بڕوایەکیەوە دایکی بە نیانترین دایکی دنیا دەزانێت. ئەو قسانە بۆ باوکیش هەر ڕاستن. (پەناهی) ڕاست دەکات لای

هەر منداڵێك بەرزترین شوێنی زەوی شانی باوکێتی. شوێنی ڕاستەقینەی هەر عەشقێکی گەورە باوەشی دایکێتی. ئاخۆ (پەناهی) بۆچی دەیەوێت بگەڕێینەوە بۆ منداڵیی؟ وەڵامەکە تا ڕادەیەك دیارە، چونکە خراپترین دوژمن خوشك و براکانن. خوشك و براکان لە تروپکی توڕەییاندا چی دەکەن؟ ئەوپەڕی کەرەستەی یارییەکان دەشکێنن. چونکە منداڵ لە بری ئەوەی ڕۆحی بریندار بێت، سەر ئەژنۆکانی بریندار دەبن. لە بری ئەوەی دڵی بشکێت کەرەستەی یارییەکانی دەشکێن. لە بری ئەوەی خواحافیزیی ئازیزەکانی تا ناکۆتا درێژ ببنەوە، تا بەیانی دەخایەنن. دواجار دەتوانین ئەم دەقەی (پەناهی) وا بخوێنینەوە کە ئەو نەهامەتیی گەورەی مرۆڤ لەوەدا دەبینێتەوە بیری دەچێت لەگەڵ هەڵپەی فراوانکردنی خەونەکانیدا، خەمەکانیشی بە هەمان ئەندازە فراوان دەبن. بیری دەچێت هەڵپەکردن بۆ دەستکەوتی زیاتر، دەستشکانی زیاتری بە دوادا دێت. واتە (پەناهی) نەهامەتیی مرۆڤ بە تەنها لە گەورەبوونی خۆیدا نابینێت، بەڵکو لە گەورەبوونی دنیاکەشیدا دەیبینێت. ئەوەتا مرۆڤایەتییش دەیەوێت جارێکی تر دنیا بکاتەوە بە گوندێك. بەڵام (پەناهی) ئەو گوندەی قبوڵ نییە، (پەناهی) دەیەوێت لە بری ئەو دنیایەی لە ناو تەکنەلۆژیادا و بە ئاڵۆزیی دەکرێت بە گوند، دنیا لە ناو ڕۆحی مرۆڤ خۆیدا و بە سادەییەك کە لە سادەیی منداڵ دەچێت، بکرێت بە گوند.

## کام پرد، لە کوێی جیهاندا، ڕووخاوە؟

**مرۆڤ کۆترێکە لە هێلانەکەی خۆی دابڕاوە، نازانێ چۆن پێی بگاتەوە، بەڵام هەمیشە بۆ هێلانەکەی خۆی دەگمێنێت.**

یەکێك لە دیوانەکانی (گەروس عەبدولمەلەکیان)م بە دەستەوەیە: (ڕەنگە کاڵبووەوەکانی دنیا)، کە (مەریوان هەڵەبجەیی) وەریگێڕاوە و (ڕەخنەی چاودێر) لە ساڵی (٢٠٠٩)دا چاپی کردووە. لە جێیەکدا ڕادەوەستم: ((ئێمە تەنیا بە سەر شووشە تەمگرتووەکانەوە دەنووسین/ تا دارستانی ئەودیو پەنجەرەکە دەرکەوێت-ل٥٩)). لە خۆم دەپرسم: گەروس بە نیازی چییە بیڵێت؟ لە وەڵامی خۆمدا دەڵێم (گەروس) دەیەوێت بڵێت: نووسین، تۆمارکردنی شتێکە لە جێیەکدا، کە مەبەست لێی، ڕوونکردنەوەی جێیەکی ترە. یانی هەوڵدانە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوێ، لە ڕێی ئێرەوە. نووسین، تۆماردنی شتێکە لە سەر تەم، لە سەر شووشەی پەنجەرەیەك، کە لەودیوی تەم و پەنجەرەکەوە، دارستانێك هەیە. ڕاستە، کەرەستەی سەرەکیی لەو تۆمارکردنەدا تەم و پەنجەرەکەن، بەڵام ئامانج ئەودیوی ئەوانە، ئامانج دارستانەکەیە. بە خۆم دەڵێم

(گەروس) دەیەوێت بڵێت: ئێمەی ئەهلی نووسین، واین لە ناو تەمدا، لە پشتی پەنجەرەیەکەوەین و چاومان لەودیوی پەنجەرەکەیە. خۆمان لێرەین و خەون و خولیاکانمان لەودیوی تەم و پەنجەرەکەوەن. بە خۆم دەڵێم ئەم شاعیرە دەیەوێت بڵێت: ئێمە لە ماڵی خۆمان نین، بەڵام گۆرانیی بۆ ماڵی خۆمان دەڵێین. دەیەوێت بڵێت ئێمە لەو جێیە نین، کە دەبێ لێی بین. دەیەوێت بڵێت: ئێمە لەگەڵ ئەو جێیەی کە خەیاڵەکانمان دەبزوێنێت، ئەو جێیەی کە دەبێت لێی بین، دووچاری دابڕانێکی ڕاستەقینە هاتووین. ئەم وەڵامانەی خۆم دەدەمەوە، بەڵام ناتوانم پێیان ڕازی بم. هەست دەکەم (گەروس) دەیەوێت لەوە زیاتر بڵێت. بەردەوام دەبم و دیوانەکە تەواو دەکەم و دووبارە هەموو شیعرەکان دەخوێنمەوە. دەبینم لە جێیەکی دیکەدا ڕوونتر و فراوانتر لەم دابڕانە دوواوە. لەوێدا پێمان دەڵێت: هەر ئەهلی نووسین نا، هەمووان ئەم کێشەی دابڕانەیان هەیە. لەوێدا بە ڕوونی باسی ڕووخانی پردێك دەکات، کە مرۆڤەکانی لە ماڵی ڕاستەقینەی خۆیان دابڕیووە. لەوێدا پێمان دەڵێت: مرۆڤ کۆترێکە لە هێلانەکەی خۆی دابڕاوە، نازانێ چۆن پێی بگاتەوە، بەڵام هەمیشە بۆ هێلانەکەی خۆی دەگمێنێت: ((کچانی شار/ بیر لە گوند دەکەنەوە/ کچانی گوند/ لە ئارەزووی شاردا دەمرن/ پیاوە بچووکەکان/ بیر لە ئاسوودەیی پیاوە گەورەکان دەکەنەوە/ پیاوە گەورەکان لە ئارەزووی ئارامیی پیاوە بچووکەکاندا/ دەمرن/ کام پرد/ لە کوێی جیهاندا ڕووخاوە/ کە هیچ کەس ناگاتە ماڵەکەی. ل٢٢–٢٣)).

## ئەودیوی شوشە، دەریایە

**هەر کاتێ یار لە پشتی حەوزی ماسییەکانەوە وەستابێت، ئەودیوی شوشەکە دەریایە و لە دەریاکەیشدا جوانیی شەپۆل دەدات.**

((دیوێکی شوشەکە تۆی/ دیوەکەی دی/ ماسییەکان مەلە دەکەن/ تۆ هێواش هێواش هەنگاو دەنێیت/ ئەوانیش/ دڵتەنگ و سەرلێشێواو بۆت دەڕوانن/ تەمەنێکیان بەڕێ کردووە تازە دەزانن/ ئەودیوی شوشە، دەریایە)). ئەوە شیعری (دکتۆر ئەفشین یادوڵاهی)ە و (داستان مەلا بەکر) کردویەتی بە کوردیی. بۆچی ئەودیوی شوشە دەریایە؟ دەریای چی؟ بێگومان دەریای جوانیی. بۆچی هەموو دڵدارێك یارەکەی خۆی بە دەریا دەزانێت؟ ئاخۆ ئەو نهێنییە چییە کە وا دەکات هەموو کەسێك دڵدار و دڵخوازی خۆی بە دەریای جوانیی بزانێت؟ خۆی لە ڕاستییدا هەموو دڵدارەکان دەریا نین. هەموو دڵدارەکان جوان نین. کەچی لای هەمووان هەر کاتێ یار لە پشتی حەوزی ماسییەکانەوە وەستابێت، ئەودیوی شوشەکە دەریایە و لە دەریاکەشدا جوانیی شەپۆل دەدات. ئاخۆ نهێنی ئەمە لە چییدایە؟ لە کوردەوارییدا بۆ پرسیارێکی لەم جۆرە، وەڵامی ئامادە

ئەوەیە کە دەڵێت: ((دڵ کوێرە)). (فرناندو پسوا)یش دەڵێت: ((دڵ بیر ناکاتەوە، ئەگەر بیری بکردایەتەوە دەوەستا)). بەڵام من هەست دەکەم دڵ نە کوێرە، نە ئەوەیشە بیر نەکاتەوە. دڵ هەم بینایە و هەم بیریش دەکاتەوە. وەلێ ئەو وەك ئێمە نابینێت. وەك ئێمە بیر ناکاتەوە. ئەو هاوکێشەکان پێچەوانە دەکاتەوە. دڵ، کاتێ لە خەڵکی دەڕوانێت و بیریان لێ دەکاتەوە، لەگەڵ ئەو پێوەرانەدا بەراوردیان دەکات کە بۆ جوانیی، هەیەتی. دەیەوێت بزانێت تا چەند لەگەڵ پێوەرەکانی ئەودا بۆ جوانیی، یەك دەگرنەوە؟ واتە کاتێ دۆخەکە پەیوەست بێت بە خەڵکییەوە، جوانیی دەبێت بە سەرچاوە و خەڵکی دەبرێنەوە سەر سەرچاوەکە. بەڵام کاتێ دۆخەکە پەیوەست بێت بە یارەوە، مەسەلەکە پێچەوانە دەبێتەوە. لە کاتی وادا دڵ هەوڵ دەدات جوانیی لەگەڵ یاردا بەراورد بکات. هەوڵ دەدات بزانێت جوانیی تا چەند لەگەڵ یاردا یەك دەگرێتەوە؟ یانی یار دەبێت بە سەرچاوە و جوانیی دەبرێتەوە سەر یار. بە مانایەکی دی، دڵ کاتێ لە بەردەمی خەڵکییدا دەوەستێت، ئەوەی دەتوانێت ڕوانین و بیرکردنەوەی بگۆڕێت، یان بیخاتە ژێر کاریگەری و هەژموونی خۆیەوە، جوانییە. بەڵام لەگەڵ یاردا، دۆخەکە پێچەوانە دەبێتەوە. ئەوەی کە ڕوانین و بیرکردنەوەی دڵ دەگۆڕێت، یان دەیخاتە ژێر کاریگەریی و هەژموونی خۆیەوە، جوانیی نییە، یارە. بۆیە هەر کاتێ یار لەودیوی حەوزی ماسییەکانەوە بێت، ئەودیوی شوشەکە، دەریایە.

## دەست و زمان، ڕۆژ و ساڵ

**کاتێ پیریی دێت، ئیدی هیوایەك بۆ گەیشتن بە دروێنە و خەرمان نامێنێت.**

(بەختیار وەهابزادە) دەڵێت: ((لە گەنجییدا، دەستەکان درێژ و زمانەکان کورتن/ لە پیرییدا زمانەکان درێژ و دەستەکان کورتن/ لە گەنجییدا ڕۆژەکان کورت و ساڵەکان درێژن/ لە پیرییدا ڕۆژەکان درێژ و ساڵەکان کورتن)). لە ڕاستییدا ڕۆژەکان و ساڵەکان ناگۆڕێن، ئەوەی کە دەگۆڕێت دۆخی ڕۆحیی و جەستەیی ئێمەیە، گۆڕانکاریی بەسەر ئەوانیشدا دەهێنێت. مەبەستم ئەوەیە ڕۆژەکان و ساڵەکان لە ناو ئێمەدا دەگۆڕێن. ڕۆژەکان و ساڵەکان ڕیتمی خۆیان ناگۆڕن، ئەوە ئێمەین ڕیتممان دەگۆڕێت. بۆچی لە گەنجییدا دەستمان درێژ و زمانمان کورتە؟ چونکە دەستمان قسە دەکات، دەستمان ڕۆڵی زمانمان دەبینێت. کە پیریی دێت و دەستمان دەشکێنێت، ئیدی زمانمان دەبێت بە دەستمان. ئیدی لە بری دەستمان زمانمان کار دەکات. واتە شتەکان لە زۆرینەی وەختەکاندا وەك خۆیانن، ئەوەی گۆڕاکارییان بە سەردا دەهێنێت، یان ڕاستتر گۆڕانکاریی بە سەر وەزیفە و چۆنێتی کارکردنیاندا دەهێنێت،

حاڵـەتی ڕۆحیـی و جەسـتەیی ئێمەیـە. یـان ڕەنگـە گونجـاوتر بێـت بڵـێم: چۆنێتی هەستکردنی ئێمەیە. بۆچی مرۆڤ تا ئەو کاتەی گەنجە هەست دەکات ڕۆژەکان کورت و ساڵەکان درێژن؟ دەشێت بەشێکی گەورەی بۆ ئــەوە بگەڕێتــەوە کــە گــەنجێتیی قۆنــاغی تۆوکردنــە، پەلەمانــە خێــرا تۆوەکانمــان بکــەین و چــاوەڕێ بــین کــاتی دروێنــە بگــات. ڕۆژەکــان لەبــەردەمی پەلەکردنمانــدا بــۆ ئەنجامــدانی پرۆســەی تــۆوکردن کــورت دەبنــەوە. ڕۆژەکــان بەشــی خەونــەکانمان ناکــەن. چاوەڕوانییشــمان بــۆ گەیشتن بە خـەرمان ساڵەکانمان دوور و درێژ دەکەنەوە. بەڵام دواتر کە پیریی دێت، ئیدی ئێمە توانای تۆوکردنمان نامێنێت. یان هیچ نەبێت ئەو توانایەمان لاواز دەبێت. ئیدی هیوایەك بۆ گەیشتن بە دروێنە و خەرمان نامێنێت. یان بە لای کەمەوە، ئەو هیوایە بەرەو لاوازیی دەڕوات. ئیدی هەست دەکەین لە بری ئەوەی، وەك جاران، بە درێژایی ڕۆژەکان خۆمان بـە دروێنەکردنـەوە سـەرقاڵ بکـەین، ڕۆژەکـان خۆیـان بـە دروێنـەکردنی ئێمـەوە سەرقاڵ دەکەن. ئیدی ڕۆژەکان درێژ دەبنەوە. ئیدی تەواو نابن. چـونکە تیایانـدا ئێمـە دروێنــە دەکـرێین. بـە مانایـەکی دی: لـە پیرییـدا ڕۆژەکــان پەیوەنــدییان بــە هەســتی ئێمــەوە هەیــە لەگــەڵ ناتوانــایی و ئازارکێشـاندا، لەبـەر ئـەوە تـەواو نـابن. بـەڵام سـاڵەکان پەیوەنـدییان بـەو بەشەی تەمەنمانەوە هەیە کە ماومانە و دڵنیایشین زۆر نییە، بۆیە هەست دەکەین ئەوان بە پێچەوانەی ڕۆژەکانەوە زۆر زوو تەواو دەبن.

# دەمم بۆنی گوڵی مریەم دەدات

## (١)

**(کەیوان میهرەگان) لەو شاعیرانەیە کە زۆر جوان کورتبڕیی و فرەئاماژەیی پێکەوە کۆ دەکەنەوە.**

((تەوقە بدە لە قژت،/ با/ بەرگەی ئەم هەموو پەرێشانییە ناگرێت- دەمم بۆنی گوڵی مریەم دەدات، ل٣٠)). رەنگە بتوانین بڵێین بە شێوەیەکی گشتیی شیعر شوێنی کورتبڕییە. درێژکردنەوە لە زۆرینەی حاڵەتەکاندا زیان بە شیعر دەگەیەنێت. بەڵام هەر ئەوە کە شیعر کورت بێت بەس نییە. لەوە گرنگتر چۆنێتی ئەو کورتبڕییەیە. هونەر لەو کاتەدا دەردەکەوێت لە شیعری کورتدا و بە کەمترین وشە، زۆرترین پرسیار و ئاماژە و ئیحا و خەیاڵ و شیعرییەت لای خوێنەر دروست بکرێت. خۆی هەر لە بناغەوە شیعر لە یەکێك لە ڕەهەندە قووڵەکانیدا هونەری بەکارهێنانی زمانە لە ئاستێکی باڵادا. بەکارهێنانێك کە تیایدا وشەکان لە وەزیفەی ئاسایی خۆیان دوورتر دەڕۆن. کاری گەورەتر و کاریگەرتر ئەنجام دەدەن. بە تایبەتیش ئەو هونەری بەکارهێنانی زمانە لە شیعری کورتدا دەچێتە

ئاستێکی باڵاترەوە. لە شیعری کورتدا وشەکان هەم پێویستیان بەوە هەیە زۆر بە وردیی بەکار ببرێن، هەم دەبێت توانای گەیاندنیان زیاتر بێت. ئەوە تەنها شاعیرە بە سەلیقە و لێهاتووەکانن کە دەتوانن بە کەمترین وشە زۆرترین شتمان پێ بڵێن. (کەیوان میهرەگان) یەکێك لەو شاعیرانەیە کە لە دیوانی (دەمم بۆنی گوڵی مریەم دەدات) دا، زۆر جوان کورتبڕیی و فرەئاماژەیی پێکەوە کۆکردۆتەوە. لەو دیوانەدا کە (مەریوان هەڵەبجەیی) کردوویەتی بە کوردیی و وەك یەکێك لە (بڵاوکراوەکانی حەڤدەهەمین فیستیڤاڵی گەلاوێژ) لە ساڵی ٢٠١٣(٢٠١٣) دا بڵاو کراوەتەوە، (کەیوان) هەوڵی داوە لە ڕێی چەند وشەیەکی کەمەوە و بە چەند ئاماژەیەکی جیاجیا زۆر شت لە ناو خەیاڵی ئێمەدا بوروژێنێت. جگە لەوەی زۆر باش دەستی بە وشەوە گرتووە و نەیهێشتووە وشە بە خەسار بچێت، هەوڵیشی داوە لە دەربڕینی ڕاستەوخۆ دوور بکەوێتەوە، کە وەك دیارە یەکێك لە نیشانەکانی زمانی شیعریی ناڕاستەوخۆییە. شیعر لە زۆر باردا کە دەست بۆ شتێك دەبات، مەبەستی شتێکی ترە. بەو جۆرە لە نێوانی شتەکاندا ڕووبەرێك بۆ کاراکردنی خەیاڵی خوێنەر دابین دەکرێت. خوێنەر لەو ڕووبەرەدا سەرقاڵی دۆزینەوەی شتگەلێك دەبێت کە شاعیر دەرفەتی ئەو دۆزینەوەیەی بۆ هێشتۆتەوە. خوێنەر چێژ لەو گەڕان و دۆزینەوەیە وەردەگرێت. ((کام هەور/ بە ڕاسەری تۆدا تێپەڕیووە/ کە من مەستی بارانم- دەمم بۆنی گوڵی مریەم دەدات/ ل٣٩))

# دەمم بۆنی گوڵی مریەم دەدات

## (٢)

**بەبێ سەلیقەیەکی شاعیرانە ناتوانرێت لە یەك کاتدا وشەکان کەم بکرێنەوە و هێزی شیعرەکان زیاد بکرێن.**

پێشتر وتمان شیعری (کەیوان میهرەگان) شیعرێکە کورتبڕیی و ناڕاستەوخۆیی لە دەربڕیندا لە خەسڵەتە دیارەکانێتی. لێرەوە هەوڵ دەدەین لە ڕێی چەند نمونەیەکەوە ئامادەیی ئەو دوو خەسڵەتە ڕوون بکەینەوە. سەرەتا نمونەیەك لە شیعری (کەیوان) دەهێنینەوە کە توانیویەتی تا ڕادەیەك هەردوو خەسڵەتەکە لە خۆیدا هەڵبگرێت: ((بە تەنیا چاوەڕوانت نیم/ ئەو نانەی کە هەر ساتە ساردتر دەبێتەوە/ لە من نیگەران ترە/ نەیەیت/ من تەنیا دەبم/ ئەو کۆن، ل٤٩)). لە دیوانەکەدا زۆر شیعر هەن لەم شیعرە کورتتر و ناڕاستەوخۆتر، ئەوەی وا دەکات بەر لە هەموویان قسە لەسەر ئەم شیعرە بکەین، ئامادەیی هەردوو خەسڵەتەکەیە بە یەکەوە. لە ڕووی کورتبڕییەوە وەك دەبینین شیعرەکە لە (٢٠) وشە

کەمترە، کەچی توانیویەتی چیرۆکی عاشقێکی چاوەڕوانمان بۆ باس بکات کە بە تاسە و تینوێتیی و ڕاڕاییەکی زۆرەوە نانی بۆ دڵدارەکەی ئامادە کردووە و چاوەڕوانی دەکات و دەترسێت نەیەت. ناڕاستەوخۆییەکەیشی لە باسکردنی ئەو نانەدایە کە ئەگەر دڵدارەکەی نەیەت کۆن دەبێت. شاعیری بە سەلیقە دەزانێت چۆن لە ڕێی شتەکانی دەوروپشتییەوە حاڵی خۆی بەیان دەکات. ئەگەر وا نەبێت باسکردنی ئەو نانە لەوێدا هیچ جوانییەکی گەورە بە شیعرەکە نابەخشێت. ئەوەی وا دەکات باسکردنی ئەو نانە لەو شیعرەدا زۆرترین جوانیی بە دەقەکە ببەخشێت، ئەوەیە کە وەزیفەیەکی شیعریی پێدراوە. وەزیفەکەیش پێشاندانی حاڵی شاعیرە، کە لە چ چاوەڕوانی و ترس و دوودڵیی و ڕاڕایەکی گەورەدایە. ئەگینا لەو شیعرەدا باسێك لە نان بوونی نییە. هەر سەبارەت بە کورتبڕیی: ((یەکێ بوو/ دیسان یەکێ بوو/ تۆ لە هەموو جێگایەك تاکیت، ل٨٢))، تاك هەم لەوەی کە هیچ کەسێك هاوشانی نییە، هەم لەوەی کە شاعیر پێی ناگات. کەمێك وردبوونەوە لەو چەند وشەیە پێمان دەڵێت ئەوە چ سەلیقەیەکە دەتوانێت وا بکات لەگەڵ کەمکردنەوەی وشەکاندا هێزی شیعرەکان زۆرتر بێت. ((هات/ ڕۆشت/ من ماومەتەوە و/ جادەیەك بە دوای ئەودا/ کە بێکۆتایە، ل١١٧))، چ حەشاماتێکە؟ لە ناو ئەو چەند وشە کەمەدا چەند شت ڕوو دەدەن؟ ئەوەیە دەسەڵاتی شاعیر بە سەر زماندا. ئەوەیش نمونەیەکی تر لە کورتبڕیی شاعیرانە: ((تەخشان و پەخشان مەکە خاتون/ نیگایەك بەسە/ بۆ بێهاوتاییت، ل٥٦)).

## دەمم بۆنی گوڵی مریەم دەدات

### (٣)

**دەستڕەنگینیی و سەلیقەی شاعیرانە، دەتوانن لە ڕێی ئاوێزانبوونی تەڕی (باران و دەریا)وە، ئاوێزانبوونی دوو مرۆڤمان پێشان بدەن،**

لێرەدا بۆ ڕونکردنەوەی زیاتر سەبارەت بە ناڕاستەوخۆیی لە شیعری (کەیوان)دا کە دوای کورتبڕیی، خەسڵەتی دووەمی شیعرەکانیەتی، ئاماژە بە دوو نمونە دەکەم. نمونەی یەکەم: ((هێمن و نەرم/ دەنگی پەپولەیەك دێتە گوێم/ ئەو کاتەی بەسەر دەستەکانمەوە/ هاتووە بۆ گەڕان بـة دواى جةستةى تـؤدا، ل٣٣)). (کەیوان) لە بری ئەوەی بە دڵبەرەکەی بڵێت تۆ گوڵیت، جەستەی تۆ وەك گوڵ وایە، یان بڵێت تۆ چرا و مۆمیت، جەستەی تۆ وەك چرا و مۆم وایە، بەو جۆرە پەیامەکەی دەربڕیوە. ئەم یاریکردنە لە ناو زماندا، هەر چەندە سادەیش بێت، جۆرێك لە شیعرییەت بە دەق دەبەخشێت، کە تیایدا دوورکەوتنەوە لە دەستەواژە و دەربڕینە باو و سواوەکان دێتە ئاراوە. ئەگەر بە زمانێکی ڕاستەوخۆ و ئاسایی باس لە

گولێتی، یان چرا و مۆمێتی جەستەی دڵبەر بکەین، بۆ نمونە، بڵێین جەستەی تۆ وەك گوڵ، یان وەك چرا و مۆم وایە، هیچ تازەیی و جیاوازیی و تایبەتمەندییەك بەرهەم نایەت. بەڵام کاتێ هەر یەکێك لە ئێمە، وەك ئەوەی (کەیوان) کردوویەتی، بە شێوازی خۆی ئەو چواندنە دەرببڕێت، ئیدی شتێك نامێنێتەوە بە ناوی دەربڕینی باو و سواوەوە. نمونەی دووەم: ((چی ئامێزان بوونێکی تەڕە/ بارینی باران/ بەسەر دەریادا، ل٢٥))، لێرەدا (کەیوان) دوورتر دەڕوات، ناڕاستەوخۆییەکە دەگات بە ئاستێك کە هیچ ئاماژەیەکی ئاشکرا بۆ ئەوەی شاعیر دەیەوێ بیگەیەنێت، نابینرێت. لە نمونەی یەکەمدا ئاماژەی ئاشکرا بۆ جەستەی یار هەیە، بەڵام لە نمونەی دووەمدا ئاماژەی لەو جۆرە نییە. وەلێ نەبوونی ئەو ئاماژەیە ڕێگریی ئەوە لە خوێنەر ناکات لە پشتی ئەو وشە سادانەوە (کەیوان) وەکو باران و دڵبەرەکەیشی وەکو دەریا ببینێت. ئەو چەند وشەیە لەگەڵ هەموو سادەییەکیاندا، بە هۆی دەستڕەنگینیی و سەلیقەی شاعیرەوە، دەتوانن لە ڕێی ئاوێزانبوونی تەڕی (باران و دەریا)وە، ئاوێزانبوونی دوو مرۆڤمان پێشان بدەن، کە تەڕێتیی (ژنێتیی و پیاوەتی)یان ئاوێزانبوونەکەیان تەڕ دەکات. لێرەوە بە زمانی دایکی (کەیوان) کە زمانی کوردییە و ئەو ((دڵداری پێدەکات و ناتوانێت شیعری پێ بنوسێت))، پیرۆزبایی گەرمی خۆم هەم بۆ (کەیوان) و هەم بۆ (مەریوان) دەنێرم، کە بە هەردووکیان دیوانێکی ناوازە و جوانیان بە ئێمە بەخشیووە.

## ڕووبەری شیعر، ڕووبەری خەیاڵدان

**ئەو شاعیرەی کە هەوڵ دەدات ورد و درشتی شتەکان بڵێت، بەبێ ئەوەی بە خۆی بزانێت پەلاماری خەیاڵدانی خوێنەر دەدات.**

هەندێ جار، ڕستەی شیعریی وەکو تیرێك وایە کە لە چۆڵەوانیی و بێدەنگیی و خامۆشییەکی گەورەدا لە تەنیشتمانەوە دەکەوێت. بێگومان ئەو تیرە تەنها نییە، لە پشتی ئەوەوە، بە لای کەمەوە، کەوانێك و تیرهاوێژێك و بەئامانجگیراوێکیش هەن کە تیرەکەی تێ گیراوە. ڕێك بە پێچەوانەی ڕۆمانەوە کە شتە بچوکەکان گەورە دەکاتەوە و دەچێتە ناو وردەکارییەکانەوە، شیعر شتە گەورەکان بچوك دەکاتەوە و وردەکارییەکان دەخاتە پشتی وتراوەکانەوە. یەکێك لەو گورزە کوشندانەی بەر شیعر دەکەوێت، درێژدادڕیی و ڕوونکردنەوەی جۆراوجۆرە. ئەو شاعیرەی کە هەوڵ دەدات ورد و درشتی شتەکان بڵێت، بەبێ ئەوەی بە خۆی بزانێت پەلاماری خەیاڵدانی خوێنەر دەدات. خەیاڵەکانی خوێنەر دەکوژێت، بێگومان بەو کارە خۆیشی دەکوژێت. لە شیعردا، هەموو شتەکان ناوترێن، بە زۆریی، لە پشتی وتراوەکانەوە

نەوتراوی زۆرتر هەن. ئەم خەسڵەتە دوو کاری گرنگ بۆ شیعر ئەنجام دەدات. یەکەم: وا دەکات شیعر بەردەوام ئەگەری خوێندنەوەی نوێ و جیاواز هەڵبگرێت. دووەم: نەك هەر خەیاڵدانی خوێنەر داگیر ناکات، بگرە یارمەتی دەدات هەمیشە ئازاد و چالاکتر بێت. زۆر جار لە ڕووی ڕووبەرەوە پەیوەندیی نێوان شیعر و خەیاڵدانی خوێنەر پەیوەندییەکی پێچەوانەیە. چەند زیاتر شیعر خۆی چڕ بکاتەوە، ئەوەندە زیاتر یارمەتی خەیاڵدانی خوێنەر دەدات فراوان بێتەوە. ڕستەی شیعریی چەند چڕتر بێت، ئەوەندە زیاتر خەیاڵدانی خوێنەر، بە سەر خۆیدا دەکاتەوە. ئەوەی منی خستۆتە سەر کەڵکەڵەی نووسینی ئەم چەند ڕستەیە، شیعرێکی کورتی (حوسێن پەناهی)ە، کە تاکو توانیویەتی چڕی کردۆتەوە و ڕووبەرەکەی بچوك کردۆتەوە، کەچی کە دەیخوێنیتەوە هەست دەکەیت خەیاڵدانت دەکشێنێت و ڕووبەری خەیاڵدانت فراوان دەکاتەوە. ئەمە شیعرەکەیە: ((نین/ دێینە دنیا/ وێنەی یەك کەسی دەگرین/ گەورە دەبین/ وێنەی دوو کەسی دەگرین/ پیر دەبین/ وێنەی یەك کەسی دەگرین/ پاشان/ دیسان نین)). بێگومان لایەنی هەرە بە هێزی ئەم شیعرە کورتیی و چڕوپڕیی ڕستە شیعرییەکانێتی. وردتر بڵێم ئەو خەسڵەتانەی ڕستە شیعرییەکانێتی کە لە تیر دەچن، لە پڕدا دێنە ناو چۆڵەوانیی و بێدەنگیی و خامۆشییەکانمانەوە و پێمان دەڵێن: بیرتان نەچێت، ئێمە، ئەم چەند تیرە، تەنیا نین، لە پشتی ئێمەوە، بەلای کەمەوە کەوانێك و تیرهاوێژێك و بەئامانجگیراوێکیش هەن.

## ئەگەر ویستت شتێك بشاریتەوە، بیخەرە ناو كتێبێكەوە

**لای (بیكۆن) مرۆڤێك كە كتێب ناخوێنێتەوە مرۆڤێكی كامڵ و تەواو نییە.**

لە ساڵی (١٩٩٥) ەوە، ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان بۆ پەروەردە و زانیاریی و ڕۆشنبیریی (یۆنسكۆ)، (٢٣)ی نیسانی وەكو ڕۆژی جیهانیی كتێب دەستنیشان كردووە. ساڵانە لەو ڕۆژەدا و لە زۆر شوێنی جیاجیای دنیادا، بە چالاكی جۆراوجۆر، ڕێز لە كتێب دەنرێت و ڕۆڵ و نرخ و بەهای كتێب بە یاد دەهێنرێتەوە. چەند ساڵێكە لە كوردستانیش ئەم یادە كەم و زۆر و لە ئاستی جیاجیادا بەرز و پیرۆز دەكرێت. پێم وایە لە مێژووی مرۆڤایەتییدا شتێك نییە وەك كتێب كاریگەریی گەورەی لەسەر مرۆڤ و دنیا هەبووبێت. دەرهێنانی هیچ شتێك لە مێژووی مرۆڤایەتییدا، وەك دەرهێنانی كتێب، ئەو مێژووە دووچاری وێرانەیی و چۆڵەوانیی ناكات. دەیان و سەدان ساڵە مرۆڤی سەردەمە جیاوازەكان، مرۆڤی نەتەوە و وڵات و كیشوەرە جیاوازەكان، مرۆڤی ڕەگەز و ئایین و بیروباوەڕە جیاوازەكان، لە ڕێی كتێبەوە، لەگەڵ یەكتری دەدوێن. هەموو دەزانین لە هەندێك لە ئایینەكاندا، خوایش لە ڕێی كتێبەوە لەگەڵ مرۆڤ دەدوێت.

جارێکیان لە (نیوتن)یان پرسیوە: ((نهێنی بلیمەتی تۆ لە چیدایە؟)). لە وەڵامدا وتویەتی: ((من لەسەر شانی ئەو مرۆڤە مەزنانە وەستاوم کە بەر لە من هاتوون)). مرۆڤ چۆن دەتوانێت لەسەر شانی کەسانێك بوەستێت کە لە سەردەمی ئەودا نەژیاون؟ بێگومان لە ڕێی خوێندنەوەی کتێبەکانیانەوە ئەو کارە ئەنجام دەدات. (فرانسیس بیکۆن)یش مرۆڤی کامڵ، مرۆڤی تەواو، بە خوێندنەوەوە گرێ دەدات. لای (بیکۆن) مرۆڤێك کە کتێب ناخوێنێتەوە مرۆڤێکی کامڵ و تەواو نییە. بێگومان کتێب جگە لە ڕەهەندە مەعریفییەکەی، ڕەهەندێکی دیکەی زۆر گرنگی هەیە، کە لای زۆرینەمان، بایەخی ئەو ڕەهەندە ئاشکرا و زانراوە، مەبەستم ڕەهەندی چێژە. لەم بارەیەوە (ئانتۆنی ترۆلۆب) وتەیەکی جوانی هەیە، (ترۆلۆب) دەڵێت: ((خووی خوێندنەوە، تاکە چێژوەرگرتنێکە کە ڕاستەقینە بێت، چونکە کاتێ هەموو چێژوەرگرتنەکانی دیکە لە ناو دەچن، ئەو بەردەوامە)). بە داخەوە ڕۆژگاری ئەمڕۆ، ڕۆژگارێکی باشی کتێبخوێندنەوە نییە. ئێستا کە ئەم ڕستانە دەنوسم، خەیاڵم لای (شاملو)ە کە لە سەدەی ڕابردوودا و لە وڵاتێکی وەك ئێراندا وتویەتی: ((ئەگەر ویستت شتێك بشاریتەوە، بیخەرە ناو کتێبێکەوە، ئەم میللەتە کتێب ناخوێننەوە)). ئاخۆ ئەگەر (شاملو) لەم سەدەیەدا بژیایە و لە جیاتی ئێران، لە کوردستان بوایە، چی دەگوت؟

## نەفرەتی پارە

### لە نامەکانی (شاملو)دا بۆ (سامان)ی کوڕی

**نەفرەتی پارە لەوە دایە کە لە زۆرینەی جارەکاندا، یان هەر نایەت، یان وەختێك دێت، کە ئیتر هاتن و نەهاتن، جیاوازییەکی ئەوتۆیان نەماوە.**

(ئومێدی خۆرەتاوی من- نامەکانی شاملو بۆ سامانی کوڕی)، نامیلکەیەکی (٩٦) لاپەڕەیی قەبارە بچوکە، کە (سەرهەنگ عەبدولڕەحمان)، کردوویەتی بە کوردیی و لە ساڵی (٢٠١٦)دا وەك پاشکۆی ژمارە (١)ی گۆڤاری (باران) کە گۆڤارێکە لەلایەن (دەزگای ئایدیا)وە دەردەکرێت، بڵاو کراوەتەوە. نامەکان کە لە نێوانی ساڵەکانی (١٩٧٣-١٩٩٨)، نوسراون، زۆرینەیان نامەی ئەو کاتانەن کە (سامان) لە (بەریتانیا) خوێندکار بووە و (شاملو) لە (تاران) بووە. لە زۆرینەی نامەکانی (شاملو)دا نیگەرانییەکی قووڵ هەیە، کە دەترسێت (سامان) کێشەی پارەی هەبێت و ڕووی نەیەت قسە بکات. بەردەوام ئەوەی لێ دووپات دەکاتەوە هەر کاتێ پێویستی بە پارە بوو، پێی بڵێت. (سامان) بەردەوام دەیەوێت وا پیشان بدات کە کێشەی پارەی نییە. بەڵێ لە

ڕووکاردا، وا دەردەکەوێت کوڕ و باوك، کێشەی پارەیان نییە، بەڵام لە قوڵاییدا، بێپارەیی، وەك خەنجەر بە دڵی هەردووکیاندا چەقییوە. ئەگەر خوێنەر بە وردی لە نامەکان بڕوانێت، هەست بە ئازاری بێپارەیی هەردووکیان دەکات. باشە ئەگەر (شاملو) پارەدارە، بۆچی لە بری ئەوەی بەردەوام لە (سامان) بپرسێت پارەی پێویستە یان نا، خۆبەخۆ، پارەی زیاتری بۆ نانێرێت؟ ئەگەر پارەدارە، بۆچی کرێچییە؟ بڕوانە ئەو دڵخۆشییەی کە بۆ ئەو خانووەی دەردەبڕێت وا باوکی (ئایدا)ی هاودەمی، بۆیان دەکرێت–ل٣٤. ئەی (سامان) ئەگەر کێشەی پارەی نییە، بۆچی لەگەڵ ئەوەی بۆ خوێندن لە هەندەرانە، بەردەوام بە دوای کاردا دەگەڕێت؟ ئەگەر کێشەی پارەی نییە، لەو نامەیەدا کە بۆ دایکی ناردووە، لە دەستی چی ناڵاندوویەتی؟ (بڕوانە ل٢٤). ئەم باوك و کوڕە، دڵیان بە خەنجەری بێپارەیی لەتلەت بووە و هەوڵ دەدەن لە یەکتری بشارنەوە. باوك، برینداری ئەوەیە ناتوانێت پێداویستییەکانی کوڕەکەی دابین بکات. کوڕ، برینداری ئەوەیە هەموو ئەرکەکەی کەوتۆتە سەر باوکی. ئەوەی سەیرە، ئەم نامانە، کە لە قوڵاییدا، پڕن لە باسی برینەکانی بێپارەیی، ئێستا خۆیان، بە پارە دەفرۆشرێن، بەڵام بە داخەوە، کات تێپەڕیووە و پارەکان، هەرچەندە زۆریش بن، ناتوانن برینەکانی بێپارەیی ساڕێژ بکەن. هەر خۆی لە بنەڕەتیشدا، نەفرەتی پارە لەوە دایە کە لە زۆرینەی جارەکاندا، یان هەر نایەت، یان وەختێك دێت، کە ئیتر هاتن و نەهاتن، جیاوازییەکی ئەوتۆیان نەماوە.

## دواجار شاملوەكان دەمێننەوە

**ئەگەر ملهوڕیی دەسەڵات نەبێت، هەڵكەندنی ئەو درەختەی پێی دەڵێن مرۆڤ، لەو خاكەی پێی دەڵێن نیشتمان، هی ئەوەیە مرۆڤ خۆشحاڵ بكات؟**

پێشتر، سەبارەت بە كتێبی (ئومێدی خۆرەتاوی من- نامەكانی شاملو بۆ سامان-ی كوڕی)، كە (سەرهەنگ عەبدولڕەحمان) كردوویەتی بە كوردیی، باسی نەفرەتی پارە و دەردی بێپارەییم كرد. ئێستا دەمەوێت لە ڕوانگەی هەمان كتێبەوە، باسی دەسەڵاتە ملهوڕەكان بكەم، كە چۆن نەهامەتی بە سەر خەڵكدا دابەش دەكەن و زۆرترین پشكیشیان بۆ ئەو كەسانەیە كە لەگەڵ ئەو جۆرە دەسەڵاتانەدا ناتەبا و ناكۆكن. ئەوەی مێژوو بۆمان دەگێڕێتەوە، ئەوەیە كە لە سایەی دەسەڵاتە ملهوڕەكاندا، ژیان، بە شێوەیەكی گشتیی، دەبێتە زوخاوچەشتنێكی بەردەوام و نیشتمان وەك زیندانی لێ دێت و زۆرێك لە مرۆڤەكان، بە تایبەت ناتەبا و ناكۆكەكان، خۆیان و بەرهەمەكانیان، بێبەها دەكرێن و زۆر جاریش مەترسی ڕاستەوخۆ دەكەوێتە سەر ژیانیان. بڕوانە شاعیرێكی وەك (شاملو) كە لە ئەمریكا، زانكۆی (پریستۆنیش) بە ئەندامی فەخریی وەری دەگرێت و

مـافی مانـەوە (ئیقامـە)ی بـۆ دابـین دەکرێـت و شـاعیران و نوسـەرانی گـەورەی ئـەو وڵاتـە بـە نامـە و تەلـەفۆن خۆشەویسـتیی بـۆ دەردەبـڕن و بـەخێرهاتنی دەکـەن و بـۆ بەشـداریکردن لـە ڤیسـتیفاڵی گـەورەی نێودەوڵـەتیی، بانگهێشـتی دەکـەن و ئەنجومـەنی جیهـانیی قەڵـەم و ئـارتۆر میللـەریش ئـەو پـەڕی ڕێـز و خۆشەویسـتیی بـۆ دەنـوێنن و ئامـادەیی هاوکاریی بۆ دەردەبڕن-ل٥٦، کەچی لە وڵاتەکەی خۆیدا، کە دەسەڵاتێکی ملهوڕ کردوویەتی بە زینـدان، ناچار دەکرێت خـەونی گەورەی ئـەوە بێت لەو زیندانە هەڵبێت. ئەوەتا (سامان)ی کوڕی، لە نامەیەکدا، پێی دەڵێت: ((نازانی چەندە خۆشحاڵم کە لە ئێران هاتوویتە دەرەوە... هەموو کەسێك ئەم بەختەوەرییەی نییە-ل٦٠)). ئاخۆ، ئەگەر ملهوڕیی دەسەڵات نەبێت، هەڵکەنـدنی ئـەو درەختـەی پێـی دەڵـێن مـرۆڤ، لـەو خاکـەی پێـی دەڵـێن نیشتمان، هی ئەوەیە خۆشەویستەکانی، خۆشحاڵ بکات، یان غەمگین؟ لە سایەی دەسەڵاتە ملهوڕەکاندا، مرۆڤەکان، هەرچەندە مەزن و کاریگەریش بـن، ناتـەباییان لەگـەڵ دەسـەڵاتدا، بەسـە بـۆ ئـەوەی، نـەك هـەر خۆیـان، کەسوکاریشیان، بـە هـۆی ئەوانـەوە سـزا بـدرێن. ئـەوەتا (شـاملو) خـۆی لـە نامەیەکـدا بـە سـامان-ی کـوڕی دەڵێـت: ((ئەگـەر سـودابە ویسـتی لـە باڵوێزخانەی ئێران لە لەندەن کار بکات با نەزانن خوشکی منە، کارەکەی بـۆ ناکـەن-ل٥٦-٥٧)). بـە داخـەوە، هەمیشـە دەسـەڵاتە ملهوڕەکـان، شـاملوەکان ئـازار دەدەن، بـەڵام خۆشـبەختانە، دواجـار ئـەوەی لـە نـاو دەچێت دەسەڵاتە ملهوڕەکانن، ئەوەیش کە دەمێنێتەوە شاملوەکانن.

## حەسرەتەکانی (شاملو)

**زۆر جار، هەست دەکەم شیعر، جگە لە کۆمەڵێك حەسرەتی قووڵ، هیچ شتێکی تر نییە.**

بێگومان ژیان وەك چۆن پڕە لە جوانیی، ئاوهایش پڕە لە حەسرەت. هەندێجار سەرچاوەی حەسرەتەکان جوانییەکانن. شاعیرەکان، چونکە زیاتر سەروکاریان لە گەڵ جوانییدایە، لە هەندێك خەڵکی دیکە، زیاتر حەسرەت دەکێشن. تەنانەت، من وەکو خۆم، زۆر جار، هەست دەکەم شیعر، جگە لە کۆمەڵێك حەسرەتی قووڵ، هیچ شتێکی تر نییە. بەو حاڵەیشەوە کەم و زۆر ڕوو دەدات، شاعیرەکان دڵیان تەنها بە شیعر ئاو ناخواتەوە، بۆیە لە دووتوێی یاداشت و بیرەوەریی و هەڤپەیڤین و نامەکانیشیاندا، بڕێك شوێنی تایبەت بۆ حەسرەتەکانیان دادەنێن. (شاملو) لە نامەکانییدا بۆ سامان-ی کوڕی، چەند حەسرەتێکی قووڵی لە نێو وشە و ڕستەکاندا شاردۆتەوە. من لەم وتارە کورتەدا، ئاماژە بە دووان لەو حەسرەتانە دەدەم. حەسرەتی یەکەمی (شاملو) بۆ ئەو هەموو کاتەی تەمەنی خۆیەتی کە لە پێناوی فێربوونی زیاتردا خەرجی کردوون. لەو حەسرەتەدا (شاملو) پەشیمانە لەوەی تەنها هەولی داوە شت فێر بێت،

چونكە خۆی لە ڕاستییدا (مرۆڤ نابێت هەر فەقێ بێت، پێویستە هەم شت فێر بێت، هەم بژی. چونكە ئەو دووانە پێكەوە باشن، پێویست ناكات مرۆڤ تەنیا بە شتێكەوە بلكێت-ل٢٧). لەو حەسرەتەدا (شاملو) پەشیمانی ئەوەیە كە وەك پێویست دنیا نەگەڕاوە و دەستی بەر جوانییەكانی ژیان نەكەوتووە. پەشیمانی ئەوەیە ساڵانێكی زۆری لە دەست چووە و تیایاندا بە هۆی سەرقاڵبوونی، بە نووسین و خوێندنەوەوە، نەیپەرژاوە چێژ لەو هەموو جوانییانە ببینێت كە لە دەرەوەی نووسین و خوێندنەوە، بوونیان هەیە. بۆیە بە غەمگینییەكی قووڵەوە دەڵێت: ((هەر سەعاتێك لە دەست بڕوات حەیفە، ئەفسوس بۆ ئەو مرۆڤەی كە زۆر درەنگ لەمە تێدەگات-ل٤٩)). لە حەسرەتی دووەمدا (شاملو)، دڵتەنگی ئەوەیە بە هۆی ئەو بارودۆخەوە كە تیایدا ژیاوە، نەیتوانیووە خوێندن تەواو بكات. لەم حەسرەتەدا (شاملو) وەك زۆرینەی ئەو باوكانەی ئەم جۆرە حەسرەتەیان كێشاوە، دەیەوێت كوڕەكەی ئەو كارە تەواو بكات، كە خۆی بۆی نەلواوە تەواوی بكات. ((حەز دەكەم كە ئەم داوایەم قبوڵ بكەیت و هەوڵ بدەیت كە بەمجۆرە بێت. حەز دەكەم هەموو شتێك بزانی، دەرك بە هەموو شتێك بكەیت و ئەو شتەش بیت كە بە داخەوە من نەمتوانی ببم، باری دارایی باوكم ڕێگەی نەدا بە دوایدا بچم-ل١٣)).

## ئێمە و (شاملو) لە کۆڕەودا

**(شاملو) بە قووڵیی هاواری مرۆڤەکانی بیستووە، بۆیە توانیویەتی لە بری ئەوان هاوار بکات.**

لە کۆڕەوە گەورەکەی ساڵی (١٩٩١)دا، من و هەزاران منی تریش، بەو شاخ و داخانەوە، پێڵاوەکانمان دڕان و دڕکوداڵ و تیشەبەرد، قاچیانیان شەلاڵی خوێن کردین. لەو کاتانەدا، جووتێ پێڵاو، بۆ ئێمە، لە زۆر شت گرنگتر بوو. دوای ساڵانێکی زۆر لەو کۆڕەوە، کاتێ کتێبی (ئەحمەد شاملو)م خوێندەوە، کە (بەڕۆژ ئاکرەیی) ئامادەی کردووە، بینیم (شاملو) لە سەروبەندی ئەو کۆڕەوەدا، دوو کۆڕی شیعرخوێندنەوەی لە ئەمریکا ئەنجامداوە و دەستکەوتەکەی بۆ ئەو خەڵکە ئاوارەیە تەرخان کردووە و یەکێکیش لەو پێداویستیانەی بەو پارەیە کڕراوە، پێڵاو بووە. کە ئەوەم بینی، باشتر زانیم (شاملو) چەند ڕاستگۆ بووە کە وتویەتی: ((من خزمی هەرەنزیکی مرۆڤم، من نە ئێرانیم پێ لە نائێرانی چاکترە و نە پێچەوانەکەی. من لوڕ بەلوچ کورد فارسم... من لە سەر گۆی پیرۆزی زەوی، مرۆڤێکم لە نێوان مرڤانی تردا و بە نەبوونی مرۆڤانی دیکە، هیچ مانایەکم نییە)). کاتێ ئەو کتێبەم خوێندەوە، باشتر زانیم (شاملو) بە

قووڵیی هاواری مرۆڤەکانی بیستووە، بۆیە توانیویەتی لە بری ئەوان هاوار بکات. دڵخۆش بووم بەوەی (شاملو) لەو کاتەدا (کە جووتێ پێڵاو بۆ من و هەزاران منی تر، لە زۆر شتی دیکە، گەورەتر بووە)، هەستی بە ئازاری قاچە قوڕاوی و خوێناوییەکانی ئێمە کردووە و پێڵاوی بۆ کڕیوین و بۆی ناردووین. بێگومان، من ئەو کاتە نەمزانیبوو (شاملو) پێڵاوی بۆ ناردووین و ئەو پێڵاوانەیشم هەر نەبینی، بەڵام کاتێ ئەو کتێبەم خوێندەوە و ئەو چیرۆکەم بیست، بە قەد ئەو پێڵاوانەی، کە دایکم لە منداڵیمدا، بۆ جەژن بۆی دەکڕیم، دڵم بە پێڵاوەکانی (شاملو) خۆش بوو. ئێستا، دوای ئەو هەموو ساڵە، کە دەزانم ئەو شاعیرە مەزنە، لەو میحنەتەدا هاواری ئێمەی بیستووە و هەستی بە ئازاری قاچە بریندار و قوڕاوییەکانمان کردووە، زیاترم خۆش دەوێت. ئێستا، منیش قووڵتر هەست بە ئازاری قاچە بڕاوەکەی ئەو دەکەم. من بڕوام وایە بۆ خۆشەویستیی، هەر دەرفەتێك، تەنانەت ئەگەر بچوکیش بێت، بایەخەکەی گەورەیە و نابێت لە دەست بدرێت. ئاخۆ ئەوەی (شاملو) کردوویەتی، سەرباری شیعرەکانی، دەرفەتێکی باش نییە بۆ ئەوەی زیاترمان خۆش بوێت؟ ئاخۆ ئەوەیش جۆرێکی تر نییە لە شیعر؟

## پەرۆشیی و خۆشەویستیی (شاملو) بۆ شیعر

**دەکرێت لە شەڕی دزێوییەکان بەردەوام بین، بەڵام جوانییەکانیشمان لە بیر بێت.**

(بەڕۆژ ئاکرەیی) لە پێشەکی کتێبی (ئەحمەد شاملو)دا، کە (ناوەندی غەزەلنوس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە)، لە دوو بەرگ و لە دووتوێی (٦١٦) لاپەڕە و لە ساڵی (٢٠١٣)دا بە چاپی گەیاندووە، باسی پێشنیازێك دەکات کە (بەڕۆژ) بۆ (شاملو)ی کردووە و تیایدا باسی وەرگێڕانی کۆمەڵێك شیعری کوردیی کردووە بۆ فارسی و دوای ڕازیبوونی (شاملو) و دوای ساڵانێکی زۆر، (بەڕۆژ) مەیلی بۆ کارەکە نەماوە، چونکە (لەلایەك چێژی شیعریی گۆڕاوە و لە لایەکی دیکەشەوە ڕەفتار و کرداری هەرزان و سیاسەتبازانەی دوو سێیەك لەو کەڵە شاعیرە کوردانە کارێکیان لە دەروونی کردووە قێزی لە شیعری بەستەزمان بۆتەوە). بەڵام (شاملو) وتویەتی: ((دەتوانین کارەکە تەواو بکەین و ئەم قسانەی تۆیش لە پێشەکی کتێبەکەدا بنووسین)). ئەم بۆچوونەی (شاملو) هەم پەرۆشیی و خۆشەویستیی ئەومان بۆ شیعر و بۆ کارکردن پێشان دەدات و هەم بڕوابوونی ئەومان بە ڕەخنە و قسەکردن لەسەر ئەو بابەتانەی بە دڵی

نەبووە، بۆ ڕوون دەکاتەوە. ڕەنگە زۆرمان وەك (بەڕۆژ)، بە هۆی ڕەفتار و هەڵسوکەوت و هەڵوێستی هەندێ شاعیرەوە، لە خۆشەویستیمان بۆ شیعرگەلێك پەشیمان بووبینەوە، یان هیچ نەبێت بەشێك لە خۆشەویستییەکەمان بۆ ئەو شیعرانە کەم بووبێتەوە. ئەو کاتەی کارێکی وامان کردووە، وەك (شاملو) بە ڕاست و دروستیی لە هەردوو دیووی مەسەلەکەمان نەڕوانیووە. ئەوەی (شاملو) ڕێگا ڕاستەکە بووە. ئێمە جوانییەکمان کردۆتە قوربانی ناشیرینییەك. بۆ شتێك کە پێمان خۆش نەبووە، شتێکمان لە کیسی خۆمان داوە کە پێمان خۆش بووە. ئەو شاعیرانە کە کردار و ڕەفتاریانمان بە دڵ نەبووە، بە کردار و ڕەفتارەکانیان، ڕووبەری ناشیرینییان لە دەوری ئێمە و دەقە جوانەکانی خۆیان فراوان کردووە و ئێمەیش لە بری ئەوەی ڕازی نەبین چێژی شیعرە جوانەکانمان لێ تێك بدەن، خۆمان هاوکاریمان کردوون. ئەوەی (شاملو) کردوویەتی ڕێگا دروستەکە بووە، هەم جوانییەکانی بینیووە و هەم دزێوییەکان، هەم دەستی بە جوانییەکانەوە گرتووە و هەم ویستوویشیەتی قسەی لەسەر دزێوییەکان هەبێت. دەتوانم لە ڕوانگەی بیرکردنەوەکەی (شاملو)ەوە بڵێم: دەکرێت لە شەڕی دزێوییەکان بەردەوام بین، بەڵام جوانییەکانیشمان لە بیر بێت. چونکە فەرامۆشکردنی جوانییەکان گورزێکە، بەر لە هەر کەس، لە خۆمان و لە خودی جوانییەکانی دەدەین.

# هاڵاوی یادەکان

**چەند خراپە مرۆڤ نەتوانیٚ لە کەسێك زیاتری خۆش بویٚ.**

وەك چۆن شیعری زۆر هەن کە پڕن لە چیرۆك، چیرۆکی زۆریش هەن کە پڕن لە شیعر. چیرۆکی (هاڵاوی یادەکان) کە (مەحمود حوسەینی زاد) نوسیویەتی و (بەڕۆژ ئاکرەیی) وەریگێڕاوە و لە ژمارە (٢٢١) گۆڤاری (ڕامان)دا بڵاو کراوەتەوە، لەو چیرۆکانەیە کە پڕە لە شیعر. ئەو چیرۆکە لە شیننامەیەك دەچێت کە ئەگەرچی لە ڕووی تەکنیکی چیرۆکنووسینیشەوە لە ئاستێکی بەرزدایە، کەچی لە کاتی خوێندنەوەیدا هەست دەکەیت شیعر دەخوێنیتەوە. خاوەنی ئەو دەقە، خۆی چیرۆکنوسە، بێگومان ئەوەی نوسیویشیەتی چیرۆکە، بەڵام هەست دەکەیت لە ناو ئەو چیرۆکنوسەدا شاعیرێك و لە ناو چیرۆکەکەشیدا شیعرێك هەیە. ئەو دەقە هاتووە شیعرێك لە چیرۆکێکەوە بپێچێت، خوێنەری پیٚ بخاتە بەردەمی عەشقێکی گەورە، کە بە گەرمی سەما دەکات. سەمایەك، ناتوانی قاچەکانی لە یەك جیا بکەیتەوە. بەڵام لە پڕ، قاچێکی (سەما گەرمەکە) دەشکێت و (عەشقە گەورەکە) بە دەمدا

دەکـەوێت و (شـین) جێـی (شـادی) دەگرێتـەوە. سـەرەتا ئـەو دوو ڕۆحـە تینـووەی عەشـقەکەیان خسـتۆتە سـەما، (وەك منـداڵ کـە لـە خـواردنی چوکلێت تێر نابێت، لە نووسین بۆ یەك تێر نابن). دواتر کە (شین) جێی (شادی) دەگرێتـەوە: ((ئـەو کتێبـەی لـە سـەردەمی شادیدا خوێنراوەتـەوە، ئـەو فیلمـەی لـەو سـەردەمەدا بینـراوە، ئـەو گەڕەکـەی، ئـەو دوو عاشـقە، پێکەوە بینیویانە، دەبن بە ئەزموونێکی تر، هەمان نابن، ڕەنگی شین ئیتـر شین نابێت)). یەکێك لەو دوو ڕۆحە، لە پڕ هەڵدەوەرێت و ئەوەکەیان بە غەمگینی بیر لەوە دەکاتەوە کە ((چەند خراپە مرۆڤ نەتوانێ لە کەسێك زیاتری خۆش بوێ)). هەست دەکات: ((هەزار ساڵ پاڵی بە دیوارەوە داوە و بیری لەوە نەکردۆتەوە کە بێ دیوار چ بەڵایەکی بە سەر دێ)). دواجار (ئـەم شیعرە لـە چیرۆکپێچـراوە)، بـە غـەمگینی پێمـان دەڵێت: نـەفرەت لـە مـردن، کـە لـە پـڕ دێـت و خـۆی دەکـات بـە نێـوانی ڕۆحـە عاشـقەکاندا و یەکێکیان دەڕفێنێت و ئەوەکەیان دەخاتە گریان: ((گریان لەبەر ئەوە نا تروسکەی ئومێدێك هەبێ، ڕۆحە ڕفێنراوەکە بگەڕێتەوە و کەلاوەیەك ئاوا بکاتـەوە)). نـا، گریـان لەبـەر ئـەوەی ڕۆحـە ڕفێنراوەکـە ((ئیتـر نییـە، ئیتـر سـاڵەکان و یادەکـان و وشـەکان بـێ خـاوەن دەمێننـەوە)). لەبـەر ئـەوەی دوای ئـەو جۆرە ڕووداوانـە، (ئیتـر) هـەموو ڕسـتەکان بـە (ئیتـر) دەسـت پێدەکەن.

## ئێواران بە سوپاسەوە بۆماڵەوە بگەڕێنەوە

**ئەوەی لەم کتێبەی (جوبران)دا سەرنجڕاکێشە، جگە لەو تێکەڵکردنە جوانەی شیعر و پەخشان، ئەو هەموو باوەشکردنە گەرمەیە بە ژیاندا.**

((پێکەوە گۆرانیی بڵێن و سەما بکەن و شادبن، بەڵام ڕێزی تەنیایی یەکتر بگرن، هەر وەك چۆن تاڵەکانی عود جیان، بەڵام بۆ ژەنینی ئاوازێك پێکەوە دەبزوێن-ل٣٤)). ((لەگەڵ یەکتردا خۆشەویستیی بکەن، بەڵام لە خۆشەویستیتاندا، کۆسپ بۆ یەکتری دروست مەکەن- ل٣٣)). ئەوە دوو پەڕەگرافە لە کتێبی (پەیامبەر)ی (جوبران خەلیل جوبران)، کە (توانا ئەمین) لە چەند سەرچاوەیەکی فارسییەوە، کردوویەتی بە کوردیی و (ماڵی وەفایی) چاپی کردووە. هەڵبەت، من پێشتر، ئەم کتێبەم بە عەرەبی خوێندۆتەوە و ئێستا هەست بە دڵخۆشییەکی گەورە دەکەم کە بە کوردیی دەیخوێنمەوە. سەبارەت بەم دڵخۆشییەیشم، لە ناخەوە، سوپاسی (توانا ئەمین) و (ماڵی وەفایی) دەکەم. دەستیان دەگوشم و هیوای بەردەوامیی و سەرکەوتنیان بۆ دەخوازم. (جوبران) خۆی لە بارەی ئەم کتێبەوە، کە بەر لەوەی دەست بە نووسینەوەی بکات، چوار جار ناونیشانەکەی

گۆڕیوە، لە نامەیەکدا بۆ (مـی زیادە)، کە ساڵی (١٩١٨) نوسیویەتی، دەڵێت: ((بە درێژایی هەزار ساڵ بیرم لە نووسینی ئەم کتێبە کردۆتەوە)). ئەوەی لەم کتێبە بچوکەدا سەرنجڕاکێشە، جگە لەو تێکەڵکردنە جوانەی شیعر و پەخشان، ئەو هەموو باوەشکردنە گەرمەیە بە ژیاندا. (جوبران) لە (پەیامبەر)دا، هاوشان لەگەڵ ئەو خەونەدا کە بۆ بەرهەمهێنان و پەرەپێدانی (شیعری پەخشان) هەیەتی، بە قووڵیی، لە هەوڵی ئەوەیشدایە یارمەتیمان بدات هەرچییەکمان کرد بە عەشق و خۆشەویستییەکی گەورەوە بیکەین. هەوڵ بدەین خۆشەویستیی بە سەر هەموو ئەو شتانەدا بڕێژین کە بەریەککەوتنمان لەگەڵیاندا دەبێت. مرۆڤ دوای خوێندنەوەی (پەیامبەر) هەست دەکات زیاتر ئیشتیهای بۆ ژیان و بۆ جوانییەکان، کراوەتەوە. هەست دەکات قووڵتر و گەرمتر چێژ لە ژیان و جوانییەکان دەبینێت. (جوبران)، (گۆرانیبێژان و سەماکاران و شمشاڵژەنان) بە (ئەهلی میوە و نەبات) ناو دەبات و کاڵاکانیشیان بە (خەون) و بە (خۆراکی ڕوح) دەزانێت. بە عەشقیشەوە دەڵێت: ((سپێدان بێدار بن بە دڵێکی ئامادەوە بۆ فڕین، سوپاسی خوداوەند بکەن بۆ ڕۆژێکی تری خۆشەویستیی. لە نیوەڕواندا ئاسوودە بن و بە قوڵایی خۆشەویستیدا ڕۆچن. ئێواران بە سوپاسەوە بۆماڵەوە بگەڕێنەوە. ئەو کاتەشی دەچنە جێگا و دەتانەوێ بنوون، بە ئاوازی ستایشئامێز نزا بۆ ئەو کەسە بکەن کە خۆشتان دەوێ- ل٣٠)).

# پاولۆ کۆیلۆ و کیمیاگەریی لە دەرەوەی کیمیا

## (١)

**جگە لەو چێژە زۆرەی خوێنەر لە ئەفسوونی گێڕانەوەی ئەم ڕۆمانەوە بە دەستی دەهێنێت، دەکەوێتە بەردەم تێڕامانی قووڵ و پرسیاری جۆراوجۆریشەوە.**

(کیمیاگەر) بەناوبانگترین ڕۆمانی (پالۆ کۆیلۆ)یە، کە (سیروان مەحمود) لە ئینگلیزییەوە کردوویەتی بە کوردیی و (ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەریی ئەندیشە) لە ساڵی (٢٠١٥) دا چاپی کردووە. ئەم ڕۆمانە، بۆ زیاتر لە (٧٠) زمان وەرگێڕدراوە و دەیان ملیۆن کۆپی لێ فرۆشراوە و وەکو یەکێك لە پڕفرۆشترین کتێبەکانی دنیا، ناوی چۆتە کتێبی گینیسەوە. لە وەڵامی ئەو نهێنییەیشدا کە لە پشتی سەرکەوتنی گەورەی ئەم ڕۆمانەوەیە (کۆیلۆ) خۆی، لە پێشەکی ڕۆمانەکەدا دەڵێت: ((تاکە وەڵامی ڕاست ئەوەیە کە خۆیشم نازانم- ل٧)). لە دیدارێکی ڕۆژنامەوانییشدا دەڵێت: ((کیمیاگەر لە ژیانی خۆمەوە وەرگیراوە))، مەبەستی ئەو گەشتەیە کە لە ساڵی (١٩٨٦)دا بۆ ئیسپانیای کردووە و

(٥٠٠) میل ڕێی بڕیوە. تەنانەت پاڵەوانی ڕۆمانەکەی بە ناوی ئەو ڕێیەوە ناوناوە کە خۆی پیایدا ڕۆیشتووە: (سانتیاگۆ). بۆ من سەرنجڕاکێشترین خاڵ لەم ڕۆمانەدا بونیادی شوێنە، کە شێوەیەکی بازنەیی هەیە: سەرەتای ڕووداوەکان لە کوێ دەست پێدەکەن، کۆتایی ڕووداوەکانیش دەچنەوە هەمان شوێن. پاڵەوانی ڕۆمانەکە، کە شوانێکە، لە کڵێسەیەکی کۆن و ڕوخاوی ئیسپانیاوە گەشتەکەی دەست پێدەکات و دوای بڕینی سەدان میل و بینینی دەیان شوێن و کار و خەڵك و مەترسیی جیاجیا، دەگەڕێتەوە هەمان کڵێسە. بەڵام گەڕانەوەکە، گەڕانەوەیەکی زۆر تایبەتە، بەشێك لە جوانیی و ئەفسوونی ڕۆمانەکە لەو گەڕانەوەیە دایە. من نامەوێ لێرەدا ئەو ئەفسوونە (وەك نوشتەیەك کە دەکرێتەوە بەتاڵ دەبێت)، بەتاڵ بکەم و ئەو چێژە گەورەیە لەو خوێنەرانە تێك بدەم، کە هێشتا ڕۆمانەکەیان نەخوێندۆتەوە. بۆیە لەو لایەنەی ڕۆمانەکە دەگوزەرێم و ئەو چێژە بۆ خوێنەر جێ دەهێڵم. بە شێوەیەکی گشتیی، ڕۆمانەکە، گەڕانی مرۆڤێکە بە دوای ئەو خەونەدا کە دوو جار بینیویەتی و وایان بۆ لێك داوەتەوە کە گەنجینەیەکی نهێنیی چاوەڕێی دەکات. جگە لەو چێژە زۆرەی خوێنەر لە ئەفسوونی گێڕانەوەی ئەم ڕۆمانەوە بە دەستی دەهێنێت، دەیشکەوێتە بەردەم تێڕامانی قووڵ و پرسیاری جۆراوجۆرەوە، کە گرنگترینیان، وەك ئاماژەمان بۆ کرد مەسەلەی گەڕانی مرۆڤە بە دوای چارەنووسی خۆیدا. واتە یەکێك لە پەیامە سەرەکییەکانی ئەم ڕۆمانە ئەوەیە کە دەبێت مرۆڤ: ((غیرەتی ئەوەی هەبێت ڕووبەڕووی خەونەکانی بێتەوە-ل٨)). پێویستە بتوانێت: ((حەوت جار بکەوێت و هەشت جار هەستێتەوە-ل٩)).

## پاولۆ کۆیلۆ و کیمیاگەریی لە دەرەوەی کیمیا

## (٢)

**(کۆیلۆ) هەوڵی داوە لە ڕێی شوانێك و بیابانێکەوە، خوێنەر ڕووبەڕووی گەورەترین دۆز بکاتەوە کە دۆزی پرسیارکردن و گەڕان و ڕۆیشتنی مرۆڤە بە دوای چارەنوسی خۆیدا.**

(کۆیلۆ) هاتووە پێمان بڵێت: ئەو هێزە گەورەیەی کە دەتوانێت هەر جۆرە کانزایەك بگۆڕێت بۆ ئاڵتوون، کیمیا نییە، ئەوە ئازایەتی و بەردەوامبوونی مرۆڤە لەگەڕان بە دوای خەونەکانییدا. دوای خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانە تێدەگەین هەر کەسێك، ترس لە خۆیدا بکوژێت و ئازایەتی ئەوەی تێدا بێت بە دوای خەونەکانییدا ڕووبەڕووی هەر جۆرە مەترسییەك بێتەوە، کیمیاگەرە. یانی بۆی هەیە بتوانێت هەر جۆرە کانزایەك بکات بە ئاڵتون. بۆ ئەمەیش سەرەتا، ئازایەتیی بڕیاردان و پاشان ئازایەتیی بەردەوامبوون پێویستن: ((ئازایەتی لە هەموو شتێکی تر بنچینەییترە بۆ تێگەیشتن لە زمانی جیهان- ل١١٦)). لە بەرامبەریشدا: ((تەنها شتێك کە دەتوانێت هێنانەدی خەونێك بکات بە مەحاڵ، ترسانە لە

شکست- ل١٤٥)). دەکرێت بە مانایەکی دیکە بڵێین: مرۆڤ کاتێ بە دوای هیچدا ناگەڕێت، یەك ئەگەری لە بەردەم دایە، کە ئەویش ئەگەری نەدۆزینەوەیە. بەڵام کاتێ بە دوای شتێکدا دەگەڕێت، هیچ نەبێت، دوو ئەگەری لە بەردەمدا دایە، کە یەکێکیان ئەگەری دۆزینەوەیە. خاڵێکی دیکەی سەرنجڕاکێش لەم ڕۆمانەدا بۆ من ئەوەیە کە (کۆیلۆ) هەوڵی داوە لە ڕێی شوانێك و بیابانێکەوە، خوێنەر ڕووبەڕووی گەورەترین دۆز بکاتەوە کە دۆزی پرسیارکردن و گەڕان و ڕۆیشتنی مرۆڤە بە دوای چارەنوسی خۆیدا. توانیویەتی ئەگەری ئەوە بخاتە بەردەمی خوێنەر کە ((دەکرێت مرۆڤ لە ڕێی تێڕامانەوە لە دەنکە لمێك، هەموو شتە سەرسوڕهێنەرەکانی ئافراندن ببینێت- ل١٣٢)). دەتوانین کورت و پوخت بڵێین: ئەم ڕۆمانە بانگهێشتمان دەکات بۆ ئەوەی لە دەرەوەی کیمیایش، کیمیاگەریی تاقی بکەینەوە. هەوڵیش دەدات ئازایەتیی بڕیاردان و بەردەوامیی و ئارامگرتنمان تێدا دروست بکات: ((کاتێ کەسێك بە ڕاستی شتێکی گەرەکە، تەواوی گەردوون لە بەدەستهێنانیا یارمەتی دەدەن- ل١٢٠)). خاڵی سێیەم کە بۆ من سەرنجڕاکێشە، مەسەلەی تێکەڵکردنی خۆشەویستییە بە مەسەلەی گەڕانی پاڵەوانی ڕۆمانەکە بە دوای خەونی دۆزینەوەی گەنجینەدا. تەنها شتێك کە دەتوانێت (سانتیاگۆ) وا لێبکات ئامادە بێت دەستبەرداری خەونەکەی بێت، خۆشەویستیی (فاتیمە)ی بیابانشینە. بەڵام (فاتیمە) بەوە ڕازی نابێت، بەڵکو (سانتیاگۆ) هان دەدات بە دوای خەونەکەیدا، کە چارەنوسێتی، بڕوات. (فاتیمە) بەڵێن دەدات کە چاوەڕوانی بکات. ((خۆشەویستیی ئەو هێزەیە کە ڕۆحی جیهان بەرەو پێش دەبات و دەیگۆڕێت- ل١٥٣)).

## له بارەی نازناوەوە

**مرۆڤ وەختێ ناوی خۆی دەگۆڕێت، لە ڕاستییدا، بیر لە گۆڕینی ژیانی دەکاتەوە.**

(ئێرنان ڕیڤێرا لێتێلییێر)، له ڕۆمانی (کچه فیلم گێڕرەوەکه)دا که (عەتا محەمەد) کردویەتی بە کوردیی، لە بارەی ناو و نازناوەوە دەڵێت: ((کاتێ باوکم لە بارەی سیحری ناوەکانەوە دەدوا، کە بە (م) دەست پێدەکەن، هەمیشە پێی لەسەر ئەوە دادەگرت، کە ئەوە نهێنی پشت سەرکەوتنی ئەستێرەکانی سینەمایە. ئەو دەیوت تەنها سەیری (نۆرما جێن) بکەن، ئەو خانمە پێش ئەوەی ناوی خۆی بگۆڕێت بە (مارلین مۆنرۆ)، جگە لە فرۆشیاری دوکانێکی سادە، هیچیتر نەبوو-ل٣٢)). ((ناونرام ماریا مارگاریتا، بە ڕاستی بڵێم ناوێکی وەك ئەوەی خۆم، هەرگیز ئارەزووم لێی نەبووە. لە گوێکانمدا دەنگێکی ملکەچانە و خۆبەدەستەوەدانی تێدایە، وەك لە دایکێکی گوێڕایەڵدایە. دەمویست لە ژیاندا ببمە شتێکیتر. نەمدەزانی چییە بەڵام شتێکیتر-ل٣٣)). ئەو دوو پەرەگرافە گەڕاندیانمەوە بۆ سەرەتاکانی ئاشنابوونم بە کتێب و خوێندنەوە. من ئەو کاتانە کە هێشتا هەرزەکار بووم و زۆرتر لە هەر

بابەتێك، شیعرم دەخوێندەوە، سەرەتا وامدەزانی هەڵبژاردنی نازناو، بە تایبەت لە لایەن شاعیرە کلاسیکییەکانەوە، هەر تەنها عادەتێکە. پاشان پێم وابوو شاعیرەکان نازناویان بۆ ئەوەیە وەك جۆرێك لە ئیمزا لە کۆتایی شیعرەکانیاندا بە کاری بهێنن، بۆ ئەوەی شیعرەکانیان بناسرێتەوە و لەگەڵ شیعری خەڵکی تردا تێکەڵ نەبێت. دواتر بە تایبەت بۆ شاعیر و نوسەرە هاوچەرخەکان کە لە دۆخێکی سیاسیی ئاڵۆزدا دەژیان و دەیاننوسی، وام هەست کرد جۆرێکە لە خۆشاردنەوە لە دەسەڵاتی ستەمگەری بەعسییەکان کە دەستی لە کەس نەدەپاراست. بەڵام ئێستا هەست دەکەم دەشێت لە پشتی هەڵبژاردنی نازناوەوە، مانایەکی قووڵتر هەبێت. هەست دەکەم مرۆڤ وەختێ ناوی خۆی دەگۆڕێت، لە ڕاستییدا، بیر لە گۆڕینی ژیانی دەکاتەوە. واتە دەستکاریکردنی ناو، هەر تەنها دەستکاریکردنی ناو نییە، بەڵکو دەستکاریکردنی خودی ژیانیشە. جۆرێکە لە هەڵهاتن لە ژیانێك و لە هەمان کاتدا گەڕانیشە بە دوای ژیانێکی تردا. دەکرێت ئەو کەسەی نازناوێك دەخاتە جێی ناوی خۆی، یان دەیخاتە جێی ناوی باوکی و بە ناوەکەی خۆیەوەی دەلکێنێت، بەو کارە قۆناغێك لە ژیان جێ بهێڵێت و قۆناغێکی تازە دەست پێ بکات. دەشێت جۆرە خۆتەکاندنێکی ڕەمزیی بێت، کە بپەڕێتەوە بۆ ناو واقیع و مرۆڤ هان بدات لە ئیرادەی ئەوانیتر، خۆی ڕزگار بکات و ئیرادەی خۆی تاقی بکاتەوە.

## عەشقی فەرامۆشنەکراو

**عەشقی فەرامۆشنەکراو، عەشقێکە لە زەمەن و لە تەمەنیش پەڕیوەتەوە و بە جێیەکی بەرزتر و باڵاتر گەیشتووە.**

دیسان لە ڕۆمانی (کچە فیلم گێڕەرەوەکە)دا ، (دۆنا فیلیبێرتا) کە ژنێکی تەمەن (٩٢) ساڵەیە و (٣) جار بێوەژن کەوتووە، بەر لە مردنی، داوا لە کچە فیلم گێڕەرەوەکە دەکات کە کاراکتەری سەرەکیی ڕۆمانەکەیە، بچێت بۆ لای و فیلمی (ماچی سیحراویی) بۆ بگێڕێتەوە. چونکە: ((ئەو فیلمە وای لێدەکات بیر لە عەشقێکی فەرامۆشنەکراو بکاتەوە-ل٧١)). دەمەوێت بپرسم: عەشقێك کە فەرامۆش ناکرێت یانی چی؟ بۆچی فەرامۆش ناکرێت و نهێنی مانەوەی چییە؟ بە بڕوای من، یانی ئەو عەشقە لە زەمەن و لە تەمەنیش پەڕیوەتەوە. چۆتە پشتی زەمەن و تەمەنەوە، بە جێیەکی بەرزتر و باڵاتر گەیشتووە. خاوەنی ئەو عەشقەیش بە هەمان شێوە، لە زەمەن و لە تەمەن پەڕیوەتەوە، ئەویش لە جێیەکی بەرزتر و باڵاتردا دەژی. دەکرێت خاوەنی ئەو عەشقە بە مرۆڤێك بچوێنین کە خەریکە بە فڕۆکە گەشتێکی ئەفسوناویی ئەنجام دەدات. بە ڕادەیەك

بـەرز بۆتــەوە کــە تــەم و هــەورەکان کەوتوونەتــە ژێرییــەوە. فرۆکەکــە عەشقەکەیەتی. زەمەن و تەمەن، ئەو هەور و تەمەن، کە فڕۆکەکە چۆتە سەروویانەوە. عاشقەکە هەور و تەمەکان لە ژێر فڕۆکەکەدا دەبینێت، بەڵام هیچ بەریەککەوتنێکی ڕاستەوخۆی لەگەڵیاندا نەماوە. چونکە ئەو، مەبەستم عاشقەکەیە، چیدی نە لە ناو تەم و هەورەکاندا ماوەتەوە، نە لە ئاستی ئەواندا ماوە. ئەمە یانی چی؟ یانی ئەوە تەنها وەهمێکە کە وا دەزانین (دۆنا فیلیبێرتا) تەمەنی (٩٢) ساڵە و (٣) جار بێوەژن کەوتووە. لە ڕاستییدا ئەو لەو تەمەندا جێماوە کە عەشقە فەرامۆشنەکراوەکەی تێدا بووە. دەکرێت ئەو تەمەنە (١٨) ساڵ، یان (٢٥)، یان (٤٠)، یاخود هەر تەمەنێکی دیکە بێت. ئێمە مێژووی عەشقەکە نازانین، لەبەر ئەوە ناشتوانین تەمەنەکە دیاری بکەین. ئەوەی ئێمە دەتوانین دیاری بکەین ئەوەیە کە هەرگیز ئەو ژنە تەمەنی ناچێتە سەرووی تەمەنی عەشقەکەیەوە. ئەو ژنە بۆ هەتاهەتایی لە ناو عەشقە فەرامۆشنەکراوەکەیدا جێماوە. ئەو ئیدی کەوتۆتە دەرەوەی زەمەن و تەمەنی ئاساییەوە، چۆتە سەرووی ئەوانەوە. ئاخۆ ئەگەر وا نەبوایە، ئەو عەشقە چۆن لە بەردەمی (٩٢) ساڵ تەمەن و (٣) جار بێوەژن کەوتندا خۆی بۆ ڕادەگیرا و لە فەرامۆشکردن دەپەڕییەوە؟

## زەوتکردنی ئیرادە و ئازادیی

**ئەوەی لەم ڕۆمانەدا زۆر جێی سەرنجە، ئەو ئاوێتەکردنە سیمبولییەیە کە نوسەر لە نێوانی تۆپی شەڕ و تۆپی یاریی، لە نێوانی باوک و دەسەڵاتی سیاسییدا، دروستی کردووە.**

(زیکزیکـە) کورتـە ڕۆمـانێکی (٩٠) لاپـەڕەیی (ئەحمـەد غـوڵامی)ە، (مـەریوان هەڵەبجـەیی) کردوویـەتی بـە کوردیی و (خانـەی وەرگێـڕان) لـە سـاڵی (٢٠١٣)دا چـاپی کـردووە. ئـەم ڕۆمانـە، حیکایـەتی چـەند مرۆڤێکـی نائومێـد و بەدبەختـە، کـە ئیـرادە و ئازادییـان لـێ زەوت کـراوە. ئێسـتا و ئاینـدەیان نییـە. خـاڵی هاوبەشـیان ترسـە. ئـەوەتا (بابـەك)، کـە پاڵـەوانی سـەرەکیی ڕۆمانەکەیـە لـە بـاوکی و لـەو خەونانـەی دەیانبینێـت و پـڕن لـە خومپـارە و کابوسـی دیلبـوون، دەتۆقێـت. ئـەو بەدبەختـە لـە گۆڵنـەکردنی گۆڵی بەتاڵ و هاواری باوکی دەترسێت-ل٣٩. (بابەك) حەزی لە تۆپی پێ نییە و باوکی ئالودەی تۆپی پێیە و ئەویش ناچار دەکات خۆی بۆ تۆپی پێ تـەرخان بکـات. کەچـی دواجـار تۆپێـك بـەر سـەری بـاوکی دەکـەوێت و دەیکوژێـت و تـۆپێکیش دەداتـە ناوەڕاسـتی خەونـەکانی خۆیـدا-ل٢١-٢٢. (بنەوشە)یش لە هەموو شتێك دەترسێت، لەوەی لە ڕۆژنامە دەری بکەن.

لەوەی کە قسەی بۆ دروست بکەن. لەوەی لەگەڵ (بابەك)دا ببینن – ل٣٩. دواجار (بنەوشە) دەخرێتە زیندان و کە ئازاد دەبێت دەڕوات و سەری خۆی هەڵدەگرێت. تەنانەت (بابەك)یش نازانێت بۆ کوێ دەڕوات– ل٨٧. (حەمید) ملی باریکە وەك ئەوەی خوا بۆ پارچەی خومپارەی خولقاندبێت–ل٢٨. (مەسعود) لە بەر ئەوەی لە مەرگ دەترسێت لە بەرەکانی شەڕدا دەست بۆ دوژمن بەرز دەکاتەوە و دیلێتیی هەڵدەبژێرێت–ل٣٨. (ئیسماعیل) دەیەوێت عاشق بێت باوکی ناهێڵێت– ل٧٤. (ئیسماعیل) دەکوژرێت و (ڕێحان) دەمرێت. (ئیبراهیم) هێندە گومان لە (ڕێحان) دەکات تا دەیکوژێت–ل٨٠. ئەوەی لەم ڕۆمانەدا زۆر جێی سەرنجە، ئەو ئاوێتەکردنە سیمبولییەیە کە نوسەر لە نێوانی تۆپی شەڕ و تۆپی یاریی، لە نێوانی باوك و دەسەڵاتی سیاسییدا، دروستی کردووە. کاتێ باوك ئیرادە و ئازادیی منداڵەکانی و دەسەڵات ئیرادە و ئازادیی خەڵك زەوت دەکەن، کاتێ باوك و دەسەڵات بە سەر منداڵەکانیان و بە سەر خەڵکەوە دەبن بە مۆتەکە، تۆپەکان وەکو یەکیان لێ دێت. تۆپەکان چ تۆپی یاریی بن و چ تۆپی شەڕ، کە دایان بە ناوەڕاستی خەونەکانماندا، یان بە ڕاستیی و بە شێوەیەکی فیزیکیی، یان بە شێوەیەکی سیمبولییانە، دەمانکوژن و ژیانمان وێران دەکەن. لە ڕاستییدا تۆپەکان نامانکوژن و ژیانمان وێران ناکەن، بەڵکو ئەوەی دەمانکوژێت و ژیانمان وێران دەکات زەوتکردنی ئیرادە و ئازادییمانە.

# پاشا و ئەژدیها

**کاتێ ئەژدیهای پاشا و سەرۆك و ژەنەراڵەکان فێ دەیانگرێت، بۆ ئەوەی ئارام ببنەوە، ژیانی ئاسایی ڕادەگیرێت.**

هەر لە ڕۆمانی (زیکزیکە)دا، (بابەك)ی پاڵەوانی سەرەکیی ڕۆمانەکە، کە سەربازێکی ئێرانییە و لە یەکێك لە بەرەکانی شەڕدا لەگەڵ سوپای عێراق، لە تۆپبارانێکی زۆر سەخت ڕزگاری بووە، دەڵێت: ((من چەندە گرنگ بووم، ئەو هەموو خومپارەیەیان بۆ من دەتەقاند-٣١)). من دەڵێم: تۆ بڵێی بە ڕاستی ئەو هەموو خومپارەیە بۆ (بابەك) تەقێنرابێت؟ ئایا کوشتنی سەربازێك، کە هەزاران سەربازی دیکەی وەك ئەو هەن، چی دەگۆڕێت؟ ئایا ئەو کوشتنە، ئەو هەموو خومپارەیە دەهێنێت کە بۆی دەتەقێنرێت؟ ئەی کاتێ ئەو هەموو خومپارەیە دەتەقێنرێت و سەربازەکەش ناکوژرێت، چی؟ ئاخۆ بە ڕاست ئەو خومپارانە بۆ کوشتنی ئەو سەربازەن، یان بۆ ئارامکردنەوەی ئەو ئەژدیهایانەن کە لە ناخی پاشا و سەرۆك و ژەنەراڵەکاندا بەردەوام دەفیشکێنن و بە خوێن و برین و گرمە وناڵە و تەقوتۆقی شمشێر و تفەنگ و تۆپ و خومپارەکان نەبێت

ئـارام نابنــەوە؟ لــە ڕاســتییدا، ســەربازەکان و خومپارەکــان، جگــە لــە کەرەستەگەلێك کە لە گەمەی ئارامکردنەوەی ئەژدیهاکاندا بە کار دەبرێن، هیچ شتێکی دیکە نین. لە سەروەختی ژیانی ئاساییدا، ئەژدیهای هەندێك لە پاشا و سەرۆك و ژەنەراڵەکان فێ دەیانگرێت، بۆ ئەوەی ئارام ببنـەوە، دەبێـت ژیـانی ئاسـایی ڕابگیرێـت. دەبێـت مـەرگ بباریێنرێـت. ئیـدی ئـەو مەرگـە بـۆ کێیـە؟ زۆر گـرنگ نییـە. ئـەوەی زۆر گرنگـە ئەوەیـە مـەرگ ببارێنرێت و مردن بەردەوام بێت. لە بیرمە لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا، کە ئەو وەختە من خوێندکاری قۆناغی ناوەندیی بووم، کاتێ بۆ یەکەمجار لە شانۆگەرییەکدا، گوێم لەوە بوو کە گوایە (زوحاك) دوو ئەژدیهای لە سەر شان بووە و ڕۆژانـە مێشکی دوو مرۆڤیان دەرخوارد داون، زۆرم بـە لاوە سەیر بوو: (زوحاك) و ئەژدیها یانی چی؟ پاشاکان چ پەیوەندییـەکیان بـە ئەژدیهاوە هەیـە؟ ئەو کاتـە وام دەزانـی ئـەوە شـتێکی بێمانایـە و نابێـت لـە شانۆگەرییدا شتی ئاوا بێمانا باس بکرێت. بەڵام دواتر تێگەیشتم، زۆرێك لە پاشا و سەرۆك و ژەنەراڵەکان ئەژدیهای جۆراوجۆریان هەیە و مێژووی مرۆڤایەتیش پڕ پڕە لەو ڕۆژانەی، کە تیایاندا، نەك تەنها دوو مرۆڤ، بگرە هەزاران هەزار مرۆڤ دەرخواردی ئەو ئەژیهایانە دراون.

## ئۆسکار و خاتوونی پەمەیی پۆش

**نامەکانی (ئۆسکار) کە بۆ خوایان دەنوسێت لە ڕووکاردا نامەگەلێکی سادە و ئاسایین، بەڵام لە قوڵاییدا پڕن لە ڕەهەندگەلی فەلسەفیی.**

(ئۆسکار و خاتوونی پەمەیی پۆش)، ڕۆمانێکی (٨٠) لاپەڕەیی (ئریك ئمانوێل شمیت)ە، کە (جەبار سابیر) لە فارسییەوە کردویەتی بە کوردیی و خانەی (ڕۆنان) بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، لە ساڵی ٢٠١٤دا چاپی کردووە. ئەم ڕۆمانە بە شێوازێکی ناوازە و بە زمانێکی سادە بەسەرهاتی منداڵێکی (١٠) ساڵە، بە ناوی (ئۆسکار) دەگێڕێتەوە، کە دووچاری نەخۆشییەکی کوشندە بووە. ڕوداوەکان لە نەخۆشخانە ڕوو دەدەن. (ئۆسکار) کە نەشتەرگەریی گۆڕینی مۆخی بۆ کراوە، هیچ هیوایەك بۆ چاکبوونەوەی نییە. وەك لە دووتوێی دەقەکەوە بۆ خوێنەر ڕوون دەبێتەوە، دکتۆر (١٢) ڕۆژی بۆ داناوە. (ئۆسکار) خۆیشی دەزانێت کە دەمرێت. (مامی ڕۆز) کە ژنێکی میهرەبانە و بە خۆبەخش لەو نەخۆشخانەیە کار دەکات و (ئۆسکار) ئەو ناوەی لێناوە، بۆ ئەوەی (ئۆسکار) ئەو چەند ڕۆژە کەمەی ژیانی ئاسانتر تێبپەڕێنێت، دوو گەمەی بۆ دادەهێنێت. گەمەی یەکەم

ئەوەیە: (ئۆسكار) هەر ڕۆژێك بە (١٠) ساڵ بزانێت، بەو جۆرە دەتوانێت هەست بكات لەو (١١) ڕۆژەدا كە ماوێتی (١١٠) ساڵ دەژی. گەمەی دووەم: ئەوەیە (ئۆسكار) ڕۆژی یەك نامە بۆ خوا بنوسێت و یەك داواكاریی لێ بكات. لە ڕاستییدا ئەو گەمانە تەنها گەمەی (مامی ڕۆز) نین لەگەڵ (ئۆسكار)، ئەوانە گەمەی نوسەری ڕۆمانەكەن لەگەڵ ئێمەی خوێنەریشدا. نوسەر دەیەوێت بە ئێمە بڵێت: ئەگەر هەست دەكەن تەمەنتان بەشتان ناكات دەتوانن لە ناو خۆتاندا هەر ڕۆژێكتان بە ساڵێك بزانن. دەتوانن هەر كاتێك دڵتان بە توندیی داوای (پگی بلو)یەكی لێكردن، لە ناو خۆتاندا بە خێزانی خۆتانی بزانن. دەیەوێت پێمان بڵێت: دەتوانن ڕۆژانە نامە بۆ خوا بنوسن و داواكاریی و پرسیارەكانتانی پێشكەش بكەن. نامەكانی (ئۆسكار) كە بۆ خوایان دەنوسێت لە ڕووكاردا نامەگەلێكی سادە و ئاسایین، بەڵام لە قوڵاییدا پڕن لە ڕەهەندگەلی فەلسەفی. نامەكان لەگەڵ ڕوانین و بیركردنەوەی تۆدا، بۆ خوا، دەگونجێن یان نا، تۆ بە نامەگەلێكی ئاساییان دەزانی یان بە جۆرێك لە گوناە و زیادەڕۆیی، ئەوە زۆر گرنگ نییە. گرنگ ئەوەیە دەتوانن بتخەنە ناو تێڕامان و بیركردنەوەیەكی قووڵەوە. گرنگ ئەوەیە نامەكان ئیشتیهای مرۆڤ بۆ پرسیار دەكەنەوە. ئیدی جۆری پرسیارەكان، بۆ مرۆڤ خۆی جێ دەمێنێت.

## بۆ دانییێل ستیل و پاڵەوانەکانی

**دڵی ژن وەك باڵندە وایە بۆ هەتاهەتایی بەسەر دارێکەوە نامێنێتەوە.**

(ئەو کاتەی عەشق دەمرێت)، ڕۆمانێکی نوسەری ئەمریکایی (دانییێل ستیل)ە. (حەمە عەبدوڵا) وەری گێڕاوە و ساڵی (٢٠١١) لە هەولێر چاپ کراوە. لە لاپەڕە (١١) دا (ڕابێرت) کە یەکێك لە پاڵەوانەکانی ئەو ڕۆمانەیە، دەڵێت: ((بۆچی من بوومە تاکە قوربانیی ئەم عەشقە؟ مەگەر من ڕێگایەکی هەڵەم بڕیبوو!)). دەمەوێت لێرەوە بە (ڕابێرت) بڵێم: نا مەرج نییە تۆ ڕێگایەکی هەڵەت بڕیبێت، هەندێجار مرۆڤ نانی هەڵەی خەڵکی دیکە دەخوات و هەندێجاریش باجی لێهاتوویی خەڵکی دیکە دەدات. دەشێت ئەو کەسەی دڵی خۆی بە ئێمە دەبەخشێت، لە ئەنجامی هەڵەی کەسێکدا کە ئازاری پێ گەیاندووە گەیشتبێت بەو بڕوایەی کەسێکی دی، تاقی بکاتەوە، کە ئێمەین. هەندێجاریش دەگونجێت کەسێکی دیکە هۆکاری بردنی دڵی ئەو کەسە بێت کە ئێمە خۆشمان ویستووە. زۆرێك لە ڕوداو و چیرۆك و حیکایەتەکان پێمان دەڵێن: دڵی ژن وەك باڵندە وایە بۆ هەتاهەتایی بەسەر دارێکەوە نامێنێتەوە. بۆ ئێمەی پیاو ئەمە ڕاستییەکی

تاڵە کە هیچ چارێکمان نییە ئەوە نەبێت خۆمانی لەگەڵدا ڕابهێنین. لە لاپەڕە (١١٥)دا خانمی (برانسۆن) کە دایکی پاڵەوانی سەرەکیی ڕۆمانەکەیە، واتە دایکی (ڕابێرت)ە، بە هیوای ئەوەی بتوانێت بوکەکەی کە ناوی (جین)ە، ڕازیی بکات ئامادەی منداڵدروستکردن بێت، پێی دەڵێت: ((کچم جین، دایکت ڕاست دەکات. ئێمەش لەم ئاخرەی پیرییەوە، ئارەزووومانە نەوەکانمان ببینین و لە دنیا بڕۆین. چۆن دڵتان دێ، نائومێدمان بکەن)). دەمەوێت لێرەوە بە خانمی (برانسۆن) بڵێم: بە داخەوە نائومێدکردن هونەرێکی هەرزانە کە قورس لەسەر کەسی بەرامبەر دەکەوێت. هەندێجار ئەم هونەرە هەرزانە زۆر بێدەربەستانە تاقی دەکرێتەوە. ئەوەتا (جین) ڕابێرت و دوو خێزان، کە ماڵی باوکی و ماڵی ئێوەن، نائومێد دەکات. ئەم نائومێدکردنەیش تەنها بەوە نا، کە ناهێڵێت منداڵی ببێت، بەڵکو بەوە کە زۆر دڵڕەقانە و لە کاتێکدا هێشتا (ڕابێرت) لە ترۆپکی عەشقی ئەودا گۆرانی بۆ ژیانی هاوبەش دەچڕێت، جێی دەهێڵێت و دەچێت لەگەڵ (بێرنارد شاو)دا دەژی. دواجار دەمەوێت هەر لێرەوە بە (دانییێل ستیل)ی نوسەری ئەو ڕۆمانە بڵێم: ناونیشانی ڕۆمانەکەت دایچڵەکاندم، چونکە بە بڕوای من، کۆتایی ژیان ئەو کاتە نییە کە مرۆڤ دەمرێت، بەڵکو ئەو کاتەیە کە عەشق دەمرێت، خۆزگە مرۆڤ بمردایە، بەڵام عەشق نا.

# له دارستاندا مردن نییه

**عەشق هەر مرۆڤ لە مردن ناپارێزێت، ژیانیش لە خراپەکاریی ڕزگار دەکات.**

(لە دارستاندا مردن نییە)، ناوی ڕۆمانێکی (لەتیفە تەکین)ە، کە (ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل)، لە تورکییەوە کردوویەتی بە کوردیی و (دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم)، لە ساڵی (٢٠١٤)دا چاپی کردووە. لەم ڕۆمانەدا چوار چەمکی سەرەکیی هەن کە هەموو ڕووداوەکانیان لە دەوری خۆیان کۆکردۆتەوە، ئەوانیش خەون و دارستان و عەشق و مردنن. چەمکەکانی خەون و دارستان و عەشق لە زۆر جێدا تێکەڵی یەکتری دەبن و دەبن بە یەك و مرۆڤ بە ئاسانی ناتوانێت لە یەکیان جیا بکاتەوە. دارستان دەبێت بە خەون و خەون دەبێت بە دارستان و هەردووکیان دەبن بە عەشق. واتە چەمکەکانی خەون و دارستان بۆ ئەوە هێنراون چەمکی عەشق ڕوون بکەنەوە. چەمکی چوارەمیش کە مردنە دیسان خراوەتە خزمەتی عەشقەوە. مردن هێنراوە بۆ ئەوەی گەورەیی عەشق ڕوون بکاتەوە. لە ڕێی ئەو تێکەڵبوونەی خەون و دارستان و

عەشق و لە ڕێی ڕاگرتنی مردنەوە لە بەرامبەر عەشقدا، چەمکە باوەکانی کات و شوێن و ڕووداو تێکشکێنراون. بۆ من، لەم ڕۆمانەدا، لە کات و شوێن و ڕووداو گرنگتر قسەوباسە گەرمەکانی عەشقە. لە لاپەڕە (٥٨)دا ئەمین و یاسەمین کە دوو پاڵەوانی سەرەکیی ڕۆمانەکەن، لە بارەی مردن و عەشقەوە دەدوێن، ئەمین کە هەناسە بۆ مردن هەڵدەکێشێت، دەڵێت: ((نەفرەت ئەوە وا عەشق ناهێڵێت)). یاسەمینیش دەڵێت: ((دەزانم دەگەیتە کوێ، تۆ دەڵێی کاریگەرترین چەك بەرامبەر مردن عەشقە)). لە لاپەڕە (١٨٢) یشدا ئەم پەڕەگرافە هەیە: ((...هەندێ جار مەودای نێوان ئێمە و مردن ئەوەندە نزیك دەبێتەوە، بە قەد جێگای یەك کەس نێوانمانە، ئەگەر ئەو کەسە لاچێت مردن ڕوو دەدات))، نوسەر بەم جۆرە پێمان دەڵێت: ئەوەی ناهێڵێت بمرین عەشقە کە لە کەسێکدا بەرجەستە دەبێت و دەکەوێتە نێوانی ئێمە و مردنەوە و ناهێڵێت بەریەك بکەوین. لەوەش گرنگتر لە لاپەڕە (٧٤) دا ئەم ڕستەیە هەیە: ((ئەمە ڕەنگە ئەوە بگەیەنێ، ئەوانەی لە دونیادا خراپە دەکەن لە ئەنجامی عەشقێکدا لەدایك نەبووبن))، بەم مانایە عەشق هەر مرۆڤ لە مردن ناپارێزێت، ژیانیش لە خراپەکاریی ڕزگار دەکات، چونکە ئەگەر عەشق هەبێت و هەر یەکێك لە مرۆڤەکان لە ئەنجامی عەشقێکدا لەدایك بن، کەس توانای خراپەکاریی نامێنێت.

## لەگەڵ (د. فەوزیە دریع)دا

**لە خۆشەویستییدا زۆرینەی جیاوازییەکان، بە جیاوازیی تەمەنیشەوە، جۆرێك لە ئەفسوونیان تێدایە.**

(د. فەوزیە دوریع) یەکێك لەو نوسەرانەیە کە من هەم چێژ لە نووسینەکانی دەبینم، هەم لە هەندێ باردا بەرچاوڕوونیی زیاترم پێ دەبەخشێت. ئەو جگە لەوەی دکتۆرە و خۆی بۆ نووسین لەسەر مەسەلە دەرونییەکان و خۆشەویستیی و سێکس و ئەو بابەتانە تەرخان کردووە، ئەوەیش کە ژنە و سەر بە ڕەگەزی من نییە و لە گۆشەیەکی جیاوازەوە لە بابەتەکان دەڕوانێت، وا دەکات بۆ من، لە نوسەرێکی پیاو کە لەسەر ئەو بابەتانە دەنوسێت، بایەخی زیاتر بێت. بێگومان بەشی زۆری ئەو چێژەیش کە لە نووسینەکانی ئەو خانمەی دەبینم، هەر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەو ژنە و من وەکو خۆم بەشێك لە سەرنجەکانی وەك دانپێدانان، یان هیچ نەبێت وەك گەواهیدانێکی ژنانە، تەماشا دەکەم. (د. فەوزیە) لەو نوسەرانەیە کە تا ڕادەیەکی باش بابەتەکان ورد دەکاتەوە، بەڵام هەندێجاریش بە سەر هەندێ خاڵی زۆر گرنگدا باز دەدات. من

لێرەدا ئاماژە بە یەکێك لەو وەڵامانەی دەکەم کە لە کتێبی (پرسیار دەربارەی خۆشەویستیی)دا تۆماری کردووە و تیایدا خاڵێکی جەوهەریی فەرامۆش کردووە. لەو کتێبەدا و لە وەڵامی پرسیاری (بۆچی کچانی هەرزەکار پیاوانی سەرسپییان خۆش دەوێت)، زۆر خاڵی ڕوون کردۆتەوە، وەلێ ئاماژەی بۆ ئەوە نەکردووە کە مرۆڤ زۆر جار لە خۆشەویستییدا بە دوای ئەوەوەیە وێنەیەکی دیکە بە خۆی بدات. لە ناخی زۆرینەی منداڵ و هەرزەکارەکاندا حەزێکی قووڵ هەیە بۆ گەورەبوون، دەتوانم بڵێم بە هەمان ئەندازەی حەزی گەورەکان بۆ منداڵبوونەوە، حەزی گەورەبوون لە ناخی منداڵ و هەرزەکارەکاندا هەیە. وەکچۆن کاتێ کەسێکی بە تەمەن حەز لە کەسێکی هەرزەکار دەکات، لە قوڵاییەکانی نەستیدا هەوڵدای ئەوەیە بە خۆی بڵێت: من هێشتا گەنجم، ئەوەتا دەتوانم گەنجێك بۆ خۆم کەمەندکێش بکەم. بە هەمانشێوە، کاتێ هەرزەکارێکیش حەز لە کەسێکی بە تەمەن دەکات دەیەوێت بە خۆی بڵێت: من چیدی منداڵ و هەرزەکار نیم، من گەورەم، ئەوەتا دەتوانم کەسێکی گەورە بەرەو خۆم ڕابکێشم. جگە لەوە لە خۆشەویستییدا زۆرینەی جیاوازییەکان، بە جیاوازیی تەمەنیشەوە، جۆرێك لە ئەفسوونیان تێدایە کە مرۆڤ سەرمەست دەکەن و چێژی زیاتری پێ دەبەخشن.

## ئەوانەی خوایان لە خۆیان ڕەنجاندووە

**نووسین جۆرێکە لە دووبارەکردنەوەیەکی مرۆڤانەی کارێکی خوایانە.**

واقیـــع وەکچـــۆن هـــەرگیز خـــاڵی نییـــە لـــە جـــوانیی و شـــیرینیی، هـــەرگیزییش خـــاڵی نییـــە لـــە دزێـــویی و تـــاڵیی، مـــرۆڤ لـــە ســـەردەمە کۆنەکانـــەوە بـــۆ فراوانکردنـــی جـــوانیی و شـــیرینییەکان و بچـــوککردنەوەی دزێویی و تاڵییەکان، یان ڕاستتر بۆ باوەشپێداکردنێکی گەرمتر بە جوانیی و شیرینییەکان و خۆدزینەوە لە دزێویی و تاڵییەکان، بەردەوام لە هەوڵدا بووە. بەرلەوەی لە ڕێی هەستەکانییەوە ئەو کارە بکات، لە ڕێی نەستەوە و لە ناو خەوندا ئەو کارەی ئەنجام داوە. زۆر جار لە خەوندا مرۆڤ بەو شتانە دەگات کە لە واقیعدا پێیان نەگەیشتووە. زۆر جاریش بەو شتانە شاد دەبێتەوە کە لە دەستی داون. نووسینیش ڕێگایەکی ترە بۆ گەیشتن بە هەمان ئامانج، بەڵام ئەمیان لە ڕێی هەستەوە و بە ئاوێتەکردنی لەگەڵ نەستدا ڕوو دەدات. نووسین جۆرێکە لە خەونبینین کە تیایدا مرۆڤ خۆی قـەرەبوو دەکاتـەوە، یـان ڕاسـتتر خـۆی دەلاوێنێتـەوە. هـەم خـەون و هـەم نووسینیش دوو جێگـەن مرۆڤ تیایاندا ژیان بـەو جۆرە دادەڕێژێتـەوە کە

خۆی دەیەوێت، یان هیچ نەبێت فۆرمێکی پێ دەبەخشێت نزیك بێت لەو فۆرمەوە کە خۆزگەی پێدەخوازێت. لە ناو خەون و لە ناو نووسیندا مرۆڤ دەتوانێت پەیوەندیی بە مردووەکانیشەوە بکات. دەتوانێت بە دیداریان شاد بێتەوە و لەگەڵیاندا دابنیشێت و یادگاریی دیکەیان لەگەڵدا تۆمار بکات. ئێستا کە ئەم وشانە دەنوسم لە ناو خەیاڵی خۆمدا بیر لەوە دەکەمەوە ژیانیش جۆرێکە لە خەون و نووسین، ئێمەیش پاڵەوانگەلێکین کە خوا لە ناو خەون و نووسینەکانی خۆیدا دروستی کردووین. ڕەنگە جیاوازیی گەورەی ئێمە لە گەڵ پاڵەوانەکانی ناو خەون و نووسینەکانماندا زیاتر ئەوە بێت، ئێمە دروستکراوی خوداین و ئەوان دروستکراوی ئێمەن. ئێمە لە گۆشت و خوێنین و ئەوان لە وەهم و پیت و وشە و ڕستەن. ڕەنگە خاڵی هاوبەشیشمان زیاتر ئەوە بێت کە ئێمەش و ئەوانیش سەروەختێکی دیاریکراو بوونمان هەیە و دواتر لەناو دەچین. بەم مانایە نووسین جۆرێکە لە دووبارەکردنەوەیەکی مرۆڤانەی کارێکی خوایانە. هەر بەم مانایە ئەو کەسانەی بێدەربەستانە دەنوسن و نووسین وەك گاڵتەی منداڵان تەماشا دەکەن، بە خۆیان بزانن یان نا، خوایان لە خۆیان ڕەنجاندووە. کافری ڕاستەقینە ئەوانەن کە خراپ دەنوسن.

## مرۆڤ و بەرد

**بەردەکان بۆ ئەوەی ببن بە مرۆڤ، پێویستیان بەوەیە هەزاران هەزار جار لە ئێستا ڕەقتربن.**

لە ڕۆژانی ٢٨-٢٩/١١/٢٠١٤ لە نیپاڵ، لە مەراسیمێکی خوێناوییدا، کە بەشێکە لە سرووتی ئایینی هیندۆسەکانی ئەو وڵاتە و پێنج ساڵ جارێك ئەنجام دەدرێت، بە هەزاران ئاژەڵ، بە شێوازێکی زۆر دلڕەقانە کوژران. لەو مەراسیمە خوێناوییەدا، سەرەتا (٣٠٠) هەزار ئاژەڵ کە زۆرینەی هەرە زۆریان (گا) و (مانگا) بوون، لە گۆڕەپانێکی گەورەدا کۆ کرانەوە و پاشان بە دڕندانەترین شێوە کوژران. ئەوەی سەیر بوو دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە، وتیان: ((ئێمە ناتوانین ڕێگری لەو هیندۆسانە بکەین، چونکە ئەوە هەستی ئاینیی ئەوان بریندار دەکات)). لەویش سەیرتر، ئەوەیە هەر لە تەنیشتی هیندۆسەکانی نیپاڵەوە، کە هەشتا لە سەدی (٢٧) ملیۆن دانیشتووانەکەی ئەو وڵاتە پێك دەهێنن، هیندۆسەکانی وڵاتی هیند هەن، کە بە لای ئەوانەوە ئەو ئاژەڵانە پیرۆزن. گوایە ئەو سرووتی خوێنڕشتنەی نیپاڵییەکان، پێشکەشکردنی قوربانییە بە خواوەندی هێز (گادیما)، بۆ ئەوەی لێیان ڕازیی بێت و لە بەڵا و نەهامەتیی بیانپارێزێت و خێر و

خۆشـیيان بـه سـەردا ببارينێـت. واتـه ئـەو خوێنرێژانـه دەيانـەوێت بـه دروسـتكردنی ئەو جۆره قەسابخانەيه، خۆيـان لـه بـەڵا و نەهامـەتی دوور بخەنەوه. لەگەڵ خوێندنەوەی ئەو هەواڵەدا، سەرەتا، شیعرێكی (ئێريش فريد)م بير كەوتەوه كه (سيروان ڕەحيم) له ئەڵمانييەوه كردوويەتی به كوردیی. شیعرەكه دەڵێت: ((كەسێك/ به بەردەكانی گوت/ ببنه مرۆڤ/ بـەردەكان گوتيـان/ هێشـتا/ وەكو پێويسـت/ ڕەق نـين)). پاشـان، هەسـتم كـرد ئـەو هيندۆسـانه زۆر ترسـنۆكن و بـه هـەمان ئەنـدازەی ترسنۆكييەكەشيان دڵڕەقن. له ترسی ئەوەی بەڵا ڕوويان تێ نەكات، بەڵا دروسـت دەكـەن، لـه ترسـی ئـەوەی خواوەنـدی هێـز، كـه خۆيـان بڕوايـان پێيـەتی، بـەڵايان بـه سـەردا نـەبارێنێت، بـەڵا بـه سـەر هـەزاران گيانـداری بێگوناهـدا دەبـارێنن. بـۆ ئـەوەی خـوێنی خۆيـان بپـارێزن، خـوێنی ئـەو ئاژەڵانـه دەڕێـژن. ئـاخۆ تاكـەی مرۆڤـه ترسـنۆك و دڵڕەقـەكان، بـه نـاوی سـرووتی ئـاينيی و بيـانووی جياجيـای ديكـەوه، ڕەوايـەتی بـه كوشـت و كوشـتار دەدەن؟ بينينـی ديمەنـەكانی ئـەو مەراسـيمه و دەيـان و سـەدان ديمـەنی ديكـەی دڵڕەقييـەكانی مـرۆڤ، كـه لـه زۆر جێـی دنيـادا دەبينـرێن، پێمان دەڵێن: بەردەكان ڕاست دەكەن، هێشتا زۆريان ماوه ببن به مرۆڤ. بەردەكان بۆ ئەوەی ببن به مرۆڤ، پێويستيان بەوەيه هەزاران هەزار جار له ئێستا ڕەقتربن.

## کاتێ تۆ دوا هیوای کەسێکیت

**لە دۆخێکدا تۆ یەکێك بیت لە هیواکان، نەیشتوانی سەرکەوتوو بیت، زۆر جێی داخ نییە، چونکە هیوای تر هەیە.**

زۆر جار کە بیرم لە کاری دوو جۆر لە مرۆڤ کردۆتەوە، ترساوم. یەکەم: ئەو (دادوەر)ەی کە بڕیار لە سەر ژیانی (تۆمەتبار)ێك دەدات. دووەم: ئەو (پزیشك)ەی کە نەشتەرگەریی بۆ (نەخۆش)ێك دەکات. ترسەکەم زیاتر (سێ) سەرچاوەی هەبووە. یەکەم: ئەو دوو جۆرە لە مرۆڤ (مەبەستم تۆمەتبار و نەخۆشە)، خۆیان دۆخیان ئاڵۆزە، مامەڵەکردن لەگەڵیاندا پێویستی بە وریاییەکی زۆر هەیە. دووەم: هەر هەڵەیەك لەگەڵ ئەو دوو جۆرە لە مرۆڤ، ژیانیان دەخاتە مەترسییەوە. سێیەم: ئەو دوو جۆرە لە مرۆڤ، دوا هیوایان بەو دوو کەسەیە کە من لە کارەکانیان دەترسم، (مەبەستم دادوەر و پزیشك)ە. ئەگەر لە دۆخێکدا تۆ یەکێك بیت لە هیواکان، نەیشتوانی سەرکەوتوو بیت، زۆر جێی داخ نییە، چونکە هیوای دیکە هەیە. بەڵام کاتێ تۆ دوا هیوای کەسێك بیت و توانای سەرکەوتنت نەبێت، کارەسات ڕوو دەدات. لەو ڕۆژانە، لە ماڵپەڕی

(الكلمە)دا، ڕاپۆرتێکم لە سەر هاوڵاتییەکی ئەمریکایی خوێندەوە، کە ئەمە پوختەکەیەتی: ((-کوامی ئاجامۆ- لە تەمەنی (١٧) ساڵیدا بە تۆمەتی کوشتن دەستگیر دەکرێت و دادگا بڕیاری (زیندانی هەتاهەتایی) بەسەردا دەسەپێنێت. دوای ئەوەی (٤٠) ساڵ لە تەمەنی، لە زینداندا بە با دەچێت، هەندێك ڕاستیی دەردەکەون و جارێکی دی دۆسیەکەی هەڵدەدرێتەوە و دەردەکەوێت بێتاوانە. بۆیە لەگەڵ ئازادکردنییدا، دادوەر (ڕیتشارد بیکار) داوای لێ دەکات، هەر قەرەبوویەکی دەوێت لە بری ئەو زوڵمەی لێی کراوە، پێشکەشی دەستەی دادگای بکات. ئەویش بە دەم گریان و حەسرەتەوە، تەنها داوای ئەوە دەکات: چاو بەو یاسایانەدا بخشێننەوە کە ئەگەری ئەوەیان هەیە مرۆڤی بێتاوان ماڵوێران بکەن. دوای دانیشتنەکە، فەرمان لە کۆشکی سپییەوە دەردەچێت کە بە زووترین کات داواکارییەکەی (کوامی ئاجامۆ) جێبەجێ بکرێت. هەر لە هەفتەی یەکەمی ئازادکردنیشیدا سەرۆکی ئەمریکا (باراك ئۆباما) و خێزانەکەی دەچنە ماڵی (کوامی ئاجامۆ) و ئێوارەخوانێکی بۆ ئامادە دەکەن، کە لەلایەن خانمی یەکەمی ئەمریکاوە ساز کراوە)). ئەم ڕووداوە بە ترسەکەی خۆمەوە دەبەستمەوە و دەڵێم: (کوامی ئاجامۆ) بە داواکارییەکەی، کە خزمەتێك بە خەڵك دەکات، بە جۆرێك لە جۆرەکان، قەرەبووی تەمەنی (بەباچوو)ی خۆی دەکاتەوە، بەڵام ئەو دادوەرەی کە تەمەنی (کوامی ئاجامۆ)ی بە (با) داوە، بە چی ویژدانی خۆی قەرەبوو دەکاتەوە؟

## بۆ حەمە کاکەڕەش

### بە بۆنەی مەرگی دایە (کافی)یەوە

**دایە (کافی) لەو دایکانە بوو کە دەست لە هەموو خەونە شیرینەکانی خۆیان بەر دەدەن و دەستی خەونی منداڵەکانیان دەگرن.**

چەند ناخۆش بوو کە فەیسبوکەکەم کردەوە ئەم وشە پڕ داخ و پڕ حەسرەتانەی تۆم بینی: ((ماڵوێران خۆم، کوێربم، دوێنێ شەو کاتژمێر یانزە دایکی ئازیزم ئەو دایکەی بە هەتیووی گەورەی کردین، ئەو دایکەی هەم دایکمان بوو هەم باوك، کۆچی کرد و بۆ یەکجاری چاوەکانی لێکنا. دایە گیان بە قوربانی خۆڵی سەر گۆڕەکەت بم، دایە گیان ئاخ دایە گیان وا شێت بووم)). بە داخەوە، ژیان هەندێجار زۆر لەوە نامیهرەبانترە کە مرۆڤ بیری لێدەکاتەوە. مردنی دایکەکان لە نمونە دیارەکانی نامیهرەبانی ژیان و ئەو تاڵاوانەیە کە ژیان دەیکات بە گەرووی مرۆڤەکاندا. هەواڵی مردنی هەر کەسێك کە پێی بوترێت دایك، لە هەواڵە ناخۆش و سەخت و کەمەرشکێنەکانە. چجای دایکێکی وەك دایە (کافی)، کە ئەگەر کەس نەزانێت من دەزانم ئەو چۆن دایکێك بوو. ئەو لەو دایکە میهرەبانانە بوو

کە زۆرترین ئازار و چەرمەسەریی و نەهامەتیی قبوڵ دەکەن، بۆ ئەوەی منداڵەکانیان بێناز نەبن و چاویان لە دەستی خەڵك نەبێت. ئەو جۆرە دایکانە دەست لە هەموو خەونە شیرینەکانی خۆیان بەر دەدەن و دەستی خەونی منداڵەکانیان دەگرن. پشت لە خەونی ژنانەی خۆیان دەکەن و ڕوو دەکەنە خەونی منداڵانەی جگەرگۆشەکانیان. ئەوان وەك خۆیان دەڵێن: دڵخۆشن بەوەی بێوەژنکۆشیی بۆ منداڵەکانیان دەکەن. دایکی منیش وەك دایکی تۆ بە بێوەژنکۆشیی ئێمەی گەورە کرد. بۆیە من و تۆ لەو بارەیەوە لە یەکتری تێدەگەین. تۆیش وەك من دەزانیت هیچ شتێك لە دنیادا بە قەد ئەوە، ئەو جۆرە دایکانە دڵخۆش ناکات کە ببینن منداڵەکانیان دڵخۆشن. بێگومان خەونی گەورەی ئەو دایکانە دڵخۆشیی و بەختەوەریی منداڵەکانیانە. بۆیە ئەگەر دەتەوێ ڕۆحی دایە (کافی) شاد بکەیت، ئەگەر دەتەوێ خیانەت لە خەونە گەورەکەی ئەو نەکەیت، غەمگین و بێتاقەت مەبە. وەفای تۆ بۆ دایە (کافی) کە مردن لە یەکی دابڕیوون، ئەوە نییە دوای ئەو غەمگین و بێتاقەت بیت، بەڵکو وەفای تۆ بۆ ئەو، ئەوەیە بەو شێوەیە بژیت کە ئەو بۆ تۆی بە ئاوات خواستووە. دڵخۆشبە بەوەی دایکت زۆر لە تۆ ڕازی بوو، زۆر خۆشی دەویستی. سڵاوم بۆ گۆڕەکەی دایە کافی و هیوای سەبووریم بۆ تۆ.

## لە چلەی (عەباسی کەمەندی)دا

**ئێمە بە هەڵە وا دەزانین (کەمەنـدی) گۆرانی دەچڕێت، بـەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیـە (کەمەنـدی) دەگری.**

لە کۆتایی حەفتاکان و سەرەتای هەشتاکاندا کە من هێشتا مێردمنداڵ بـووم، بـۆ یەکـەمجار لـە ڕێـی گـۆرانی سـەبری گوڵفرۆشـەوە (عەباسـی کەمەندی)م ناسـی. مەبەستم ئەوەیە ناویم بیست و گوێم لە دەنگی بوو. من ئەو کاتە نەمدەتوانی وەك پێویست لە سۆزی ئەو دەنگە چێژ ببینم و لەو هونەرە تێبگەم. بەڵام بە هۆی ئەوەوە کە دایکم حەزی لەو گۆرانییە بوو، هەم گۆرانییەکە و هەم (کەمەندی)م خۆش ویست. ئەو گۆرانییە بوو بە بەشێك لە بیرەوەرییـەکانی ئەو ڕۆژگارەم. تا ئێستایش کە گوێم لەو گۆرانییە دەبێت، ژیانی سادەی خەڵك و شار و گەڕەك و کۆڵانە بێنازەکانی ئەو کاتەم بیر دەکەوێتەوە. ئەو ڕۆژانەم بیر دەکەوێتەوە کە تیایدا ئێمە تەنانەت تەلەفزیۆنیشمان نەبوو. ئەوەی هەمانبوو تەسجیلێکی درێژکۆڵە بوو کە جارجار تووڕە دەبوو کاسێتەکانی هەڵدەپێکا و دەیپچڕاندن و ئێمەی نیگەران دەکرد. بۆ یەکەمجار لە ژیانمدا لە ڕێی ئەو تەسجیلەوە

گویم لە دەنگی (کەمەندی) بوو. وەك وتم ئەو کاتە زیاتر بە هۆی دایکمەوە (کەمەندی) و گۆرانییەکەیم خۆش ویست. بەڵام دواتر کە هەم تەمەنی من و هەم هونەری (کەمەندی) زیاتر هەڵکشان، ئیدی حەز و عەشق و خۆشەویستیم بۆ ئەو دەنگە پڕ سۆزە چووە ئاستێکی دیکەوە. ئیدی تا دەهات قووڵتر هەستم بە سۆزی دەنگ و تایبەتمەندیی (هونەر)ی (کەمەندی) دەکرد. بە تایبەت ئێوارەیەکیان کە لە خەمگینترین ئێوارەکانی ژیانم بوو، بە هۆی ڕووداوێکەوە سەرتاپام شەڵاڵی خەمناکیی بوو، لەگەڵ هاوڕێیەکی خۆشەویستمدا (عەبدوڵای حەواری نەسەب)، کە من میوانی ئەو بووم لە (سنە)، چووین بۆ سەر شاخی ئاویەر، لە ناو ماشێنەکەدا (کەمەندی) دەیچریکان، من زوڵمم لە چاوم کرد، نەمهێشت بە دڵی خۆی بگری، بەڵام دڵمم ئازاد کرد تا دەتوانێت بگری. هەستم کرد گریانی نێو دڵی من و گریانی نێو گۆرانییەکەی (کەمەندی) بۆ هەتاهەتایی تێکەڵی یەك بوون. بە ڕاستی لەو چرکەساتەدا هەستم کرد ئێمە بە هەڵە وا دەزانین (کەمەندی) گۆرانی دەچڕێت، پێم وابوو (کەمەندی) دەگری. هەستم کرد هەم لە بری خۆی و هەم لە بری ئێمەیش دەگری. سڵاو لە (کەمەندی)، لە هونەرە بەرزەکەی، لە دەنگە پڕ سۆزەکەی، لە گریانە پڕ کوڵەکانی.

## توندوتیژیی و دیمەنەکانی

**حەبەکان و قسەکان و ئەو کەرەستانەی پێویستمان پێیانە و خۆشمان دەوێن تەواو دەبن. کەچی، بە داخەوە، توندوتیژیی و دیمەنەکانی، تەواو نابن.**

دایکم زۆر جار کە حەبێکی کڕیووە و کەمێك ئازاری شکاندووە، چەند دەستەیەکی لێ کڕیوەتەوە. کە لێمان پرسیووە ئەو هەموو حەبەت بۆ چییە؟ وتویەتی: نەك دەستم نەکەوێتەوە. برادەرێکی ڕۆژگاری منداڵییشم جارێکیان وتی: ((دەزانی کە منداڵ بووین، زۆر جار لەوە دەترسام قسەم پێ نەمێنێت؟ وامدەزانی قسەیش تەواو دەبێت)). ڕەنگە زۆربەمان، لە شتگەلێك کە پێویستمان پێیان بووە، یان خۆشمان ویستوون، ترسابین تەواو بن و کۆتاییان پێ بێت. حەبەکان و قسەکان و ئەو کەرەستانەی پێویستمان پێیانە و خۆشمان دەوێن تەواو دەبن. کەچی، بە داخەوە، توندوتیژیی و دیمەنەکانی، تەواو نابن. زۆر سەیرە، کۆمەڵگای ئێمە بە شێوەیەکی گشتیی، کۆمەڵگایەکی تەمەڵ و کەمحەوسەڵەیە و زۆر زوو لە ئیش و کارەکانی ماندوو دەبێت. کەچی بە شێوەیەکی بەردەوام، هەم خۆی وەك ماشێنێکی چالاك، توندوتیژیی بەرهەم دەهێنێت و هەم هەواڵ

و دەنگوباس و دیمەنەکانی توندوتیژیی لە شوێنانی دیکە وەردەگرێت و دەرخواردی ئەندامەکانی خۆی دەدات و هەستیش بە ماندوێتیی ناکات. تەماشاکردنێکی خێرای تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوك بە ئاشکرا پێمان دەڵێت: کۆمەڵگای ئێمە لە چ دۆخێکی نائاسایی و پڕ لە توندوتیژییدا دەژی. پێمان دەڵێت: ئەم کۆمەڵگایە ئالوودەی چ نەخۆشییەکی ترسناك بووە، کە نەخۆشی چێژوەرگرتنە لە توندوتیژیی و دیمەنەکانی. فەیسبوك زۆر بە ڕوونی پێمان دەڵێت: کۆمەڵگای کوردیی لە ناو چ گێژاوێکی مازۆشییەتدا دەژی، خەڵکێکی زۆر، خۆشترین کاتەکانیان بووە بەو ساتانەی دیمەنەکانی توندوتیژیی بڵاو دەکەنەوە و سەیری دەکەن. ئەو خەڵکانە بە بڵاوکردنەوە و سەیرکردنی دیمەنەکانی توندوتیژیی خۆیان ئازار دەدەن و چێژ لەو خۆئازاردانە وەردەگرن. ڕۆژانە بە لێشاو ئەو دیمەنە پڕ لە توندوتیژییانە بڵاو دەکرێنەوە و کەسیش ناپرسێت: حیکمەت لە بڵاوکردنەوەی ئەو دیمەنانە چییە؟ ئایا ئەو کارانە خزمەت بە کێ دەکەن؟ ئاخۆ ئەو زنجیرانەی توندوتیژیی تاکەی دەزرینگێنەوە؟ (نیما یوشج) بە کوڕەکەی وتووە: ((کوڕی من، یەك بەهار و یەك هاوین، یەك پایز و یەك زستانت بینی، لە ئێستا بە دواوە، جگە لە میهرەبانیی، هەموو شتەکانی جیهان دووبارەن))، ئەمە یانی چی؟ یانی هیچ شتێك بۆ جیهان لە میهرەبانیی پێویستتر نییە، کەچی بە داخەوە، خەڵکێکی زۆر، لە بری میهرەبانیی، بە توندوتیژیی و دیمەنەکانییەوە سەرقاڵن.

## تاقیکردنەوەی ئیرادە

**یەکێك لە پایە هەرە گەورە و گرنگەکانی ژیان بۆ مرۆڤ ئەوەیە دۆخێکی بۆ بخوڵقێنرێت ئیرادەی خۆی تاقی بکاتەوە.**

بە بڕوای من، زۆر جار هەڵەیەك مرۆڤ بە ئیرادەی خۆی بیکات، لە ڕاستێك باشترە بە سەریدا بسەپێنرێت. چونکە ئەوەی گرنگە کەمتر هەڵە و ڕاستەکەیە، زیاتر ئیرادە و بێئیرادەییە. زیاتر ئازادیی و نەبوونی ئازادییە. لێرەدا زیاتر باسی دایك و باوك و منداڵەکانیان دەکەم. بێگومان من ناڵێم دایك و باوك ئاگایان لە منداڵەکانیان نەبێت. من دەڵێم: لە بیریان نەچێت کە ئەوان چەقی گەردوون نین و هەرگیز هەموو ئەوەی ئەوان بڕوایان پێیەتی ڕاست نییە. یان هیچ نەبێت بۆ منداڵەکانیان کە نەوەی دوای ئەوانن، کە سەردەمەکانیان جیاوازە، ڕاست نییە. مەرج نییە هەمیشە مانای ئاگاداریکردنی منداڵ ئەوە بێت دایك و باوك هەرچی بڵێن ڕاست بێت و منداڵ ناچار بێت جێبەجێی بکات. وەك (غادە ئەلسەمان) دەڵێت: ((زۆر جار دایك و باوکەکان، بە ناوی دڵسۆزییەوە دواڕۆژی منداڵەکانی خۆیان دەسوتێنن)). بە بڕوای من ناکرێت هەموو ئەوەی بە

ڕاستی دەزانین بە سەر منداڵەکانمانیدا بسەپێنین. ئەگەر هەر زۆریش دڵنیا بووین کە ئەوەی بە ڕاستی دەزانین بۆ منداڵەکانمان بە خێر و چاکە دەشکێتەوە، راستتر وایە لە بری ئەوەی بە سەریاندا بیسەپێنین، بیر لە ڕێگایەك بکەینەوە ئەو کارەیان لا خۆشەویست بکەین. وا بکەین ئەو بڕوایە لە ناخیاندا دروست بێت کە ئەوان بە ئیرادەی خۆیان و بە کۆمەکی دڵسۆزانەی ئێمە ئەو کارە ئەنجام دەدەن. من هیچ شتێك بێنرخ ناکەم، بڕوایشم بەوە هەیە هەرچی لە دەور و پشتی مرۆڤ ڕوو دەدات نرخی خۆی هەیە و کەم و زۆریش کاریگەریی لە سەر ژیانی مرۆڤ جێ دەهێڵێت، بە تایبەتیش ڕۆڵی دایك و باوك لە ژیانی منداڵدا ڕۆڵێکی زۆر کاریگەر و چارەنوسسازە، بەڵام من بڕوام بەوەیش هەیە یەکێك لە پایە هەرە گەورە و گرنگەکانی ژیان بۆ مرۆڤ ئەوەیە دۆخێکی بۆ بخولقێنرێت ئیرادەی خۆی تاقی بکاتەوە. لای من لوتکەی چێژبینین و دڵخۆشیی لەوەدایە کە مرۆڤ ئیرادەی خۆی تاقی بکاتەوە. بێگومان لە کاتی تاقیکردنەوەی ئیرادەدا مرۆڤ هەڵەیش دەکات. ڕەنگە هەندێجار هەڵەی گەورەیش بکات، بەڵام وەك لە سەرەتادا وتمان زۆر جار هەڵەیەك مرۆڤ بە ئیرادەی خۆی بیکات لە ڕاستێك باشترە بە سەریدا بسەپێنرێت.

## دایك

**مرۆڤ دوو دایکی پێویسته، دایکێکی ڕاستەقینەیی و دایکێکی میتافۆریی، یەکەم بۆ ئـەوەی ژیانی پێببەخشێت و دووەمیش بۆ ئەوەی مانا بە ژیانی ببەخشێت.**

بێگومان دایك لە پیرۆزترین و خۆشەویستترین بوونەوەرەکانی سەر گۆی زەوییە. دایك سیمبولی ژیان و میهرەبانیی و لێبووردەییە. مرۆڤ لە کۆنـەوە هـەوڵی داوە لـە ڕێی دروسـتکردنی پەیکـەر و شـیعر و حیکایـەت و ئەفسانە و داسـتان و بـەیت و بـالۆرە و چـەندین ڕێگـای جیاجیـای دیکـەوە باسی گـەورەیی دایك بکات و تا ئێستایش نـەیتوانیوە ئـەو گـەورەییـە وەك خۆی بەرجەسته بکات. وشه و نووسین و شێوازەکانی دیکەی دەربڕین، لەگەڵ هـەموو ئـەو هێز و جەبەرووتەشدا کە هەیانە لە بـەردەمی گـەورەیی دایکدا هەست بە لاوازیی و کەمتوانایی دەکەن. پێم وا نییە تا ئێستا کەس توانیبێتی گەورەیی دایك  وەك خۆی دەربڕێت. ئەوەی هەیە شەڕکردنە لەسـەر ئـەوەی کـێ زیـاتر نزیـك دەبێتـەوە لـە بەرجەسـتەکردنی گـەورەیی دایك. بـە لای منـەوە یـەکێك لـە جـوانترین ئـەو وتانـەی لـە بـارەی دایکـەوە تۆمـار کـراون، وتەیـەکی (عـەلی شـەریعەتی)یە کـە دەڵێـت: ((بـە منـداڵیی،

کاتێ نەخۆش دەکەوتم و دکتۆر لێی دەپرسیم کوێت ئازاری هەیە؟ دایکم وەڵامی دەدایەوە، چونکە ئەو لە خۆم باشتر دەیزانی کوێم ئازاری هەیە)). بەڵام ئاخۆ یەك دایك بەشی خەم و خۆزگە و خەونەکانمان دەکات؟ بە بڕوای من نەخێر، بێگومان لەبەر ئەوە نا، دوودڵیم بەرامبەر بە گەورەیی دایك هەبێت، نەخێر، بەڵکو لەبەر هۆکارێکی سادە، ئەویش ئەوەیە کە بڕێك گەورە دەبین دایکمان بە دڵخۆشییەکی زۆرەوە دەڵێت: ((شکور لە خەم ڕەخسیووی))، لە ڕاستییدا، دایکمان لەوەدا بە هەڵە تێدەگات، ئێمە نەك لە خەم ناڕەخسێین، بگرە ڕێك لەو کاتەوە، یان کەمێك دواتر، ئێمە دەکەوینە ناو خەمێکی گەورەوە. مەبەستم خەمی دڵداریی و خۆشەویستییە. بۆ ئەم خەمەیان نە دایکمان دەتوانێت فریامان بکەوێت و نە ئێمەش دەمانەوێت دایکمانی پێوە سەرقاڵ بکەین. لێرەوە پێویستمان بە دایکێکی دیکە هەیە، دایکێك کە دەزانێت ئیدی هەرگیز ئێمە لە خەم ناڕەخسێین، دەزانێت بۆ هەمیشە لە ناو خەمداین و بەردەوام پێویستمان بە میهرەبانییەکانی ئەوە. واتە: ئێمە دوو دایکمان پێویستە، دایکێکی ڕاستەقینەیی و دایکێکی میتافۆریی، دایکی یەکەم بۆ ئەوەی ژیانمان پێببەخشێت و ئازارەکانی منداڵییمان ڕابژەنێت، دایکی دووەمیش بۆ ئەوەی مانا بە ژیانمان ببەخشێت و ئاگای لە ئازارەکانی گەورەییمان بێت.

## شەڕ لە ناو زماندا

**زمان هەر هۆکاری بەختەوەریی نییە بۆ مرۆڤ، هۆکاری بەدبەختییشە.**

هەم نەرمونیانیی و هەم توندوتیژیش بەر لەوەی لە ناو واقیعدا ڕوو بدەن لە ناو زماندا ڕوو دەدەن. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم ڕاستییە تەنها ئەوە بەسە سەرنج لەو ڕاستییە بدەین کە زەحمەتە شەڕێك لە ناو واقیعدا ڕوو بدات، پێشتر لە ناو زماندا ڕووی نەدابێت. لە زۆرینەی جارەکاندا شەڕی زمان، بەر لە شەڕی بازوو دەست پێدەکات. شەڕی قەڵەم پێش شەڕی چەك دەکەوێت. لە زۆرینەی جارەکاندا بەر لە تەقاندنی تۆپی تۆپخانە سەربازییەکان، تۆپی دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەتەقێنرێت. بە داخەوە مرۆڤ زمانی هەر بۆ دروستکردنی پەیوەندیی دانەهێناوە، بۆ شەڕیشی داهێناوە. زمان هەر هۆکاری بەختەوەریی نییە بۆ مرۆڤ، هۆکاری بەدبەختییشە. بەر لە چەك، ئەوە زمانە کە ئاسایشی تاك و ئاسایشی کۆمەڵایەتی و ئاسایشی سیاسیی و هەموو ئاسایشەکانی تر دەخاتە مەترسییەوە. لێرەوە باشتر لەوە تێدەگەین کە نووسین بەرپرسیارێتییەکی ئاکاریی و مەعریفیی و مرۆیی گەورەیە، بە تایبەتیش لەو کاتانەدا کە کۆمەڵگا بە دۆخێکی

نائاساییدا تێدەپەڕێت. مەترسیی ئەو نوسەرانەی بێدەربەستانە دەنوسن، لە مەترسیی ئەو ژەنەراڵانە کەمتر نییە کە بێدەربەستانە شەڕ دەکەن. زۆر جار ئەوەی گەنجێك کە هێشتا تامی ژیانی نەکردووە، دەباتە سەر شەقامێك و سنگی پێ دەخاتە بەر فیشەکی چەکدارە بێبەزەییەکان، نووسینی نوسەرە دڵڕەقەکانە. لە زۆر باردا ئەو نوسەرانەی مەترسیی لە سەر ئاساییشەکان دروست دەکەن دوو جۆرن، جۆری یەکەم بە بەرنامە ئاگری شەڕ خۆش دەکات و تەپڵی جەنگ دەکوتێت، جۆری دووەم لە بێدەربەستیی و فرێدانی قسەی بێسەروبەرەوە دەبێتە هۆی تێکچوونی ئاساییشەکان. زۆر جار بۆ جۆری یەکەم شیعرێکی (حەمدی) و بۆ جۆری دووەمیش شیعرێکی (ئیریش فرید)م بیر دەکەوێتەوە. شیعرەکەی حەمدی دەڵێت: ((ڕەبی مووی لێ بێ زمانی پەنجەکانی هەڵوەرێ/ هەر کەسێ گوڵشەن بە دەردی گوڵخەنی دۆزەخ بەرێ)). کرۆکی شیعرەکەی ئیریش فریدیش ئەمەیە: ((ئێمە بە گاڵتە بەرد دەگرینە بۆقەکان و ئەوان بە ڕاستی دەمرن)). ئەم دوو جۆرە نوسەرە ئەگەر لە ڕووکاریشدا لە یەکتری نەچن، لە جەوهەردا لە یەکتری دەچن، چونکە دواجار بەرهەمی هەردووکیان دەچێتە بازاڕێك کە بازاڕی شەڕ و جەنگ وماڵوێرانییە. خۆزگە وەك خۆی، نرخی وشە و نووسین و کاریگەرییە باش و خراپەکانیانمان دەزانی، خۆزگە بە بەرپرسیارێتییەکی زۆرترەوە دەمان نوسی.

# مرۆڤ و نامرۆڤ، پاداشت و سزا

**بەهەشت و دۆزەخ بەر لەوەی لە هەر جێیەکی دیکە بن لە ناو خودی مرۆڤدان.**

جارێکیان، : برادەرێك پرسی: ئایا بە بڕوای تۆ دەکرێت مرۆڤ بێتە دنیاوە و بژی و کاری باش و خراپ بکات و هیچ پاداشت و سزایەکیش بوونی نەبێت؟ ئایا دەکرێت بەهەشت و دۆزەخ بوونیان نەبێت؟ وتم: ((بەهەشت و دۆزەخ هەن، مرۆڤ بەبێ پاداشت و سزا ناڕوات، بەڵام بە بڕوای من بەهەشت و دۆزەخ بەر لەوەی لە هەر جێیەکی دیکە بن لە ناو خودی مرۆڤدان)). وتی دەتوانی بۆم ڕوون بکەیتەوە چۆن بەهەشت و دۆزەخ لە ناو خودی مرۆڤدان؟ وتم: بەڵێ، کاتێك کارێکی باش دەکەین، بۆ نمونە دڵخۆشکردنی مرۆڤێك، یان خزمەتکردن بە گیاندارێك، درەختێك، شەقامێك، یان هەر شتێکی دیکە، بەهەشتەکەی ناومان دەبێتە چراخان و دڵ و گیان و ویژدانمان ڕوناك دەکاتەوە. کاتێکیش کارێکی خراپ دەکەین، وەك ئازاردانی مرۆڤێك، یان زیانگەیاندن بە گیاندارێك، درەختێك، شەقامێك، یان هەر شتێکی دیکە، ئەوە دۆزەخەکەی ناومان کڵپە دەکات و دڵ و گیان و ویژدانمان دەسووتێنێت. برادەرەکەم بە

جۆرێك لـە تەوسـەوە وتـی: كـام دۆزەخ؟ ئەوانـەی مـرۆڤ دەكـوژن ئەگـەر دۆزەخیـان لـە نـاودا بێـت دەتـوانن بـەردەوام بـن؟ وتـم: مـن باسـی مـرۆڤ دەكـەم، ئەوانـەی خـەڵك دەكـوژن، لای مـن، هـەر شـتێك بـن، مـرۆڤ نـین. مـرۆڤ ئەوەیـە كـە نـەك كوشـتنی كەسـێك، یـان كەسـانێك، بگـرە كـەمترین ئازاردانی كەسێك ژیانی لێ تاڵ دەكـات. پێویسـتە، نـەك كوشـتن، ئـەوەی خـەڵك ئازار دەدات و خۆی دڵشـاد و بێخـەمە، گومـان لـە مرۆڤبـوونی خـۆی بكات. من ناڵێم مرۆڤ هەڵە ناكات، بێگومان مرۆڤە زۆر باشـەكانیش هەڵە دەكـەن، بـەڵام ئـەوان هەڵـەكانیان بـە سـانایی تێناپـەڕێت، بـەر لـەوەی لـە جێیـەكی دی سـزا بـدرێن، لـە نـاو خۆیانـدا سـزای خۆیـان دەدەن. بـە هـەمان شـێوە كـاتێ كـارێكی باشـیش دەكـەن لـە نـاو خۆیانـدا پاداشـتی خۆیـان دەدەنەوە. ئەوەی مرۆڤ و نامرۆڤ لەیەكتری جیا دەكاتەوە، ئەوە نییە كە ئەویان هەڵە دەكات و ئەمیان نایكات، بەڵكو ئەوەیە كە ئەویان هەست بە هەڵەكەی خۆی دەكات و خۆی سزا دەدات و دەرگای دووبارەكردنەوەی لە خۆی دادەخات، كەچی ئەمیان وەك ئەوەی نە بای بینیبێت و نە باران درێژە بە هەڵە و كارە خراپەكانی خۆی دەدات.

## دووانەی ژیان و مردن

**ژیان و مردن، هەم تەواوکەری یەکترین و هەم لەناوبەری یەکترین. هەم مانا بە یەکتری دەبەخشن و هەم مانا لە یەکتری وەردەگرنەوە.**

لە نێوانی مردن و ژیاندا پەیوەندییەکی سەیر هەیە. لە هەر کوێ ژیان هەبێت مردنیش هەیە. لە هەر کوێ مردن هەبێت ژیانیش هەبووە. ئەم دووانەیە، نە بەبێ یەك هەن و نە بەیەکەوە دەبن. ئەم دووانەیە هەم تەواوکەری یەکترین و هەم لەناوبەری یەکترین. هەم مانا بە یەکتری دەبەخشن و هەم مانا لە یەکتری وەردەگرنەوە. هەم بەهای یەکتری دەدرەوشێننەوە و هەم بەهای یەکتری لە ناو دەبەن. مرۆڤ لەگەڵ هەر ڕووبەڕووبوونەوەیەکی گەورەدا لەگەڵ هەر یەکێك لەم دووانەیە، لە ناو خۆیدا لەگەڵ ئەویدیکەشیان ڕووبەڕوو دەبێتەوە. مرۆڤ کاتێ هەست دەکات لە ناو دڵی ژیاندایە، کاتێ هەست دەکات بە گەرمیی گوێی لە چرکەچرکی دڵی ژیانە، لە ناو خۆیدا گەرمتر لە کاتەکانی دیکە هەست بە مردن دەکات. دەشێت زۆر جار هەستکردنەکە دوو جۆر بێت، جارێك هەستکردن بێت بە ترسێکی گەورە لە مردن، چونکە لەو کاتانەدا مرۆڤ

زیاتر دڵی بە ژیان خۆش دەبێت، ئەوەیش کە دەتوانێت ئەو دڵخۆشییەی تێك بدات مردنە، بۆیە ترسێکی گەورە لە مردن دایدەگرێت. جارێکیش بێمنەتبوون بێت لە مردن. چونکە لەو کاتانەدا مرۆڤ هەست دەکات گەیشتووە بەوەی خەونی پێوە بینیووە. هەست دەکات مردن لە نیوەی ڕێ نەیرفاندووە. بۆیە جۆرێك لە بێمنەتیی لە خۆیدا بەدی دەکات. لە کاتی هەستکردنی قووڵیشدا بە مردن، ئەو کاتانەی مرۆڤ هەست دەکات لە نزیکەوە گوێی لە گرمەگرمی مردنە، بە هەمان شێوە هەستکردن بە ژیان قووڵ دەبێتەوە. ڕەنگە هەستکردن بە ژیان لەو کاتانەدا زیاتر دوو شێوەی هەبێت: یەکەم شێوەیەکی حەسرەتاویی بێت کە مرۆڤ تیایدا حەسرەت بۆ ئەوە دەخوات ژیان و خەونەکانی لە کیس دەچێت. شێوەی دووەم پوچگەرایانە بێت، لەو کاتانەدا مرۆڤ هەست دەکات ژیان پووچە، ژیان هیچە، ژیان خەونێکی تیژتێپەڕ و بێمانایە. ئەوەی زۆر سەیر و سەرنجڕاکێشە لە پەیوەندیی نێوان ژیان و مردندا ئەوەیە لەگەڵ ئەو هەموو تێکچڕژاویەیشدا کە باسمان کردن، ئەو دووانەیە هەرگیز یەکتری نابینن، ئەگەر بە هەڵەدا نەچووبم (هیراکلیتس)ە وتویەتی: ((تا ژیان هەیە مردن نییە کە مردن هەبوو ژیان نییە)). ئەو دووانەیە بەبێ ئەوەی یەکتری ببینن چوار دەوری هەر هەموو شتەکانیان تەنیوە.

## لەگەڵ یەکدا بژین، یان بمرین؟

**زۆر جار باسکردن لە مردن بۆ ئەوەیە قووڵتر باس لە ژیان بکرێت.**

لە فیلمی (ڕاوچی کۆیلەکان)دا دڵبەرێك سەبارەت بە دڵدارەکەی کە وای دەزانی مردووە، بە جۆرێك لە خۆسەرزەنشتکردنەوە، وتی: ((من وامزانی ئەو مردووە و نەمتوانی لەگەڵیدا بمرم)). ئەو دەستەواژەیە زۆر هەستی سەیری تێدا وروژاندم. من هەرگیز لەو کەسانە نیم کە خۆزگە بەوە دەخوازن کەسێك لەگەڵیاندا بمرێت. لای من وەفای مرۆڤەکان بۆ یەکتری، ئەوە نییە لەگەڵ یەکدا و بۆ یەك بمرن، بەڵکو ئەوەیە لەگەڵ یەکدا و بۆ یەك بژین. من بڕوام بەوەیە دڵدارەکان بە یەکەوە باوەش بە ژیاندا بکەن نەك بە مردندا. بە بڕوای من لە دڵداریی و خۆشەویستییدا ئەوەی زۆر گرنگ بێت ئەوەیە دڵدارەکان ئاگایان لەوە بێت نەبن بە گۆڕستانی خەونە خۆش و شیرینەکانی یەکتری. پێویستە مردن لە ناو خۆشەویستیی و دڵدارییدا بە یەکجاریی بخرێتە دەرەوەی هەموو هاوکێشەکان. لەگەڵ ئەوەیشدا کە گوێم لەو دەستەواژەیە بوو موچڕکەیەکی شیرینم پێدا هات و بە خۆم وت: ئەو دڵدارە چەند

بەختەوەرە کە دڵبەرەکەی بەو ڕادەیە خۆشی دەوێت؟ کە دڵبەرەکەی ئامادەیە (تەنانەت ئەگەر تەنها لە ناو خەیاڵیشدا بێت) لەگەڵیدا بمرێت. ئەوەتا دڵبەرەکەی کە ئەو کارەی لە ناو واقیعدا بۆ ئەنجام نادرێت، مەبەستم ئەوەیە کە ناتوانێت لەگەڵیدا بمرێت، سەرزەنشتی خۆی دەکات. دوور نییە ئەو دڵبەرەیش وەك من، یان تەنانەت زیاتریش، بڕوای بە ژیان هەبێت نەك بە مردن، بەڵام بیەوێ بەو جۆرە و لە ڕێی باسکردن لە مردنەوە هەستی خۆی بۆ دڵدارەکەی و بۆ ژیان لەگەڵ ئەودا، دەر ببڕێت. زۆر جار باسکردن لە مردن بۆ ئەوەیە قووڵتر باس لە ژیان بکرێت. من بۆ خۆم هەر کاتێك دەستەواژەیەکی لەو جۆرە دەبیستم هەست بە دڵخۆشییەکی زۆر دەکەم. حەز دەکەم پڕ بە گەرووم هاوار بکەم و بڵێم: سوپاس بۆ ژیان کە مرۆڤی لەو جۆرەی تێدایە. ئیدی ئەو مرۆڤانە لە ناو واقیعدا بن، یان لە سەر کاغەز و لە ناو فیلمەکاندا، بۆ من زۆر جیاواز نین. بە داخەوە ژیان لەو دڵدار و دڵبەرانەیش خاڵی نییە کە نەك ئامادە نین بۆ یەك بژین و بۆ یەك بمرن، بگرە بە دەستی خۆیان (بە تیبەت لە ڕووی مەعنەوییەوە) یەکتری دەکوژن.

## خۆشەویستیی لە کاتی خەم و پەژارەدا

**لە کاتی میحنەت و ناخۆشییەکاندا یەکەمین شتێك کە هەستی پێدەکەین پێویستییمانە بەو کەسەی کە خۆشمان دەوێت.**

خۆشەویستیی لە شیرینترین و دڵنشینترین ئەو هەستە گەرمانەیە کە مرۆڤ تاقی کردوونەتەوە. شیرینیی و دڵنشینیی ئەو هەستەیش تەنها لەو جوانییانەدا کورت نابێتەوە کە لە خودی خۆشەویستییەکەدا بوونیان هەیە، بەڵکو بەشێکی گەورەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە خۆشەویستیی لەگەڵ خۆیدا هەموو شتەکانی دیکەش جوان دەکات. ئەو چێژەی کەسێك، کە لە ناو خۆشەویستییەکی گەورەدا دەژی، لە شتەکانی دەروبەری وەر دەگرێت، کەسێکی دی کە لە دۆخێکی وادا ناژی، ناتوانێت وەری بگرێت. خۆشەویستیی مرۆڤ دەکات بە کێڵگەیەکی بە پیت بۆ چێژ و جوانییەکان. مرۆڤ دەتوانێت بە زۆر ڕێگای جیاجیا هەستی خۆشەویستیی لە ناو خۆیدا تاقی بکاتەوە. من پێشتر چەند جارێك باسی ئەو ڕێگایانەم کردووە، لێرەدا باسی ڕێگایەك دەکەم کە دڵنیام زۆرینەی ئەو کەسانەی لە ناو خۆشەویستیی گەورەدا دەژین، لەو ڕێگایەوە باشتر هەستیان بە قەبارەی

خۆشەویستییەکانی خۆیان کردووە. لەو ڕێگایە مەبەستم ئەو کاتانەیە کە تیایاندا خەمگین و بێتاقەتین و هەست دەکەین پێویستمان بە کەسێکە ئاگای لێمان بێت. لە کاتی میحنەت و ناخۆشییەکاندا یەکەمین شتێك کە هەستی پێدەکەین پێویستییمانە بەو کەسەی کە خۆشمان دەوێت. لەو کاتانەدا هەست دەکەین منداڵێك لە ناو ئێمەدا دەژی و داوای ئەو کەسەمان لێدەکات. لە کاتی خەم و پەژارە و میحنەتدا هیچ شتێك بە قەد هاتن و دەرکەوتن و هەواڵپرسینی خۆشەویستەکەمان سەبووری بە دڵ و دەروونمان نابەخشێت. لە دۆخێکی وادا زۆر ئاسانتر بەرگەی خەم و پەژارەکان دەگرین. بوونی ئەو کەسەی کە خۆشمان دەوێت لە تەنیشتمانەوە، هێزێکی جادوویيمان بۆ بەرگەگرتنی خەم و پەژارەکان پێدەبەخشێت. دەمەوێت بڵێم: هەر کاتێ لە ناو خەم و پەژارە و میحەنەتەکاندا دڵمان داوای کەسێکی کرد و خۆزگەمان خواست ئەو کەسە لە تەنیشتمان بێت، یان چاومان لە ڕێی هاتن و گوێمان تینووی دەنگ و هەواڵپرسینی بوو، ئەوە جۆرێك لە شیرینترین جۆرەکانی هەستکردنمانە بە گەرمیی و قووڵیی و بە گەورەیی خۆشەویستیی ئەو کەسە. ئەم حاڵەتە پێچەوانەیش بکرێتەوە هەر ڕاستە، مەبەستم ئەوەیە لە خۆشی و شادییەکانیشماندا کاتێ هەست دەکەین پێویستمان بە کەسێکە لەگەڵماندا بەشدار بێت، ئەوەیش دیسان هەستکردنێکی گەرم و شیرینە بە خۆشەویستیی ئەو کەسە.

## ژنەکان تەنها یەك جار ناکوژرێن

**ژنەکان بەر لەوەی بە فیشەك و چەقۆ و کەرەستەی تری لەو جۆرە بکوژرێن، بە دڵڕەقیی هەندێك لە پیاوەکان کوژراون.**

کوشتنی ژن یەکێك لە خەمهێنەرترین ئەو هەواڵانەیە کە بە داخەوە لەم هەرێمە بچکۆلەیەی ئێمەدا زوو زوو خەمگینمان دەکات. من زۆربەی جارەکان کە هەواڵی کوشتنی ژنێك دەبیستم، بیر لەوە دەکەمەوە ئایا ئەو ژنە تەنها لەو کات و شوێنەدا کوژراوە کە هەواڵەکە ئاماژەی بۆ کردووە؟ ئاخۆ ئەوە یەکەمین جارە ئەو ژنە دەکوژرێت؟ یان پێشتر لە زۆر کات و شوێنی جیاوازی دیکەدا و بە زۆر شێوازی جیاوازی تر کوژراوە؟ بە بڕوای من زۆربەی هەرە زۆری ژنەکان زیاتر لە جارێك دەکوژرێن، ئەوان پێشتر لە ڕێی کوشتنی ئازادیی و خەون و خەیاڵ و ئیرادەیانەوە، بە زۆر شێوەی مەعنەویی و ڕۆحیی دەکوژرێن. ئەو کوشتنانەی میدیاکان باسی دەکەن، یەکەم کوشتنی ژنەکان نین، دوا کوشتنی ژنەکانن. ئەوان پێشتر چەندین جار کوژراون. بەڵام خەڵك و میدیاکان ئاگایان لەو کوشتنانە نەبووە. ژنەکان بەر لەوەی بە فیشەك و چەقۆ و کەرەستەی تری لەو

جۆره بكوژرێن، به دڵڕەقیی هەندێك له پیاوەكان كوژراون. بەوەی كه ئازادیی و ئیرادە و خەون و خەیاڵەكانیان دەكوژرێت، كوژراون. كوشتنه مەعنەویی و ڕۆحییەكان، كه زۆر جار نایەنه ناو میدیاكانەوە، له كوشتنه جەستەییەكان كەمتر نین كه له ڕێی میدیاكانەوە بڵاو دەكرێنەوە. تەنانەت دەتوانم بڵێم: نەك هەر كەمتر نین، بگره یەكێك له هۆكاره بنەڕەتییەكانی ئەوەی كه كوشتنی جەستەیی دەتوانێت ڕوو بدات ئەوەیه كه پێشتر كوشتنی مەعنەویی و ڕۆحیی هەبووە و بێدەنگیی لێكراوە. ئەگەر ڕێگریی له كوشتنی مەعنەویی و ڕۆحیی بكرێت كوشتنی جەستەییش ڕوو نادات. یان هیچ نەبێت زۆر كەمتر دەبێت. له هەر كۆمەڵگایەكدا مرۆڤەكان فێر نەبن ڕێز له ئازادیی و ئیرادە و خەون و خەیاڵی یەكتری بگرن، كوشتن بەردەوام ئەگەرێكی كراوە و ئامادە و بەهێز دەبێت. بێگومان زۆرینەی ئەو كوشتنانەی لەم هەرێمه بچكۆلەیەدا بەرامبەر به ژنان ئەنجام دەدرێن، به بیانووی شەرەفەوەن. من دەمەوێت بپرسم: ئاخۆ بێشەرەف ئەو كەسەیه كه خەون دەبینێت، یان ئەو كەسەیه كه خەون دەكوژێت؟ بێشەرەف ئەو كەسەیه كه خەریكی ژیانی خۆیەتی، یان ئەو كەسەیه كه ژیانی خەڵكانی تر له ناو دەبات؟

## مردووی زیندوو، زیندووی مردوو

**جار هەیە ئەو کەسەی تەنیایی ئێمەی کردووە بە ئەفسانە لە تەنیشتمان نامێنێت، نە دەیبینین، نە گوێمان لە دەنگی دەبێت، نە بۆنی دەکەین، بەڵام لە ناوماندا بە زیندوویی دەمێنێتەوە.**

یەکێك لەو ئازارانەی مرۆڤ لە سەرەتاکانی بوونەوە لە دەستی هەڵهاتووە، ئازاری تەنیاییە. لە یەکەمین هەستەکانی (ئادەم) دوای ئەوەی چیرۆکی بوون بە ئەنجام گەیشت، هەستکردن بوو بە تەنیایی. تینوێتیی بوو بۆ (حەوا)یەك کە بتوانێت ئازاری تەنیایی لە ناو ببات. یان هیچ نەبێت کەمی بکاتەوە. دوای ئەوەی خوا، بۆ هاودەمیی و هاوخەمیی و هاوخەونیی (ئادەم)، (حەوا)ی هێنایە بوون، (ئادەم) بە ڕادەیەك دڵخۆش بوو، ئامادە بوو لە پێناوی (حەوا) و ئەو دڵخۆشییەی خۆیدا، دەستبەرداری سێ شتی زۆر گەورە و گرنگ بێت: (یەکەم، ڕەزامەندیی خوا. دووەم، نەمریی. سێیەم، بەهەشت). (ئادەم) ئەگەر لە قسەی خوا دەرنەچوایە و لەو درەختە حەرامەی کە ناوی (حەوا) بوو نزیك نەبوایەتەوە، نە ڕەزامەندیی خوای لە کیس دەچوو، نە دەمرد، نە لە بەهەشت دەردەکرا. تینوێتیی بۆ هاودەم و هاوخەم و هاوخەونێك، کە

بتوانێت لە ئازاری تەنیایی ڕزگارمان بکات، یان هیچ نەبێت ئەو ئازارە کەم بکاتەوە، لە ناو هەموو نەوەکانی (ئادەم)دا بە پلە و ئاست و شێوازی جیاجیا بوونی هەیە. بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی، بەشێکی گەورە لەو کارانەی مرۆڤ ئەنجامی داون، بە جۆرێك لە جۆرەکان هەوڵدان بووە بۆ ڕزگاربوون لە تەنیایی. تەنیایی گەورەیش ئەوە نییە کە مرۆڤ هەست بە کەسێك ناکات لە تەنیشتی خۆی. بەڵکو ئەوەیە کە هەست بە کەسێك ناکات لە ناو خۆیدا. جار هەیە ئەو کەسەی تەنیایی ئێمەی کردووە بە ئەفسانە لە تەنیشتمان نامێنێت، نە دەیبینین، نە گوێمان لە دەنگی دەبێت، نە بۆنی دەکەین، بەڵام لە ناوماندا بە زیندوویی دەمێنێتەوە. لەبەر ئەوە هەست بە تەنیایی ناکەین. جاریش هەیە ئەو کەسەی تەنیاییمان دەکات بە ئەفسانە لە تەنیشتمانە، هەم دەیبینین، هەم گوێمان لە دەنگی دەبێت، هەم بۆنی دەکەین، بەڵام لە ناوماندا دەمرێت. بۆیە هەست بە تەنیایی دەکەین. من وەکو خۆم، ئەگەر سەرپشك بکرێم لەوەی لە نێوانی ئەوەی زیندوو بم و لە ناو خۆشەویستەکەمدا بمرم، لەگەڵ ئەوەی بمرم و لە ناو خۆشەویستەکەمدا بە زیندوویی بمێنمەوە، یەکێکیان هەڵبژێرم، بە بێ دوودڵیی دووەمیان هەڵ دەبژێرم. چونکە مردنی ڕاستەقینە ئەو کاتە نییە کە مردووین بەڵام  زیندووین، بەڵکو ئەو کاتەیە کە زیندووین بەڵام مردووین.

## لەگەڵ ئۆشۆدا

**بۆ من، دڵدارەکەم چەند بیانووی بەردەوامبوونمە لە ژیاندا، ئەوەندەیش ژیان بیانووی بەردەوامبوونمە لەگەڵ دڵدارەکەمدا.**

(ئۆشۆ)، بۆ من یەکێك لەو نوسەرانەیە کە بە تاسە و تینوێتییەکی زۆرەوە بابەتەکانی دەخوێنمەوە. جگە لەوەی چێژێکی زۆر لە بابەتەکانی دەبینم، هەستیش دەکەم لە زۆر باردا دەتوانێت کۆمەکم پێبکات قووڵتر لە هەندێ مەسەلە بڕوانم و وردتر بیانبینم. بێگومان ئەو کۆمەکپێکردنە هەرگیز بە مانای ئەوە نایەت کە من تەواوی ڕوانین و بیرکردنەوەکانی ئەو قبوڵ دەکەم. ئەوەیان بە لای منەوە ئاسایی نییە، نوسەر، یان بیریارێك بە تەواویی و وەك خۆی قبوڵ بکەین. چونکە هەمیشە بۆشاییەك هەیە کە پێویستە ئێمەی خوێنەر، لە هەر ئاستێکدا بین، بۆ خۆمان پڕی بکەینەوە. ئەگەر وا نەبێت نووسین و خوێندنەوە لە بری ئەوەی ئاسۆی زیاتر بۆ بیرکردنەوە دروست بکەن، ئاسۆکان داگیر دەکەن. (ئۆشۆ) لە بابەتێکدا کە (شێرزاد حەسەن) کردوویەتی بە کوردیی و لە ژمارە (١٧٤) ی هەفتەنامەی (باس)دا بڵاوبۆتەوە، لە جێیەکدا دەڵێت: ((با بۆ هەمیشە

سۆز و تاسەت داگیرساو بێت... پتر گڕی بدە، دڵ مەدۆڕێنە. تاسە و سۆزی پەرۆشت دەبێت بە تۆوی ڕۆحانییەتی تۆ. ئەو هەست و سۆز و تاسە ئاگرینەت سەرەتای ئاوێتەبوونی تۆیە لەگەڵ هەموو بووندا. دڵدار و دڵخوازەکەت بێجگە لە بڕووبیانوو هیچی دیکە نییە)). من نەک تەنها لەگەڵ ئەوەدام وەک (ئۆشۆ) دەڵێت سۆز و تاسەمان داگیرساو بێت، هەمیشە و بەردەوام ترسی هەرە گەورەم لە ژیاندا ئەوە بووە ڕۆژێك بێت خۆم زیندوو بم و تاسە و تینوێتییم بمرێت. ڕەنگە بە جۆرێك لە جۆرەکان مردنی فیزیکی ڕزگاربوون بێت، چونکە هەموو شتەکانمان بەیەکەوە دەمرن. بەڵام مردنی تاسە و تینوێتیی لە کاتێکدا کە هێشتا خۆمان و زۆرێك لە شتەکان زیندووین، ئەو کارەساتەیە کە دەتوانێت مرۆڤ بتۆقێنێت. من هەوڵ دەدەم لە (ئۆشۆ) گەرمتر خەون بەوەوە ببینم بۆ هەمیشە سۆز و تاسەم داگیرساو بێت، بەڵام لەوەدا کە دڵدار و دڵخوازەکەم بە بڕووبیانوو بزانم، وەك (ئۆشۆ) بیر ناکەمەوە. بۆ من چەند دڵدار و دڵخوازەکەم بڕووبیانووە بۆ ئەوەی لە ژیان بەردەوام بم، بە هەمان ئەندازەیش ژیان بڕووبیانووە بۆ ئەوەی لەگەڵ دڵدار و دڵخوازەکەم بەردەوام بم. بۆ من دڵدار و دڵخوازەکەم یەکسانە بە خودی ژیان. چونکە ئەوەی مانا بە ژیانم دەبەخشێت ئەوە.

## بەرەو هۆگربوون لای ئۆشۆ

**ئەو هەموو ئەفسوون و حەپەسان و خەیاڵبزواندنە، هی ئەو چەند وشەیە نین، هی ئەو تەمەنەن کە (ئۆشۆ) لە ناو ئەو چەند وشەیەدا تواندوویەتییەوە.**

((ئەمڕۆ، کە تۆ تیایدا عاشق بیت زۆرە، ئەم ساتەوەختە هەمیشەیی و جاویدانەگییە. بیر لە بەیانی دەکەینەوە چی دەقەومێت، کە بەیانی خۆی هات ئەوسا دەیبینین. سبەی یان ئایندە هەرگیز نایەت. خۆشەویستیی ڕاستەقینە لێرەیە و هەر هەنوکەشە)). ((کەس نییە بەتاڵ بێت لە شتێکی جوان. هیچ کەسێك بێ شتێکی جوان لە دایك نەبووە...خودی بوون و زیندەگی لەوەدا بەخشندە بووە کە هەر یەکێك و جوانییەکی پێ خەڵات کردووە، بە جۆرێك لە جۆرەکان، ژمارەی جوانییەکان بە قەد ژمارەی مەردوومەکانە لە سەر زەمین)). ئەوە تەنها دوو پەرەگرافە لە وتارێکی ناوازەی (ئۆشۆ) بە ناونیشانی (بەرەو هۆگربوون) کە (شێرزاد حەسەن) لە ئینگلیزییەوە وەری گێڕاوە و لە ژمارە (٥٩) ی گۆڤاری (زانستی سەردەم)دا بڵاو کراوەتەوە. دوای خوێندنەوەی ئەو وتارە، یەکەمین پرسیار کە لای من دروست بوو، ئەوە بوو: ئاخۆ مرۆڤ چۆن دەتوانێت لە

وتـارێكی كـورتی لـەو جـۆرەدا دەیـان ڕسـتە و پـەرەگرافی ئەفسـوناویی بـە خوێنـەر ببەخشـێت؟ نهێنـی ئـەوە چییە لـەو چـەند وشـە دیاریكراوەدا ئـەو هـەموو حەپەسانە بۆ خوێنـەر دەگوازرێتـەوە؟ كە ویستم وەڵامێك بۆ ئـەو پرسیارە بدۆزمـەوە، خـەیاڵم بۆ لای حیكایـەتێك چوو: ((دەڵێن جارێكیـان نیگاركێشـێك لـە مـاوەی پێـنج خولەكـدا وێنـەی پیاوێـك دەكێشـێت و لـە بەرامبـەردا پارەیـەكی زۆری لـێ وەردەگرێت. كەسێك كـە ئاگـای لێیـە، بـە حەپەساوی لە نیگاركێشەكە دەپرسێت: ئەو هەموو پارەیە بۆ پێنج خولەك؟ نیگاركێشەكەیش دەڵێت: ئەوە بۆ پێنج خولەك نییە، بۆ پەنجا ساڵ و پێنج خولەكـە)). ئـەو حیكایەتـە پێـی وتـم (ئۆشـۆ)یش وەك ئـەو نیگاركێشـە تەمەنێكی لەو چەند وشەیەدا چڕ كردۆتەوە. واتە ئەو هەموو ئەفسوون و حەپەسان و خەیاڵبزواندنە، هی ئەو چەند وشەیە نین، هی ئەو تەمەنەن كە (ئۆشـۆ) لـە نـاو ئـەو چـەند وشـەیەدا تواندوویەتییـەوە. ڕەنگـە یـەكێك لـە نهێنییـەكانی سـەركەوتن و سـەرنەكەوتنی هـەر كەسێكی خاوەنبەرهـەمیش لـەوەدا بێـت بەرهەمەكـەی تـەنها بەرهـەمی چـەند خولەكێكـە، یـان هـی تەمـەنێك و چـەند خولـەكێك؟ بـە لای منـەوە داوەتكـردن بـۆ خوێندنـەوەی وتـار، یان كتێبێكـی پڕ ئەفسوون لـە خۆشـترین داوەتـەكانی دنیایـە، بۆیـە لێرەوە خوێنەرانی ئەم گۆشەیە بۆ خوێندنەوەی وتارەكەی (ئۆشۆ) داوەت دەكەم، هاتن بۆ هەمووانە و هەمووانیش لەوەی دێن، یان نا، ئازادن.

# ژن و دەستپێشخەریی لە دەربڕینی خۆشەویستییدا

## (١)

**(ماریا) لە سەرەتای ژیانیدا حەز لە کوڕێك دەکات و بۆ یەکەمجار دەکەوێتە ناو هەستی شیرینی خۆشەویستییەوە و بۆی دەردەکەوێت لە ڕێدا بۆ قوتابخانە تەنیا نییە.**

ژن بە گەرمیی خۆشەویستیی دەکات، بەڵام زۆر بە کەمیی لە دەبڕینی هەستی خۆشەویسییدا دەستپێشخەریی دەنوێنێت. تەنانەت زۆر جار هەستەکانیشی دەشارێتەوە. لە ڕۆمانی (یانزە خولەك)ی (پاولۆ کۆیلۆ)دا (ماریا) کە پاڵەوانی ڕۆمانەکەیە، لە سەرەتای ژیانیدا حەز لە کوڕێك دەکات و بۆ یەکەمجار دەکەوێتە ناو هەستی شیرینی خۆشەویستییەوە و بۆی دەردەکەوێت لە ڕێدا بۆ قوتابخانە تەنیا نییە، بە هەمان ڕێدا کوڕێکیش دێت و دەچێ کە ماڵیان لە هەمان گەڕەکدایە. کاتی دەوامی ئەم کوڕەیش وەك کاتی دەوامی (ماریا) وایە. (ماریا) و ئەو کوڕە بە هیچ جۆرێك بەیەکەوە قسە ناکەن، بەڵام وردە وردە (ماریا) بۆی دەردەکەوێت خۆشترین کاتەکانی لەو ساتانەدایە کە دەڕوات بۆ قوتابخانە.

ئەو ساتانەی کە پڕن لە سۆز و تینوێتیی و خەیاڵی خۆش خۆش. ئەو ساتانەی کوڕەکە بە خێرایی بەلایدا تێدەپەڕێ و (ماریا)یش هەوڵدەدات پێ بە پێی ئەو بڕوات، دەبن بە خۆشترین ساتەکانی (ماریا). کار دەگاتە ڕادەیەك (ماریا) لە دوای دەوام، حەز دەکات ڕۆژ زوو تێپەڕێ و بە پەرۆشەوە چاوەڕێی بەیانیی دەکات تاکو بڕواتەوە بۆ قوتابخانە و خۆشەویستەکەی ببینێت. بەیانییەکیان لە ڕێی قوتابخانە کوڕەکە لێی دەچێتە پێشەوە و داوای قەڵەمێکی زیادەی لێدەکات، بەڵام (ماریا) وەڵامی ناداتەوە. (ماریا) بە درێژایی ئەو ڕۆژە ئاگای لەوانەکانی نابێت. بەردەوام مێشکی لای ئەو ڕەفتارە خراپەی خۆی دەبێت کە بۆچی وەڵامی کوڕەکەی نەداوەتەوە. دڵی خۆی بەوە دەداتەوە کە کوڕەکەیش هەستی بەم کردووە و داواکردنی قەڵەمەکە تەنها بیانوویەك بووە، بۆ ئەوەی قسەی لەگەڵ بکات. چونکە (ماریا) لەکاتی هاتنەپێشەوەی کوڕەکەدا چاوی لێدەبێت کە قەڵەمێکی لە گیرفاندایە. (ماریا) چاوەڕوانی جاری دووەم دەکات و چەندین شەو بیر لەوە دەکاتەوە کە ئەمجارە چی پێبڵێت و چۆن چیرۆکێك بدۆزێتەوە کە کۆتایی نەیەت. بەڵام جاری دووەم هەر نایەت، ئەگەرچی چەندین جار پێکەوە دەچن بۆ قوتابخانە و (ماریا) تەنها چەند هەنگاوێك لە پێش ئەوەوە دەڕوات و یاری بە قەڵەمەکەی دەکات، بەڵام جارێکی دی کوڕەکە قسەی لەگەڵ ناکات. ئیدی (ماریا) چاری نامێنێت، دەبێت دان بەوەدا بنێت کە بەبێ دەنگیی خۆشی بوێت و تاکۆتایی ساڵ لە ناخەوە ئازار بچێژێت.

## ژن و دەستپێشخەریی لە دەربڕینی خۆشەویستییدا

## (٢)

**کاتێك چوومە ژوورەوە دەرگاکەم داخست، لە ترسی ئەوە نا، ئەو بێتە ژوورەوە، لەترسی ئەوەی خۆم نەچمە دەرەوە.**

لە ڕۆمانی (دووڕوو- ی حەوا)دا کە (ئامرتیا بریتام) نوسیویەتی، (ئەنیتا)ی پاڵەوانی ڕۆمانەکە حەز لە پیاوێك دەکات بەناوی (ساجار). ڕۆژێك پێکەوە دەچن بۆ ئوتێل، (ساجار) بەدەم قسەکردنەوە دەست بۆ قۆپچەی کراسەکەی (ئەنیتا) دەبات تاکو بیکاتەوە، ئەنیتا ناهێڵێت. (ساجار) بێئەوەی لەسەری بڕوات لەسەر جێگاکە هەڵدەستێ و دەڕواتە بەر پەنجەرەکە، پاشان (ئەنیتا) دەگەیەنێتەوە ماڵی خۆیان. (ئەنیتا) کاتێك لەتەکسیەکە دادەبەزێت بانگی (ساجار) دەکات، بەڵام (ساجار) وەڵامی ناداتەوە. (ئەنیتا) بەخۆی دەڵێت: چیم کرد؟ بە درێژایی ژیانم چاوەڕوانی ئەو دەستانە بووم، کەچی ئێستا دوورم خستنەوە، ئێستا ئەم لەشە چ سوودێکی بۆ من هەیە؟ ئاخۆ ئەمەیە پێی دەڵێن پاکیی؟. دوای ئەوە

(ئەنیتا) تەلەفۆن بۆ ئەو ئوتێلە دەکات کە (ساجار)ی تێدا دەژی، دەڵێن ڕۆیشتووە. پاش گەڕانێکی زۆر بە هەر حاڵێك دەبێت ئەدرەسی (ساجار) پەیدا دەکات و نامەیەکی بۆ دەنێرێت، بەڵام (ساجار) وەڵامی ناداتەوە. پاشان (ئەنیتا) ڕاستییەکان بۆ پیاوەکەی باس دەکات و داوای جیابوونەوەی لێدەکات و دەڵێت: دەڕۆم بەدوای (ساجار)دا دەگەڕێم. (ئەنیتا) بەو جیابوونەوەیە هەم پیاوەکەی و هەم تاقە کوڕەکەی و هەم شارەکەیشی لە کیس دەچێت. دەڕوات و ئیدی تاکو ئەو ڕۆژەی دەمرێت بەدوای (ساجار)دا وێڵ دەبێت و هەر نایشیدۆزێتەوە. تەنانەت ئەوەندە تاسەی دەکات لەدوا چرکەساتی ژیانیدا کاتێك کوڕەکەی دەچێتە لای، پێی دەڵێت (ساجار) هاتی؟ واتە لە حەیبەتدا کوڕەکەی خۆی لێ دەبێت بە (ساجار). لە یەکێك لە ڕۆمانەکانی (ئیحسان عەبدولقەدوس)یشدا کە بەداخەوە بیرم نەماوە کام ڕۆمانیەتی، ژنێك لە گێڕانەوەی بەسەرهاتیی خۆی لەگەڵ پیاوێکدا دەڵێت: (کاتێك چوومە ژوورەوە دەرگاکەم داخست، لە ترسی ئەوە نا ئەو بێتە ژوورەوە، لەترسی ئەوەی خۆم نەچمە دەرەوە بۆلای ئەو(. ئێستا دەمەوێت بپرسم: ئاخۆ (ماریا) بۆچی لەوە دەترسێت کوڕەکە بزانێت چەند خۆشی دەوێت؟ ئەوە چی نهێنیەکە وا لە ژن دەکات وەڵامی کەسێك نەداتەوە کە پێشتر هەمیشە چاوەڕوانی ئەو کەسەی کردووە و دواتریش ئەو هەموو خەونەی پێوە دەبینێت؟ ئەی (ئەنیتا) بۆچی ناهێڵێت (ساجار) دووگمەی کراسەکەی بکاتەوە، کە پێشتر بەردەوام چاوەڕوانی ئەو دەستانەی کردووە و دواتریش هەموو شتەکان دەکاتە قوربانی خاوەنی ئەو دەستانە؟ ئەی ژنی نێو ڕۆمانەکەی (ئیحسان عەبدولقەدوس) بۆچی دەرگا لەسەر خۆی دادەخات و لەچوونە دەرەوەی خۆی دەترسێت؟

# ژن و دەستپێشخەریی لە دەربڕینی خۆشەویستییدا

## (٣)

**ژن، زۆر جار پیاو دەخاتە نێو تۆڕێکی ئەستووری خۆشەویستیەوە و هەموو گیانی پڕ دەکات لەتامی شیرینی خۆشەویستیی، بەڵام دەستپێشخەریی ناکات و هەستی خۆی بۆ دەرنابڕێت.**

من پێموایە بەشێك لەو ترسە، پەیوەندیی بەقەبارە و گەورەیی و دەسەڵاتی خۆشەویستییەوە هەیە لای ژن. چونکە خۆشەویستیی قووڵتر و سەختتر و گشتگیرتر دەچێتە نێو ژیانی ژنەوە. ژن کاتێك خوشەویستیی دەکات بە هەموو بوونیەوە دەیکات و باڵای ژیان بەلای ئەوەوە یەکسان دەبێت بە باڵای خۆشەویستەکەی. ژن کە بە تەواوی خۆشەویستیی دەکات هەموو شتەکان، بە گەورە و بچووکیانەوە، لە خۆشەویستیەکەیدا کورت دەکاتەوە. ئەگەرچی بە بەراورد لەگەڵ پیاودا، تەمەنی خۆشەویستیی لای ژن کورتترە، بەڵام پڕ خرۆشترە. ژن هەست دەکات خۆشەویستیی دەست و پێی دەبەستێت، هەست دەکات، بە جۆرێك لە جۆرەکان، دەیکات بە کۆیلە، لەبەر ئەوە هەوڵ دەدات خۆشەویستییەکەی بشارێتەوە. ژن زۆر جار لەسەر زەمینی واقیع پیاو دەخاتە نێو تۆڕێکی ئەستووری خۆشەویستیەوە و هەر چوار دەوری دەتەنێت و هەموو گیانی پڕ دەکات لەتامی شیرینی خۆشەویستی، بەڵام دەستپێشخەریی ناکات و

ئەو هەستەی خۆی بۆ پیاو دەرنابڕیت. زۆربەی جارەکان ژن چاوەڕوانی پیاو دەکات دەستپێشخەر بێت و هەستی خۆی بەیان بکات. (هاشم ساڵح) ئەوە بە یەکێك لە نیشانەکانی کۆمەڵگای مۆدێرن دەزانێت کە ژن توانای ئەوەی هەبێت لە دەربڕینی هەستی خۆشەویستییدا دەستپێشخەریی بکات. بە بڕوای ئەو لە هەر کۆمەڵگایەکدا ژن نەتوانێت ئەو کارە بکات ناتوانرێت ئەو کۆمەڵگایە بە مۆدێرن بزانرێت. دەمەوێت بڵێم هۆکار لەوەدا کە ژن هەستی خۆی دەشارێتەوە، ناوەکیی بێت یان دەرەکیی، زۆر جار مەرگەساتی لێ دەکەوێتەوە. بەشی زۆری ئەو ئۆباڵەیش لە ئەستۆی پیاودایە کە هەندێ جار توانای تێگەیشتنی لەو حاڵەتە نییە. لە بری ئەوەی هەم خۆی دەستپێشخەریی بکات و هەم دۆخێك بۆ ژن بڕەخسێنێت کە بتوانێت هەستی خۆی دەر ببڕێت، کۆتایی بە پەیوەندییەکە دەهێنێت. ئەو دوو نمونەیەی لە ڕۆمانەکانی (پاولۆ کۆیلۆ) و (ئامریتا بریتام)ەوە هێنامانەوە، پاڵپشتی ئەم بۆچوونەن. دواجار دەڵێم: بە داخەوە، بە هەردوو لا، ژن و پیاو، وا دەکەن زۆرجار هاتنەکانی دووەم ڕوو نەدەن. وا دەکەن زۆر جار دەرفەتێك نەمێنێتەوە لە سەرەمەرگیشدا بە یەك شاد ببنەوە. وا دەکەن زۆر جار ئەوانەی دەرگایان بەڕوودا دادەخرێت، ئەوانە بن، کە نابێت دەرگایان بەڕوودا دابخرێت.

## ئامۆژگارییە سادەكانی ژیان

**زۆرتر گوڵ بنێژە تاكو گوڵ لێكەیتەوە.**

(ئامۆژگارییە سادەكانی ژیان)، كتێبێكی (٢٢٥) لاپەڕەیی (جاكسۆن براون)ە، كە (سەمیر حسێن) كردوویەتی بە كوردیی و (خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما) لە ساڵی (٢٠١٤)دا چاپی كردووە. ئەم كتێبە بە شێوەیەكی گشتیی، كتێبێكی سادە و ڕۆژانەییە، بەڵام لە هەمان كاتدا كتێبێكی گرنگە. بە داخەوە، وەرگێڕانەكەی زۆر باش نییە و هەڵەی چاپ و زمانەوانییشی زۆرە. ئەوەی جێی سەرنجیشە ئەوەیە ئەو هەموو هەڵە و كەموكورتییە لە (چاپی چوارەم)دایە. ئاخۆ ئەو وەرگێڕە بەڕێزە و ئەو دەزگایەی كتێبەكەی چاپ كردووە، كەی و لە چاپی چەندەمدا هەڵەكان ڕاست دەكەنەوە؟ بە هەر حاڵ، ئەم كتێبە خۆی لە بناغەدا، كۆمەڵێك پەند و ئامۆژگارییە، كە (جاكسۆن براون)، بۆ (ئادام)ی كوڕی نووسیوە. بیرۆكەی نووسینیشی، وەك نووسەر لە پێشەكی كتێبەكەدا ئاماژەی بۆ كردووە، بۆ وتەیەك دەگەڕێتەوە كە پێشتر خوێندوویەتییەوە: ((ئەركی باوك و دایك ئەوە نییە، هەموو ڕێگای ژیان لە بری منداڵەكانیان ببڕن،

بەڵكو دەبێت منداڵەكانیان فێری ڕێگاكە بكەن)). ئەگەر زۆر بە كورتیی ئاماژە بە گرنگیی ئەم كتێبە بكەم، دەڵێم: ئەم كتێبە دەتوانێت یارمەتی دایك و باوكەكان بدات كە چۆن كارێك بكەن منداڵەكانیان مرۆڤگەلێكی باش و بە سوودبن. دەتوانێت یارمەتییان بدات كە بزانن چۆن منداڵەكانیان فێری ڕێز و خۆشەویستیی بكەن: ((ڕێز بۆ هەموو دروستكراوێك دابنێ-٣٥)). ((زۆرتر گوڵ بنێژە تاكو گوڵ لێكەیتەوە-ل٢٢٥)). ((بە هیچ شێوەیەك هێرش نەكەیتە سەر پیرۆزییەكانی خەڵكی-ل٢٤)). ((كاتێك لە ناو گروپێكدا سرودی نیشتمانیی وڵاتەكەت دەڵێیت، هەولبدە دەستت بخەرە سەر سنگت-ل٢٨)). ((ڕێز لە تەنیایی منداڵەكەت بگرە، پێش ئەوەی بچیتە ژوورەكەی داوای یارمەتی لێبكە-ل٢٥)). ((خۆت بە كەم مەزانە، بە شێوەیەكی بەڕێزانە بەرەنگار ببەرەوە-ل٤٩)). ((كەسێك ئومێد و هیوای هەیە، بێئومێدی مەكە، لەوانەیە ئەو تەنیا خاوەنی ئەو ئومێد و هیوایە بێت-ل٢٧)). ((دەزگایەكی خێرخوازیی بۆ خۆت هەڵبژێرە لە شوێنێكدا و هەر كاتێك توانیت پارە و یارمەتی ببەخشە بەو شوێنە-ل١٩)). ((كاتێك لە فڕۆكەیەكدا دادەبەزی بە هۆی ئەوەی بە سەلامەتی گەیشتوویت سوپاسی فڕۆكەوانەكە بكە-ل٢٢١)). ((كاتێك بابەتێكی جوانی هاوڕێیەكتان بەرچاو كەوت لە ڕۆژنامەیەكدا هەولبدەن ئەو بەشە لە ڕۆژنامەكە بكەنەوە و لەگەڵ خەڵاتێكی بچوكدا وەكو دەستخۆشییەك بۆی ببەن-ل٤٦)).

## خۆشەویستیی و ژیاندۆستیی

**لای (مۆریی) باسکردنی مردن، باسکردنی ژیانە و باسکردنی ژیانیش باسکردنی خۆشەویستیی و پەیوەندییە.**

ناوی کتێب: (سێشەممان لەگەڵ مۆریی). نوسەر: (میچ ئەلبۆم). وەرگێڕ: (جوتیار ژاژڵەیی). چاپ و بڵاوکردنەوە: (ناوەندی ڕۆشنبیریی و هونەریی ئەندێشە: ٢٠١٥). ئەم کتێبە چیرۆکی نەخۆشکەوتن و مردنی مامۆستایەکی زانکۆ، بە ناوی (مۆریی شوارتز)، دەگێڕێتەوە، کە من بە نیازم، لێرەدا، هەڵوەستەیەك لە سەر بۆچوونەکانی سەبارەت بە (خۆشەویستیی و ژیاندۆستیی) بکەم. لای (مۆریی) ژیان خۆشەویستییە، بەریەککەوتنی مرۆڤەکانە، قسەکردن و گوێگرتنیانە لە یەکتری. بۆیە وەك نوێژ و دوعا باوەڕ بەو دێڕەی (ئۆدن)ی شاعیر دەهێنێت، کە دەڵێت: ((یان یەکترییتان خۆش بوێت یان بمرن-ل١٧٥)). لای (مۆریی) مردن کۆتایی مرۆڤ نییە: ((ئەگەر یەکتریمان خۆشبوێ ئەو خۆشەویستییەشمان بیر بمێنێ کە لە ڕابردوودا هەمان بووە، دەتوانین بشمرین و ئێرەش بەجێ نەهێڵین-ل٢٠٢)). ((مردن کۆتایی بە ژیانمان

دەهێنێت، نەك بە پەیوەندییەكانمان–ل٢٠٢)). (مۆریی) پێمان دەڵێت: كۆتایی مرۆڤ ئەو كاتەیە كە پەیوەندییەكانی نامێنن، ئەو كاتەیە كە خۆشەویستیی نامێنێت: ((لای من زیندووبوون ئەوەیە بتوانم لەگەڵ بەرامبەرەكەم كراوەبم. مەبەستم ئەوەیە بتوانم هەست و نەستەكانی خۆم لە بەردەمیدا هەڵڕێژم، قسەی لەگەڵ بكەم، هەستەكانمان لەگەڵ یەكتریيدا هاوبەشی پێبكەین...كە ئەوە نەما منیش نەماوم–ل١٨٦)). هەر لە بەر ئەم هۆكارەیشە كە (مۆریی) تا زیاتر هەست بە نزیكبوونەوەی مردن بكات، گەرمتر لە بارەی خۆشەویستی و پەیوەندییەوە دەدوێت. لە ڕاستییدا مرۆڤ كە ئەم كتێبە دەخوێنێتەوە هەست دەكات مردنی (مۆریی) جگە لە بیانوویەك بۆ قسەكردن و پێشكەشكردنی كۆرسێك لە بارەی (ژیان)وە، كە ئەو (واتە مۆریی) لە خۆشەویستییدا دەیبینێت، هیچ شتێكی تر نییە. لای (مۆریی) باسكردنی مردن، باسكردنی ژیانە و باسكردنی ژیانیش باسكردنی خۆشەویستیی و پەیوەندییە. (مۆریی) جگە لەوەی بە مەبەستی (دزینی شتێك لە جانتای مردن–ل٧٨)، ئەو كتێبەی بۆ مرۆڤایەتی جێهێشتووە، دوایین داواكاریشی لە (میچ ئەلبۆم)ی قوتابی، كە گێڕەرەوەی كتێبەكەیە، ئەوەیە دوای مردنیشی سێشەممان بچێتە سەر گۆڕەكەی و باسی كێشەكانی خۆی بۆ بكات. (میچ) پێی دەڵێت ئەی تۆ وەڵامم دەدەیتەوە؟ (مۆریی) دەڵێت: ئەوەی بۆم بكرێ بۆت دەكەم هەمیشە وام نەكردووە؟ (میچ) دەڵێت: بەڵام مۆریی گیان من ئەو كاتە ناتوانم گوێم لە قسەكانت بێت، (مۆریی) چاوەكانی دادەخات و زەردەخەنەیەك دەیگرێت و دەڵێت: ((دەزانی چی میچ، ئەو كاتە تۆ قسە بكە و من گوێ دەگرم–ل١٩٨)).

## چوارینەی دیموکراسیی

**دوای کتێبەکەی (سۆسیدیس)، بۆ ماوەی (٢٠٠٠) ساڵ واژەی دیموکراسیی پەراوێز دەخرێت.**

(چوارینەی دیموکراسی) کتیبێکی قەبارە بچوکی (٧٢) لاپەڕەیی (د. موراد وەهبە)یە و (ڕەنجەی نابینا) وەریگێڕاوە و (دەزگای ئایدیا بۆ فکر و لێکۆڵینەوە) لە ساڵی (٢٠١٧)دا چاپی کردووە. نوسەر لە سەرەتای کتێبەکەدا باسی سەرهەڵدانی زاراوەی (دیموکراسیی) دەکات کە دەگەڕێتەوە بۆ کتێبێکی مێژوونووسی یۆنانی (سۆسیدیس) بە ناوی (مێژووی شەڕی بلیبۆنیزی) کە نزیکەی (٤٥٠) ساڵ بەر لە زایین نوسراوە. پاشان ئاماژە بەوە دەکات کە دوای ئەو کتێبە (٢٠٠٠) ساڵ واژەی دیموکراسیی پەراوێز خراوە. ئەوەش بۆ دوو هۆکار دەگەڕێنێتەوە. یەکەم: بانگەوازی (ئەفلاتون) بۆ حوکمی خوا. دووەم: بانگەوازی (ئۆغستین) بۆ شەڕی دادپەروەرانە بۆ ملکەچکردنی دەوڵەت بۆ حوکمی خوا. پاشان دەڵێت: ((کەواتە حوکمی خودا خاڵی ناکۆکە بۆ دیموکراسی-ل١٦)). لێرەوە دەچێتە ناو بابەتەکەوە و بە وردیی باسی ئەوە دەکات کە شەڕی دیموکراسیی شەڕی (ڕێژە)یە لەگەڵ (ڕەها)دا. بۆ ئەمەیش چوار

پێکهێنــەری دیـاری کـردووە، کـە بـەبێ ئـەو پێکهێنەرانـە دیموکراسـیی ناتوانێت بژی. ئەو پێکهێنەرانەیش هەموویان بە شێوەیەك لە شێوەكان پەیوەندییان بە (ڕێژە)وە هەیە. پێکهێنەرەکانیش بریتین لە (عەلمانیەت و گرێبەسـتی کۆمەڵایـەتی و تـەنویر و لیبراڵیـزم). هـەر یـەك لـەو پێکهێنەرانەیش بەم جۆرە پێناسە دەکات: (عەلمانیەت): ((تێڕوانینە لە ڕێـژە وەك ئـەوەی کـە ڕێژەییـە نـەك وەك ئـەوەی کـە ڕەهایـە-ل٢٢)). (گرێبەسـتی کۆمەڵایـەتیی): ((بریتییـە لـە ڕەزامەنـدیی بەشـەر لـە سـەر وازهێنان لە هەندێ ماف بە ویستی خۆیان و بەخشینی بە حاکم ئەویش بەرامبەر ئەوەیە کە حاکم دڵنیایی و ئاسایشیان بۆ دابین بکات. بەو شێوە دەسەڵاتی حاکم دەسەڵاتێکی ڕێژەیی دەبێت نەك دەسەڵاتێکی ڕەها-٢٤)). (تەنویر): ((بریتیە لە کاری عەقڵ بەبێ پشتیوانی ئەوانی تر. دەتوانین لەگەڵیدا بڵێین: هیچ دەسەڵاتێك لە سەروو عەقڵەوە نییە تەنیا عەقڵ خۆی نـەبێت-ل٣٠)). (لیبراڵیـزم): (بریتییـە لـە دەسـەڵاتی تـاك لـە سـەرووی دەسەڵاتی کۆمەڵەوە-٣٦). دواجار، نووسەر، دەیەوێت لە ڕێی باسکردنی ئـەو بنەمایانـەوە بڵێـت: (دیموکراسـی): ((حاڵـەتێکی زەینیـی تایبەتـە بـە تێڕوانینمانەوە بۆ گەردوون. ئەڵبەتە دەکرێ ببێتە حاڵەتی سیاسیی بەڵام بە مەرجێك کە گرێدراوی حاڵەتی زەینیی بێت-٧٢)). لە کۆتاییدا، لەگەڵ دەستخۆشـیی زۆرمـدا بـۆ وەرگێڕانـی ئـەم کتێبـە، دەڵـێم: وەرگێـڕ ڕاسـت دەکـات: ((لـەوە گرنگتـر وەرگێڕانـی دووەهەمـە، لـە وشـەوە بـۆ هۆشـیاری گشتیی! ئەوەش دەمێنێتەوە بۆ خوێنەر!!-ل١٠)).

## چوار پێکهێنەرەکەی دیموکراسیی

**(کات و شوێن و بزاوت) ڕێژەیین و مرۆڤیش توانای ئەوەی نییە بە (دڵنیایی ڕەها) بگات.**

پێشتر بڕێك باسی ئەو چوار پێکهێنەرەی دیموکراسییمان کرد کە (د. موراد وەهبە) لە کتێبی (چوارینەی دیموکراسی)دا، دەستنیشانی کردوون. لێرەدا و بەو هیوایەی بتوانین باشتر سەرنجی خوێنەر بۆ کتێبەکە ڕابکێشین، بڕێکی تر باسی ئەو پێکهێنەرانە دەکەین. سەبارەت بە پێکهێنەری یەکەم، کە (عەلمانیەت)ە، لەگەڵ گەڕاندنەوەی دەرکەوتنە سەرەتایەکانییدا بۆ سەدەی شەشەم و پێنجەمی پێش زایین، نووسەر، سەرەتای ڕاستەقینەی ئەم پێکهێنەرە بۆ زانای گەردوونناس-ی پۆڵەندیی (نیکۆلا کۆپەر نیکۆس) و کتێبە بە ناوبانگەکەی بە ناونیشانی (لە سەر خولخواردنی هەموو فەلەك) دەگەڕێنێتەوە. پاشان ئاماژە بە (گالیلۆ) و لایەنگریی ئەو بۆ تیۆرەکەی (کۆپەر نیکۆس)، دەکات. پاشتر باسی فەیلەسوفی ئیتاڵیی (جیۆردانۆ برۆنۆ) دەکات کە بڕوای بە ڕێژەیی (شوێن و بزاوت و کات) هەبووە و پێی وابووە مرۆڤ توانای ئەوەی نییە بگاتە دڵنیایی ڕەها. واتە ((چیتر زەوی چەقی گەردوون نەما ئەگەر زەویش

چەقی گەردوون نەبوو ئەوا مرۆڤیش چەقی گەردوون نییە، کە مرۆڤ بەو شێوە نەبوو ئەوا ناتوانێت حەقیقەتی ڕەها دەستەبەر بکات-ل٢١)). دواجار، ئەوەی نووسەر پێی گەیشتووە ئەوەیە کە: ((عەلمانیەت پێش ئەوەی ستایلی سیاسی بێت ستایلی بیرکردنەوەیە-ل٢٢)). سەبارەت بە پێکهێنەری دووەم، کە (گرێبەستی کۆمەڵایەتی)ە، بە پێی بۆچوونی نووسەر، سەرەتاکەی بۆ چەمکی (ڕەزامەندیی) فەیلەسوفی ئینگلیزیی (جۆن لۆك) دەگەڕێتەوە، کە تیایدا باسی ئەوەی کردووە: ((پاشا مافی ئەوەی نییە خۆی وا نیشان بدات کە وا دەسەڵاتەکەی لە دەسەڵاتی خوداوە بۆ هاتووە، بەڵکو لە دەسەڵاتی گەلەوە بۆی هاتووە-ل٢٣)). بەو جۆرە (گرێبەستی کۆمەڵایەتی) دەبێتە دامەزراوەی سەر بە عەلمانیەت. سەبارەت بە پێکهێنەری سێیەم، کە (تەنویر)ە و تەنویریش بە (کاری عەقڵ بەبێ پشتیوانی ئەوانی تر، ناسێنراوە)، نووسەر دەڵێت: ((بۆمان هەیە تەنویر کە دامەزراوەی سەر عەلمانیەتە بە مەزنترین شۆڕش دابنێین لە مێژووی مرۆڤایەتییدا-٣٢)). مەزنیی ئەو شۆڕشەیشی بۆ ئەوە گەڕاندۆتەوە کە مرۆڤی لە سەر چۆنێتی ڕیشەکێشکردنی تاوانی لاهووتیی پەروەردە کردووە. سەبارەت بە دوایین پێکهێنەریش کە (لیبراڵیزم)ە، نووسەر، دوای ئاماژەدانێکی خێرا بە بۆچوونەکانی (جۆن ستیوارت میڵ)، فەیلەسوفی داڕێژەری لیبراڵیزم، گەیشتووە بەوەی کە: ((بۆ ئەوەی ئازادیی زیندە بەچاڵ نەکرێت، دەبێ ڕێگری بکرێ لە کەوتنە نێو چنگی حەقیقەتی ڕەها-ل٣٨-٣٩)).

## ديوانی سالم و كێشی عەرووز

**لـە شیعری كلاسیكییدا، كێشی عـەرووزیی، لـە پایە هەرە سـەرەكییەكانە. ئـەم كێشە وەك كێشی پەنجە نییە و تەنها پشت بە برگە نابەستێت.**

((حەدیسـی كوشـتنی فـەرهادی بێكـەس، پێـت بڵـێم چـۆن بـوو؟/ لـە شـەوقا دای بـە سـەریا تیشـە، وەختـێ دەنگـی شـیرین هـات-ل١٦٦)). لـە ناوەڕاسـتی هەشـتاكانی سـەدەی ڕابـردوودا و لـە سـەرەتای كـاروانی خوێندنـەوە و نووسـینمدا، بـە هـۆی لێكدانـەوەكانی (مـەلا عەبدولكـەریمی مودەریس)ەوە، زیاتر لە شاعیرە كلاسییەكانی دی، چێژم لە شیعرەكانی (نالی و مەحوی) وەردەگرت. كە زانیم ئەو زاتە، كاری لە سەر (دیوانی سالم)یش كردووە، ئیتر لەو كاتەوە و بە درێژایی (٣٠) ساڵ، چاوەڕێی ئەو دیوانە بووم. خۆشبەختانە، لەم ڕۆژانـەدا، ئـەو خەونـە بـوو بـە ڕاسـتی و (دیـوانی سـالم) بـە پـوختی و بـە چـاپێكی جـوان و لـە دوو بـەرگی (١٤١٤) لاپەڕەییـدا، بـە سـاغكردنەوە و لێكدانـەوەی (مـەلا عەبدولكـەریمی مـودەرریس و فـاتیح عەبدولكـەریم و محەمـەدی مـەلا كـەریم) و بـە ئامادەكردنی (سدیق ساڵح) و لە لایەن (بنكەی ژین) و بە هاوكاری (هێرۆ

برایم ئەحمەد)، بڵاو کرایەوە. دەمەوێت لەگەڵ پیرۆزبایی گەرم و دەستخۆشیی زۆرمدا، بۆ ئەو بەڕێزانە، بڵێم: لە شیعری کلاسیکییدا، کێشی عەرووزیی، لە پایە هەرە سەرەکییەکانە. کێشی عەرووز، وەك کێشی پەنجە نییە و تەنها پشت بە بڕگە نابەستێت. بەڵکو جگە لەوەی کە دەبێت کێش لە ڕووی بڕگەوە تەواو بێت، پێویستیشە لە ڕووی دابەشکردنی جۆری بڕەگەکانەوە، کە بڕگەی کورت و درێژن، دیسان تەواو بێت. یانی لە عەرووزدا، لە ناو کێشەکاندا کێشی تر هەیە. بۆ نمونە: ئەگەر کێشێك چوار تەفعیەلە بێت و هەر تەفعیلەیەکی چوار بڕگە بێت و بڕگەکانیش بەم جۆرە دابەش کرابێتن: (کورت، درێژ، درێژ، کورت)، ئیتر دەبێت ئەو شیعرە هەموو تەفعیلە و بڕگەکانی بەو جۆرە دابەش بکرێن. یانی پێویستە، جگە لەوەی، بڕگەکان کەم و زیادیان نەبێت، بڕگە کورت و درێژەکانیش لە شوێنی خۆیاندا دابنرێن. بە داخەوە، زۆرینەی دیوانە کلاسیکییەکانی ئێمە، جگە لە هەڵەی تایپ، پڕن لە هەڵەی عەرووزیی. خۆشبەختانە، (دیوانی سالم) وا نییە. بێگومان ئەم دیوانەیش لە ڕووی عەرووزەوە، هەڵەی تێدایە، بەڵام بە بەراورد لەگەڵ زۆرینەی دیوانەکانی تردا، وەك ئەوە وایە هەڵەی تێدا نەبێت. ئەمەش بۆ لێهاتوویی و دڵسۆزیی (بنەماڵەی مودەرریس) و (بنکەی ژین) دەگەڕێتەوە. هەوڵ دەدەم لە وتارێکی تردا، هەندێك لە هەڵەکان دەستنیشان بکەم.

## هەندێك لە هەڵە عەرووزییەكانی دیوانی سالم

**تەنها مەبەست ئەوەیە لە ڕووی عەرووزەوە هەڵەكان دەربكەون.**

پێشـتر لـە وتارێكـدا، ئامـاژەم بـەوە كردبـوو كـە كۆمـەڵێك هەڵـەی عەرووزیی لە چاپە تازەكەی (دیوانی سالم)دا هەیە، بەڵێنیشم دا هەندێك لـەو هەڵانـە دەستنیشـان بكـەم. لـە غـەزەلی (گـەر بـە بـۆ، ل١١)دا، كـە كێشـەكەی (ڕەمـەلی هەشـتیی مـەخبوونی مـەحزووف)ە، ئـەم نیوەبەیتـە ناتـەواوە: ((نەقـدی جـان و دڵ و دیـن، پێشكەشـی یـەك نیگـەهت))، بـۆ نمونـە، ئەگـەر بكرێـت بـە (پێشكەشـی خـۆت و نیگـەهت) تـەواو دەبێـت. بێگومان من نامەوێ بڵێم خۆی لە بنەڕەتدا بەو جۆرەیە كە من دەیڵێم، نـەخێر، مـن تـەنها مەبەسـتم ئەوەیـە لـە ڕووی عـەرووزەوە هەڵـەكان دەربكـەون. لـە غـەزەلی (شـەڕیانە لـە ئەندێشـەیی مـوو، ل٨٥)دا، كـە كێشـەكەی (هـەزەجی هەشـتیی ئـەخرەبی مـەكفوفی مـەحزووف)ە، ئـەم نیوەبەیتـە ناتـەواوە: ((جێـی هینـدوویی خاڵـت نییـە، جـوز خورشـیدی جەمالت)). بۆ نمونە، ئەگەر (خورشید) بكرێت بە (خۆر) كێشەكە ڕاست دەبێتـەوە. لـە غـەزەلی (مـوو لـە تـەنما، ل٣٢٣)، كـە كێشـەكەی (ڕەمـەلی

هەشتی مەحزووف)ە، ئەم نیوەبەیتە ناتەواوە: ((بەسیەسی میرزا بوەخشە ناوێژم ئیتر هەجوو)). بۆ نمونە، ئەگەر بکرێتە: ((بەسیەسی میرزا بوەخشە ناوێژم من ئیتر هەجوو))، ڕاست دەبێتەوە. لە قەسیدەی (لێم گەڕێن با گریە کەم، ل٥٠٧)دا، کە کێشەکەی (ڕەمەلی هەشتیی مەقسوور)ە، ئەم نیوەبەیتە ناتەواوە: ((تۆ میسلی سەر بووی، ئەقاریب تەن، کە سەر چوو تەن چییە))، ئامادەکارانی دیوانەکە، لە پەراوێزدا، ئاماژەیان بە ناتەواویی ئەم نیوەبەیتە کردووە و بەم جۆرە ڕاستیان کردۆتەوە: ((تۆ میسلی سەربووی و ئەقاریب تەن، کە سەر چوو تەن چییە))، بەڵام ئەویش هەر هەڵەیە. بۆ نمونە، ئەگەر بکرێت بە: ((تۆ وەکو سەر بووی، ئەقاریب تەن، کە سەر چوو تەن چییە))، ڕاست دەبێتەوە. لە شیعری (بیستم ئاغەسوورە، ل٨٤٧)دا، کە کێشەکەی (ڕەمەڵی هەشتیی مەحزووف)ە، ئەم نیوەبەیتە ناتەواوە: ((بۆ کونی لوتی خەفەقان خۆی موهەییا کردووە)). بۆ نمونە، ئەگەر (خەفەقان) بکرێتە (خەفەت قان) ڕاست دەبێتەوە. لە غەزەلی (غەیری سەوداوو خەفەت، ل٨٨٢)دا، کە کێشەکەی (ڕەمەڵی هەشتیی مەخبوونی مەحزووف)ە، ئەم نیوەبەیتە: ((دڵ لە گێژاوی یەمێکا بە شەنا مەشغووڵە))، بڕگەیەکی کەمە. لە هەمان غەزەلدا ئەم نیوەبەیتەش بڕگەیەکی کەمە: ((مەنزەری عاشقی بێ چارە عەجەب باغێکە)). لە کۆتاییدا، پێویستە دوو شت بڵێم: یەکەم، ئەمە هەموو هەڵەکان نییە. دووەم، بۆ دەستنیشانکردنی جۆری کێشەکان پشتم بە دەستنیشانکردنەکەی (عەزیز گەردی) بەستووە.

## وشەی لێکدراو لە شیعری (سالم)دا

**(سالم) زۆر لە شاعیرانی دیکە زیاتر، وشەی لێکدراوی بە کار هێناوە. بەڵام بە داخەوە، هەم وشەکان و هەم شێوازی لێکدانیان کەمتر کوردیی و کوردانەن.**

بێگومان (سالم) شاعیرێکی گەورەیە و لە ناو شاعیرانی کلاسیکدا جێیەکی تایبەت بە خۆی هەیە. جگە لەوەی لەگەڵ (نالی) و (مستەفا بەگی کوردی)دا ڕەنگرێژی سەرەتای قۆناغێکی تازە و جیاوازیان لە شیعری کوردییدا کردووە و بناغەیەکی پتەویان بۆ ئەو زمانە دارشتووە کە تا ئەمڕۆیش بەشێکی زۆر لە کوردان پێی دەنووسن و دەیان و سەدان و هەزاران کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤاری پێ هاتۆتە بەرهەم، جگە لەوە، شاعیرێکی بە سەلیقە و تۆکمە و خاوەن هەژموونیش بووە. ڕاستە دنیای شیعری کلاسیکیی، بە گشتیی، دنیایەکی لێکچووە. دنیایەکە لەگەڵ هەبوونی زۆرترین جیهانبینیی و خەم و خەون و خۆزگەی نزیک و لێکچوودا، پڕ پڕیشە لە وشە و دەستەواژە و هێما و تەشبیە و میتافۆری هاوبەش. بەڵام بێگومان لەو دنیایەدا بەردەوام جیاوازییش بوونی هەبووە. (سالم) وەك شاعیرێکی دیاری ئەو دنیایە، هەم خاوەنی (خاڵی

هاوبـەش) و هــەم خــاوەنی (خــاڵی جیاواز)یشــە. یــەکێك لــە دیــارترین خاڵەکانی جیاوازیی (سالم)، زمانە شیعرییەکەیەتی. زمانی ئەم شاعیرە، بە گشـتیی، زمـانێکی ڕەق و قـورس و تـا ڕادەیـەك ماندووکـەرە. ئـەوەی لـەم وتـارەدا دەمـەوێت لـە سـەری بوەسـتم وشـەی لێکدراوە، لـە نـاو ئـەو زمانـە شیعرییەدا. پێویستە سەرەتا بڵێم کە وشەی لێکدراو مەبەست لەو وشانەیە کە لە دوو وشەی مانادار، یان زیاتر دروست دەکرێن. تا ئەو جێیەی من تێبینیم کردووە، (سالم) زۆر لە شاعیرانی دیکە زیاتر، وشەی لێکدراوی بە کار هێنـاوە. بـەڵام بە داخـەوە، ئەو وشـە لێکدراوانـە، هـەم وەك خودی وشـەکان، کـەمتر کـوردیین و هـەم شـێوازی لێکـدان و دروستکردنیشـیان کەمتر کوردییە. بەشێکی زۆر لە وشەکان، یان بە تەواوی فارسیین، یان فارسـی و عــەرەبیین، یــان دروســتکردن و لێکدانەکــەیان فارســییانەیە. بێگومـان هەندێکیشیان کوردیی و کوردانـەن. لێرەدا چـەند نمونەیـەك لـەو وشە لێکدراوانە دەخەمە ڕوو کە لە دیوانەکانی (سالم)دا، بە ڕێنوسی کۆن و بــە جیــا نوســراون، بــەڵام مــن پێکــەوە نوســیومن: ((عەنقاصــیفەت/ مێخئەفکــەن/ تیرقــەدان/ تەرســامیزاج/ ئاتەشــخوو/ ســەیدئەفکەن/ دەســتزەن/ لاقدرێــژ/ چنگمریشــك/ کــەمفڕ/ چــاومردوو/ واشــەخێو/ بەرقوەش/ فیتنـەخێز/ پیلئەفکەن/ نـادروەش/ شورانشین/ مەعزولکەردە/ نەیشــەکەرقامەت/ ناوەکئەنــداز/ بەدسرووشــت/ قودرەتشــکەن/ زاڵمخەســڵەت/ تــەڵخگۆ/ ئەنگوشــتنوما/ شــەوئاهەنگ/ چــەپڵەزەن/ ســابتقەدەم/ تەنگدەســت/ نەحلئاســا/ خۆشـنما/ شـەبڕەنگ/ فیتنـەجۆ/ تەرساخوو/ تیشنەلەب/ جگەرکاە...هتد)).

## مەرگ و ژین

**مەرگ باشترین هۆکارێکە بۆ ئەوەی مرۆڤ بەرامبەر بە ژین خەمسارد و خوێنسارد و بێدەربەست و بێمنەت نەبێت.**

(حاجی قادری کۆیی) لە شیعرێکدا دەڵێت: ((مەرگ و ژین میسلی سێبەر و تاوە/ ئەوی باقی بمێنێ هەر ناوە))، من لەم وتارەدا دەمەوێت قسە لە سەر مەرگ و ژین بکەم، کە حاجی، بە (سێبەر و تاو)ی چوواندوون. یانی من لە شیعرەکەی (حاجی) تەنها چوواندنی مەرگ و ژینم بە سێبەر و تاو پێویستە. من باسی مەرگ و ژین دەکەم، بەڵام لە ڕاستییدا، مەبەستی سەرەکیی و ئامانجی گەورەم ژینە، مەرگ نییە. چونکە لە بناغەدا، کێشەی مرۆڤ ژینە، مەرگ نییە. ئەوەی مرۆڤ دەتوانێت ئیرادەی خۆی تێدا تاقی بکاتەوە ژینە، مەرگ نییە. بە ڕاستی مەرگ و ژین دوانەیەکی سەیرن، دوانەیەکن هەم دژی یەکترین هەم تەواوکەری یەکتریشن. هەم هێز بە یەکتری دەبەخشن، هەم هێزی یەکتری وێران دەکەن. ئەم دوانەیە، سێبەر و تاوێکن، هەم ماناکانی یەکتری دەردەوشێننەوە، هەم ماناکانی یەکتری لەناو دەبەن. ئەم سێبەر

و تـاوە، دوانەیـەکن بـە بـەردەوامی یـەکتری ڕاو دەنـێن و چـاویان لەوەیـە شوێنی یەکتری داگیر بکەن. کە ژین دێت مەرگ نییە، مەرگ هەڵهاتووە، ژیـن لـە شـوێنی ئـەو دادەنیشـێت. کـە مـەرگیش دێـت ژیـن نییـە، ژیـن هـەڵهاتووە، مـەرگ لە شوێنی ئەو دادەنیشێت. بێگومـان لە باسی مـەرگ و ژینـدا ئـەوەی زۆر گـرنگ بێـت ئەوەیـە کـە پێویسـتە مـرۆڤ هـەر هـەوڵێك لەگەڵ مەرگدا بدات، بۆ ژینی بێت. واتە لە پێناوی ژیندا ئەو هەوڵە بدات. ئەگـەرنا، مـرۆڤ دەتوانێـت چـی لـە مەرگـدا بدۆزێتـەوە؟ چـی بچـنێتەوە؟ ئەگـەر بـۆ ژیـن و لـە پێنـاوی ژینـدا نـەبێت، مـرۆڤ، بۆچـی لـە مـەرگ بکۆڵێتەوە؟ ڕاستە مەرگ لەناوبەری ژینە، بەڵام مەرگ سەرەکیترین هێزی بزوێنەری ژینیشە. مەرگ بە هۆی ئەو هەڕەشە بەردەوامەیەوە کە بۆ سەر ژیـن هەیـەتی، هەسـتی بەرپرسـیارێتی مـرۆڤ بەرامبـەر بـە ژیـن، زیـاتر دەکات. مـەرگ دێت و دڵخوازەکەی مرۆڤ کە ژینـە، دەڕفێنێت. بـەوەیش زیـاتر مـرۆڤ بـۆ پاراسـتنی ژیـن ئامـادە دەکـات. یـانی مـەرگ باشـترین هۆکارێکـە بـۆ ئـەوەی مرۆڤ بەرامبـەر بـە ژیـن خەمسـارد و خوێنسـارد و بێدەربەست و بێمنـەت نـەبێت. بـەم مانایـە، مـەرگیش بـە قـەد ژین گرنگـە. یانی کورت و پوخت، دەبێت مەرگ وامان لێبکات گەرمتر باوەش بە ژیندا بکەین.

## دووبارەکردنەوەی سەروا لە شیعری کلاسیکییدا

**دووبارەکردنەوەی سەروا لە شیعری کلاسیکییدا کارێکی خراپە، بەڵام کفر نییە.**

هاوڕێیەك نامەیەکی لە فەیسبووکەوە بۆ ناردم و لێی پرسیم: ئایا دووبارەکردنەوەی سەروا لە شیعری کلاسیکییدا کفری موتڵەقە؟ وتم: نەخێر. وتی: چۆن؟ وتم ئەگەر کفری موتڵەق بوایە، بۆ نموونە، (نالی و مەحوی) دەیانکرد؟ وتی: جا، کردوویانە؟ وتم: بەڵێ. ئیتر مشتومڕێکمان بوو، کە پێم وایە بڵاوکردنەوەی بەشێك لەو مشتومڕە لێرەدا بۆ ئەو کەسانەی بایەخ بەو بوارە دەدەن، خراپ نییە. بێگومان دووبارەکردنەوەی سەروا لە شیعری کلاسیکییدا کارێکی باش نییە، بەڵام کفریش نییە. بە شێوەیەکی گشتیی، لە شیعری کلاسیکییدا، دوو جۆر دووبارەکردنەوەی سەروا هەیە. یەکەم: دووبارەکردنەوەی سەروای نیوبەیتی یەکەمی شیعر، کە لە ڕاستییدا سەروایەکی زۆر گرنگ نییە و هەندێجار، ئەو سەروایە هەر پشتگوێ دەخرێت، یانی هەر بوونی نابێت. جا، سەروایەك نەبوونی، کفر نەبێت، دووبارەکردنەوەی بۆچی کفرە؟ لەبەر ئەوە ئەم جۆرە دووبارەکردنەوەیە تا ڕادەیەك ئاساییە و نمونەیشی زۆرە. دووەم:

دووبارەکردنـەوەی سـەروای یـەکێك لـە نیوبەیتـە جووتـەکان. ئـەم جـۆرە کەمترە، بەڵام هەیە. بۆ خاڵی یەکەم، واتە ئەو جۆرەی سەروای نیوبەیتی یەکـەم دووبـارە دەبێتـەوە، شـیعرێکی (مـەحوی) بـە نمونـە دەهێنینـەوە: ((وتی بۆچی وەها بێ تین و بێ ڕەنگ/ وتم: تۆ بۆچ ئەوەندە شۆخی و شەنگ/ یەکێ عاشق بە خۆ یەك تالیبی ڕوو/ یەکێ مەجبووری بۆ، یەك مایلی ڕەنگ))، وەك دەبینین سەروای (ڕەنگ) دووبارە بۆتەوە. بۆ خاڵی دووەمیش، کە سەروای نیوبەیتە جووتەکان دووبارە دەبێتەوە، شیعرێکی (نالی) بە نموونە دەهێنینـەوە. تەنانـەت (نـالی) لـەو شیعرەدا، نـەك یـەك سـەروا، دوو سـەروای دووبـارە کردۆتـەوە: ((کەعبـە ئیشـراقی وەکـو خورشیدە، من چاوم زەعیف/ لێم بووە ڕۆشن کە بوعدی قوربە، قوربی بوعدە بـۆم/ تـا بەکـەی وەك ڕاوییـە و وەك سـانیەی سێ پـەل شـکاو/ بێ تەواف و سەعی و عەمرە هـەر بخـەوم و هـەر بخۆم/ من لەوانەم چی کە وا ئەهلی وەسیلە و مەسئەلەن/ عامیل و ناچار و مەعزور ئەر بڵێن هەر بێنە بۆم/ شادمانی بێ وەفایە، یاری تێری و مەستییە/ یاری تەنگانەم غەمە با هـەر غـەمی خـۆم خـۆم بخـۆم)). وەك دەبینـین لـەم شـیعرەدا هـەردوو سـەروای (بـۆم) و (بخـۆم) دووبـارە بوونەتـەوە. واتـە (بـۆم) دووجـار و (بخۆم) یش دووجار وەکو سەروا بە کارهاتوون.

## (گۆران) و کێشی پەنجە

**(گۆران) هەم گەڕاوەتەوە بۆ کێشی خۆماڵیی و هەم چەندین کێشی زیندوو کردۆتەوە.**

یەکێك لەو لایەنە گرنگانەی کە شیعری (گۆران) لە شیعری پێش خۆی جیا دەکاتەوە و بە دەگمەن کەسێك دەبینین لە بارەی (گۆران)ەوە قسەی کردبێت و ئاماژەی بۆ نەکردبێت، مەسەلەی وازهێنان لە کێشی عەرووزی عەرەبی و گەڕانەوەیەتی بۆ کێشی خۆماڵیی کە کێشی پەنجە، یان برگە، یان هیجایە. (گۆران) خۆی لەمبارەیەوە و لە پێشەکی کۆمەڵە شیعری (بەهەشت و یادگار)دا دەڵێت: ((شیعرە تازەکان بە وەزنی پەنجە (هیجا) هەڵبەستراون کە هەر چەند شیعر دۆستەکانی کۆن بە خوێندنەوەی ڕانەهاتوون، بەڵام لەبەر ئەوەی وەزنی تایبەتی نەتەوەییمانە وە لەگەڵ خەسائیسی زمانەکەمان چاتر ڕێك ئەکەوێ، بە پێویستم زانی لە ماوەی تەقەلای ئەدەبی خۆما، ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو لایەنی بەکارهێنانی ئەم وەزنە بچم، تا لەم چەند ساڵەی دواییدا وەزنی عەرووزم بە تەواوی، وە لام وایە بۆ ئێجگاری بەرەڵا کرد، مەگەر پێویستییەکی هەندەری تایبەتی ڕوویدا)). بێگومان بەر لە (گۆران)، هەموو ئەو شاعیرانەی بە شێوەزاری

گۆران شیعریان نوسیووە، کێشی خۆماڵییان بەکار هێناوە. بەڵام زۆرینەی ڕەهایان تەنها یەك کێشیان بەکار هێناوە کە کێشی (١٠) بڕگەیی (٥+٥)ە. بەڵام (گۆران) دەیان کێشی جۆراوجۆری بەکار هێناوە. لەم بوارەدا، ئەوەی زۆر گرنگە و تا ئێستا وەك پێویست لە سەری نەوەستاوین، ئەوەیە کە (گۆران) تەنها (عەرووزی بەرەڵا نەکردووە)، بەڵکو هەم گەڕاوەتەوە بۆ کێشی خۆماڵیی و هەم چەندین کێشی زیندوو کردۆتەوە کە زیاتر لە شیعری فۆلکلۆرییدا بوونیان هەبووە، هەم دوو هەنگاوی تریشی ناوە، یەکەم: لەیەك شیعردا چەند کێشێکی بەکار هێناوە. دووەم: خۆی چەند کێشێکی تازەی داهێناوە، کە من بەشبەحاڵی خۆم نمونەی ئەو کێشانەم لە هیچ دەقێکی کوردییدا نەبینیووە. هیوادارم ئەم وتارە سەرەتایەك بێت بۆ گفتوگۆ و قسەکردنی زیاتر لەسەر ئەم لایەنە و ئەوانەی لەم بوارەدا شارەزان قسەی تێدا بکەن. من وەکو خۆم، لە (بابا تاهیر)ەوە تا ئەم چرکە ساتەی کە ئێمەی تێداین، شاعیرێکی کوردم نەبینیوە لە ڕووی بەکارهێنان و داهێنانی کێشی شیعرییەوە لە (گۆران) بە سەلیقەتر بووبێت. هەوڵ دەدەم دواتر ئاماژە بە کۆمەڵێك لەو شیعرانەی (گۆران) بدەم، کە لە کێشێك زیاتری تێدا بە کار هێناون. هەروەها ئەو کێشانەیش دەستنیشان دەکەم کە (گۆران) خۆی دایهێناون.

## هەندێك لە داهێنانەکانی (گۆران) لە بواری کێشدا

**یەکێك لە دیارترین ئەو کێشانەی (گۆران) خۆی دایهێناوە، کێشی (١٢) بڕگەیی (٣+٣+٣+٣)یە.**

لە وتاری پێشتردا وتم: من وەکو خۆم، لە (بابا تاهیر)ەوە تا ئەم چرکەساتەی کە ئێمەی تێداین، شاعیرێکی کوردم نەبینیوە لە ڕووی بەکارهێنان و داهێنانی کێشی شیعرییەوە لە (گۆران) بە سەلیقەتر بووبێت. لێرەدا، بە کورتی ئاماژە بە هەندێك لە هەوڵەکانی (گۆران)، لە بواری کێشدا، دەدەم. یەکێك لە دیارترین ئەو کێشانەی (گۆران) خۆی دایهێناوە، کێشی (١٢) بڕگەیی (٣+٣+٣+٣)یە: ((قژ کاڵی لێو ئاڵی پرشنگی نیگا کاڵ)). ئەم کێشەی لە شیعری (جاسوس)دا کردووە بە (٦) بڕگەیی (٣+٣): ((بێ خشپە و زیاندار/ ئەکشێم چەشنی مار)). (٤+٤+٥): کێشێکی تری داهێنراوی (گۆران)ە: ((سەردەمێك بوو دنیای گیانم تاریك و چۆڵ بوو)). هەروەها کێشی (٣+٣+٥)یش داهێنراوی (گۆران)ە: ((کوردستان: جێگامی، جێی هەزارساڵەم)). جگە لەوانە، لە شیعری (بت بتەوان)دا، کێشی (٨) بڕگەیی بە کار هێناوە، بەڵام وەك خۆی و وەك ئەوەی لە شیعری فۆلکلۆرییدا هەیە بە کاری نەهێناوەتەوە، بەڵکو

دەستکاری کردووە. (٨) بڕگەکەی دابەش کردووە بە سەر کۆمەڵێك (٤) بڕگەییدا، کە من وەکو خۆم بەر لە (گۆران) لای هیچ شاعیرێکی کورد نەمبینیووە: ((بۆ بتەوان/ بۆ بت، شەیتان/ بۆ نۆکەریان/ ئارەق ڕەش و شین بڕێژە/ هەزار دەردی سەر بچێژە)). بێگومان دواتر ئەم کێشە بوو بە یەکێك لە باوترین و بڵاوترین کێشەکانی شیعری نوێی کوردیی و هەزاران شیعری پێ نووسرا. لە شیعری (هەڵبەستی دەروون)دا کێشی (١١) بڕگەیی (٤+٤+٣) ی بە کار هێناوە: ((هەرچەن ئەکەم ئەو خەیاڵەی پێی مەستم))، پاشان لە شیعری (شۆڕشگێڕ)دا، یارییەکی شاعیرانەی لە هەمان کێشدا کردووە، کە ئەویش تێکەڵکردنێتی لەگەڵ (٧) بڕگەدا: ((بۆ ئێجگاری سارد بووەوە و دای دا چۆك/ کەڵبە کەوتووی بێ نینۆك)). ئەمەش، وردەکاریەکی شاعیرانەیە، چونکە (١١) بڕگەکە خۆی دەنگێکی (٧) بڕگەیی تێدایە. مەبەستم ئەوەیە (گۆران) ئەو (٧) بڕگەییەی بەبێ حیساب نەهێناوە. لە شیعری (بۆ لاوان)دا ئەم یارییەی بە جۆرێکی تر دووبارە کردۆتەوە، ئەم جارە شیعرەکە (٧) بڕگەییە و (٣) بڕگەی بۆ زیاد کردووە. بێگومان (٧) بڕگەکە خۆی (٣+٤) یان (٤+٣) یە، گۆران (٣)ی تری بۆ زیاد کردووە، واتە ئەمەیش، دیسان بێ حیساب نییە: ((ئەی لاوانی گشت دنیا/ هەلسینکی/ باخچەی زەمەقی سپی)).

## (قانع)ەکان چرای ئێمەن

**ئـەو کەسانەی لـە ژیـانی تاکایـەتی خۆیـان دەگـوزەرێن و تەمـەنی خۆیـان بـۆ خەمـە گشـتییەکانی کۆمەڵگا تەرخان دەکەن، دەبن بە موڵکی خەڵك.**

بۆچـی سـوکایەتی بـە (قـانع) دەکرێـت؟ (مـەریوان وریـا قـانع) بـە چـی سـیفەتێك وەڵامـی ئـەو سـوکایەتییە دەداتـەوە؟ ئـەی ئێمـە؟ لەگـەڵ تێبینـی زۆرمدا سەبارەت بە شێوازی وەڵامدانەوەکەی (مەریوان)، دەڵێم بێگومـان بە دوو سیفەت مافی ئەوەی هەیە وەڵامی ئەو سوکایەتییە بداتەوە. یەکەم: وەك نوسـەر و ڕونـاکبیر. دووەم: وەك نـەوەی (قـانع). بـەڵام پێویسـتە لـە بیرمـان نەچێت، زۆرێك لـە مرۆڤـەکان، دوو خـوێن بـە گیانیانـدا دەگـەڕێت. خوێنێـك (خڕۆکـە سـوور و سـپییەکان) و خـوێنێکیش (پیـت و وشـەکان) دروستی دەکەن. لە خوێنی دووەمەوە ئێمەش نەوەی (قانع)ین. (قانع) بە قـەد (مـەریوان) باپیری ئێمەیشـە. واتـە ئـەو شـەڕە هـەر شـەڕی (مـەریوان) نییـە، شـەڕی ئێمەیشـە. چـونکە هـەموو ئـەو کەسـانەی لـە ژیـانی تاکایـەتی خۆیـان دەگـوزەرێن و تەمـەنی خۆیـان بـۆ خەمـە گشـتییەکانی کۆمـەڵگا تـەرخان دەکـەن، دەبـن بـە موڵکـی خـەڵك. ئـەو کەسـانەی لـە شـەوە تاریك و

ترسناکەکاندا چرا بۆ خەڵك دادەگیرسێنن، خۆیشیان لەگەڵ چراکانیاندا دەبن بە موڵکی خەڵك. (قانع) هەر چرای دانەگیرساندووە، خۆیشی چرا بووە. زۆربەمان دەزانین (قانع) شاعیرێکی (بیرکراوە) و (ئازادیخواز) بووە، لەبەر ئەوە پەلاماردانی لە لایەن خەڵکانێکی (بیرتەسك) و (دژەئازادیی)ەوە کارێکی چاوەڕوانکراوە و بە دڵنیاییەوە لە ئایندەدا لەگەڵ (قانع)ەکانی تریشدا دووبارە و چەندبارە دەبێتەوە. بەڵام ئاخۆ (قانع)ەکان لە خۆڕایی بوون بە (قانع)ی خەڵك، تا لە خۆڕایی لە خەڵك بسەنرێنەوە؟ بێگومان نەخێر. با ئەوانەی سوکایەتی بە (قانع)ەکان دەکەن بزانن: پێیان خۆش بێت یان نا، (قانع)ەکان هەم لە ناو دڵ و ویژدانی زۆرینەی خەڵك و هەم لە ناو لاپەڕەکانی مێژوویشدا، بە نەمریی و بە پیرۆزیی دەمێننەوە. (سیروان ڕەحیم) لە وتارێکدا باسی ئەوە دەکات شەوێك (گۆتە)ی شاعیری ئەڵەمان لە گوندێك ڕۆژی کردۆتەوە، ئێستا، بۆ ئەوەی مێژووی شەوێك نەفەوتێ، لەو گوندە تابلۆیەك بە وێنەیەکی (گۆتە)وە هەڵواسراوە و لێی نوسراوە: ((گۆتەی شاعیر شەوی ٩ لەسەر ١٠ی دیسەمبەری ١٧٩٢ لێرە لای داوە و ڕۆژی کردۆتەوە)). بێگومان من دەزانم کوردستان ئەڵمانیا نییە و هێشتا زۆر زۆرمان ماوە بەو جۆرە ڕێز لە شاعیر و نوسەرەکانمان بگرین، بەڵام دڵنیام ئەوانەی لە سەر تابلۆکانی دڵیان نوسیویانە: (قانعەکان چرای ئێمەن)، هەزاران جار لەوانە زیاترن کە سوکایەتیی بە (قانع)ەکان دەکەن.

## چوارینەیەك لە ناو یادەوەریی مندا

**جار هەیە، شەوێك، یان ڕۆژێك، بارتەقای تەمەنێك، (جوانیی) بە مرۆڤ دەبەخشێت.**

یەكێك لەو دیوانانەی لە ناوەڕاستی هەشتاكان و لە سەرەتای تێكەڵاوبوونمدا بە نووسین و خوێندنەوە، دەستم كەوت و بە تامەزرۆییەكی زۆرەوە خوێندمەوە و لەو كاتەدا چێژێكی زۆرم لێ بینی (یانەی دڵان)ی (حەمە عەلی مەدهۆش) بوو. هەندێك لە شیعرەكانی ناو ئەو دیوانە، تێكەڵی خەون و خولیاكانم بوون و بە خۆیانەوە سەرقاڵیان كردم. بڕێك لەو شیعرانەم بە تەواوی و وەك ناوی خۆم، لەبەر كردبوو. یەكێك لەو شیعرانە چوارینەیەكی وەرگێڕراو بوو كە (مەدهۆش) لە فارسییەوە كردبووی بە كوردیی. نە (مەدهۆش) ناوی شاعیرەكەی نوسیبوو، نە منیش زانیم شیعری كێیە. ئەمە دەقی شیعرەكەیە: ((دوێ شەو تا بەیان لە یار ئاڵاوم/ ئەمشەو لەگەڵ خەم لە جێ خزاوم/ داخەكەم ئەوەی تەمەن ئەنوسێ/ ئەمڕۆی وەك دوێنێ لە سەر داناوم)). لەگەڵ تێپەڕبوونی كاتدا، زۆرێك لە شیعرەكانی (مەدهۆش)، بە وانەیشەوە كە وەك ناوی خۆم لەبەرم كردبوون، لە یادەوەرییمدا، یان كاڵ بوونەوە، یان

هەر کۆتاییان پێهات. بەڵام ئەم چوارینە وەرگێڕدراوە، لە یادەوەریمدا مایەوە و هەرگیز لە یادم نەچۆوە. لەم چوارینەیەدا دەست خراوەتە سەر نادادپەروەرییەکی گەورە، کە ئەویش بریتییە لەوەی هەموو شەو و ڕۆژەکان، بە (تاڵ) و (شیرین)یانەوە، بە (جوان) و (ناشیرین)یانەوە، وەك یەك لە سەر مرۆڤ حیساب دەکرێن. ئەم چوارینەیە لە ناو نەوتراوەکانی خۆیدا دەڵێت: جار هەیە، شەوێك، یان ڕۆژێك، بارتەقای تەمەنێك، (جوانیی) بە مرۆڤ دەبەخشێت. جاریش هەیە تەمەنێك، ناتوانێت بە قەد یەك شەو، یان یەك ڕۆژ، (جوانیی) بە مرۆڤ ببەخشێت. ئەم چوارینەیە داوا دەکات تەمەنی مرۆڤ، بە ژمارەی شەو و ڕۆژەکان نەپێورێت، بەڵکو لە بری ئەوە، بە چۆنێتی گوزەراندنی شەو و ڕۆژەکان بپێورێت. ئەگەر تەمەنی مرۆڤ، بەو لۆژیکە دەستنیشان بکرێت کە ئەم چوارینەیە داوای دەکات، خەڵکی ئێمە، بە هۆی ئەو کلتوورە خراپەوە کە شەو و ڕۆژەکانیان لێ تێك دەدات، لە تەمەنکورتترین مرۆڤەکانی دنیا دەبن. دوور نییە ئەو هەموو نزایەی خەڵکی ئێمە، بۆ تەمەندرێژیی، بۆ یەکتری دەکەن، پەیوەندیی بە هەستێکی ناوەکییەوە هەبێت کە پێیان دەڵێت: (ئێوە تەمەنکورتترین مرۆڤی دنیان). ئەو هەستە ناوەکییە پێیان دەڵێت: ئێوە پێویستتان بە تەمەندرێژییە بۆ ئەوەی بتوانن قەرەبووی بڕێك لەو شەو و ڕۆژانە بکەنەوە کە لە دەستان چوون.

## بەرهەمهێنانی شیعرییەت لە کێش و سەروا

**بەبێ هەبوونی ئەزموون و سەلیقەیەکی باشی شاعیرانە، ئەگەر مەحاڵیش نەبێت، زۆر قورسە بتوانرێت لە شیعرێکی کورتدا جوانکارییەکی زۆر لە کێش و سەروادا بکرێت.**

((دە ساڵە دڵم لایەتی/ ڕۆحم پاوانەی پایەتی/ خاکی بەر دەرکەی نادەمە/ تەخت و تاجی پاشایەتی/ سەرگەردان و سەوداسەرم/ سەرم پڕ لە سەودایەتی/ بولبولی خۆشخوانی دڵم/ عەشقی گوڵی گۆنایەتی/ مەجنوونی سەحرای جنوونم/ بێباکم لە شێتایەتی/ دەردی ئەوین سەختترە/ لەو کەسەی ئیبۆلایەتی/ خوێنی (خالید)ی خواردەوە/ وەکو شەراب، تۆ شایەتی)). ئەوە شیعرێکی (خالید باشبڵاخی)ە، کە دەمەوێت بە کورتی، لە بارەی کێش و سەرواکەیەوە چەند سەرنجێك بخەمە ڕوو. لە نێوانی (دەق) و (مرۆڤ)دا زۆر لێکچوون هەیە. بۆ نمونە، وەکچۆن یەکەمین چاوەڕوانیی کۆمەڵگە لە (مرۆڤ) ئەوەیە کەسێکی خراپ نەبێت، یەکەمین چاوەڕوانیی خوێنەریش لە (دەق) ئەوەیە دەقێکی خراپ نەبێت. واتە وەکچۆن هەندێجار ئەوە بەسە کە (مرۆڤ) خراپ نەبێت، ئەوەیش بەسە کە (دەق) خراپ نەبێت. بێگومان ئەوە هەندێجار وایە، ئەگینا، وەکو تر،

چاوەڕوانیی زۆر هەن. بۆ نمونە لە دەقدا، دەکرێت چاوەڕوانیی دووەم ئەوە بێت دەقەکە جوان بێت، سێیەم ئەوە بێت زۆر جوان بێت، چوارەم ئەوە بێت لە سەرووی جوانییەوە بێت و پێنجەمیش ئەوە بێت داهێنان و وەرچەرخان بێنێتە ئاراوە و هتد. ڕاستە ئەم شیعرەی (باشبڵاخی) ناچێتە خانەی داهێنانەوە، بەڵام بە لای منەوە، لە بواری (بەرهەمهێنانی شیعرییەت لە کێش و سەروا)دا، نەك خراپ نییە، نەك جوانە، نەك زۆر جوانە، لە سەرووی جوانییەوەیە. بەبێ هەبوونی ئەزموون و سەلیقەیەکی باشی شاعیرانە، ئەگەر مەحاڵیش نەبێت، زۆر قورسە بتوانرێت لە شیعرێکی کورتدا ئەو هەموو جوانکارییە لە کێش و سەروادا بکرێت. وەکو کێش، نەك وشەیەك، تەنانەت یەك پیتیش نادۆزیتەوە لە جێی خۆیدا دانەنرابێت. هیچ جۆرە لەنگیی و قورسیی و نەشازییەك لە (هارمۆنیای دەنگیی)، ئەم شیعرەدا نییە. وەکو سەروایش، هەموو سەرواکان، سەروای پێنج پیتیین و تێر و پڕ و تەواو و شاعیرانەن. ئەوەی سەیریشە ئەوەیە: کێشەکە، کێشی (٨) بڕگەییە، کە هەزاران هەزار شیعری بە کوردیی پێ نووسراوە. سەرواکەیش، لە ڕووی چۆنێتی ڕیزکردنیەوە، هەمان سەروای شیعری کلاسیکییە، کە دیسان هەزاران هەزار شیعری بە کوردیی پێ نووسراوە. بەڵام چنینی کێش و سەرواکە، ئەو سەلیقە شاعیرانەیەی تیایدا بە کار هاتووە، بە ڕادەیەك، ناوازە و دەگمەنە، کە لای چەند شاعیرێکی (کەم) نەبێت، ئاسان نییە نموونەی بدۆزیتەوە.

## ڕوونکردنەوە

**لە بناغەدا، کێش، بەرلەوەی ژمارەی بڕگەکان بێت، شێوازی دابەشکردنی بڕگەکانە.**

لە وتاری پێشتردا، بە کورتیی، باسی کێش و سەروای شیعرەکەی (خالید باشبڵاخی)مان کرد. لێرەدا کەمێك زیاتر ڕوونی دەکەینەوە. وەك وتمان کێشی شیعرەکەی (باشبڵاخی) (٨) بڕگەییە، بەڵام چونکە زیاتر لە سەر شێوەی (٥+٣) و (٣+٥) و کەمتر لە سەر شێوەی (٤+٤) نووسراوە، زۆر لە شیعرە (٨) بڕگەییەکانی تر ناچێت. ڕاستە (٥+٣) و (٣+٥)یش، وەك (٤+٤) هەر دەکەنە (٨) بڕگە، بەڵام شێوازی دابەشکردنی بڕگەکان جیاوازن و ئەمەیش ڕیتمی شیعرەکەی گۆڕیوە. خۆیشی لە بناغەدا، کێش، بەرلەوەی ژمارەی بڕگەکان بێت، شێوازی دابەشکردنی بڕگەکانە. بۆ نموونە: (گۆران) چەند شیعرێکی (١١) بڕگەیی هەیە، کە دابەشکردنەکەیان بەم جۆرەیە: (٣+٣+٥): ((کوردستان جێگامی، جێی هەزار ساڵەم/ پەروەردەی ئەم دۆڵ و سەر لوتکە و یاڵەم)). ئەو شیعرانەی (گۆران) وەك دەیان و سەدان شیعری تری کوری، (١١) بڕگەیین، بەڵام لە بەرئەوەی دابەشکردنی بڕگەکانیان جیاوازە، لە هیچ شیعرێکی (١١)

برگـەیی تـر ناچـن. هەڵبـەت، ئـەو شـێوازی دابەشـکردنەی (گـۆران)، داهێنـــراوی (گـــۆران) خۆیـــەتی و ئـــەوەی (باشـــبڵاخی) داهێنـــراوی (باشبڵاخی) نییە، بەڵام جوان بە کاری هێناوە. سەبارەت بە سەرواش، لە شیعری کوردییدا چەندین جۆر سەروامان هەیە. لەوانە: سەروای بێ پیت، کە لە بری خودی پیتەکان، پشت بە دەنگی پیتەکان دەبەسترێت. وەك ئەو کۆپلەیـەی (شـێرکۆ بێکـەس): ((دارکونکـەرەی دەنـووك زۆر تیـژ/ پێـنج شـەش کـونی کـردە دڵ و لەشـی قـامیش)). هـەروەها لـە سـەروای یـەك پیتیـەوە تـا هەشـت پیتـی و ڕەنگـە زیاتریشـمان هـەبێت. بێگومـان تـا پیتـە هاوبەشـەکان زۆرتـربن سـەرواکان تێرتـر دەبـن. سـەرجەم سـەرواکانی شـیعرەکەی (باشـبڵاخی) پێـنج پیتیـین و زۆر بـە سـەرکەوتوویی بـەکار هـاتوون: ((لایەتی/ پایەتی/ پاشایەتی/ سەودایەتی/ گۆنایەتی/ شێتایەتی/ ئیبۆلایەتی/ شایەتی))، وەك دەبینین لە هەموو سەرواکاندا ئەم پێنج پیتە هاوبەشـن: (ا- ی- ە- ت- ی). جگـە لـەوە، (باشـبڵاخی) بـە کـەڵك وەرگرتن لە هونەری (ڕەوانبێژیی) و بە تایبەتی (جینـاس)، (هارمۆنیـای دەنگیـی) شیعرەکەی دەوڵەمەنـدتر کـردووە: (دەسـاڵ/ دڵ)، (پاوانـە/ پـا)، (بـەر/ دەر)، (تـەخت/ تاج)، (سـەرگەردان/ سەوداسـەر)، (سـەر/ سـەودا)، (گوڵ/ گۆنا)، (مەجنون/ جنون)، (خوێن/ خالید/ خواردنەوە)، (شەراب/ شایەت). وەك دەبینین هـەموو ئەو وشانەی پێکـەوە خراونەتە کەوانـەوە، یان پیتی سەرەتا، یاخود پیتی کۆتاییان، هاوبەشە.

## زمان و جیهان

**ئەی مرۆڤ! ئەگەر بینیت ئەو جیهانەی تێیدا دەژیت خراپ بووە و تۆیش ویستت چاکی بکەیتەوە، لە خۆتەوە دەست پێبکە.**

(کۆنفۆشیۆس) دەڵێت: ((ڕیفۆرمکردنی جیهان ئاسانە، ئەگەر لە ڕیفۆرمکردنی زمانی خەڵکەوە، دەست پێبکرێت)). ئەم وتەزایە، وتەیەکی (ئەلیکساندەر سوڵجینستین)ی بیر هێنامەوە، کە دەڵێت: ((دێڕەکان بە پیتگەلێکی ڕەش و بچوک و عادی لەسەر کاغەزە سپییەکان چاپکراون، بەڵام تەنها هەبوونی خوێندەواریی بەس نییە بۆ خوێندنەوەیان)). بۆچی تەنها هەبوونی خوێندەواری بەس نییە بۆ خوێندنەوەیان؟ لەبەر ئەوەی لە پشتی ئەو پیتە ڕەش و بچوك و عادییانەوە، شتگەلی زۆر گەورە و گرنگ هەن. هەر کاتێ، تەنها، بە بینینی پیتەکان ڕازی بووین و هەوڵمان نەدا بچینە پشتیانەوە و شتگەلە گەورە و گرنگەکان ببینین، ئەوە، بە دڵنیاییەوە، زوڵمی گەورەمان لە خۆمان و لە پیتەکانیش کردووە. ئەو پیتانەی (کۆنفۆشیۆس) ڕێك ئەو پیتانەن کە (سۆڵجینستین)، باسی کردوون. چونکە لە پشتیانەوە شتگەلی گەورە و گرنگ هەن. ئاخۆ

ڕیفۆرمکردنی جیهان لە ڕێی ڕیفۆرمکردنی زمانەوە یانی چی؟ یانی ژیانی ڕاستەقینەی مرۆڤ بەرلەوەی لە ناو ئەو جیهانە مادییەدا بێت کە تیایدا دەژی، لە ناو ئەو جیهانە مەعنەوییەدایە کە ئەو لە ناو مرۆڤدا دەژی (مەبەستم زمانی مرۆڤە). واتە جیهانی ڕاستەقینە ئەوە نییە کە مرۆڤەکان لە ناویدان، بەڵکو ئەوەیە کە ئەو لە ناو مرۆڤەکاندایە، یانی لە ناو زمانیاندایە. ئاخۆ (کۆنفۆشیۆس) ویستویەتی لە باسێکی گرنگی وەکو ڕیفۆرمدا، لە ڕێی ئەم پێکەوەگرێدانەی زمان و جیهانەوە، چی بڵێت؟ دەشێت ویستبێتی بڵێت: ئەی مرۆڤ! ئەگەر بینیت ئەو جیهانەی تێیدا دەژیت، خراپ بووە و تۆیش ویستت چاکی بکەیتەوە، خۆت پەرت مەکە، ڕێی خۆت دوور مەخەرەوە، لە بری ئەوەی بە دوای چاککردنی ئەو جیهانەدا، تا ئەوپەڕی دنیا بڕۆیت، لە خۆتەوە دەست پێبکە. بزانە لە کوێدا زمانەکەت خراپ بووە، چاکی بکەرەوە. بزانە کام وشە، یان دەستەواژە، یان ڕستەی زمانەکەت پیس بووە، پاکی بکەرەوە، ئیتر جیهان خۆی چاك دەبێتەوە، ئیتر جیهان خۆی پاك دەبێتەوە. هەروەها دەشێت (کۆنفۆشیۆس) ویستبێتی بڵێت: ئەی مرۆڤ!تۆ وەك ئەو کەسە مەکە، کە لە ماڵەوە، لە ناو ژوورەکەی خۆیدا، دەرزییەکی لێ ون بووە، بەڵام بە بیانووی تاریکی ژوورەکەیەوە، لە دەرەوە بۆی دەگەڕێ. بێگومان دەرزییەك، کە لە ماڵەوە ون بووبێت، لە دەرەوە نادۆزرێتەوە.

## جەلاد و قوربانیی

**دەشێت قوربانیی بە جۆرێك لە جۆرەكان هەست بە ئاسایش بكات، چونكە دەزانێت چی بە سەر هاتووە. بەڵام جەلاد هەست بە ئاسایش ناكات، چونكە نازانێت چی بە سەر دێت.**

بە بڕوای من، جەلادەكانیش لە بنەڕەتدا قوربانیین بەڵام بە جۆرێكی دی. جەلادەكان بە هۆی ئەو ترس و نیگەرانییەوە كە لە قوربانییەكانیان هەیە، ناپەرژێنە سەر ئەوەی ژیانێكی ئاسایی بژین. (نیلسۆن ماندێلا) دەڵێت: ((جیاوازیی من و زیندانەوانەكەم دەزانی؟ كاتێ پەنجەرەی بچوكی ژووره تاكە كەسییەكەم دەكاتەوە، ئەو تاریكی و غەم دەبینێت، من ڕوناكیی و هیوا)). مرۆڤ لە زینداندا بێت یان پاسەوانی زیندان بێت، چی لە ژیانی دەگۆڕێت؟ زیندانیی بە هۆی زیندانەوانەوە ئازادی لە كیس دەچێت و زیندانەوانیش بە هۆی زیندانییەوە ئازادی لە كیس دەچێت. ژیانی زیندانیی و زیندانەوان، هەر پەیوەستە بە زیندانەوە. زیندان وەكو دڕكەزی وایە، ئەو دەوری مرۆڤ بتەنێت، یان مرۆڤ دەوری ئەو بتەنێت، زۆر جیاواز نییە. لەم ڕووەوە جەلادەكانیش جۆرێكن لە قوربانی. بەڵام بە جیاوازییەكی بنەڕەتییەوە، كە ئەویش ئەوەیە قوربانی ئاسودەترە.

قوربانی ویژدانی ئاسودەیە، چونکە جەلاد نییە. چونکە کەس ئازار نادات. چونکە لە مرۆڤبوون دانەماڵراوە. ئاسودەیە چونکە دڵنیایە لە کوێیە، ئیدی شتێك نییە لێی بترسێت. شتێك نییە نیگەرانی بکات. دوا جار ئاسودەیە چونکە خەون دەبینێت. چونکە وەك (ماندێلا) دەڵێت: چاوی لە ڕوناکیی و هیوایە. بەڵام جەلاد ناتوانێت ئاسودە بێت. چونکە جگە لەوەی ئەویش بە شێوازی خۆی قوربانییە، بەڵام ئەو جەلادیشە. ئەو خەڵك ئازار دەدات. ئەو لە مرۆڤبوونی خۆی داماڵراوە. ئەو ناتوانێت تامی ئاسودەیی ویژان بکات. ئەو هەمیشە دەترسێت، هەمیشە نیگەرانە، چونکە نازانێت سبەی چی ڕوو دەدات. چونکە نازانێت قوربانییەکەی چی دەکات؟ نازانێت قوربانییەکەی کەی و چۆن و لە کوێدا تۆڵەی لێ دەکاتەوە؟ دواجار وەك (ماندێلا) دەڵێت: جەلاد چاوی لە تاریکیی و غەمە. لە کوردەوارییدا بۆ ئەو کەسەی کە دەکەوێتە ناو دۆخێکی خراپ و نەخوازراوەوە، ئیدیۆمێك هەیە دەڵێت: ((لەوە تەڕترە لە باران بترسێت)). قوربانییش وایە. قوربانیی لەوە تەڕترە لە باران بترسێت. بەڵام جەلاد هەمیشە لە باران دەترسێت. ترسی تەڕبوون ناهێڵێت چێژ لە وشکێتی خۆی ببینێت. دەشێت قوربانیی بە جۆرێك لە جۆرەکان هەست بە ئاسایش بکات، چونکە دەزانێت چی بە سەر هاتووە. بەڵام جەلاد هەست بە ئاسایش ناکات، چونکە نازانێت چی بە سەر دێت.

## شیر و کتێب

**مرۆڤ با گەورەیش بووبێت و منداڵیشی هەبێت، لە ڕووی پێوسیتییەوە بۆ دایک و بۆ ئەو هەستە شیرین و دڵنشینەی کە دایک پێی دەبەخشێت، هەر منداڵە.**

لە کۆڕەوەکەی ساڵی (١٩٩١) دا کە (زریان)ی کوڕم تەمەنی تەنها یەک ساڵ بوو، دوای هەشت ڕۆژ دابڕان و ئاوارەبوون بە شاخ و داخەوە، کاتێ لە سەر مەرز و لە ناو تۆفان و لە ژێر خێمەدا، بە خێزان و کەسوکار شاد بوومەوە، لە بری ئەوەی شەوی یەکەم، من (زریان) لە باوەشی خۆمدا بخەوێنم، دایکم منی لە باوەشی خۆیدا خەواند. ئەو شەوە زۆر بە قووڵیی هەستم کرد مرۆڤ با گەورەیش بووبێت و منداڵیشی هەبێت، لە ڕووی پێیوسیتییەوە بۆ دایک و بۆ ئەو هەستە شیرین و دڵنشینەی کە دایک پێی دەبەخشێت، هەر منداڵە. هەروەها هەستم کرد هەستی دایکایەتی زۆر لە هەستی باوکایەتی بە تینترە. ئێستا کە (٢٤) ساڵ بە سەر ئەو ڕووداوەدا تێپەڕیووە، گەرمتر هەست دەکەم مرۆڤ چەند پێویستی بە سۆزی دایک هەیە. ئەو هەستەی دایک بە مرۆڤی دەبەخشێت ئەوەندە شیرین و دڵنشینە کە حەیفە مرۆڤ یەک دایکی هەبێت. هەر لەو ڕوانگەیەوە کە

مـرۆڤ پێـی حەیفـە یـەك دایكـی هـەبێت، دوور نییـە لـە ژیـانی زۆربەمانـدا كەسانی دیكە هەبن كە تیایاندا بە دوای وێنەیەكی دیكەی دایكدا بگەڕێین. بـەڵام ئـاخۆ ئـەو كەسـە مەزنانـەی دەتـوانن وامـان لـێ بكـەن بـە دایكـی خۆمانیان بزانین كێن؟ بۆ من، مامۆستا زەكیە (زەكیە ڕەشید محەمەد) كە یەكێكـە لـە ژنـە دڵگـەورە و میهرەبانـەكانی سلێمانی، ئـەو كەسـەیە كـە زۆر زوو هەستی دایكایەتی پێ بەخشیم. خۆش ئەوە بوو ئـەم ژنـە دڵگـەورە و میهرەبانەم لە ڕێی كتێبـەوە ناسی. ڕۆژێكیـان ئـەم مامۆستا ئازیزە هـات بۆ (بەڕێوەبـەرێتی چـاپ و بڵاوكردنـەوەی سـلێمانی) و داوای كـرد كتێبـی (بزوتنــەوە كچـانی كـورد)ی بـۆ چـاپ بكرێـت. دوای ئــەوەی لیژنــەی هەڵسەنگاندن كتێبەكەی پەسەند كرد، كتێبەكە چاپ كرا و پەیوەندییەكی گەرمی دایك و كوڕانەی لە نێوانی من و ئەم ژنە میهرەبانەدا دروست كرد. لەو كاتەوە پەیوەندیی مـن و ئـەم دایكە ئازیزە تا دێت گەرمتر و شیرینتر دەبێت و خۆشبەختانە هەمیشەیش كتێب و نووسین ڕایەڵەیەكی سەرەكیی پەیوەندییەكەمانە. چەند خۆشە دایكی یەكەمم بە شیر و دایكی دووەمم بە كتێب ژیانی گەرم كردمەوە! چەند خۆشە ئەو ژیانەی شیر و كتێب گەرمی دەكەنەوە!

## کلتوری شار، کلتوری گوند

**نـه کلتـوری شار دەتوانێت وەك پێویست لـە گونـددا بـژی و گەشـە بکـات، نـە کلتـوری گونـدیش دەتوانێت وەك پێویست لە شاردا بژی و گەشە بکات.**

هـەر یـەك لـە کلتـوری شـار و گونـد، لـە شـوێنی خۆیانـدا مانـای خۆیـان هەیـە، بـەڵام کـە لـە شـوێنی خۆیـان هـەڵ دەکەنـدرێن ماناکانیـان لـە دەسـت دەدەن. نـە کلتـوری شـار دەتوانێـت وەك پێویسـت لـە گونددا بژی و گەشـە بکات، نە کلتوری گوندیش دەتوانێت وەك پێویست لە شاردا بژی و گەشە بکات. ئەو دوو کلتورە لە دوو درەخت دەچن کە لە خاکی خۆیاندا نەبێت نـاژین. بێگومـان مـن مەبەسـتم ئـەوە نییـە بڵـێم هـیچ خـاڵێکی هاوبـەش لـە نێـوانی ئـەو دوو کلتـورەدا نییـە. بـە دڵنیاییـەوە خـاڵی هاوبەشـیان هەیـە و دەیشـتوانن کـەڵك لـە یـەکتری وەربگـرن، بـەڵام نـاتوانن جێـی یـەکتری بگرنـەوە. بۆ نمونـە: لـە گونددا، کاتێ کەسێك لـە دەرگـای ماڵێـك دەدات و دەڵێن کێیە؟ لە بری ئەوەی ناوی خۆی بڵێت، تەنها دەڵێت خۆمانین. ئەوە بۆ گونـد ئاسـاییە، چـونکە هـەموان دەنگـی یـەکتری دەناسـنەوە. بـەڵام لـە شـاردا ئـەوە بێمانایـە. هـەروەها وەك (ئـەمیل سـیوران) دەڵێـت: ((وشـەی

هاوسێ لە شارە گەورەکاندا هیچ مانایەکی نییە. ئەم وشەیە شیاوی ژیاری گوندیی بوو کە خەڵکی لە نزیکەوە یەکتریان ناسیبوو و دەیانتوانی لە ئاشتی و ئارامییدا یەکتریان خۆشبوێت)). نوکتەیەك هەیە دەتوانێت لەم ڕووەوە یارمەتیمان بدات. دەڵێن: ((کوڕە کوردێك لە یەکێك لە شارەکانی کوردستان، برادەرێکی تارانیی، لەگەڵ خۆی دەباتەوە بۆماڵەوە. باوکی کوڕە کوردەکە لە تارانییەکە دەپرسێك کوڕم خەڵکی کوێی؟ دەڵێت: خەڵکی تارانم. ئەویش بە سەرسوڕمانەوە دەڵێت کوڕی کێی لە تاران وا من ناتناسم؟)). ئەو نمونانەم بۆ ئەوە هێنایەوە بڵێم: ڕاستە ئێستا ئێمە، کەم و زۆر دیزاینی شارەکانمان دەگۆڕین و گەورە و فراوانیان دەکەینەوە و زۆر سیمای شارییانەیان لە دەرەوە بۆ هاوردە دەکەین، بەڵام بە داخەوە، ناتوانین دەستبەرداری کلتووری گوندییمان بین و لە بری ئەوان خۆمان فێری کلتوری شاریی بکەین. ئەوە کلتوری گوندییە کە وامان لێ دەکات لە دەرگا بدەین و خۆمان نەناسێنین. تەلەفۆن بکەین و ناوی خۆمان نەڵێین. جۆرە چاوەڕوانییەکمان لە هاوسێکانمان هەبێت، کە نابێت بمانبێت. هەر ئەو کلتورەیە وامان لێ دەکات وا بزانین دەبێت هەموو کەسێك بناسین. ئاخۆ ئێستا شارەکانی ئێمە زیاتر لە شار دەچن، یان گوندی گەورە گەورە؟

## پارە و کەرامەت

**مەرگەساتی پارە لەوەدایە کە نەبوونی پشتی مرۆڤ دەشکێنێت، بەڵام هەبوونی بەختەوەری ناکات.**

پارە یەکێك لە ئامرازە زۆر گرنگ و کاریگەرەکانە لە ژیانی مرۆڤدا، کە دەتوانێت زۆر کارئاسانی بۆ بکات. بە بڕوای من گەورەترین مەرگەساتی پارە لەوەدایە کە نەبوونی پشتی مرۆڤ دەشکێنێت، بەڵام هەبوونی بەختەوەری ناکات. دەگێڕنەوە: ((پاشایەك نەخۆش دەکەوێت، هەرچی پزیشك دەهێننە سەری بێسوودە، دواجار هۆشمەندێك دەڵێت: کراسی بەختەوەرترین کەسی لەبەر بکەن چاك دەبێتەوە. زۆر دەگەڕێن و سوودی نابێت. ڕۆژێك کوڕی پاشا گوێی لێ دەبێت کەسێك لە کوخێکدا دەڵێت: ئۆخەی خوایە ئێستا من بەختەوەرترین کەسم لە دنیادا. دڵی خۆش دەبێت، دەڵێت دەرمانەکەی باوکم دۆزییەوە. کە دەچێتە ناو کوخەکەوە دەبینێت، پیاوێك پارچە پەڕۆیەکی لە خوار کەمەری ئاڵاندووە و لەسەر پشت ڕاکشاوە. لێی دەپرسێت: تۆ چۆن بەختەوەرترین کەسی لە دنیادا کە کراسێکت نییە لەبەری بکەیت؟ ئەویش دەڵێت: من لە ڕاو هاتوومەتەوە تێر سکی خۆم گۆشتم خواردووە)). ئەم حیکایەتە پێمان

دەڵێـــت: دەشـــێت پاشـــاکان بـــە دوای کراســـی خەڵکـــدا بگـــەڕێن و بێکراسەکانیش خۆیان بە پاشا بزانن. من وەکو خۆم هەرگیز پێم وانەبووە پارەدارەکان لە بێپارەکان بەختەوەرتر بن. ڕەنگە ئەمەیان زیاتر پەیوەندی بە خەونبینینیەوە هەبێت، کە پارەدارەکان کەمتر و بێپارەکان زۆرتر خەون دەبیـنن. (ئـەحلام موسـتەغانمی) دەڵێـت: ((پـارە بەختـەوەرمان ناکـات، ئـــەوەی بۆمـــان دەکـــات ئەوەیـــە بـــە ڕەفاهییەتـــەوە نەهامەتییـــەکانمان بگـوزەرێنین))، (ئاریـان ئەبوبـەکر)یـش لـە شـیعرێکدا دەڵێـت: ((زۆر جـار گیرفانەکانم پڕ بووە لە پارە و دڵم پڕ بووە لە حەسرەت/ زۆر جار دڵم پڕ بـووە لــە خۆشـی و گیرفـانم هــەر نــەبووە)). دواجـار جیـاوازیی نێـوان دەسـتپاك و دەستپیسـەکان ئـەوە نییـە دەستپیسـەکان حـەزیان لـە پـارە و دەسـتپاکەکان ڕقیـان لـە پـارە بێـت، دەشێت هەندێ جار دەسـتپاکەکان لـە دەستپیســەکان زیــاتر حــەزیان لــە پــارە بێــت، بــەڵام بــە مــەرج، لای دەستپاکەکان مەرجی حەزکردن لە پارە ئەوەیە سەربەرزیی لەگەڵدا بێت. دەستپاکەکان حەز لە پارە دەکەن بەڵام سەری بۆ شۆڕ ناکەن. ویژدان و کەرامـەتی خۆیـان ناخەنـە ژێـر پێڵاوەکانیـان بۆ پارە. لای دەسـتپاکەکانیش پارە گرنگە، ئەوانیش هـەوڵی بۆ دەدەن و لـە پێناویدا ماندوو دەبن، بەڵام جیـاوازی ئـەوان لەوەدایـە هــەرگیز لــە نێـوانی پـارە و کەرامەتـدا، پـارە هەڵنابژێرن.

## پەیوەندیی نێوان فریوخواردن و ڕابردوو

**ڕابردوو کێڵگەیەکی بەپیتە بۆ درۆی گەورە و دروستکردنی موعجیزات و حیکایەتگەلی فریودەر.**

زۆر جار لە خۆم پرسیوە: مرۆڤ بۆچی حەزی لە ڕابردووە؟ کورد بۆچی دەڵێت: ساڵ بە ساڵ خۆزگەم بە پار؟ بێگومان ئەوە، نە خۆی یەك هۆکاری هەیە و نە منیش هەموو جارەکان کە ئەو پرسیارەم لە خۆم کردووە، هەمان وەڵامم هەبووە. من پێشتر باسی ئەوەم کردووە کە مرۆڤ لە ئایندە دەترسێت، بۆیە حەزی لە ڕابردووە. هەروەها باسی ئەوەیشم کردووە کە (پاولۆ کۆیلۆ) پێی وایە: ((هیچ شتێك لە دنیادا، هی هیچ کەسێك نییە))، بەڵام من پێم وایە: ئەو بۆچوونەی (پاولۆ کۆیلۆ) بیرەوەرییەکان ناگرێتەوە. چونکە هەموو مرۆڤێك، بیرەوەرییەکانی هی خۆیەتی. مرۆڤ ئەگەر خۆیشی بیەوێت، هەر ناتوانێت لە بیرەوەرییەکانی هەڵبێت. بێگومان بیرەوەرییەکانیش لە ڕابردوودان، بۆیە یەکێك لە هۆکارەکانی حەزکردن لە ڕابردوو، پەیوەندیی بە بیرەوەرییەکانەوە هەیە. هەڵکشانی تەمەن و ترسان لە پیریی و کەنەفتبوونیش، هۆکارێکی تری ئەو خۆزگەیەیە کە مرۆڤ بۆ ڕابردوو دەیخوازێت. بە هەر حاڵ، ئەوەی

مەبەستمە لێرەدا زیاتر لە سەری بوەستم، ئەو پەیوەندییەیە کە لە نێوان فریوخـواردن و ڕابـردوودا هەیـە. مـرۆڤ تـا ڕادەیـەکی زۆر بوونـەوەرێکی فریوخۆرە. کێشـەی گـەورەی فریوخـواردنیش ئەوەیە، وەك (مـارك تۆین) دەڵێت: ((مرۆڤ، زۆر ئاسان فریو دەخوات، بەڵام زۆر گران بڕوا دەکات کە فریوی خواردووە)). بێگومان فریوخـواردنیش جۆراوجۆرە، من لێرەدا باسی دوو جۆریان دەکەم. جۆرێکیان ئەوەیە کە ئێمە لە لایەن کەسێك، یـان گروپێکـەوە، فریـو دەدرێـین. جۆرێکیشـیان ئەوەیـە خۆمـان، خۆمـان فریو دەدەین. ئێستا با بزانین ئەو پەیوەندییـەی لـە نێوان فریوخـواردن و ڕابــردوودا هەیــە، چۆنچــۆنییە؟ دەتــوانین لــە وەڵامــدا بڵێــین: ئــەو پەیوەندییــەیش، وەك فریوخواردنەکـە خـۆی، جۆراوجـۆرە، بـەڵام ئێمـە ئیشــمان بــە دوو جۆریانــە. جــۆری یەکــەم پەیوەنــدیی بــەوەوە هەیــە کــە (ڕابردوو کێڵگەیەکی بەپیتە بۆ درۆی گەورە و دروستکردنی موعجیزات و حیکایەتگەلی فریودەر). بەو هۆیەوە، خەڵك، بە کەڵکوەرگرتن لەو درۆ و مــوعجیزات و حیکایەتــە فریودەرانــە، فریومــان دەدەن و خۆیشــمان هاوکاریان دەبین. جۆری دووەمیش پەیوەندیی بەوەوە هەیە کە (ڕابردوو شـوێنێکی لـەبار و گونجـاوە بـۆ خۆجـوانکردن و خۆبەپاڵـەوانکردن). بـەو هۆیەیشـەوە، بـە کـەڵکوەرگرتن لـەو خۆجـوانکردن و خۆبەپاڵەوانکردنانـە، خۆمـان، خۆمـان فریـو دەدەیـن. دواجـار، بـە هـۆی سەرمەسـتبوونمان بـە خۆجــوانکردن و خۆبەپاڵــەوانکردن و درۆ و مــوعجیزات و حیکایەتــە فریودەرەکانەوە، حەزمان لە ڕابردوو دەبێت.

## مرۆڤ و بیرەوەریی

**مـــرۆڤ زۆر جـــار کارەکتەرێکـــە ماڵـــە ڕاســـتەقینەکەی، کـــە ناتوانێـــت دەســـتبەرداری بێـــت، بیرەوەرییەکانێتی.**

ماوەیەك بەر لە ئێستا، لە درامایەکدا، کە بە داخەوە بیرم نەماوە کام دراما بوو، یەکێك لە کاراکتەرەکان، سەبارەت بەوەی کە ناتوانێت دەستبەرداری ماڵە کۆنەکەی بێت، زۆر شتی وت. یەکێك لە شتەکان کە لە یادەوەریی مندا مایەوە، ئەم ڕستەیە بوو: ((من لەو ماڵەدا گەورە بووم، قاچم بەو سۆپایە سووتاوە)). لێرەدا دەوەستم، بەڵام دواتر دەگەڕێمەوە سەر ئەم ڕستەیە و ڕوونی دەکەمەوە بۆچی هێناومەتەوە. ماوەیەکە دوو چۆلەکە، لە ناو هەواکێشی ژووری میوانەکەماندا هێلانەیان درووست کردووە. چەند جارێك بەیانییان لە کاتی کازیوە و بولێڵدا هەستاوم و بینیومە ئەو دوو چۆلەکەیە، هەر دنیا ڕووناك دەبێتەوە و نابێت، وەك ئەوەی بیانەوێ لە زیندان هەڵبێن، لە هێلانەکەیان دەردەچن. زۆر جاریش لە ئێوارانداتێبینیم کردوون هەر بە حاڵ دنیا تاریك دەبێت و نابێت، ئەو دوو چۆلەکەیە وەك ئەوەی لە شەڕ و ماڵوێرانییەکی گەورە هەڵهاتبن،

دێنــەوە نــاو هێلانەکــەیان. جــا، لێــرەدا ڕســتەی نــاو دراماکــە و چــیرۆکی چۆلەکەکانم بۆ ئـەوە هێنایـەوە بڵـێم: مـرۆڤ زۆر جـار کارەکتەرێکـە ماڵـە ڕاســتەقینەکەی، کــە ناتوانێــت دەســتبەرداری بێــت، بیرەوەرییــەکانێتی. ئەوەی وای لێدەکات ئەو سۆپایەیشی خۆش بوێت کە قاچی سوتاندووە، کاریگـەریی یادەوەرییـە. هـەر ئـەو مرۆڤـە، زۆر جـاریش چۆلەکەیەکە ئـەو ماڵــەی بــەردەوام لێــی هەڵــدێت و بــەردەوامیش بــۆی دەگەڕێتــەوە، بیرەوەرییـەکانێتی. شـیعرێکی فۆلکلـۆریی هەیـە، دەڵێـت: ((هـەر جێیـەك دەچم هـەر دێمـە ئێرە/ یان یاری خۆمە یان زەینم کوێرە))، لـە ڕاستییدا ئەو (ئێرە)یە کە مرۆڤ بۆ هەر جێیەك دەڕوات هەر دەگەڕێتەوە بۆ لای، بیرەوەرییەکانێتی. دەمەوێت بڵێم: مرۆڤ دەتوانێت ماڵ و گوند و شار و نیشتمانەکەیشـی جێبهێڵێـت، بـەڵام ناتوانێـت بیرەوەرییـەکانی جێبهێڵێـت. بــەم مانایــە، مــاڵ و گونــد و شــار و نیشــتمانی ڕاســتەقینەی مــرۆڤ، بیرەوەرییەکانێتی. ئەگەر بمەوێت لەو مانایەیش زیاتر بڕۆم، دەتوانم بڵێم: مرۆڤ خۆیشی بریتییە لە بیرەوەرییەکانی. چۆن؟ دەکرێت مرۆڤ ماڵ و گوند و شار و نیشتمانەکەیشی لە دەست بدات و هەر خۆیشی بێت، یانی هەموو ئەوانە لـە دەست بدات، بەڵام خۆی لـە دەست نـەدات. بـەڵام کاتێ بیرەوەریـەکانی لــە دەســت دەدات، خۆیشــی لــە دەســت دەدات. مــرۆڤ ناتوانێت بەبێ بیرەوەرییەکانی، هەمان مرۆڤ بێت.

## مردن و نووسین

**زۆر جار، ناسراوترین نوسەرەکانی دنیا، دڵشکاوترین کەسەکانی دنیان.**

(نـەوال سـەعداوی) دەڵێـت: ((مـرۆڤ تاکـە گیانـدارە کـە بـەر لـەوەی بمرێت، دەمرێت))، بێگومان (نەوال) مەبەستی ئەوەیە کە مرۆڤ، بەر لە مردن، خەمی مردن دەخوات و لێی دەترسێت و بیری لێ دەکاتەوە. واتە مـرۆڤ، تاکـە گیانـدارە، کـە بـەر لـەوەی بمرێـت، مـردن ڕایدەچڵەکێنێت. ئەمـەیش، زیـاتر لـە ڕێـی مردنـی کەسـەکانی تـرەوە، بـە تایبـەت کەسـە نزیکـەکان، ڕوو دەدات. واتـە بـۆ مـرۆڤ، ئـەوەی لـە مردنـدا کارەسـاتی گەورەیـە، مردنـی خـۆی نییـە، چـونکە مردنـی خـۆی نابینێـت و ناتوانێـت ئەزموونی بکات، بەڵکو کارەسات، مردنی ئەو کەسانەیە کە بە جۆریک لە جۆرەکـان پەیوەنـدیی و پەیوەسـتبوونێکی پێیانـەوە هەیـە و لـە پـڕ، مـردن دێت و پەلاماریان دەدات و دەیانبات و بۆ هەتاهەتایی دەیانشارێتەوە. جا، من لێرەدا بە نیازم، ئەم خاڵە بۆ مەبەستێکی تر بەکار بهێنم. من دەمەوێت کارەساتی مردن و ڕاچڵەکاندنی زینـدووەکان، بە نووسینەوە ببەستمەوە. بە بڕوای من، وەکچۆن مردنی کەسێك، یان کەسانێك، لە ژیانی ڕۆژانەدا،

زۆر کەسی تر ڕادەچڵەکێنێت، لە ژیانی نووسین و ناو کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤار و ئامرازەکانی تریشدا، بە هەمان شێوە، ئازارەکانی نوسەر، خەڵك ڕادەچڵەکێنێت. وەکچۆن کەسێك، یان کەسانێك، بە مردنی خۆیان، خەڵکانێکی تر بە ئاگا دەهێننەوە و لەگەڵ پرسیارەکانی ژیان و مردندا ڕووبەڕوویان دەکەنەوە، نوسەرەکانیش بە ئازارەکانی خۆیان خەڵك بە ئاگا دەهێنینەوە و لەگەڵ پرسیارەکانی ژیان و مردندا ڕووبەڕوویان دەکەنەوە. بەم مانایە، نووسینی ڕاستەقینە جۆرێکە لە مردنی ڕاستەقینە.لە زۆربەی جارەکانیشدا، باشترین نوسەرەکانی دنیا، مەحرورومترین کەسەکانی دنیان. ناسراوترین نوسەرەکانی دنیا، دڵشکاوترین کەسەکانی دنیان. لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، نووسین جگە لە هەوڵدان بۆ دروستکردنەوەی دنیا لەناو وشە و فەنتازیادا، شتێکی تر نییە. ئەو کەسانەش کە دنیایان بە دڵە، پێویستییەکیان بە دروستکردنەوەی دنیا نییە. ئەوە، ئەو کەسانەن بیر لە دروستکردنەوەی دنیا دەکەنەوە، کە دنیا هیچی پێنەبەخشیوون. ئەوە، ئەوانەن هەوڵدەدەن دنیا دروستبکەنەوە کە هەست دەکەن دنیا ئەوانی لە بیرکردووە. نووسین، زۆر جار، لە هاواری کەسێك دەچێت کە هەست دەکات لە بیر کراوە، بۆ ئەوەیش کە بیر بکەوێتەوە، جگە لە هاوار شتێکی تر شك نابات. دەیەوێت بەو هاوارە، وەك مردنی ئەو کەسانەی، خەڵك ڕادەچڵەکێنن، خەڵك ڕابچڵەکێنێت.

## پیرۆزیی خێزان

**بە داخەوە، زۆرێك لە ژن و پیاوەکانی کۆمەڵگای کوردیی، لە بری ئەوەی یەکتری دڵخۆش بکەن، ڕۆژانە ژەهر دەرخواردی یەکتری دەدەن.**

((بەیانی بوو، ژن و پیاوێك، بوو بە شەڕیان، پیاوەکە بە توڕەییەوە ماڵی بەجێهێشت. عەسر هەستی بە بێتاقەتی کرد. وتی با تەلەفۆنێك بکەم، ئەگەر دۆخەکە باش بوو دەڕۆمەوە بۆ ماڵەوە، ئەگەر باش نەبوو دەچم بۆ ئوتێل. تەلەفۆنی کرد و لە ژنەکەی پرسی: بە نیازی بۆ ئێوارە چی ئامادە بکەیت؟ ژنەکەی وتی: بە نیازم ژەهر ئامادە بکەم. پیاوەکە وتی: کەواتە بەشی یەك نەفەر ئامادە بکە، من نایەمەوە)). بە داخەوە، زۆرێك لە ژن و پیاوەکانی کۆمەڵگای ئێمە، لە بری ئەوەی یەکتری دڵخۆش بکەن، ڕۆژانە ژەهر دەرخواردی یەکتری دەدەن. زۆرێك لە ماڵەکانی ئێمە، لە بری ئەوەی جێیەك بن بۆ حەوانەوە، جێیەکن بۆ سەرئێشەی زیاتر. پێموایە ئەمە، بەشێکی، بۆ دۆخی گشتیی ژیانی کوردەواریی دەگەڕێتەوە، کە بە شێوەیەکی نیمچە بەردەوام، دۆخێکی ئاڵۆز و پڕ لە نەهامەتیی و پڕ لە شەڕ و کوشتار وماڵوێرانیی بووە. ئەمەش بە جۆرێك توندوتیژیی لە ناو

مرۆڤەکاندا جێهێشتووە، کە بۆی هەیە لە هەر چرکەساتێکدا دەربکەوێت. بەشێکیشی پەیوەندیی بەو ڕوانینەوە هەیە کە تیایدا ژن و پیاوی ئێمە، خێزان بە پیرۆز دەزانن. ئەوەی زۆر سەیریشە ئەوەیە، لە کاتێکدا کە سەرچاوەی ئەو بە پیرۆززانینەی خێزان، لای ئێمە، بە پلەی یەکەم، بۆ ئاینی ئیسلام دەگەڕێتەوە و ئیسلامیش جیابوونەوە و هەڵوەشاندنەوەی خێزانی حەڵاڵ کردووە، (بێگومان حەڵاڵێکی ناچاریی)، کەچی زۆرێك لە خەڵکی ئێمە، جیابوونەوە و هەڵوەشاندنەوەی خێزان بە حەرام و تەنانەت بە تاوانیش دەزانن. ئەوەیش هۆکارێکە بۆ ئەوەی، ئەگەر ژن و پیاوێك سەرکەوتوو نەبوون و نەیشیانتوانی جیا ببنەوە، ئیتر ژەهر دەرخواردی یەکتری بدەن. بێگومان من بانگەشە بۆ هەڵوەشاندنەوەی خێزان ناکەم، بەڵکو خۆزگە دەخوازم هەر کاتێك، هەر خێزانێك، بە کردەوە هەڵوەشایەوە و ڕۆژانە ژن و پیاوی ئەو خێزانە ژەهریان دەرخواردی یەکتری دا، ئەو ژن و پیاوە، ئازایەتی ئەوەیان تێدابێت، بە ڕێز و حورمەتەوە، دان بەو جیابوونەوە و هەڵوەشانەوەیەدا بنێن و بیر لە ژیانێکی نوێ و ناژەهراویی بکەنەوە. کورت و پوخت، ئەوەی دەمەوێت بیڵێم، ئەمەیە: ئەگەر بە ڕاستی بڕوامان بە پیرۆزیی خێزان هەیە، با ئەو پیرۆزییە بپارێزین، نەك بە بیانووی ئەو پیرۆزییەوە، ڕۆژانە ژەهر دەرخواردی یەکتری بدەین.

## ئەو دەرمانانەی دەبن بە دەرد

**بۆ ئەوەی ژیانمان بە جوانی دیزاین بکەین، دەبێت سەرەتا دیزاینەرێکی باشی خۆمان بین.**

هەندێك ڕستە هەن، لە چەند وشەیەکی سادە و ساکار پێك دێن، بەڵام کاتێ لێیان ورد دەبیتەوە، بۆت دەردەکەوێت لە نێو ئەو وشە سادە و ساکارانەدا، وانە و پەندی گرنگ، چڕ کراونەتەوە. با، بۆ نموونە سەرنجێکی ئەم ڕستەیە بدەین: ((هەموو شتێك دەرمانە، کە لە ئاستی خۆی زیاترت لێ بە کار هێنا، دەبێت بە دەرد)). جارێ دەچمە لای وتەیەکی (سلۆتەر دایك)، کە چەند ساڵێك بەر لە ئێستا لە نووسینێکی (بەکر عەلی)دا، خوێندوومەتەوە و لە بۆنەیەکی تریشدا بە جۆرێکی تر، بە کارم هێناوە. پاشان دەگەڕێمەوە لای ئەو ڕستەیەی سەرەوە و لەگەڵ وتەکەی (سلۆتەر دایك)دا پێکیانەوە گرێ دەدەم. (سلۆتەر دایك) دەڵێت: ((هەموو مرۆڤێك خۆی دیزاینەری خۆیەتی)). جا، بۆ ئەوەی دیزاینەرێکی باشی خۆمان بین، ئەو ڕستەیە، کە لە چەند وشەیەکی سادە و ساکار پێك هاتووە، دەتوانێت یارمەتیدەرێکی باش بێت بۆمان. لە ڕاستییدا ئەو ڕستەیە، تەنها ڕستەیەك نییە، بەڵکو جگە لەوەی بۆ زۆر بواری ژیانی

مرۆڤ ماناى خۆى هەيە، هەر لە بوارى خواردنيشدا، ديسان لە ڕستەيەك زياترە. ئەو چەند وشەيە چڕكراوەى ڕێژيم و سيستمێكى ناوازەى خواردنن. من بۆ خۆم يەكێكم لەو كەسانەى كە بڕوايان وايە ژيان دەرفەتێكى كاتييە لە بەردەمى مرۆڤدا و بە خێرايى بەرەو خاڵى كۆتايى دەچێت. لەبەر ئەوە پێم وايە دەبێت هەوڵ بدەين زۆرترين كەڵك لەم دەرفەتە وەربگرين. پێويستە ژيانمان جوان بكەين و خۆمان جوان بكەين و هەرگيز ڕێ نەدەين كاتە زێڕينەكانى تەمەنمان بێدەربەستانە و بە بێهوودەيى تێبپەڕن. بۆ گەيشتن بە ئامانجێكى لەم جۆرەيش پێويستمان بە هەوڵدانى فرەلايەن دەبێت، كە بێگومان يەكێك لەو لايەنانە، مەسەلەى خواردن و سيستمى خواردنە. يانى، بۆ ئەوەى ژيانمان بە جوانى ديزاين بكەين، دەبێت سەرەتا ديزاينەرێكى باشى خۆمان بين. واتە ڕێكخستنەوەى خۆمان، سەرەتا و بناغەيەكى گرنگى ڕێكخستنەوەى ژيانيشمانە. با جارێكى تر لە ڕستەكە ورد بينەوە: ((هەموو شتێك دەرمانە، كە لە ئاستى خۆى زياترت لێ بە كار هێنا، دەبێت بە دەرد))، جا، بۆ ئەوەى ژيانى خۆمان پڕ لە دەرد نەكەين، دەبێت هەميشە ئاگامان لەو ئاستە بێت كە تيايدا دەرمانەكانمان دەبن بە دەرد.

## حوجرەکەی نالی و هەرێمی کوردستان

**ئاخۆ (هەرێمی کوردستان) هەندێ جار لە تەونی جاڵجاڵۆکەیەك ناچێت کە لەگەڵ ڕۆڵەکانی خۆیدا توندوتۆڵ و لەگەڵ خەڵکدا شلوشاوە؟**

(نالی) شیعرێکی جوانی هەیە، کە تیایدا زۆر بە وردیی، وەسفی پەرپووتیی و وێرانەیی حوجرەکەی خۆی دەکات. ئەمە یەکێك لە شادێڕەکانی ئەو شیعرەیە: ((ئاسمان هەورین دەبێ، ئێمەش بە غەمگینی دەڵێین/ ئەی خودا چ بکەین لە ژێر ئەم کاولەی کەس تیا نەماو)). تا ئێستا چەند جارێك ئەو شیعرەم خوێندۆتەوە و بە سەرییدا تێپەڕیووم، بەڵام نازانم بۆ؟ ئەم جارە، کاتێ خوێندمەوە، لەگەڵ بارودۆخی ئێستای (هەرێمی کوردستان)دا بەراوردم کرد. سەیر ئەوە بوو زۆر لە یەك دەچوون. لە هەندێ شوێندا هەستم دەکرد (نالی) باسی بارودۆخی ئێستای ئەم (هەرێم)ە دەکات. با بزانین چۆن؟ یەکەمین شت: (نالی) حوجرەکەی خۆی، بە (قەفەس) دەچوێنێت. ئایا ئێستا (هەرێم) لە (حوجرە) و لە (قەفەس)یش ناچێت؟ دووەمین شت: بان و دیواری حوجرەکەی بە (لانکەی ئەجزا شکاو) وەسف دەکات، ئاخۆ ئێستا

(هەرێم) لە (لانكەی ئەجزا شكاو) ناچێت؟ لە دوو شوێنی جیاوازی ئەو شیعرەدا (چواندن بە تەونی جاڵجۆڵەكە) هەیە. لە پێشدا خودی حوجرەكە بە تەونی جاڵجاڵۆكەیەك چوێنراوە كە بە زۆر (نالی) گرتۆتە ناو. پاشان پەنجەرەی حوجرەكە بە تەونی جاڵجاڵۆكەیەك چوێنراوە، كە تەنانەت (مێش)یشی بۆ ناگەڕێنرێتەوە. ئاخۆ (هەرێمی كوردستان)یش هەندێ جار لە تەونی جاڵجاڵۆكەیەك ناچێت كە لەگەڵ ڕۆڵەكانی خۆیدا توندوتۆڵ و لەگەڵ خەڵكدا شلوشاوە؟ لەو حوجرەیەدا، شەوان، لە بەر (قرژاڵ و بۆق و ژاوەژاو) خەو نامێنێت. ئاخۆ بڕوا دەكرێت ژاوەژاوی قرژاڵ و بۆقەكانی ئەو كاتەی ئەو حوجرەیە، ئەوەندەی ژاوەژاوی (قرژاڵ و بۆق)ەكانی ئێستای ئەم (هەرێم)ە خەوزڕێن بووبێتن؟ حوجرەكەی (نالی)، كە (كاولەی كەس تیانەماو)ە، هاوین دەبێت بە جەهەنەم و زستانیش دەبێت بە زەمهەریر، تەنانەت لە زستاندا (سەرما) سەرمای دەبێت. لەو حوجرەیەدا، كاتی بارینی تەرزە، (شوشەی دڵ) و (سەر)ی خاوەنحوجرە دەشكێت، چونكە هیچی پێوە نییە بەر لە تەرزەكە بگرێت. خاوەنی ئەو حوجرەیە كە (نالی)ە، خۆی بە (ماڵ بڕاو) و (ماڵ براو) دەزانێت. وەزعی حەمل لەو حوجرەیەدا، كە خۆی دەبێت لە بەهاردا كۆتایی پێبێت، دەكەوێتە پایز، بۆیە ئەوەی دەبێت (نابەكام) و (ناتەواو) دەردەچێت. ئەرێ بە ڕاست (نالی) باسی حوجرەكەی ئەو كاتەی خۆی دەكات، یان باسی ئێستای (هەرێمی كوردستان) دەكات؟

# لە نێوانی هەڵەبجە و کۆبانییدا

**لە هەڵەبجەدا، کورد لە سەر شانۆی جیهان دادەگیرێت و لە کۆبانیدا دێتەوە سەر شانۆکە.**

لە ڕاستییدا، هەڵەبجە و کۆبانی دوو شار نین، زۆر لەوە گەورەترن، زۆر لەوە پڕ مانا و پڕ دەلالەتترن. دیارترین خاڵی هاوبەشی نێوان ئەو دوو شارە، ئەو خەونەیە کە لە هەناوی هەردووکیاندا هەیە، خەونی گەیشتنەوە بە دنیا و بە مێژوو. هەڵەبجە و کۆبانی چی دەگێڕنەوە؟ چییان لە ناو داروپەردووی خۆیاندا هەڵگرتووە؟ ئەوەی هەڵیان گرتووە و دەیانەوێت بۆ دنیای بگێڕنەوە حیکایەتی نەتەوەیەکە، کە دوژمنەکانی سەدان ڕێگای جیاجیایان تاقی کردۆتەوە بۆ ئەوەی ئەو نەتەوەیە لە دنیا و لە مێژوو دەربکەن، بەڵام نەیانتوانیوە. حیکایەتی ئەو دوو شارە لە دوو سەدەی جیاوازدا ڕوو دەدات. دوو سەدە کە لە یەکەمیاندا کورد لە سەر شانۆی دنیا دادەگیرێت و لە دووەمیاندا دێتەوە سەر شانۆکە. لە یەکەمیاندا کورد پەرت دەکرێت و لە دووەمیاندا، ئەگەرچی بە شێوەیەکی ڕەمزییش بێت، یەك دەگرێتەوە. ئەوە کە پێشمەرگە لە باشوورەوە و بە ناو خاکی باکوردا دەگات بە ڕۆژئاوا و لە باکور و ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتیشەوە گەریلا و

پێشمەرگە دەگەن بە کەرکوك، یەکگرتنەوە نەبێت چییە؟ لە هەڵەبجەدا، وەك ڕەفیق سابیر ئاماژەی بۆ دەکات: ئێمە دەکوژرێین و ئەوەی خۆمانی پێ دادەپۆشین ڕووتێتی و لەپی دەستمان و گەڵاکانن. وەلێ لە کۆبانییدا، ئەوەی دامان دەپۆشێت و دەمان پارێزێت، بڕوای پۆڵایین و ئازایەتی بێوێنەی کچ و کوڕە ئازا و ئەفسانەخوڵقێنەکانمانە. لە هەڵەبجەدا ئەوەی دەمانخاتەوە بەر دەمی دنیا مەرگمانە. بەڵام لە کۆبانییدا ئەوەی هەمان کارمان بۆ دەکات سەرکەوتمانە بە سەر مەرگدا. لە نێوانی هەڵەبجە و کۆبانییدا دوورایییەك هەیە کە پێمان دەڵێت: ئێمە لە کوێوە بە کوێ گەیشتووین. کۆبانی دوای مەرگی هەڵەبجە، دێت بۆ ئەوەی بە دنیا بڵێت ئێمە دەتوانین هەڵسینەوە و لە سەر پێی خۆمان بوەستین. ئەوەی لە کۆبانی ڕووی داوە هەر بە تەنها مەرگی دوژمن نییە، لە دایکبوونەوەی خۆیشمانە. دواجار کۆبانی دوو جۆر قوربانی لەبیرکراو دەهێنێتەوە بەر چاوی دنیا: یەکەم، کورد وەك نەتەوە. دووەم، ژن وەك بەشێك لە کۆمەڵگا. کۆبانی بۆ دنیای دەسەلمێنێت: ئەم دوو قوربانییە لەبیرکراوە دەتوانن مەرگ ببەزێنن و بگەنەوە بەو ژیانە شەرافەتمەندەی کە لێیان زەوت کراوە.

## پێشمەرگە و ئاڵا و بەهاری دزراو

**پێویستە وەك چۆن لە بەردەم ئاڵای کوردستاندا دەستلەسەرسنگ ڕادەوەستین، بە هەمان شێوە لە بەردەم پێشمەرگە و ناوی پێشمەرگەیشدا دەستلەسەرسنگ ڕابوەستین.**

ئێستا کە بەشێکی زۆر لە خاکی دزراوی کوردستان گەڕاوەتەوە ژێر دەستی کورد، پێویستە بە هیچ بیانوویەك و بە هیچ ناوێکەوە لە گەورەیی ئەم دەستکەوتە نیشتمانیی و نەتەوەییە کەم نەکرێتەوە. گەڕانەوەی ئەو خاکە دزراوە، کە بە کەڵکوەرگرتن لە ناوی کارێکی هونەریی سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردووی شاری کەرکوك، ناوی (بەهاری دزراو)ی لێدەنێم، تەنها دەرفەتی گەڕانەوەی بەشێکی زۆر لە خاکی دزراومان نییە، دەرفەتی کۆکردنەوە و باوەشبەیەکداکردنی هەموویشمانە. ئەمە ئەو دەرفەتە مێژووییە مەزنەیە کە دەکرێت دوای ساڵەهای ساڵ لە دابڕان و پەرتبوونی جۆراوجۆر، هەر هەموومان، بە هەموو ڕەنگەکان و هەموو بیروباوەڕ و بۆچوونە جیاوازەکانەوە، لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە. لە ئێستادا ئەوەی دەبێت کورد لە هەموو شتێك زیاتر چاوی لەسەر بێت و بە تەواوی بوونی خۆیەوە ئاگاداریی بکات، یەکڕیزیی و یەکهەڵویستیی و

یەکدڵیی و یەکگیانییە. لە ئێستادا زیاتر لە هەر کاتێك پێویستمان بە تەرکیزخستنەسەر ئەو ڕەمزە گرنگانەیە کە دەتوانن لە یەکڕیزیی و یەکهەڵوێستیی و یەکدڵیی و یەکگیانییدا یارمەتیمان بدەن. ئەو ڕەمزانەی دەتوانن لەم ڕووەوە یارمەتیمان بدەن کەم نین. من لێرەدا بە تایبەت دووان لەو ڕەمزانەم مەبەستە کە زۆریش پەیوەستن بە یەکەوە. ڕەمزی یەکەم (ئاڵای کوردستان) و ڕەمزی دووەمیش (پێشمەرگەی کوردستان)ە. ئەم دوو ڕەمزە دەتوانن هەموومان لە دەوری خۆیان کۆبکەنەوە. (جاکسۆن براون) لە کتێبی (ئامۆژگارییە سادەکانی ژیان)دا، کە بڕێك ئامۆژگاریی ڕۆژانەن و بۆ کوڕەکەی خۆی نوسیووە، لە جێیەکدا شتێکی لەم بابەتە دەڵێت: ((لە هەر شوێنێك ئاڵای وڵاتەکەتت بینی دەستت بخەرە سەر سنگت و ڕابوەستە)). پێویستە ئێمەی کورد وەك چۆن لە بەردەم ئاڵای کوردستاندا دەستلەسەرسنگ ڕادەوەستین، بە هەمان شێوە لە بەردەم پێشمەرگە و ناوی پێشمەرگەیشدا دەستلەسەرسنگ ڕابوەستین. ئەگەر ئەم ئاڵایەی دووەممان نەبێت ئاڵای یەکەمیشمان نابێت. ئەوەی ئاڵای یەکەممان دەپارێزێت، ئەم ئاڵایەی دووەممانە کە ناوی پێشمەرگەیە. ئاڵای یەکەممان کە ڕەمزی خاك و ئاو و زمان و ناسنامە و کەرامەتمانە، لە لایەن ئاڵای دووەممانەوە دەپارێزرێت، کە پێشمەرگەیە. ئێستا ئەو چرکەساتە مێژووییەیە کە پێویستە کەسمان لە بیرمان نەچێت: پێشمەرگە و ئاڵا و بەهارە دزراوەکەمان، زۆر زۆر لە جیاوازییەکانمان گەورەترن.

# کوردستان و داغستان

**مـن دژی ڕەخنـە نـیم، دژی گاڵتـەپێکردنم. دژی ڕووبەڕووبوونـەوەی ناشـیرینیەکان نـیم، دژی ڕاکردنم. دژی دەستخستنەسەر برینەکان نیم، دژی خۆبێبەرییکردنم.**

هاوڕێیەك، کە ماوەیەکە لە یەکێك لە وڵاتە پێشکەوتووەکانی ئەورووپا دەژی، لـەو ڕۆژانـەی ڕابـردوودا، بـە سـەردان گـەڕابۆوە کوردسـتان، لـە دانیشــتن و کۆبوونەوەیــەکی بچــکۆلانەی چــەند هاوڕێییــدا، زۆر شــتی جۆراوجـۆری بـاس کـرد. ئـەوەی سـەیر و سـەرنجڕاکێش بـوو، لـە نـاو قسـەکانییدا، بـە جـۆرە شـانازییەکەوە باسـی پێشـکەوتوویی ڕۆژئـاوا و بـە جۆرە گاڵتەپێکردنێکیشەوە باسی دواکەوتوویی کوردستانی دەکرد، ئەگەر یەکێك نەیزانیایە ئێمە و ئەو هاوڕێیە، هەردوولامان خەڵکی یەك وڵاتین، وایـدەزانی ڕۆژئـاوا لـە سـەر دەسـتی ئـەو هاوڕێیـە پـێش کـەوتووە و کوردســـتانیش ئێمـــە دوامـــان خســـتووە. کاتێـــك ئـــەو هاوڕێیـــە بـــە گاڵتەپێکردنەوە باسی وڵاتێکی دەکرد، کە منداڵێتیی خۆی، مێژووی، دایك و بـاوك و کەسوکاری، مامۆسـتاکانی، هاوڕێکانی، زمـانی، وان لـە نـاو ئـەو وڵاتـەدا، مـن (وەفـایی) شـاعیرم بیر کـەوتبۆوە. لـە دڵـی خۆمـدا دەمـووت:

ئـاخۆ (وەفـایی) لـە داخـی چ مرۆڤگـەلێك، ئـەو نازنـاوەی بـۆ خـۆی هەڵبـژاردبێت؟ کاتێـك ئـەو هاوڕێیـە بـەو شـێوازە، بـەراووردی ڕۆژئـاوا و کوردسـتانی دەکـرد، مـن (ڕەسـوڵ هـەمزاتۆف)م بیـر کـەوتبۆوە. لـە دڵـی خۆمـدا دەمـووت: ئـاخۆ نهێنـی ئـەوەی (هـەمزاتۆف) بـەو عەشـق و خۆشەویسـتییە زۆرەوە، باسـی وڵاتـە بچـکۆلانە و چـەپەك و پەراوێزخراوەکـەی خـۆی کـردووە و ئـەم هاوڕێیـەیش بـەم گاڵتەپێکردنـەوە باسی وڵاتەکـەی خـۆی دەکـات، چییە؟ بێگومـان مـن دەمزانـی ئـەو هاوڕێیـە (هـەمزاتۆف) نییـە، دەیشـمزانی ناکرێـت لەگـەڵ (هـەمزاتۆف)دا بـەراوورد بکرێت، ئەوەی کە نەمدەزانی نهێنـی ئـەو چێژە گەورەیە بـوو، (مەبەسـتم چێژی باسکردنی وڵاتـە)، کـە ئـەو هاوڕێیـە و (هـەمزاتۆف)ی پێکـەوە کـۆ دەکـردەوە. بێگومـان کۆکردنەوەیـەك بـە دوو ئاراسـتەی تـەواو پێچـەوانە و جیاواز. کاتێك بیـرم لـە (هـەمزاتۆف) دەکردەوە بە چ شـەوق و زەوقێکـەوە باسی جوانییـەکانی (داغسـتان)ی کـردووە و ئـەم هاوڕێیـەیش بـە چ حـەز و ئارەزوویەکـەوە باسـی ناشـیرینییەکانی (کوردسـتان) دەکـات، هەسـتم بـە سـەرەگێژە دەکـرد. بێگومـان، مـن دژی ڕەخنـە نیـیم، بـەڵام دژی گاڵتەپێکردنم. دژی ڕووبەڕووبوونەوەی ناشیرینیەکان نیم، دژی ڕاکردنم. دژی دەستخستنەسەر برینەکان نیم، دژی خۆبێبەرییکردنم. بە هەر حاڵ، پرسیاری گرنگ ئەمەیە: ئاخۆ ئەگەر هەر یەکێك لەو خەڵکانەی ئێمە، کە لە وڵاتە پێشکەوتووەکان دەژین، لە بری گاڵتەکردن بە وڵاتی خۆیان، تەنها یەك شتی باش فێر بوونایە و بیانهێنایەتەوە بۆ وڵاتەکەی خۆیان، ئێستا ئێمە لە دۆخێکی تردا نەدەبووین؟

## پەرلەمان و دیوەخان و دەوڵەت

**سەیرە، لە بری ئەوەی (باڵ)ێك بۆ خۆمان دروست بکەین کە نیمانە، ئەو (باڵ)ەیش دەشکێنین کە هەمانە.**

دەڵێن: ((هەندێك لە پیرەمێردەکانی شاری هەولێر، ئەگەر پرسیاری شوێنێکیان لێ بکەیت لە پەرلەمانەوە نزیك بێت، ناڵێن لە کن پەرلەمانییە، دەڵێن لە کن چایخانەی بایزییە)). واتە ئەو پیرەمێردانە چایخانەی بایزیان لە پەرلەمان پێ گرنگترە. ئەمەیش، ڕاستە بە دیوێکدا جێی جۆرێك لە سەرسوڕمانە، بەڵام بە دیوێکی تردا ئاساییە. ئەی ئەوە نییە چایخانەکان کراوەن و پەرلەمان داخراوە؟ ئەم ڕوانینە بۆ پەرلەمان ڕەگی هەیە و ڕەگەکەیشی لە ناو کۆنەستی کوردەوارییدایە، کە کۆنەستێکە بە درێژایی سەدان ساڵ، بە هۆی بێدەوڵەتی و بێداموودەزگاییەوە، بەرکەوتنی قووڵ و ڕاستەقینەی لەگەڵ یاسادا نەبووە. ئەم کۆنەستە، دەیان و سەدان ساڵە، لە بری دەوڵەت، یاسا و ڕێساکانی لە عەشیرەت و خێڵ و بنەماڵەوە وەردەگرێت. دەیان و سەدان ساڵە لە بری پەرلەمان، دیوەخانی هەیە. تەنانەت، نەك هەر لە ڕابردوودا، ئێستایش، زۆرێك لە کێشەکانی خەڵك،

لەم هەرێمەی ئێمەدا، لە بری ئەوەی لە ڕێی یاساوە چارەسەر بکرێن، لە ڕێی سوڵحی عەشایەرییەوە چارەسەر دەکرێن. خۆ ئەگەر کێشەیەك لە ڕێی یاسایشەوە چارەسەر کرابێت، بەڵام بە سوڵحی عەشایەرییدا تێ نەپەڕیبێت، یان سوڵحی عەشایەریی بە دوادا نەهاتبێت، وەك ئەوە وایە هیچی بۆ نەکرابێت. واتە، تاکو ئێستایش بە لای بەشێك لە خەڵکانی ئێمەوە (دیوەخان) لە (پەرلەمان) گرنگترە. ئەی ئەوە نییە تا ئێستایش دیوەخانەکان کراوەن و پەرلەمان داخراوە؟ هەفتەی ڕابردوو، لە گەرمەی باسوخواسی ئەوەدا کە بۆچی کورد بۆ (کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی دژ بە داعش)، بانگهێشت نەکراوە؟ (ئەحمەدی مەلا) لە ئەکاونتی تایبەتی خۆی، لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووك، کۆمێنتێکی کورت، بەڵام جوانی نوسیبوو: ((ئەو کۆنفرانسە بۆ ئەو وڵاتانەیە کە پەرلەمانیان هەیە)). سەیرە، لە بری ئەوەی (باڵ)ێك بۆ خۆمان دروست بکەین کە نیمانە، ئەو (باڵ)ەیش دەشکێنین کە هەمانە. سەیرترە، بە (دەستی خۆمان) پەرلەمانمان لە کار خستووە و چاومان لە (دەستی خەڵك)ە، دەوڵەتمان بۆ دروست بکات. من بۆ خۆم لەو کەسانەم کە خەون بە دەوڵەتی کوردییەوە دەبینن، بەڵام هاوڕای (خەیام)یشم کە وتویەتی: ((پێویستە کەلاوەیەکت هەبێت، ئینجا خەو بە قەڵایەکەوە ببینیت)). بۆیە دەڵێم: تکایە وەرن با بچینەوە ئەو پەرلەمانەی کردوومانە بە کەلاوە، ئینجا خەو بە قەڵای دەوڵەتەوە ببینین.

## وانە و پەند و بەسەرهاتە گەورەکان

**بە داخەوە یەکێك لە کارەساتە گەورە و ئازاربەخشەکانی زۆرێك لە دەسەڵاتدارەکانی ئێمە، ئەوەیە وانە و پەند لە ئەنجام و بەسەرهاتە گەورەکان فێر نابن.**

ئەو کاتەی (سەدام حوسێن)ی سەرۆکی پێشووی عێراق لە سێدارە درا، برادەرێك لێی پرسیم: ((بە بڕوای تۆ ئەمە دەبێتە وانەیەکی گەورە بۆ ئەوانەی دوای (سەدام حوسێن) فەرمانڕەوایی لە عێراقدا دەکەن؟ کەس پەند لەم ڕووداوە گەورەیە وەردەگرێت؟)). وتم: ((بڕوا ناکەم))، وتی: ((بۆ؟))، وتم: ((چونکە ئەم ئەنجامە نەك بۆ خەڵك، بۆ (سەدام حوسێن) خۆیشی نەبوو بە پەند. ئەو خۆیشی وانەیەك لەم ئەنجامە فێر نەبوو. تا دواچرکەسات لەسەر هەڵە و تاوانەکانی خۆی سوور بوو. لە هیچ کام لە هەڵە و تاوانەکانی خۆی پەشیمان نەبۆوە و داوای لێبووردنی لە هیچ کەسێك نەکرد)). بە داخەوە یەکێك لە کارەساتە گەورە و ئازاربەخشەکانی زۆرێك لە سەرۆك و بڕیاربەدەست و دەسەڵاتدارەکانی ئەم ناوچەیەی ئێمە، ئەوەیە وانە و پەند لە ئەنجام و بەسەرهاتە گەورەکان فێر نابن. بە زنجیرە و بە دوای یەکدا هەڵەگەلێکیماڵوێرانکەر چەندبارە دەکەنەوە.

تەنانـەت، نـەك كـەڵك لـە هەڵـە و شكسـتی سـەركردەكانی بەرلـەخۆیان وەرنـاگرن، زۆرجـاریش وەك (تۆمـاس فریـدمان) دەڵێـت: ((لـەو منداڵانـە دەچن كە مامەڵەی خراپیان لەگەڵدا دەكرێت و لە دواییدا خۆیشیان دەبن بە باوكگەلێك كە مامەڵەی خراپ لەگەڵ منداڵەكانیاندا دەكەن)). ئەی ئەوە نییە نەهامەتیی و كارەساتەكان لەم ناوچەیەدا درێژەیان هەیە و بەردەوام شەڕ لە بەر دەرگاكانە و هەڕەشە لە مرۆڤەكان و لە خەونە خۆشەكانیان دەكات؟ سادەترین پرسیارێك مرۆڤ بیكات ئەوەیە: بۆچی شەڕ و كوشتن وماڵوێرانییەكانی ئەم ناوچەیە كۆتاییان نایە؟ بێگومان هۆكار زۆرن، بەڵام بە دڵنیاییەوە هۆكارێكی سەرەكیی ئەوەیە كە سەركردە و بڕیاربەدەست و دەسـەڵاتدارەكان وەك پێویسـت كـەڵك لـە وانـە و پەنـد و بەسـەرهاتە گـەورەكان وەرنـاگرن. ئەگـەر كـەڵكیان لـە وانـە و پەنـد و بەسـەرهاتە گـەورەكانی پـێش خۆیـان وەربگرتایـە زۆر دەمێـك بـوو چـیرۆكی شـەڕ و كوشتن و ماڵوێرانی كۆتایی هاتبوو، یان هیچ نەبێت زۆر دەمێك بوو كەم بووبۆوە. جیـاوازیی هـەرە گـەورە و بنـەڕەتیی و جەوهـەرییش لـە نێـوانی ئێمە و زۆرێك لە ناوچەكانی دیكەی دنیادا ئەوەیە كە ئەوان كەڵك لە وانە و پەنـد و بەسـەرهاتە گـەورەكان وەردەگـرن و نـاهێڵن كارەسـات و ماڵوێرانییـەكان بـە زنجیـرە و بـە دوای یەكدا درێژ ببنـەوە، بـەڵام ئێمـە ئـەو كارە ناكەین.

## (محەمەد ڕەزا شا) و (شا)كانى ديكە

**(شا)كان ناچار نيين ڕاوێژ بە كەس بكەن.**

(گفتوگۆ لەگەڵ مێژوودا) كتێبە بەناوبانگەكەی (ئۆريانا فالاچی)م بە دەستەيەوە، كە (مستەفا زاهيدی) كردوويەتی بە كوردیی و (ناوەندی ڕۆشنگەری چاودێر) لە ساڵی (٢٠١٥) چاپی كردووە. ديدارەكەی (محەمەد ڕەزا شا)ی ئێران دەخوێنمەوە. (شا)كانی وڵاتانی جيهانی سێيەم چەند سەيرن؟ هەزاران كەس تەرخان دەكەن بۆ ئەوەی نهێنييەكانی ژيانی (خەڵك)يان بۆ بگوازنەوە، كەچی دەبێت خەونەكانی خۆيان، هەر خەونی ئاسايی، ( وەك نهێنی وڵات سەير بكرێن- ل٥٥). (شا)كان: خاوەنی (هەستی قەلبی)ن، ئەو هەستە بەر لە ڕوداوەكان ئاگاداريان دەكاتەوە كە چی ڕوو دەدات، ئەوان دەتوانن لە ڕێی ئەو هەستە قەلبييەوە ئەو كەسانە بدۆزنەوە و بيانكوژن كە بير لەوە دەكەنەوە ئازاری (شا)كان بدەن. با هێشتا ئازاريشييان نەدابن..! (شا)كان: هەستە قەلبييەكانيان پێيان دەڵێن تەقەتان لێ دەكرێت: (جوڵەيەك بكەن كە گوللە بەر دڵتان نەكەوێت-ل٥٥). بەڵام ئەو هەستانە سەيرن، بۆچی پێيان ناڵێن جوڵەيەك

بكەن کە ئەسڵەن گوللەیان بەر نەکەوێت؟ هەستە قەلبییەکانیان (سەر و سنگ) و (دڵ)یان لە یەك جیا دەکەنەوە، دڵیان دەپارێزن و سەر و سنگیان نا! (شا)کان: (ناچار نیین ڕاوێژ بە کەس بکەن-٦٠)، (شا)کان: (نایانەوێت کۆمۆنیستەکان ڕێگەپێدراو بن-ل٦٢)، (شا)کان: (بە -هێز- نەبێت ناتوانن ڕیفۆرم بکەن-ل٦١)، (شا)کان: (تەنها ئەو ٥٠٠ هەزار کەسە دەبینن کە پێشوازی گەرمیان لێدەکەن و سەیارەکانیان ٥ کیلۆمەتر دەخەنە سەر دەستیان-٦٠-٦١). (شا)کان: (تەنها ڕێ بەو حیزبانە دەدەن بچنە ناو پەرلەمانەوە کە مادەکانی دەستووری ئەوانیان قبوڵە-ل٦٢). (شا)کان: گاڵتە بە کەمینە و بە ژن و بە فێمێنیست دەکەن، بەڵام (ئۆریانا فالاچی)ش دڵنیا دەکەنەوە: (وڵاتەکانی ئەوان لە زۆر ڕووەوە لە وڵاتەکانی ئەوروپا، دیموکراتترن-٦٢). (شا)کان: (زۆر شتی زیاتریان لە سویدییەکان بە دەست هێناوە-ل٦٧). وڵاتی (شا)کان، با: (تەنها بیست و پێنج لە سەدی خەڵکەکەشیان خوێندەوارییان هەبێت-٦١)، هێشتاش (زۆر لە ئەوروپا پێشکەوتووترن-ل٦٧). (شا)کان: با ئامادەیش نەبن لەگەڵ خەڵکی وڵاتەکەی خۆیاندا دابنیشن، مادام لەگەڵ (ئۆریانا فالاچی)دا دادەنیشن، (ئەوە نیشانەی دیموکراسییە-ل٦٤). لای (شا)کان: (کۆمۆنیستەکان زیندانی سیاسی نین، ئەوان تاوانبارن-ل٦٥)، تەنها یاریکردنێك بە ناونیشانی ئەو خەڵکە و گۆڕینی ناونیشانەکەیان لە زیندانی سیاییەوە بۆ تاوانبار، هەموو مافێك بە (شا)کان دەبەخشێت کە هەرچۆنێکیان پێخۆش بێت، ئاوا مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن.

## براکوژیی

**لە ڕاستییدا هیچ پاکانەیەك بۆ براکوژیی نییە، (ئەگەر) بە تۆپزییش پاکانایەك دروست بکرێت، لە بەرامبەر ئەو پاکانەیەدا هەزاران هەزار پاکانە بۆ ئاشتیی و پێکەوەژیان و یەکتری قبوڵکردن هەیە.**

بەهێزترین خاڵ لە دۆزی کورددا، بە گشتیی، ڕەوایەتی خودی دۆزەکەیە. براکوژیی ڕێك لێدانی ئەو خاڵی هێزەیە. بۆ هەر دۆزێکی ڕەوا، لە هەر کوێی دنیادا بێت، هیچ گورزێك، لە گورزی ئەنجامدانی کاری ناڕەوا، لەلایەن هەڵگرانی ئاڵای ئەو دۆزەوە، کەمەرشکێنتر نییە. براکوژیی، ناڕەوا نییە بە تەنها، بەڵکو لە ناڕەوا قێزەونترە، شتێکە لەودیوی ناڕەوایەتییەوە. بە بڕوای من، ئێمە هەرگیز شتێکمان نەبووە لە ڕەوایەتی دۆزەکەمان گەورەتر بێت. ئاودانی ئەو ڕەوایەتییە بە ناڕەوایەتی، دۆزەکەمان ژەهراویی دەکات. پێویستە هەموومان بە یەك دەنگ، پڕ بە گەروومان هاوار بکەین: نەفرەت لە براکوژیی، نەفرەت لە هەر پاکانەیەك کە بۆ براکوژیی دەهێنرێتەوە. لە ڕاستییدا هیچ پاکانەیەك بۆ براکوژیی نییە، (ئەگەر) بە تۆپزییش پاکانایەك دروست بکرێت، لە بەرامبەر ئەو پاکانەیەدا هەزاران هەزار پاکانە بۆ ئاشتیی و پێکەوەژیان و

یەکتری قبوڵکردن هەیە. من ئێستا کە ئەم وشانە لە بارەی براکوژییەوە دەنوسم، لە خەیاڵی خۆمدا، کورد، وەکو مرۆڤێك وێنا دەکەم، کە یەك دەست و یەك دۆستی هەیە. دەستەکەی ڕەوایەتی دۆزەکەی و دۆستەکەیشی چیایە. بە داخەوە، زۆر جار لە مێژووی دوور و نزیك و لە ئێستایشدا، خۆمان خوێنی تاقە دەستەکەی خۆمانمان بە شان و ملی تاقە دۆستەکەماندا ڕژاندووە. پێویستە لە بیرمان نەچێت: براکوژیی، لە نێوانی هەر حیزب و ڕێکخراو و لایەنێکی کوردییدا و بە هەر پاکانە و بیانوویەکەوە ڕوو بدات، جگە لە ڕژاندنی خوێنی کورد و ژەهراوییکردنی دۆزە ڕەواکەی، هیچی دیکەی لێ شین نابێت. بێگومان هەموو ئەوانەیش کە لە شەڕی براکوژی گلاون و دەگلێن، تەنها بە یەك ئەنجام گەیشتوون و دەگەن، ئەویش پەشیمانییە. ئەوەی لە براکوژییدا بە نیاز بێت جگە لە پەشیمانیی، بە ئەنجامێکی تر بگات، هەم خۆی دەخەڵەتێنێت، هەم خۆی خلۆر دەکاتەوە. دواجار دەڵێم: هەرگیز براکوژیی، کێشەی حیزب و لایەن و کەسایەتییە سیاسییەکان نییە بە تەنها، بەڵکو، بەبێ هەڵاوێردن، کێشەی هەموومانە. ئەوەیش کە دەتوانێت ئەو کێشەیە بنبڕ بکات هەموومانین. لەبەر ئەوە پێویستە هەموومان پێکەوە دژی براکوژیی بوەستینەوە و بە گژییدا بچینەوە و بە جۆرێك نەفرەتبارانی بکەین کەس جورئەت نەکات لێی نزیك بێتەوە.

## قەفەسی سوتاندن و وێرانكردنی مۆزەخانە

**داعش هەوڵ دەدات لە ڕێی قەفەسەكانی سوتاندن و وێرانكردنی مۆزەخانەكانەوە، ترس لە خۆی دوور بخاتەوە و بە سەر دنیادا دابەشی بكات.**

داعش، كە ڕێكخراوێكی تیرۆریستی و وێرانكەرە، لە بناغەدا تیرۆر و وێرانكاریی بۆ دوو ئامانجی سەرەكیی بە كار دەهێنێت. ئامانجی یەكەمی كۆكردنەوەی خەڵكانی تیرۆریست و وێرانكەرە لە دەوری خۆی. ئامانجی دووەمیشی تۆقاندنی ئەوانی دیكەیە. بەڵام كارە پڕ لە توندوتیژییەكانی ئەم دواییەی داعش، جگە لەوەی درێژەدانن بەو دوو ئامانجە سەرەكییە، دوو ڕەهەندی دیكەشیان هەیە. ڕەهەندی یەكەم ئەوەیە داعش، بە تایبەت لە دوای ئەو شكستە گەورەیەی لە كۆبانی دەستی پێكرد و بۆ شوێنەكانی دیكە درێژ بۆوە، ترسی ڕوخانی لێ نیشتووە و بەو كارانە دەیەوێت ئەو ترسە لە خۆی دوور بخاتەوە. ڕەهەندی دووەمیش ئەوەیە دەیەوێت بەو كارانە تۆڵەی ئەو گورزە كەمەرشكێنانە بكاتەوە كە لە ئاسمان و زەمینەوە، بەری كەوتوون. ئەگەر بە وردی سەرنج لە كردەوەكانی ئەم دواییەی داعش بدرێت ئەوە بە ئاشكرا دەبینرێت كە جۆرێك لە

هیستریایان پێوە دیارە. ئەو هیستریایە لە قەفەسەکانی سوتاندن و تێکدانی مۆزەخانەکاندا دەگاتە ترۆپك. دەتوانم بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری مەبەستەکەم بڵێم: داعش کە دوژمنی هەموو دنیایە و دەیشزانێت گورزەکانی بە هەموو دنیا ناگەن، هەوڵ دەدات لە ڕێی وێنە و ڤیدیۆوە گورز لە ویژدانی دنیا بدات. نە دروستکردنی قەفەسەکانی سوتاندن، بە تەنها بۆ سوتاندنی چەند کەسێکن و نە تێکدانی مۆزەخانەکانیش، بە تەنها تێکدانی ئەو مۆزەخانەن. ئەو کارانە زیاتر ڕەهەندی ڕەمزی و مەعنەوییان هەیە. داعش هەوڵ دەدات بەو جۆرە ترس لە خۆی دوور بخاتەوە و بە سەر دنیادا دابەشی بکات. دەیەوێت بەو کارانە تۆڵەی ئەو گورزانەی بەر جەستە و ڕۆحی کەوتوون، لە دنیا بکاتەوە. داعش، دەیەوێت بەو کارانە بە دنیا بڵێت: ئەگەر دەستم بە شەقام وماڵەکانیشتان نەگات، دەستم بە ویژدانتان دەگات. دواجار، ئەو کارانە جگە لەوەی خۆیان لە بناغەدا پەیوەندییان بە هەستکردنی داعشەوە هەیە لەوەی بەرەو کۆتایی دەچێت، هاتنی ئەو کۆتاییەش خێراتر دەکەن. ئەو کارانە وا دەکەن دنیا بۆ لەناوبردنی ئەو گروپە تیرۆریستە جیدیتر بێت. ئەگەر نا، داعش، هەم لە سەر زەوی و هەم لە ڕووی ڕەمزیی و مەعنەوییەوە گورزی زۆرتر و گەورەتر و پڕئازارتر لە دنیا دەدات.

## لە نێوانی سیاسییەکان و خەڵکدا

**تێکچوونی ئاسایشی کۆمەڵایەتیی، درزبردن و هاڕەکردنی پێکەوەژیانی ئاشتییانە، مەترسیدارترین قۆناغن.**

بە لای منەوە، سیاسییەکان، بە تایبەت ئەو نمونانەی لای خۆمان بینیومانن، نە ئاشتییان ڕاستەقینەیە، نە شەڕیان. ئەوان هەر کاتێ بیانەوێ دەتوانن شەڕ بکەن، هەر کاتێکیش بیانەوێ دەتوانن ئاشت ببنەوە. من بۆ خۆم، زۆر، دڵ بە ئاشتەوایی سیاسییەکان خۆش ناکەم. زۆریش لە شەڕەکانیان ناترسم. شەڕی سیاسییەکان کاتێك زۆر ترسناك دەبێت کە بۆ خوارەوە شۆڕ دەبێتەوە و دەچێتە ناو خەڵك و چین و توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگاوە. بڕوای تەواوم بەوە هەیە کە تێکچوونی ئاسایشی کۆمەڵایەتیی، درزبردن و هاڕەکردنی پێکەوەژیانی ئاشتییانە، مەترسیدارترین قۆناغن، کە هەر کۆمەڵگایەك پێیان بگات، ئایندەیەکی ڕەش چاوەڕوانی دەبێت. ئەوەی لە چەند ڕۆژی ڕابردووی ئەم هەرێمە بچوکەدا، لە خۆپێشاندان و پێکهەڵپژانەکاندا بینیمان، دەرکەوتنێکی ئاشکرای ئەو مەترسییە بوو. وەك لە پۆستێکی بێ ناوی فەیسبوکدا

نوسرابوو: ((ئەوانەی سێ مانگ بوو موچەیان وەرنەگرتبوو، بەردیان دەگرتە ئەوانەی کە سێ مانگ بوو موچەیان وەرنەگرتبوو. ئەوانەش کە بریندارەکانی هەردوولایان چارەسەر دەکرد، ئەوانە بوون کە سێ مانگ بوو موچەیان وەرنەگرتبوو)). هەندێك لە دیمەنەکانی ئەو خۆپێشاندان و پێکهەڵپژانانە بە توندیی بیریان خستینەوە کە هەناوی کۆمەڵگای ئێمە پڕە لە توندوتیژیی. بۆی هەیە لە هەر چرکەساتێکدا بتەقێتەوە. کە تەقییەوە هەمووان دەکەوینە مەترسییەوە. یەکێك لە دیمەنە دڵتەزێنەکانی ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١) ئەوە بوو کە هەندێك خەڵك تەختەی قوتابخانەکانیان سووتاند. ئەم جارەیش، دوای (٢٤) ساڵ، هەندێك خەڵك کتێبخانەیان بەردباران کرد و جامەکانیان شکاند. مەبەستم (خانەی بڵاوکردنەوەی چاپەمەنییەکان)ە، کە دەکەوێتە شەقامی مەولەوییەوە لە شاری سلێمانی. ڕاستە ئەو کتێبخانەیە حکومییە و ئەو خەڵکەیش لە حکومەت تووڕە و بێزارن، بەڵام ئەوە کتێبخانەیە، چۆن دەبێت بەرد بگیرێتە کتێب و کتێبخانە؟ ئەوە ئەرکی کێیە یارمەتی گەنجەکان بدات، تورەیی و ناڕەزایەتییەکانیان بە جۆرێك ڕێك بخەن لە داواکاریی و ئامانجەکانیان نزیکیان بخاتەوە، نەك دووریان بخاتەوە. نوسەران و میدیاکاران دەتوانن لەو بوارەدا ڕۆڵی باش ببینن، بەڵام بە داخەوە، ڕۆڵی پێچەوانەیان زیاترە. تا ئەمڕۆیش بەشێکی زۆریان بە سیاسییەکانەوە سەرقاڵن و خەڵکیان لە بیر کردووە. من دەمەوێت لێرەوە بەوان و بە هەمووان بڵێم: سیاسییەکان خەمخۆریان زۆرە، وەرن با خەمی خەڵك بخۆین.

## درەوشانەوەی ڕۆژنامەگەریی لە مێژووی کورددا

**کورد بەر لە هەر شتێك رۆژنامەگەریی وەك هێزێك بۆ هەستانەوە و بەرگریکردن و پاراستنی نیشتمان و نەتەوە بەکار هێناوە.**

ڕۆژنامەگەریی بۆ نەتەوەیەکی ژێردەستکراوی وەکو کورد، جگە لە بایەخی ڕووناکبیریی و کاریگەرییەکانی لەسەر ژیانی ڕۆژانەی خەڵك و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیارییان، کاریگەرییەکی مەزنی تریشی هەبووە، کە ئەویش بەکارهێنانی ئەم هێزە بووە لە خەباتی ئازادیخوازیی و پاراستنی نیشتمان و نەتەوەدا. هەر خۆی، ئەوە کە ڕاستەوخۆ رۆژنامەگەریی کوردیی دوای شکستهێنانی ئەمارەتەکانی جزیرە و بۆتان سەرهەڵ دەدات و یەکەمین ڕۆژنامەی کوردیی بە ناوی کوردستانەوە ناو دەنرێت، بەڵگەیەکی ئاشکرای ئەو ڕاستییەیە، کە کورد بەر لە هەر شتێك رۆژنامەگەریی وەك هێزێك بۆ هەستانەوە و بەرگریکردن و پاراستنی نیشتمان و نەتەوە بەکار هێناوە. ڕۆڵە دڵسۆز و نیشتمان و نەتەوە پەروەرەکانی کورد زوو دەرکیان بەو ڕاستییە کردووە کە زمان شادەماری ژیانی نەتەوەیە. لەناوبردنی زمان واتە لەناو بردنی نەتەوە. بۆیە بۆ

پاراستنی زمانی کوردیی، کە پێشتر لە ڕێی ئەدەبیاتەوە و بە تایبەتی لەڕێی شیعرەوە، هەوڵی پاراستنی دراوە، لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا، بیر لەوە کراوەتەوە هاوشانی ئەدەبیات، ڕۆژنامەگەرییش وەکو هێزێکی کاریگەر بۆ پاراستنی ئەو زمانە و لەوێیشەوە بۆ پاراستنی نەتەوەی کورد لەسڕینەوە و تیاچوون بەکار بهێنرێت. بەدرێژایی ساڵانێکی زۆر، بەردەوام ڕۆژنامەگەریی بەشێکی کاریگەر بووە لە خەباتی ئازدیخوازیی گەلی کورد. لەم بارەیەوە ڕۆژنامەنووسی ئەمریکی (ماکی زانگر) دەڵێت: ((هەر لە دەرچوونی یەکەمین ڕۆژنامەی کوردیی لە قاهیرە لە ساڵی ١٨٩٨ ڕۆژنامەگەریی کوردیی ڕۆڵێکی سەرەکیی هەبووە لە خەباتی گەلی کورد لە پێناوی ئازادییدا و دامەزرێنەرەکەی بەر لە سەدەیەك ڕۆژنامەگەریی خستۆتە کار بۆ داواکردنی سەربەخۆیی)). هاوکات لەگەڵ بە کارهێنانی ڕۆژنامەگەرییدا بۆ مانەوە و ئازادیی، ڕابەرانی ئەو بوارە دەرکیان بەوەش کردووە کە ڕۆژنامەگەریی دەتوانێت یارمەتی مرۆڤی کورد بدات لە بوارەکانی تری ژیانیشدا بەرچاوی ڕوونتر بێت. دەمەوێت بڵێم یەکێك لە بەشە پرشنگدارەکانی مێژووی نزیکی کورد، ئەو بەشەیەتی کە تایبەتە بە بواری ڕۆژنامەگەرییەوە. ئەو بەشە کاروانێکی پڕ لە سەروەریی و سەربەرزییە و چەندین ناو هەن لە نێو ئەو سەروەریی و سەربەرزییەدا وەك خۆر دەدرەوشێنەوە. بێگومان لە سەرووی هەموو ئەو ناوانەوە، ناوی بنەماڵەی بەدرخانییەکانە. خۆشبەختانە ئەو کاروانە بەردەوامە و دەرفەتی درەوشانەی ناوی زیاتر، بەردەوام دەرفەتێکی کراوەیە.

## کارەساتی ڕاگەیاندن لە ئێستای کورددا

**ئەو هەموو سەرچاوە تایبەتەی کە ئامادە نین ناویان بهێنرێت، بەشێکی زۆری ڕاگەیاندنی کوردییان دوچاری بێمتمانەییەکی گەورە کردووە.**

زۆر شت لەم وڵاتەی ئێمەدا لە گرێژنە دەرچووە و لە دۆخی ئاسایی خۆی دوور کەوتۆتەوە، کە بێگومان ڕاگەیاندن لە نمونە هەرە دیار و زەقەکانێتی. ڕەنگە زیادەڕۆیی نەبێت ئەگەر بڵێم: ڕاگەیاندن لەم بوارەدا تا ڕادەیەکی زۆر بێڕکابەرە. بە ڕاستیی بەشێکی زۆر لە ڕاگەیاندنەکانی ئەم هەرێمە بچکۆلەیەی ئێمە، مرۆڤ نەخۆش دەخەن. دەڵێی ئەو هەموو پارەیە بۆ ئەوە تەرخان کراوە خەڵك نەخۆش بخەن. ڕۆژانە دەیان هەواڵی بێئامانج و بێدایك و باوك و بێبنەما و فریودەر بڵاو دەکەنەوە و هەرگیزیش بۆ یەك جار هەست ناکەن ئەوە چ کارەساتێکە ئەوان دەیکەن. هەرگیز ئامادە نین بەخۆیاندا بچنەوە و داوای لێبوردن لە خوێنەرەکانیان بکەن. بێگومان ڕاگەیاندن بۆی هەیە خۆی لە هەندێك لەو ڕاستییانە ببوێرێت کە زیانیان بۆ بەرژەوەندی گشتیی هەیە، بەڵام بە هیچ بیانوویەك و لە ژێر هیچ ناوێکدا بۆی نییە درۆ بکات و هەواڵی دوور لە ڕاستیی و

بێدایك و بێباوك بڵاو بكاتەوە. ڕاگەیاندن بۆی هەیە بیر لەوە بكاتەوە خوێنەر و بینەری خۆی زۆرتر بكات، بەڵام بۆی نییە ئەو كارە لە ڕێی فریودانی خەڵكەوە بكات. هەر ڕاگەیاندنێك ئەوە كارانە بكات، بە خۆی بزانێت یان نا، خەریكی خۆكوژییە. دەیانجار مانشێتم بینیوە لە ناو هەواڵەكەدا بوونی نەبووە. ئەو هەموو سەرچاوە تایبەتەی كە ئامادە نین ناویان بهێنرێت، بەشێكی زۆری ڕاگەیاندنی كوردییان دوچاری بێمتمانەییەكی گەورە كردووە. بە داخەوە كارەساتەكانی ڕاگەیاندنی كوردی زۆرن، بەڵام ئەوەی من دەمەوێت لێرەدا ئاماژەی پێبدەم، نمونەیەكی ئازاربەخشە كە نەدەبوو ڕوو بدات: لە كاتێكدا (كۆبانی) لە بەردەمی گەورەترین كارەساتدا بوو، منیش و هەزاران هەزاری دیكەی وەك منیش بە حاڵێكەوە كە دەتوت لە سەر ئاگرین بە دوای هەواڵێكەوە بووین لەسەر چارەنووسی ئەو شارە، ماڵپەڕێكی كوردیی، لە بری گواستنەوەی ئەو هەموو بەرخۆدانەی كوردان، نوسیبووی: ئاڵای داعش لە ڕۆژهەڵاتی كۆبانێ هەڵدرا، ڤیدیۆكەی ببینە. بڕوا ناكەم لە هیچ شوێنێكی دنیادا، هیچ ڕاگەیاندنێك، ڕیكلامی لەو جۆرەی بۆ دوژمنی خۆی كردبێت.

## له (لەتیف هەڵمەت)ەوە بۆ من

**پێویسته هەر کاتێك بانگی یەکەممان نەبیسترا، بانگی دووەممان گەرمتر هەڵبدەین، چونکه ڕاوەستان مردنه.**

(هەمزاتۆف) دەڵێت: ((کەسی بانگدەر، بانگی دووەم هەڵنادات، ئەگەر نەزانێت بانگی یەکەمی بیستراوە)). من له بۆنەیەکی تریشدا ئەم وتەیەی (هەمزاتۆف)م به کار هێناوە. بێگومان هەر یەکێك له ئێمه که بانگێکمان هەیه حەز دەکەین بانگەکەمان ببیسترێت. بەڵام بەڕای من، پێویسته هەر کاتێك بانگی یەکەممان نەبیسترا، بانگی دووەممان گەرمتر هەڵبدەین، چونکه ڕاوەستان مردنه. به هەر حاڵ، ئەوەی مەبەستمه لێرەدا لێی بدوێم، ئەو دڵخۆشییەیه که دوای بیستنی بانگەکانمان، هەستی پێدەکەین. ئەو هەسته، به ڕاستی هەستێکی خۆش و دڵنشینه و چەند ئەو کەسانەیشمان بۆ گرنگتر بێت که بانگەکانمان دەبیستن، ئەوەنده دڵخۆشییەکەمان زیاتر و شیرینتر دەبێت. لەو ماوانەی پێشوودا، هاوڕێی شاعیرم (لەتیف هەڵمەت)، که بۆ من، هەم وەك شاعیر و هەم وەك هاوڕێیش، له کەسه هەره گرنگەکانی ژیانمه، چەند شیعرێکی کردبووم به

عەرەبی و پێشەکییەکی کورتیشی بۆ نووسیبوون. ئەو کارەی (هەڵمەت) بۆ من، جۆرێك بوو لە بیستنی ئەو بانگەی (هەمزاتۆف) باسی کردووە. بە ڕاستی هەستم بە دڵخۆشییەکی گەورە کرد و بە هەمان دڵخۆشییەوە پێشەکییەکەم کرد بە کوردیی و ڕوخسەتم لە (هەڵمەت) وەرگرت و لێرەدا بە سوپاس و پێزانینێکی زۆرەوە، وەك خۆی بڵاوی دەکەمەوە: ((محەمەد کوردۆ شاعیرێکی خاوەن تایبەتمەندییە، بە ئارامیی شیعر دەنووسێت و بە بێدەنگیی گوڵەکانی بڵاو دەکاتەوە. لەم ڕووەوە لە دەریا دەچێت کە ئاو و شەپۆل بە ڕووبار دەبەخشێت و شوێنەواری خۆی لە سەر ڕەقترین تاشەبەردەکان جێدەهێڵێت. ئەم شاعیرە، خاوەنی چەند کۆمەڵە شیعرێکە، کە لە کاتی بڵاوبوونەوەیاندا لەلایەن خوێنەرانەوە، پێشوازییان لێکراوە. هەروەها ڕەخنەگرێکی ڕاستەقینە و خاوەن ویژدانە. ئەوەی هەق بێت دەربارەی دەق دەیڵێت و سەرزەنشتکردنی سەرزەنشتکاران و بابتگەلی وەك حزبایەتی و ئاین و ئاینزا و ڕق و هاوڕێتی و ئەو جۆرە بابەتانە، کار لە هەست و پێوەرە ڕەخنەییەکانی ناکەن. من بە هەمان تینوێتیی و تاسەوە کە بۆ بەرهەمی ڕەخنەگر و شاعیرە داهێنەرەکان هەمە، شیعر و لێکۆڵینەوە ڕەخنەییەکانی محەمەد کوردۆ، دەخوێنمەوە. نابێت لە بیریشمان بچێت کە محەمەد کوردۆ لە ئەتڵەسی شیعری کوردییدا یەکەمین داهێنەری کتێبی گیرفانە. ئەو لە ساڵی ١٩٩١دا یەکەمین کۆمەڵە شیعری خۆی، بە ناوی (خورپەی ناخ)ەوە، لە شێوەی کتێبی گیرفاندا بڵاو کردەوە)).

## بۆ محەمەد کوردۆ

**سەردەمی گوڵ و پەپوولەو دۆزەخ بوونی نییە، ئینسانەکان دەگۆڕێن و لۆمەی سەردەمەکان دەکەن.**

لەوەتەی لە سوید دەژیم ساردییەك وەك ساردی ئەم وڵاتە ڕۆحی تەزاندووم، بۆجارێکیش نەمتوانیوە تەواو چێژ لە جوانیی و ناسکیی و ئارامیی ئێرە ببینم. هەموو ڕۆژێك ڕۆحم بەر نائومێدیی و ئازار و غەمگینیی کەوتووە زۆر جار لە خۆم پرسیوە بۆچی ناتوانم چێژ لە جوانییەکانی ئێرە ببینم؟ وەڵامم دەست نەکەوت تا تۆ هاتیت و یەکشەم و دووشەم و سێشەم ٢٧-٢٩/١٠/ ٢٠١٣ لێرە بووی. وای ئەو سێ ڕۆژەم هەرگیز بیرناچێتەوە. ئەو سێ ڕۆژە تەواو چێژم لە جوانیی و خۆشیی ژیانی ئێرە بینی. خواردنەکان تامێکی جیاوازیان هەبوو، پیاسەکردن و دانیشتن و قسەکردن لەگەڵ تۆدا تەواو چێژبەخش بوون. ئەو سێ ڕۆژە من هیچ لەو پیاوە نائومێدیو غەمگینەی پێشوو نەدەچووم. تەواو دڵخۆش بووم،بپێدەکەنیم، گفتوگۆم دەکرد، چێژم لە هەموو چرکەیەك دەبینی. ڕۆحم لە گەرموگوڕیدا شەلاڵ دەبوو. ئای کوردۆ گیان ئەو سێ ڕۆژە کە لە

ڕۆژەكانی پێشوو نەدەچوون چەند زوو تێپەڕین. دوای تۆ چوومەوە ئەو جێگایانەی كە پێكەوە چووین. داوای هەمان ئەو خواردنانەم كرد كە لەگەڵ تۆدا خواردم، بەڵام ئەو تامەی ئەو كاتەیان نەبوو. لەگەڵ تۆدا خواردنەوەی كوپێ قاوە نەشئەی شیرینی پێدەدام. بەڵام دوای تۆ بە شەكریش چاكەم تامی شیرینیی نەدەدا. كوردۆ گیان ئەو مەلەوانگەیەی پێكەوە مەلەمان لێكرد و دڵم پڕ پڕبوو لە بەختەوەریی، بە خۆشیی تۆوە نەك كچە ناسكەكان، بەڵكو پیرە ژنەكانیشم جوان دەبینی. دوای تۆ چەند جارێك چوومەوە ئەو مەلەوانگەیە ژن و كچەكانم وەك تارمایی دەبینی. دەزانی بەبێ تۆ هەستم بە تەڕیی و نەرم و شلیی ئاوەكە نەدەكرد؟ ئەی ژوورە گەرمەكە؟ كە پلەی گەرمیی هەشتا بوو، لەو ژوورەدا چەند هەستم بە گەرموگوڕیی ژیان دەكرد، كەچی دوای گەڕانەوەی تۆ تاوێك لەو ژوورەدا دانیشتم نەك گەرم نەبوو ڕۆحم خەریك بوو دەیبەست. ئەو سێ ڕۆژە لە دڵی مندا بوون بە سێ یادگاری جوان و شیرین. هەرچی یەكشەم و دووشەم و سێشەمی دونیایە ناگەنە ئەو یەكشەم و دووشەم و سێشەمەی كە تۆ لێرە بووی. زۆر جار خەڵك گلەیی لە سەردەم و ڕۆژگار دەكەن، بەڵام سەردەمی گوڵ و پەپوولەو دۆزەخ بوونی نییە، ئینسانەكان دەگۆڕێن و لۆمەی سەردەمەكان دەكەن. ئەگەر وانییە بۆچی لەم سەردەمەدا كە خەڵكی پڕن لە بێزاریی و ئاخ بۆ ڕابردوو هەڵدەكێشن، تۆ هەر وەك ڕابردوو پڕپڕ بووی لە جوانیی و سادەیی و ناسكیی؟ تۆ هیچ نەكەوتوویتە ژێركاریگەری ئەم سەردەمەوە. وەك خۆت بە جوانیی لە جێگای خۆتدا وەستاوی و ئارامیی و سادەییت لێدەڕژێت. من ئەو جوانیی و ئارامیی و سادەییەی ڕابردوو كە باسی دەكەن ئەوەم تەواو لە تۆدا بینی.

**حەمە كاكەڕەش**

## بەرهەمە چاپکراوەکانی نووسەر

١- خورپەی ناخ.ناميلكەی شيعری بەرباخەڵ ١٩٩١
٢- هۆرەی قەڵا. بەرهەمی هاوبەش ١٩٩٢
٣- چرپەی دڵ. ناميلكەی شيعری بەرباخەڵ ١٩٩٨
٤- ئەفسانەی پايز. شيعر ٢٠٠٠
٥- چرپەی ناخ. شيعر ٢٠٠١
٦- ژنێك دەمرێ و پياوێك بەچراوە نايە. شيعر ٢٠٠٥
٧- گەڕان بەدوای شيعرو جياوازييدا. لێكۆڵينەوەی ئەدەبيی ٢٠٠٦
٨- لالەزاری وشە. كۆمەڵێك رەخنەو بابەتی ئەدەبيی ٢٠٠٧
٩- لەئيرادەی مەرگەوە بۆ ئيرادەی ژيان و دنيای خەونە گەورەكان. لێكۆڵينەوەی ئەدەبيی ٢٠٠٨
١٠- ژەنەراڵی خۆشەويستيی. شيعر ٢٠٠٨
١١- جوانيی و جياوازيی. لێكۆڵينەوەی ئەدەبيی ٢٠٠٩
١٢- بۆنی بەختەوەريی. شيعر ٢٠١٠
١٣- دنيای سوهراب. لێكۆڵينەوەی ئەدەبيی ٢٠١١
١٤- گوڵزاری نوسين. وەرگێڕان لە عەرەبييەوە ٢٠١٢
١٥- گوڵاوی دەستی يار. شيعر ٢٠١٢
١٦- هەموومان مەفتوونی جوانيين. وتار ٢٠١٣
١٧- هەميشە جێيەك خاڵييە. وتار ٢٠١٧